# کرۆنولۆژیای خەبات و تێکۆشانی
# یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

**لە ۱۹۷٥/٥/۲۲ تـــــا ۲۰۰۸/۱۲/۳۱**

**شێوازێك لە**
**نوسینەوەی مێژووی دامەزراندن و خەبات و دەسەڵات گرتنە دەستی**
**یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**

**نەوزادی موهەندیس**

**چاپی یەکەم**
**۲۰۰۸**

**مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە**
**تەنها بۆ نوسەر**

## ناسنامەی کتێب

**ناوی کتێب: کرۆنولۆژیای خەبات و تێکۆشانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان**

**ناوی نوسەر: نەوزاد عوسمان ( نەوزادی موهەندیس)**

**تیراژ: ٣٠٠ دانە**

**نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم**

**شوێنی چاپ : سلێمانی ٢٠٠٨**

**چاپخانە: شڤان**

**پیتچن و هەڵەبڕ: نەوزادی موهەندیس**

**دیزاینی بەرگ: زەردەشت عەلی سۆرانی**

**ژمارەی سپاردنی(٢٣٦٤ )ی ساڵی ٢٠٠٨ ی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە**

# ناوەڕۆك

=============


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە | ٦ |
| سوپاس بۆ | ٧ |
| پێشەکی | ٩ |
| هەندێ مێژووی گرنگ | ١٥ |
| **بەشی یەکەم** | ١٨ |

## قۆناغی شۆڕش و شاخ

| | |
|---|---|
| ساڵی ١٩٧٥ | ١٩ |
| ساڵی ١٩٧٦ | ٢٣ |
| ساڵی ١٩٧٧ | ٣٥ |
| ساڵی ١٩٧٨ | ٤٤ |
| کارەساتی هەکاری | ٥٣ |
| ساڵی ١٩٧٩ | ٨٩ |
| ساڵی ١٩٨٠ | ٩٧ |
| ساڵی ١٩٨١ | ١٠٢ |
| ساڵی ١٩٨٢ | ١٠٨ |

سالّی ١٩٨٣ .................................................... ١١٤
سالّی ١٩٨٤ .................................................... ١٢٣
سالّی ١٩٨٥ .................................................... ١٢٩
سالّی ١٩٨٦ .................................................... ١٣٩
سالّی ١٩٨٧ .................................................... ١٤٧
تراژیدیای پڕۆسەی کیمیاباران و ئەنفالی
کورد و کوردوستان .................................................... ١٦١
سالّی ١٩٨٨ .................................................... ١٨٨
سالّی ١٩٨٩ .................................................... ٢٠٢
سالّی ١٩٩٠ .................................................... ٢٠٨

**بەشی دووەم**.................................................... **٢١٢**

## قۆناغی دەسەڵات و شار

سالّی ١٩٩١ .................................................... ٢١٣
سالّی ١٩٩٢ .................................................... ٢٢٠
سالّی ١٩٩٣ .................................................... ٢٢٦
سالّی ١٩٩٤ .................................................... ٢٣٣
سالّی ١٩٩٥ .................................................... ٢٤٣
شەڕی ناوخۆ یان شەڕی براکوژی لە کوردوستاندا ................ ٢٤٩
سالّی ١٩٩٦ .................................................... ٢٥٧
سالّی ١٩٩٧ .................................................... ٢٦٥
سالّی ١٩٩٨ .................................................... ٢٧٢
سالّی ١٩٩٩ .................................................... ٢٧٧

سالّی ۲۰۰۰ ........................................ ۲۸۲
سالّی ۲۰۰۱ ........................................ ۲۸۵
سالّی ۲۰۰۲ ........................................ ۲۹۰
سالّی ۲۰۰۳ ........................................ ۲۹٦
سالّی ۲۰۰٤ ........................................ ۳۰۱
یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لە لوتکەی هەرەمی دەسەلاّتی
کوردوستان و عێراقدا........................................ ۳۰۷
سالّی ۲۰۰٥ ........................................ ۳۱٦
سالّی ۲۰۰٦ ........................................ ۳۲۱
سالّی ۲۰۰۷ ........................................ ۳۲۹
سالّی ۲۰۰۸ ........................................ ۳۳٥
**کۆتایی** ........................................ ۳٥۲
**سەرچاوەکان** ........................................ ۳٥۷

## پێشكەشە :-

- بە هەڤالانی دەستەی دامەزرێنەری یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان كە بونە هۆی ژیانەوە و بوژانەوەی سەرلەنوێی كوردایەتی و بەرزكردنەوەی ورەی ڕووخاوی جەماوەر لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول.

- پێشكەشە بە هەموو هەڤالانم لە ناو یەكێتی نیشتیمانی كوردستاندا كە شارەزای خەبات و كۆڵنەدان و فیداكاریەكانی سەركردە و پێشمەرگەكانی یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان نین.بەتایبەتی نەوەی دوای ڕا پەڕین.

- پێشكەشە بە ڕۆحی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی كوردوستان و بەتایبەتیش شەهیدانی یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان كە بەگیانی خۆیان پارێزگاریان لەمان و بەردەوامی و گەشەكردنی یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان كرد.

- پێشكەشە بە دایكی ئەو شەهید و پێشمەرگانەی كە فرمێسك و خوێنی زۆریان پێشكەش بە خەباتی كوردایەتی لەچوارچێوەی یەكێتی نیشتیمانی كوردوستاندا كرد كە هەموو دەسكەوتەكانی ئێستامان بەری ڕەنجی خەبات و فیداكاری و قوربانیدانی ئەوانە.

## سوپاس بۆ:-

❖ بە پێویستی دەزانم وەك هەموو جارێك لێرەدا سوپاسی خۆم ئاراستەی برای بەڕێزم (( کاکە حەمەی مەکتەبە )) لە کتێبخانەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی بکەم کە زۆر لێبوردوانە هاوکاری کردم بۆ دەستخستن و دۆزینەوەی هەندێ سەرچاوە بۆ نووسینی ئەم کتێبەم. هەروەها سوپاسی خۆشەویستانم (( کاکە زەردەشت علی سۆرانی و کاکە دڵشاد صابر )) دەکەم کە کاری دیزاینی بەرگ و بەشێکی چاپکردنی کتێبەکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان. داواکارم لە یەزدان کە تەمەن درێژو نمونەیان زیاد بکات.

❖ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هاوکارانم لە یەکێتی ئەندازیارانی کوردوستان کە تائێستا بەڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە هاوکاری و کۆمەکی بەشێکی تێچووی چاپکردنی هەموو کتێبەکانیان کردووم .کە بۆتە مایەی هاندانی زیاترم لەسەر نوسین و بەخششی زیاتر . داواکارم لە یەزدان کە لە هەموو ناخۆشیەك بەدووربن و هەمیشە لەسەرکەوتندا بن.

❖ سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ برای بەڕێزم کاك (( نەوزاد علی ئەحمەد )) ی نوسەر و ڕوناکبیر و ڕۆژنامەنوس لەوولاتی سوید بەوەی کە هاوکاریکردم بۆ دەستخستن و ناردنی وێنەی هەڤاڵ (( عومەر شێخ موس )) کە لەکوردوستاندا دەستم نەکەوت. داواکارم لەیەزدان هەمیشە لەش ساغ و سەرکەوتوو بێت لە ژیانیدا . بەهەمان شێوە سوپاسی برای بەڕێزم کاك دکتۆر (( یاسین سەردەشتی )) لەزانکۆی سلێمانی دەکەم کە هاوکاری کردم بۆ ناولێنانی ئەم کتێبەم و سوپاسی زۆرم بۆگەلێك هەڤاڵی تر کە هەریەکەیان بە زانیاریەك یان زیاتر یارمەتیان داوم کە ژمارەیان زۆرە و ناتوانم ناوی یەك بەیەکیان بنوسم.

❖ سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو ئەو دۆست و ئازیزانەم کە هەمیشە و بەبەردەوامی و لەدوای بلاوبونەوەی هەر بابەتێکی رۆژنامەوانی و هەر کتێبێکم زۆر بە هەستێکی راستگۆیانە و پەرۆش و دڵسۆزانەوە دەست خۆشیان لێکردوم و هانی زیاتریان داوم بۆ بەردەوام بونم لەکارەکانمدا و هەر ئەو هەست و سۆز و هاندانانە بونەتە هۆی سووربون و بەردەوامبونم لەکاری نوسیندا.

❖ بەهەمان شێوەش سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو دۆست و هەڤاڵان و خوێنەرانی بەرهەمەکانم بۆ رەخنە و پێشنیاز و راوبۆچونە بنیاتنەرەکانیان کە ئەوانیش هاندەرێکی بەهێزترم بون بۆ بەردەوام بون و سوودی زۆرم لە راوبۆچونەکانیان وەرگرتوە.

# پێشەکی

- ئاشکرایە پڕۆسەی نوسینەوەی مێژوو کارێکی هەروا ساناو ساکار نیە,بەڵکو لەلایەك لێپرسراوێتیەکی گەورەو گرنگە و لەلایەکی تریشەوە هەموو کەسێك ناتوانێت بەو کارە هەڵسێت.چونکە مێژوو نوسینەوە لێپرسراوێتیە لەبەرئەوەی ئەو نوسینەوەی مێژوە دەبێتە دەقێك کە دەماو دەم و سەردەماو سەردەم دەمێنێتە و دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو نەك بۆ کۆمەڵگایەکی تایبەت بەڵکو بۆ نەوەکان و کۆمەڵگاکانی تریش. جاچەندە ئەو مێژووە ڕاسگۆیانە و بێ لایەنانە بنوسرێتەوە ئەوەندەش دەمێنێتەوە و دەبێتە جێگەی بڕواو متمانەی زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان دەبێت و دەیکەنە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەو نوسینەکانیان. جا ڕاستی و دروستی و هەڵەو چەواشەکاری لە نوسینەوەی ئەو مێژوەدا دەکەوێتە ئەستۆی مێژوو نوسەکە و لێپرسراوێتی و ئۆباڵی ڕاستی و ناڕاستی دەکەوێتە گەردنی ئەو. بەهەمان شێوە نوسینەوەی مێژوو بەشێوەیەکی زانستی و پیشەی کەسانی پسپۆڕو مێژونوسە,نەك پیشەی هەموو قەڵەم بەدەستێك.

نوسینەوەی مێژوو هەرچەندە و هەرچۆنێك و لەسەر هەر بابەت و بنەماڵە و ڕێکخراو و کۆمەڵگا و دەوڵەت و سەرکردە و پیاوانی ئاینی و ئابوری و زانستی و هونەری و ..هتد بێت گرنگی خۆی هەیە.چونکە نوسینەوەی ئەو مێژوە دەبێتە هۆی مانەوەو نەمرکردنی ئەو ڕووداوە یان کارەسات یان سەرکەوتن و شکستە یان ئەو کەسایەتیانە.بۆیە نوسینەوە وتۆمارکردنی مێژوو جێگەی فەخر و شانازیە بۆ ئەوکەسەی کە پێی هەڵدەستێت.خۆئەگەر لەنوسینەوەی مێژوەکەدا لایەنی بێلایەنی و بابەتیانە و زانستیانە و ڕاستگۆیانەی پاراست ئەوا دەبێتە هۆی نەمرکردنی مێژوونوسەکەش خۆی. هەروەك میر شەرەف خانی بەدلیسی کە مێژووی کوردو کوردوستانی نویسیوەتەوە , لەلایەك میر شەرەف خان بەهۆی نوسینەوەی ئەو مێژوەوە تائێستا و بۆ داهاتوش ناو و ناوبانگی بەنەمری ماوەتەوە و دەشمێنێتەوە. هەروەها لەهەمان کاتدا بەهۆی شەرەف خانیشەوە مێژووی سەردەم و قۆناغی نەتەوەیەك وەك کوردو کوردوستانیش بۆتە دەقێك و

دۆکـۆمێنتێکی زێـدە گـرنگ و مێـژوویی کـە سـوودو گرنگیـەکی بـۆ نوسـەران و ڕۆشنبیران و مێژوونوسانی نەوەی نوێ هەبوە و دەشبێت.

کەواتە نوسینەوەی مێژوو بۆ خۆی کارێکی کاریگەرەی دوو جەمسەرە. بەڵام بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کەسێك مێژوویەك لەسەر هەواو ئارەزوی خۆی یان کەسانی تر بنوسێتەوەو هەڵە و پەڵەشەی تێدا بکات ئەوا نەمێژوەکە نەمردەکات و نە ناو وناوبانگی خۆشی هیچی لێ زیاد دەبێت.بەڵکو بەر نەفرەتی مێژوو نەوەکانی داهاتوش دەکەوێت.

بەڵام بەداخیشەوە کەمترین مێژوونوس هەیە کە توانیبێتی بێلایەنی و بابەتیانە و هەحیقـەتی وەکـو خـۆی نوسـیبێتەوە. چـونکە مێـژوو یـان کەسـێکی سـەرکەوتوو نوسیویەتیەوە کە تـەنها بەشـان و باڵی خۆیـدا هەڵیـداوە و بەرامبەرەکـەی سـوك و ڕسـواکردوە. یـان کەسـێکی ژێرکـەوتوو نوسـیویەتیەوە و هـەقی داوە بـەخۆیی و خۆی بە زوڵملێکراو چەوساوە و مافخوراو داناوە و بەرامبەرەکەشی بەدڕندە و زاڵم وەسف کردوە. کە هیچ کام لەم دوو مێژوە جێگەی متمانە و باوەڕ نین و ڕاست و دروست و واقیعی نابن.

بەڵکو مێژویەك ڕاستە کە کەسێکی بێلایەن بینوسێتەوە کە بەرژەوەندی لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتیەکان و لایەنەکانی ناو ڕووداوەکە نەبێت و بەشێوەیەکی بێ لایەنانە و واقیعیانە و دوور لە کاریگەری هیچ لایەکیان بینوسێتەوە کەئەمەش زۆر دەگمـەن و کەمـە. یـان هەنـدێ مێـژوو لـەدوای ڕووداوەکە یـان کەسایەتیەکەوە بۆ ماوەیـەکی دوور دەنوسـرێتەوەو پـشت دەبەسـتێتە سـەر گـوێگرتن و گێڕانـەوەی زارەکـی کـە زۆر جـاران پیاهەڵـدان و زیـادەڕەوی تێدەکـەوێت و یـان کەمکردنـەوەو سووکردنی تێدەکەوێت کەئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی متمانە بەو مێژوش.

لەبەرئـەم هۆیانـە نوسـینەوەی مێـژوو کـارێکی زۆر هەسـتیار و ناسـك و کاریگـەر و گرنیشە.مرۆڤ دەبێت بەترسەوە و بەوریایەیـەکی تـەواوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و لێـی نزیـك ببێتـەوە.بـەڵام بـەبڕوای مـن کـەم مـرۆڤ هەیـە بـێ لایـەن و داد پـەروەر و ڕاسـگۆی تـەواو بێـت و نەکەوێتـە ژێـر کاریگـەری سـۆز و هەسـت و خۆشەویـستی نیـشتیمان و سـەرکردە و پارتـە سیاسـیەکەی و ڕەگـەز و نەتەوەکـەی خۆیـەوە

بەتایبـەتیش ئەگـەر بۆخـۆی کاراکتـەرێك یـان بینـەرێکی لەنزیکـەوەی ڕووداو و مێژوەکان بێت.

- بەندەش لەم کتێبەدا و لەم هەوڵەمدا بۆ نوسینەوەی ((کرۆنولۆژیایەك)) بۆ یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان وەك هـەوڵێکی سـەرەتایی و دەسپێکێك بۆئـەوەی مێژوو و خەبات و گیانفیدایی و قوربانیدان و شکست و کارەسات و نوچدانەکان لەگـەڵ سـەرکەوتن و دەسـکەوتەکان و داسـتانەکان بنوسمـەوە کـە یـەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لـەماوەی ٣٣ ساڵەی خـەباتی خۆیـدا بەهـەردوو قۆنـاغی ((شۆڕش و شاخ و دەسەلآت و شار))دا پێیاندا گوزەری کردوە.

جانوسینەوەی مێژووی کەسایەتیەك یان بنەماڵەیەك یان تاقە ڕووداوێك کاریگری و گرنگی گـەورەی هـەبێت ، ئـەی چۆن نوسینەوەی مێـژووی ٣٣ ساڵەی خـەباتی ڕێکخراوێکـی سیاسـی گـەورەو کاریگـەر و گرنگـی وەك یـەکێتی نیـشتیمانی کوردوستان گرنگ و کاریگەر نابێت کە ڕابەر و هەڵسێنەرەوەی شۆڕشی نوێی گەلی کـوردە لـەم بەشـەی کوردوسـتاندا.کـە چـەندەها کارەسـات و کـەوتن و نوچـدانی تیادایە و لەبەرامبەریشدا سەدان سەرکەوتن و هەستانەوە و داستان و قارەمانێتی و دەسکەوتی گەورەتری تیادایە.

بۆیـە بەنـدە لەسـەرەتاوە ڕایدەگەیـەنم کـە مـن نـە مێژوونوسـم و نـە پسپۆڕی بـواری مێژووشم. بەلآم تەنها وەك ئەرك و هەستکردنم بەوەی کە تـاکو ئێستا مێژوویـەکی ووردو ڕاسـت و دروسـت و زانـستیانەی یـەکێتی نیـشتیمانی کوردوسـتان نەنوسراوەتەوە و ترسم لەوەی کە ئەو مێژوە و ئەو خەبات و قوربانیدانەی یەکێتی بەشـاراوەیی بمێنێتـەوە و سـوود و پەنـدی لێوەرنـەگیرێت . بیرۆکـەی نوسـینەوەی ئـەم ((کرۆنولۆژیایـەی)) یـەکێتیم لا گەلآلـە بـوو بـۆ ئـەوەی لەلایـەك مێـژوە پـڕ لەسـەروەریەکەی یـەکێتی بکەمـە دۆکۆمێنـت و بەنـەمری بهێڵرێتـەوە و لەلایـەکی تریـشەوە ببێتـە سەرچـاوەیەك بـۆ سـوودوەرگرتنی نوسـەران و لێکۆڵـەرەوان و خوێندکاران بۆ نوسینەوە و کتێب و مێژوو بۆ نـەوەکانی داهـاتوو.بۆئەوەی زیـاتر بـەو مێـژوەدا بچنە وەو لێیبکۆڵنـەوە و ووردبینـی و ڕاستکردنەوەشـی تیـادا بکـەن. بەمـەش مێـژووی یـەکێتی لـە ونبـون و لـەبیرکردن دەپارێزرێـت ونـەوەی ئێـستاو داهاتوش لە مێژووی سەرهەڵدان و خەبات و دەسەلآتی یەکێتی تێدەگەن و پەندی

لێوەردەگرن و زیاتریش بە یەکێتی و بەرنامە و ڕێبازەکەی ئاشنا دەبن. بەهیوای ئەوەی ئەم هەوڵەم ببێتە دەسپێك و ڕێگە خۆشکەر و کارئاسانیەك بۆ ئەو کەسانە.

- بەبڕوای من نوسینەوەی مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان پێش هەر کەس و هەر ئەکادیمیایەك ئەرکی لەپێشینەی ڕابەر و سەرکردە و دامەزرێنەرانی یەکێتی خۆیەتی , چونکە ئەوان خاوەن و هەڵگیسێنەر و کاراکتەری زیندو ڕاسگۆی ناو ڕووداو و سەرتاپای مژووی یەکێتین و دەتوانن بەباشتر و ڕوونتر و ڕاسگۆیانەتر بینوسنەوە. بەلأم بەداخەوە تائێستا ئەو کارە نەکراوە لەگەڵ ئەوەی کە لەئێستادا یەکێتی لەلوتکەی دەسەلأت و هێز و توانای مادی و مرۆیدایە و ئەو کارەشی زۆر بۆ ئاسانە. ئەم کارەش ئەرکی کەسێك و دەیان کەسیش نیە بەڵکو کاری دەزگایەکی گەورەو دەوڵەمەندە بە کەسانی پسپۆڕو شارەزا و توانایەکی گەورەی مادی کە بتوانێت مێژووی سەرتاسەری یەکێتی بەهەموو لایەنە شاراوە و ئاشکراکانیەوە بنوسێتەوە نەك لەیەك کتێبدا بەڵکو لە چەندین بەرگدا.

خۆشبەختانە هەندێ هەڤاڵ و سەرکردە و پێشمەرگە یاداشتەکانی خۆیان نوسیوەتەوە و لەوێدا بەشێك یان بڕگەیەکی مێژوی یەکێتیان باسکردوە . بەلأم ئەو نوسینانە نابنە مێژویەکی سەرتاسەر و تەواوی یەکێتی . بۆیە هیوادارم لەئێستاوە سەرکردایەتی بڕیاری نوسینەوەی مێژوی یەکێتی بدات و کاری جدیشی بۆبکات.

- بەندە لەنوسینەوەی ئەم (( کرۆنولۆژیایەدا )) هەوڵمداوە بەپێی دوو قۆناغ (( شۆڕش و شاخ و دەسەلأت و شار )) بینوسمەوە و ڕێکخستنی مێژوەکانیش ئەوەندەی دەسکەوتبێت بەڕۆژ و مانگ و ساڵ و هەندێك جاریش بە کاتژمێرەکانیش نوسیومەتەوە بەشێوەیەکی بەدوایەکدا لە ١٩٧٥/٥/٢٢وە بەرواری یەکەم بلأوبونەوەی دامەزراندنی یەکێتی تا ٢٠٠٨/١٢/٣١.

لەگەڵ هەندێ مێژووی تری گرنگ و پەیوەندیدار وەك ڕووداوەکانی پێش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول مانگی ١٩٧٥/٣ و هەندێ مێژووی تر کە لەدواجاردا هەموانیان کاریگەریان هەبوە لەسەر مێژوو و خەباتی یەکێتی . کەلەوانەیە هەندێ خوێنەر

ئەو پرسیارەی لا دروست ببێت کە بۆچی ئەو مێژوانە تێکەڵ بە مێژووی یەکێتی کراون.

هەروەها لەهەر دەیە ساڵێکدا ڕووداو یان پیلان یان کارەسات یان دەسکەوتێکم بە دوورو درێژی باس کردوە بۆ نمونە لە دەیەی حەفتاکاندا باسی کارەساتی هەکاری ساڵی ١٩٧٨ و لەدەیەی هەشتاکاندا باسی کارەساتی کیمیاباران و ئەنفالم کردوە و لەدەیەی نەوەدەکاندا باسم لە شەڕی ناوخۆ کردوە و لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمیشدا باسم لەگەیشتنی یەکێتی و هەڤاڵ مام جەلال کردوە بەلوتکەی دەسەڵات لەکوردوستان و عێراقدا. کە ئەمانەشم بۆیە باسکردوە لەلایەك وەك بەشێکی مێژووی یەکێتی و لەلایەکی تریشەوە مەترسی و گەورەیی هەڕەشەی ئەو کارەساتانەم کردوە لەسەر مان و بەردەوامبونی یەکێتی و دواجاریش وەك ئەنجامێکی ڕاستەقینەی خەباتە ڕەسەنەکەی یەکێتی باسم لەگەیشتنی بەلوتکەی دەسەڵات کردوە.

- وشەی (( کرۆنولۆژیا CHRONOLOGY )) کە لەلایەن برای بەڕێزم کاکە دکتۆر یاسین سەردەشتی لەزانکۆی سلێمانی بۆی دانام وەك لە قاموسی ((المورد))ی ساڵی ٢٠٠٤ ی مونیر بەعلەبەکیدا هاتوە بەمانای دابەشکردنی زەمەن دێت بەپێی ماوە , و دیاریکردنی مێژووی ڕووداوەکان بە ووردی و ڕێکخستنیان بە پێی زنجیرەی کاتی ڕوودانیان , یان خشتەی کرۆنولۆژی بریتیە لە دیاریکردنی مێژووی ڕووداوەکان زۆر بە دیقەتەوە و ڕێکخستنیان بەپێی کاتی ڕوودانیان.بەکورتی کرۆنولۆژیا تایبەتە بە نوسینەوەی ڕووداوەکان بەپێی بەروار و ڕۆژ و کات . نەك نوسینەوەی مێژوو کە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و ڕای تایبەتی نوسەر هەیە.کە ئەم کارەی بەندەش دەچێتە ئەو چوار چێوەیەوە ((کرۆنولۆژیا))نەك نوسینەوەی مێژوو.
- خوازیاریشم ئەم هەوڵە بچوکەی بەندەش بچێتە چوارچێوەی خزمەتکردن بەنوسین و زمان و ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردیەوە . و خزمەتێکیش بەمێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و نەتەوەکەشم چونکە مێژووی یەکێتیش بەهەموو باشی و خراپیەکانیەوە بۆتە بەشێکی زیندوو و دانەبڕاوی مێژووی نەتەوەکەم لەم بەشەی کوردوستاندا. داواکاریشم لە هەموو هەڤاڵانم کە ئەگەر

مێژوویەك یان ڕووداوێك هەڵەی تیادا بێت بۆم ڕاست بکەنەوە یان بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم مێژوونامەیە هەر ڕووداو و یان کارەسات یان داستان و نەبەردیەك و دەسکەوتێکیان لەلایە بۆم بنێرن تا لە چاپی دووەمدا تۆماریان بکەم.

- لەکۆتایشدا داواکارم کە لەهەڵە و کەموکوڕی بیٚ مەبەست بمبەخشن و لە ڕەخنە و پێشنیاز و تێبینیە بونیاتنەرەکانیشتان بێبەشم نەکەن . چونکە تەنها پەروەردگار دوورە لەهەڵە و کەموکوڕی و خاوەن کەماڵە.

لەگەڵ ڕێزی.........

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

٢٠٠٨/٨/١

Nawzad_mohandis@yahoo.com
Nawzad_mohandis@hotmail.com

# هەندێ مێژووی گرنگ و پەیوەندیدار

| | |
|---|---|
| ١٩٧٠/٦/١٠ | دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردوستان.٤ |
| ١٩٧٥/٣/٤ | کۆبونـەوەی ولاّتـانی بەرهـەم هێنـی نـەوت( ئۆپێـك ) لـە جەزائیر.صدام حسین و شای ئێران بەناوبژیوانی هـاواری بۆمـدین و هێنـری کیـسنجەری ئـەمریکی چـاویان بەیـەك کەوت.١٢ |
| ١٩٧٥/٣/٥ | ئەفـسەرێکی پایــە بــەرزی ئێــران هاتــە لای بـارزانی و پێیڕاگەیانـد کـە عێـراق و ئێـران ڕێـك دەکـەون و ئێـران سنوری خۆی لەبەردەم پێشمەرگەدا دادەخات.١٤ |
| ١٩٧٥/٣/٦ | مۆرکردنی ڕێکەوتنامـەی زەوی و ئـاوی لـەنێوان عێـراق و ئێراندا کە بە ڕێکەوتنامـەی جـەزائیر ناسـراوە و بـوە هـۆی نسکۆی شۆرشی ئەیلەلی کورد.١٢ و١٠ |
| ١٩٧٥/٣/٧ | ئێـران تـۆپ و تـەیارە شـکێنەکان و تفاقـە سـەربازیەکانی ســوپای خــۆی کێــشایەوە و بارزانیــان بــێ بــەرگری بەجێهێشت و ئیدی فرۆکەکانی عێراق بـەبێ تـرس بەسـەر ئاسمانی گەلاّڵە و چۆماندا دەسوڕانەوە .٥ و١٤ |
| ١٩٧٥/٣/١٤-٨ | سـەفەری بـارزانی و وەفـدێکی پـارتی بـۆ ئێـران و بینینـی شا.٤ |
| ١٩٧٥/٣/٩ | ڕێکەوتنامەی جەزائیر پشێویەکی گەورەی لەناو بنەماڵەی بــــارزانی و ســــەرکردایەتی پــــارتی و سەرانــــسەری کوردوستان نایەوە.٩ |
| ١٩٧٥/٣/١٠ | هـەڤالاّن مەلابـەختیار و ئـازاد هـەورامی و عومـەری حـاجی عبدالله و تایەری علی والی و دەستەی سجن بەڕێکەوتن.٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٥/٣/١٢ | بارزانی لەگەڵ د.محمود عوسمان و محسن دزەیی بران بۆ ئێران بۆ دیدەنی شا.١٠ |
| ١٩٧٥/٣/١٣ | * بارزانی و شاندی یاوەری لەتاران بەدڵشکاوی و نائومێدی بۆ کوردوستان گەڕانەوە دوای بینینی شای ئێران.٥ و١٠ و١٢<br>* دوا شەڕی شۆڕشی ئەیلول لەدۆڵی ئاکۆیان لەڕۆژهەلاتی ڕەواندوز لەگەڵ سوپای ڕژێمی عێراقدا ڕوویدا لەو شەڕەدا سوپای عێراق شکاو هەڵهات و دوا شەهیدی شۆڕشی ئەیلولیش شەهید بوو کە ئەویش ((ساڵح ئاکۆیی ))بوو.٢٨ |
| ١٤-١٩٧٥/٣/١٦ | کۆبونەوەی بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی ئەنجامدرا.١٠ و١٢ |
| ١٩٧٥/٣/١٥ | هەردوو وەزیری دەرەوەی عێراق سعدون حەمادی و وەزیری دەرەوەی ئێران عباسی تەلعەت بەچاودێری وەزیری دەرەوەی جەزائیر عبدالعزیز بوتەفلیقە لەتاران کۆبونەوە بۆ پیادەکردنی ڕێکەوتنامەی جەزائیر.١٢ |
| ١٩٧٥/٣/١٧ | ڕژێمی بەعس داوای پارتی ڕەتکردەوە بۆ گفتوگۆ.١٠ |
| ١٩٧٥/٣/١٨ | کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی پارتی درێژەی هەبوو.١٠ |
| ١٩٧٥/٣/١٩ | بارزانی و سەرکردایەتی پارتی بڕیاری چەکدانانیان ڕاگەیاند و بەمەش شۆڕی ئەیلول کۆتایی پێهات کە بە ئاشبەتاڵ ناسراوە.١٠ و١٢ |
| ١٩-١٩٧٥/٣/٢٦ | کۆتایی بە شۆڕشی ئەیلول هات.١٠ |
| ١٩٧٥/٣/٢٠ | لەئێزگەی دەنگی کوردوستانەوە فەرماندەی پێشمەرگە ((ڕەشید سندی )) بەناوی بارزانی و شۆڕشەوە بڕیاری ڕاگرتنی شەڕی بلاْوکردەوە.٥ و١٠ |
| ١٩٧٥/٣/٢١ | ڕادیۆی دەنگی کوردوستان ئیدی دەنگی لێ نەهاتەوە.٥ |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٥/٣/٢٢ | * بارزانی داوای مافی پەنابەرێتی لە ئەمریكا كرد.١٤<br>* زیاتر لە ٢٥٠ هەزار كوردی عێراقی ئاوارەی ئێران دەبن.٢٨ |
| ١٩٧٥/٣/٢٣ | چوونی د. فؤاد معصوم بۆ بەیروت بۆ بینینی هەڤاڵ مام جەلال و داوای لێكرد كە دەستپێشخەریەك بكات بۆ بەردەوام بوونی خەبات و چۆڵنەكردنی گۆڕەپانەكە.٤ |
| ١٩٧٥/٣/٢٦ | تائەم ڕۆژە بنەماڵەی بارزانی و سەرانی پارتی چوونە دیوی ئێرانەوە.١٤ |
| ١٩٧٥/٣/٣٠ | بارزانی بۆ دوا جار باشوری كوردوستانی بەجێهێشت و لەسنوری حاجی هۆمەران تێپەڕی.١٤ |
| ١٩٧٥/٤/١ | بەستنی یەكەمین كۆبونەوەی(( بزوتنەوەی سۆسیالیستی یەكگرتووی كوردوستان))لەشاری ورمێ كە نزیكەی ٣٠ كادری پارتی تیادابوو لەوانە(( علی عەسكەری و د.خالد سعید وعلی هەژار و كاردۆ گەلاڵی و جمال ئاغا و كمال محی الدین و ڕەسول مەمەند و....هتد.)).١٤ |
| ١٩٧٥/٤/٨ | ناردنی نامە لەلایەن د.كمال فؤادەوە بۆ خەباتگێڕان بۆ درێژەپێدانی خەبات لە ئەوروپا.٤ |
| ١٩٧٥/٤/١٥ | خۆسازدان بۆ كۆبونەوەیەك لە بەرلین.٤ |
| ١٩٧٥/٥/١٥ | دواخستنی كۆبونەوەكەی ٤/١٥ بۆ ئەم بەرواره وئەنجامدانی كۆبونەوەیەك بەمەبەستی خۆسازدان بۆ خەبات و شۆڕشی نوێ.بەئامادەبونی هەڤاڵ مام جەلال لە ئەوروپا.٤ |

# بەشی یەکەم

# قۆناغی شۆڕش و شاخ

# ســـــــــاڵــــــــی

# ١٩٧٥

١٩٧٥/٥/٢٢ لەدیمەشقی پایتەختی کۆماری عەرەبی سوریاو لە گازینۆی (( تولەیتولە)) لەگەڕەکی ((ابو ڕمانە)). یەکەم کۆربونەوەی دەستەی دامەزرێنەر سازدرا. کە (( مام جەلال و د.فوئاد و عبدالرزاق فەیلی و عادل موراد)) ئادەیبوون. و یەکەم بەیاننامەی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی یەکێتی ڕاگەیەنرا.

١٩٧٥/٥/٢٧ کۆبونەوەکەی ٥/١٥ دواخرا بۆ ئەم بەروارە.٤

١٩٧٥/٥/٢٨ سەفەری هەڤاڵ مام جەلال بۆ ئەوروپا بۆ بینینی هەڤالاّن لە ئەوروپا.٤

١٩٧٥/٦/١ ئەو بەیانە نێردرا بۆ د.کمال فوئاد لە ئەوروپا بۆ بلاّوکردنەوە, دوای ئەوەی هەندێ دەسکاری کەمی تیادا کرد ئەم بەیانەش لەئەوروپاش بلاّوکرایەوە, ئەم بەیانە لەسەر تاسەری جیهان بەزمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فارسی و کمال بورقای لەتورکیا و لەڕۆژنامەی (( ئویزگویلەك یولو )) بەتورکیش بلاّویکردەوە.٤

١٩٧٥/٦ ڕژێم دەستی کرد بە دروستکردنی کۆمەڵگا زۆرە ملێکان بۆ نیشتەجێکردنی دانیشتوانی گوندە ڕاگوێزراوەکان لەسەرتاسەری کوردوستاندا و تا ١٩٩١/٣ نزیکەی نیوملیۆن کورد لەو ئۆردوگا زۆرە ملێیانەدا دەژیان.١

١٩٧٥/٨/١٨ شاندێك لە ئەوروپا سەردانی عێراقیان کرد بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرکردایەتی ڕژێمی بەعس لەسەر مەسەلەی کورد بەسەرۆکایەتی (( عیسمەت شەریف وانلی و ئەندامانی شاندەکەش بریتی بوون لە شریف بو معزە/ یەکێك لە سەرکردەکانی شۆڕشی جەزائیر و جان کلۆر لۆتی / ئەندامی یەکێتی جیهانی مافی مرۆڤ و قەشە یوسف پەری لەکوردوستان. بەلاّم هەوڵەکەیان بێهودە بوو لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا.١٢

| | |
|---|---|
| ١٩٧٥/٨/٢٠ | کۆبونەوەی هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ خوێندکارانی کورد لەشاری لەندەن.٥ |
| ١٩٧٥/٨/٢٦ | کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکاران لە بەرلینی ئەڵمانیا.١٠ |
| ١٩٧٥/٨/٣٠ | مەلا شێخ حەمەدی حاجی ئۆمەرانی و حاجی شێخە بنزیری یەکەم جار بەمەبەستی پەیوەندیکردن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش سەردانی عومەر دەبابەیان کرد لە بغداد.٤ |
| ١٩٧٥/٩/١١ | دامەزراندنی حیزبی ( پاسۆك)).٢٨ |
| ١٩٧٥/٩/١٥ | پێدانی نازناوی (( مەلا بەختیار )) بەهەڤاڵ (( حیکمەت محمد کریم )) لەلایەن شەهید(( وەستا بەکری دارتاشەوە ))لەسلێمانی کە ماوەی ٩مانگ لەماڵی وەستا بەکردا مابۆوە.٤ |
| ١٩٧٥/٩/٢٣ | هەڤاڵان (( شیهاب شێخ نوری و جعفر عبدالواحید و فریدون عبدالقادر و عمر سید علی و علی بچکۆل )) بەرەو ئێران ڕۆیشتن بۆئەوەی لەوێشەوە بچنە سوریا بەڵام لەئێران ئاشکرادەبن و دەگیرێن.٥ |
| ١٩٧٥/١١ | * یەکەم ژمارەی((الشرارة)) زمانحاڵی یەکێتی بەعەرەبی بلاۆکرایەوە .٤<br>* بلاۆکردنەوەی نامیلکەی (( یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بۆچی ؟)) |
| ١٩٧٥/١١/١٧ | عیسمەت شەریف وانلی ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەنجامی گەشتەکەیان بۆ عێراق بلاۆکردەوە.١٢ |
| ١٩٧٥/١٢/١٠ | یەکەم بەیاننامەی سەرکردایەتی کاتی (( قیادە موەقەتە)) بەزمانی عەرەبی بلاۆکرایەوە.٢٨ |
| ١٩٧٥/١٢/١٣ | بۆیەکەمین جار هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە ڤیەناوە گەڕایەوە دیمەشق.٤<br>لەنوسینی هەڤاڵ مام جەلالەوە.٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٥/١٢/١٧ | دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی یەکەم کۆبونەوەی فراوانی خۆی لە دیمەشق بەست بەبێ ئامادەبونی هەڤاڵ عمر شێخ موس.٤ |
| کۆتایی ١٩٧٥ | بڕیاری دروستکردنی کۆمیتەی هەرێمەکان لەناوەوەی کوردوستان درا لەلایەن هەڤاڵان (( ئارام و ئازاد هەورامی وسالار عزیز و مەلا بەختیارەوە)).٤ |
| ١٩٧٥-١٩٧٦ | ڕۆژنامەی (( الشرارة)) زمانحاڵی یەکێتی بەزمانی عەرەبی دەرچوو.٥ ژمارەی لێدەرچوو. ناوی ((الشرارة)) لەئۆرگانەکەی لینین (( ئیسکرا)) کەلەساڵی ١٩٠٠ لینین دایمەزراند بۆ سەرتاسەری ڕوسیا و وتەکەی سەرەوەشی (( ومن الشرارة یندلع اللهیب)) وتەیەکی ماوتسی تۆنگە کەلە ١٩٣٠/١/٥ بلأوکراوەتەوە. الشرارة لەدەرەوەی وولأت دەردەچوو.٥ |

# ســــــــاڵــــــــی
# ١٩٧٦

١٩٧٦ * شـــەڕی بـــانی بنـــۆك لەچـــیای ســـورێن دژی ســـوپای عێراق.١١

* دامەزرانـــدنی چـــاپخانەی ناوەنـــدی یـــەكێتی كـــە بـــە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ناسرا.٥

* كۆمەڵێ جهازی هۆكی تۆكی لەڕێگەی لیبیا و هاوكاری موعەمەر قەزافییەوە

* جوامێر سیامیر كوردێكی شیعەی مەندەلی بوو پلەی مولازمی هەبوو لە سوپای عێراقیدا و چووە شاخ و بوە فەرماندەی مەفرەزە لەناوچەی شارباژێر.٤

* بارەگـــــای ســـــەركردایەتی لـــــەبناری قەنـــــدیل لەگونـــــدەكانی((پـــــشتئاشان وقڕناقـــــە وئاشـــــقولكە وسورەدێ)) بوو.٢٣٢

١٩٧٦/١/١ * دەسگیركردنی هـەڤالأن (( خاڵـە شـیهاب شـیخ نـوری و جەعفەر عبدالواحید و عمر سەید علی وئەڕسەلان بایز و ئاوات عبدالغفور و فەرەیدون عبدالقادر و علی محمد قادر ( علی بچكۆل ) )) لەشاری سەقز لەلایەن ڕژێمی شای ئێرانـــەوە و لەپێنجوێنـــەوە تەســـلیم بـــەڕژێمی عێراقـــی كردنەوە. هەر لەم ماوەیدا ڕژێم دەستی كرد بەگرتنی ئەم هەڤالأنەی لای خوارەوە :- (( ئاسۆی شێخ نوری و عەلی حەمە موراد و عباس میرزا سعید و جەبار فەرمان و ئیـــبراهیم حـــسین ( حـــاكم بـــرایم ) و ئـــەنوەر حـــسین و سەعدون فەیلی و خدر عبدالرحمن و عبدالله ڕەشید و شێخ دارۆی شێخ نوری و عوسمانی نانەوا و كمال عەلی و فاروق ئەحمەد و ئەنوەر زۆراب كەركوكی و حسین ڕەزا ڕەزا و سەلام حەسن برزو ))١

* هەموو ئەو هەڤالأنەی لە ئێران گیران((خاڵە شیهاب و هاوڕێكانی )) تەسلیم بە ڕژێمی عێراق كرانەوە.٥

١٩٧٦/١ یەكـەم ژمـارەی گۆڤـاری (( ڕێبـازی نـوێ)) كـە زمانحـاڵی یەكێتی بوو بەزمانی كوردی دەرچوو.كامل بصیر ناوی ((ڕێبان)) ی پێشنیاز كرد, دواتر عبدالرزاق فەیلی وشەی ( نـوێ )) ی بـۆ زیـادكرد و ٢ ژمـارەی لێدەرچـوو لەسـاڵی ١٩٧٦دا.٥

١٩٧٦/١/١٩ نوسینی ڕاپۆرتێك دەربارەی مێژوی پەیوەندی بارزانی – ئـەمریكا لەسـەرەتای دامەزراندنیـەوە تـا كـاتی ئاشـبەتاڵ لەلایـەن ئـۆنیس پایـك نوێنـەری نییـۆرك لەكۆنگرێـسی ئـــەمریكادا . و ڕاپۆرتەكـــە بـــە نـــاوی (( پایـــك )) وە ناسراوە.١٠

١٩٧٦/٢/٢٣ ئەو ڕاپۆرتە كە نهێنی بوو لەلایەن گۆڤاری(( دەنگی لادێ/ ڤیلیج ڤۆیس )) وە بلاْوكرایەوە.١٠

١٩٧٦/٣/١٩ كۆبونـەوەی دووەمـی دەسـتەی دامەزرێنـەری یـەكێتی لـە ڤیەنا بەبێ ئامادەبوونی هەڤاڵ عبدالرزاق فەیلی.٤

١٩٧٦/٤ مام جەلال سەردانێكی بۆ نەمسا كرد.٥

١٩٧٦/٤/٢٦ یـەكم ڕێكخـراو كـە یـەكێتی دایمەزرانـد(( ڕێكخـراوی یـەكێتی خوێنـدكارانی كوردوسـتان)) بـوو بـەنهێنی پـاش هەرەس.٥

١٩٧٦/٥/١٩ بەیەكجاری هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا ڤیەنای بەجێهێشت و گەڕایـەوە شـام بـۆ بەشـداربوون لـە دەسـپێكردنەوەی خەباتی چەكداریدا.١٠

٢٣و١٩٧٦/٥/٢٤ * زنجیرەیـــەك كۆبونـــەوە كـــرا لـــە شـــام و مـــام جـــەلال پرۆژەیـەكی بـاس كـرد بـۆ دەسـپێكردنەوەی خـەباتی چەكداری بەناوی (( ڕزگاری )) و بڕیاردرا یەكەم وەجبەی پێشمەرگە ڕەوانەی كوردوستان بكرێتەوە.١٠

* کۆبونەوەیـــەکی تـــری دەســـتەی دامەزرێنـــەر کـــرا لـــە دیمەشـــق(( علـــی ســـنجاری و مـــونزیر نەقـــشبەند )) یـــش ئامادەی کۆبونەوەکە بوون.٥

١٩٧٦/٥/٢٦/٢٥ دەستەیەکی چەکدار لەناوچەی حاجی هۆمەران دەچنە شاخ کە پەیوەندیان بە (( عمر مستەفاوە ))(دەبابە ) وە هـــەبوو کـــە ئەنـــدامی ســـەرکردایەتی بزوتنـــەوەی سۆسیالیستی کوردوستان بوو.هەرهەمان شەو دەکەون بەسەر کەمینی سوپای ڕژێمدا و پ.م بەناوی (( سەید عبداللە )) شەهید دەکرێت .٥

١٩٧٦/٥/٢٦ بە ئامۆژگاری مەلا مستەفا بارزانی سەرکردایەتی کاتی پـارتی دیمـوکراتی کوردوسـتان(( قیـادەی موەقەتـە)) پێکهات.١٢

١٩٧٧/٣-١٩٧٦/٦ سوپای عێراقی هیچ لەشکرکێشی و پەلامارێکی ئەوتۆی پێشمەرگەی نەدا.١٠

١٩٧٦/٦/١ * ڕاگەیانـــدنی شۆڕشـــی نـــوێی چـــەکداری لەلایـــەن یەکێتیەوە.١

* نـەقیبی موهەنـدیس ئیبراهـی عـەزۆمحمود(( جبـار )) لەسـاڵیادی دامەزرانـدنی یەکێتیـدا, فەرمانـدەی دەسـتە چەکدارەکانی بادینـان بۆ یەکەمین جار لەنزیك ڕووبـاری هیزل لە پشتی زاخۆ لەگەڵ پێشمەرگەکانی تردا یەکیان گرتـــەوە و کۆبـــۆوە بـــۆ ڕێکخـــستنەوەی مـــەفرەزەکان و دابەشـــکردنی کـــارو فـــەرمان بەســـەریاندا.ژمارەیـــان ٣٧ پێـشمەرگە بـوون. کرانـە ٤ مـەفرەزە: ئیـبراهیم عـەزۆ و عیزەت ئیسماعیل شەنگاری و عومەر ئیبراهیم ڕەشید و جبـار مـەلا غـەنی سـندی کـە هەریەکـەیان فەرمانـدەی مەفرەزەیەك بوون.١٠

* لەیادی ١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیدا, یەکەم دەستەی چەکداری پێشمەرگەی شۆڕشی نوێ بەسەرکردایەتی نەقیبی ئەندازیار (( ئیبراهیم عەزۆ)) لە قامیشلیەوە لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە بەڕێکرانەوە بۆ کوردوستان لەگەڵ ٣٧ پ.م و ئەرکی گەیاندنیشیان بە نەجمەدین بیوکایا(( نەجۆ)) سپێردرابوو.٤

١٩٧٦/٦/٢٧/٢٦ شەو لە کاتژمێر ١٢ی شەو یەکەم دەستەی پێشمەرگە لەسنورەکانی هەڵەبجەی شەهید و شارەزوور و هەورامانەوە دەستیان بەکاری پێشمەرگانە کرد.کە ژمارەیان ٧ کەس بوون کە ئەوانیش(( محمود عبدالرحمن/ شێخ علی ,علی احمد / علی شیعە,شەوکەتی حاجی موشیر,حامد حاجی خالید,محمد حاجی محمود/گوڵەخانە, حەمە سەعید حەمە امین/د.ڕەزا و تۆفیق ڕەحیم عبداللە/ تۆفیقی ڕەعنا ))بەرەو شاخی سورێن بەڕێکەوتن.١و٤

١٩٧٦/٦/٢٦ شەو ئەنجامدانی یەکەم چالاکی پێشمەرگانەی شۆڕشی نوێی چەکداری .١

١٩٧٦/٧ شەهید ئارام نامەیەك بۆ ئەو دەستە چەکدارەی ناوچەی حاجی هۆمەران دەنێرێت کە یەکتر ببینن بۆ دروستکردنی پەیوەندی.٥

١٩٧٦/٧/٦ شەو یەکەم شەهیدی پ.م لەشۆڕشی نوێدا بەناوی (( فاتیح شێخ حەیدەر عارف )) هەڵەبجەیی.١

١٩٧٦/٧/١١ * دادگایکردنی هەڤاڵانی دەسگیرکراوی ڕۆژی ١٩٧٦/١/١. ١

* یەکەم چالاکی پێشمەرگانە لەسەر ڕێگای خورماڵ-سیدصادق ئەنجامدرا.٤

١٩٧٦/٧/١٥ * ئیبراهیم عەزۆ بۆ بەڕێکردنی پ.م نەخۆش (( تەها شەنگاری )) و ناردنی پۆستەیەکی نامە و نوسراو لەگەڵ دەستەکە دەچێتە ناوچەی گۆیی (( قەزای ئولودەرە)) لە ویلایەتی هەکاری لەباکوری کوردوستان.٥

* ئیبراهیم عەزۆ بۆ بەڕێکردنی پێشمەرگە نەخۆش و ناردنی پۆستە لەگەڵ مەفرەزەکەی چوە گوندی (( نیروە)) ی ناوچەی گویی لەقەزای (( ئولودەرە)) لەکوردوستانی تورکیا.بەهاندانی قیادە موەقەتە خەڵکی گوندەکانی ناوچەکە کەوتبونە سۆراخی مەفرەزەکە, خەڵکی گوندی (( نیروە)) بەناوی میوانیەوە لەماڵێکدا چوار دەوریان گرتبوون و بەگیراوی تەسلیمی قیادە موەقەتەیان کردبوون( هاشم ڕەمەزان و کەریم سنجاری و جەوهەر نامیق )) سەرجەمیان شەهیدکردن.١٠

١٩٧٦/٧/١٦ گرتنی ٨ پێشمەرگەی یەکێتی لەلایەن پارتیەوەو چەککردن و ئەشکەنجەدانیان.١٤

١٩٧٦/٧/١٧ ئیبراهیم عەزۆ لەگەڵ ژمارەیەك پ.م کەوتنە بۆسەیەکی قیادە موەقەتەوە و گرتنیان.بۆ ماوەیەك لەناوچەکانی ئولودەرە و قوشوری و ئەرتوشی(چەلی )سوڕێنرانەوە.٥

١٩٧٦/١٠/١٩-٧/١٧ هەڤاڵان ئیبراهیم عەزۆ و پ.م گیران و شەهیدکران.کە ئەمە یەکەم فیشەکی شەڕی براکوژی بوو کە سەریهەڵدایەوە لەکوردوستان لەلایەن پارتی و قیادە موەقەتەوە دژی یەکێتی.٤

١٩٧٦/٧/١٩ * نەجمەدین عزیز ( سالار ) و جمالی علی باپیر و تایەر شێخ صدیق و محمد غریب دەچنە ناوچەی شارباژێر.٤

* دووەم مەفرەزەی چەکداری لەناوچەی شارباژێر چوونە شاخ لەتەنگەی مادین بارەگایان داناو هەڤاڵ سالار عزیز لێپرسراویان بوولەگەڵ جمالی علی باپیر و خەبات

| | |
|---|---|
| | عبـــدالكريم عـــارف و ئـــازادی ســـەگرمە و چـــەند پێشمەرگەیك.١٣ |
| ١٩٧٦/٧/٢٧/٢٦ | یەکـەم تەقـەی شۆڕشـی نـوێ لـە شـارەزوور مـەفرەزەی شارەزوور کردیان.١٨ |
| ١٩٧٦/٧/٢٩ | دەسـتەیەکی چـەکداری تـر بەفەرمانـدەی مـولازم جـوامێر سیامیر لەشاربازێڕ پێك هات.٤ |
| ١٩٧٦/٧/٣٠ | لەئاهـەنگێکی ڕژێمـدا بەبۆنـەی ٣٠ تـەموزەوە لەهاوینـە هـەواری ئەحمـەدئاوا مەفرەزەیـەکی شـارەزوور هێـرش دەکەنە سەریان و چەند کەسێکیان لێ دەکوژن.٥ |
| ١٩٧٦/٨ | یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی بزوتنەوەی سۆسیالیستی دیمـوکراتی کوردوسـتان بلاْوکرایـەوە. کەدەسـتەی دامەزرێنـەری بریتـی بوولـەم هەڤالاْنـە(( سـەیدا صـالْح یوسفی وعلی عەسکەری ود.خالد محمد سعيد وتایەری علی والی بەگ وسەعدی گچکە و عومەر دەبابە و ڕەسول مامەند و علی هەژار و کاردۆ گەلاْلْی و مەلا ناصح )).٤ |
| ١٩٧٦/٨/١ | * دوای گەڕانـەوەی عومـەر دەبابـە لـە سـوریا جارێکـی تـر پەیوەنـدی بـەو دەسـتە چـەکدارەی ناوچـەی حـاجی هۆمەرانەوە دەکاتەوە.٥ |
| ١٩٧٦/٨/١ | * هـەردوو مەفرەزەکـەی عیـزەت ئیـسماعیل و عومـەر ئیبراهیم بڕیار دەدەن بچن بە سۆراخی ئیبراهیم عەزۆ و هەڤالْەکانیەوە. مەفرەزەی جباری مەلا غەنی لەبادینان دەمێنێتـەوە.هـەردوو مەفرەزەکـەی عیـزەت و عومـەر ڕوودەکەنە ناوچەی گویی, دیسان لەلایەن خەلْکی گوندی (( ڕوبـــوزاك )) بـــەناوی میوانداریـــەوە دەســـگیر دەکرێن.لەئەنجامدا یەکەم جار عیزەت دەکوژن و دواتر عومـــەر و قاســـم محمـــدیش دەکـــوژن و دواتـــر ١٨ |

پێشمەرگەكە تەسلیم بە قیادە موەقەتە دەكەن لەگوندی (( مەرگە)) لەنزیك ئولودەرە.١٠

١٩٧٦/٨/٨ * هاتنـــە دەرەوەی ســـەید كاكـــە و د.خالـــد ســـعید بـــۆ پێشمەرگایەتی و ١٩٧٦/٨/١٥ گەیشتنە قەندیل لەدیوی ئێران(( بەردبەران)).١٣

* لەســـەر داوای مـــام جـــەلال(( شـــەهیدعلی عەســـكەری وشەهید د.خالد محمد سعید و شەهیدتایەری علی والی و سـەید كاكـە وشـەهید سـەعدی گـچكە وشـەهید ڕەسـول مامەند و شـەهید عومـەر دەبابـە وشـەهید قـادر مـستەفا و شەهید مەلای حاجی ڕەسول و قادر عزیز )) بەدوایەكدا چوونە شاخ و پەیوەندیان كرد بە شۆڕشی نوێوەئەمانە دوورخرابونەوە بۆ باشوری عێراق بەلأم خۆیان گەیاندەوە كوردوســـتان.دوای وتوویـــژ نـــاوی ڕێكخراوەكەلـــە (( بزوتنـەوەی سۆسیالیستی دیموكراتی كوردوستانەوە )) گۆڕدرا بۆ (( بزوتنـەوەی سۆسیالیستی كوردوستان )).٤ و١٤

* شـەهید علـی عەسـكەری و د.خالـد سـعید و سـەعدی گچكە و عەلی والی بەگ پەیوەندیان كرد بە شۆڕشەوە.١

ژمارەیك كـوردی دوورخـراوە بـۆ خـوارووی عێـراق لەسـەر داوای هەڤاڵ مام جەلال كەنامەی بۆ ناردبوون كـە هـەڵبێن لـــەژێر دەســـتی ڕژێـــم, ئـــەوانیش هـــەڵهاتن و هاتنـــەوە كوردوستان ئـەوانیش (( د.خالـد محمـد سـعید و سـعدی گـچكە و عمـر مـستەفا و سـەید كاكـە و علـی عـسكری و تایەری علی والی بەگ )) بوون.٥

١٩٧٦/٨/١٠ ناردنی نامە لەلایـەن مـام جەلالـەوە بـۆ مـسعود و ئیـدریس بارزانی و علی عبدالله.٥

١٩٧٦/٨/١٤ * هەڤالان (( د.خالد محمد سعيد و عمر دەبابە و سەعدی گچکە وسەيد کاکە و ياسين قادر و جەعفەر ئەسوەد و جەوهەر سعيد)) گەيشتنە گوندی (( ئيندزی )) ی بناری قەنديل.٥

* مام جەلال دوو نامەی نارد بۆ علی عبدالله و مسعود و ئيدريس بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەنێوان يەکێتی و قيادە موەقەتەدا.١٤

١٩٧٦/٨/١٥ * ١٨ پێشمەرگەی يەکێتی لەلايەن پارتيەوە گيران و گولە باران کران.١٨

* عەبدولاّ ڕەمەزان و مەحمود گويی و يوسف گويی سەرانی قيادە موەقەتە هەر ١٨ پێشمەرگەکە بەرەو ئەشکەوتی(( باڤێ )) دەبەن لەنزيك گوندی مەرگە و لەوێ هەمويان دەکوژن و لاشەکانيان بەجێدەهێڵن. يەك پێشمەرگە نامرێ و دەگەڕێتەوە ناو گوندەکە و ماڵێك داڵدەی دەدەن . بەلاّم سەرانی قيادە موەقەتە بەزۆر لەماڵەکەی دەسەنن و ئەويش دەکوژن بۆ ئەوەی شوێنەواری تاوانەکەيان کوێربکرێتەوە.١٠

١٩٧٦/٨/١٦ عومەر دەبابە وئەو دەستە چەکدارەی ناوچەی حاجی هۆمەران چاويان بەيەك دەکەوێت و کۆبونەوەيەك ساز دەدەن.٥

١٩٧٦/٨/٢١ صدام حسين لە گوتارێکيدا لە مەجليسی وەتەنی عێراقيدا ستراتيژی خۆی بەرامبەر کورد ڕونکردبۆوە و ڕايگەياند کە ناوچە سنوريەکانی کوردوستان بە قولاّيی ٢٠ کم ڕادەگوێزێت.١٠

١٩٧٦/٨/٣٠ لەکاتێکدا مەفرەزەکەی جبار مەلا غەنی لەسەر کانيەك لەناوچەی سندی نزيك زاخۆ خەريکی چا لێنان دەبن.

تاقمیٚ لە چەکدارەکانی قیادە موەقەتە بەسەرکردایەتی محمد خالد دەوریان گرتن و دایاننە بەر دەسڕێژی گولە و جبار و ٣ پێشمەرگە لەوێدا دەکوژن و ئەورەحمان حەسن شەنگاری و ٣ پێشمەرگەی تردەرباز دەبن. بەلاٚم کەوتنە داوی جاشێکی عێراقیەوە بەناوی جەعفەر بیسفکی ئەویش تەسلیمی عێراقی کردنەوە و دوای ماوەیەك لە موصلٚ لە سێدارەدران.١٠

١٩٧٦/٩/١ بلاٚوکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی کە لە لایەن (( هەڤالٚ مام جەلال و کاك نەوشیروان و د. فۆاد معصوم و د. کما ل فۆادەوە)) نوسرابۆوە.١٤

١٩٧٦/٩/٣/٢ شەهید شەماڵی باخ و شەهید سیروان تاڵەبانی و شەهید ئەنوەری مەجید سوڵتان و کاکە حەمەسعید قەڵەو چوونە ڕیزی شۆڕشەوە.١

١٩٧٦/٩/١٤/١٣ بۆیەکەم جار شەڕ لەنێوان ه.پ.م و سوپای ڕژێمدا لەگوندی (( قاینجە )) ڕوویدا.کە ڕژێم هێرشی کردە سەر مەفرەزەکەی شارەزوور و یەکەم شەهیدیدا کە ئەویش(( فاتح شێخ حەیدەر ))بوو.٥

١٩٧٦/١٠ کاك عومەر مستەفا ویستبوی بێتە سوریا, د.خالد تاقمیٚ پێشمەرگەی باڵەکایەتی هەڵبژاردبوو لەگەڵیدا بێت و بەرەو بادینان بەرێکەوتن. پەیوەندی لەگەلٚ سەرانی قیادە موەقەتە کرد و بڕیاریاندا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەکان لەگەلٚ جەهەر نامیق پێکەوە بێنە سوریا.١٠

١٩٧٦/١٠ شەڕی قاینجەی شارەزوور دژی سوپای عێراق.١١

١٩٧٦/١٠/١ گەڕانەوەی شەهید د. خالد سعید و دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی باڵەکایەتی لەسوریاوە بۆ کوردوستان.١٤

١٩٧٦/١٠/١١/١٠ شەهید ئارام لەناوچەی دۆڵەڕووتەوە شاری سلێمانی بەجێهێشت و چووە ڕیزی شۆڕشەوە.١

| | |
|---|---|
| ١٩٧٦/١٠/١٦ | کۆبونەوەی هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود لەشاری لەندەن بە ئامادەبوونی علی سنجاری.٢٨ |
| ١٩٧٦/١٠/١٨ | یەکەمین خولی کادری کۆمەڵە لەگوندی (( زەروون)) لەناوچەی شارباژێڕ سازدرا.لەدوای ٢٠ ڕۆژ لەچوونە درەوەی شەهید ئارام بۆ ماوەی ٣ هەفتە.١٣ |
| ١٩٧٦/١٠/١٩ | شەهیدکردنی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی لەناوچەی بادینان.١ |
| ١٩٧٦/١١/١ | گەڕانەوەی ٣ دەستەی هێزی پێشمەرگە لەسوریاوە بۆ کوردوستان بەلاّم هاتنەوەیان سەرکەوتوو نەبوو لەترسی پارتی و خەڵکی ناوچەکە و ساردو سەرمای زستانیش. سەرکردایەتی ئەم دەستانەش لەلایەن ((هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاو و حەسن خۆشنا و و فۆاد عومەر و سەید کەریم و سەردار دەلۆیی و فەرهاد شاکەلیەوە )) دەکرا.١٤ |
| ١٩٧٦/١١/٦ | عمر مستەفا((دەبابە)) دوای گەیشتنە دیمەشق وەکو نوێنەری بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردوستان هاتە ڕیزی دەستەی دامەزرێنەرەوە.٤ |
| ١٩٧٦/١١/١١ | شکاندنی هێرشەکانی ڕژێم لەبانیاوان و دۆڵی باڵەییان.١ |
| ١٩٧٦/١١/١٧ | * داستانی گەرویان.١<br>* شکاندنی هێرشی ڕژێم لە وەڵزی و گاپیرێز.١ |
| ١٩٧٦/١١/٢١ | * لەسێدارەدانی هەڤالأن (( شیهاب شێخ نوری و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر عبدالواحید ))١<br>* تەرمی شەهیدان (( خاڵە شیهاب و جەعفەر و ئەنور )) گەیشتەوە سلێمانی .١٣ |
| ١٩٧٦/١١/٢٣ | هێرشی ڕژێم بۆ سەر دۆڵی باڵەییان و لەئەنجامدا زیانێکی گەورەی پێکەوت.١٤ |
| ١٩٧٦/١١/٢٥ | پەڕینەوەی دووەم وەجبەی پ.م لەسوریاوە بۆ کوردوستان بەسەرپەرشتی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا.١ |

١٩٧٦/١٢/١٧ جارێكی تر هێرشی كردەوە بۆ سەر دۆڵی باڵەییان و بەهەمان شێوە زیانی گەورەی بەركەوت.١٤

١٩٧٦/١٢/٢١ * لەشەقامی مەولەوی لەشاری سلێمانی تەقە لەپارێزگاری سلێمانی كراو بریندارکرا. لەبەرامبەر لەسێدارەدانی(( خاڵە شیهاب و ئەنوەر و جەعفەردا)) وەك تۆڵەكردنەوەیەك.٥

لەلایەن یەكێتیەوە وەرگیرا.٥

* كاتژمێر ٣٥ر٨ دەقیقەی بەیانی تەقە لە (( محمود ئەمین محمد)) پارێزگاری سلێمانی و كاروانی حیمایەكانی لەناوەڕاستی شاری سلێمانیدا و لەسەر جادەی مەولەوی كرا. لە بەغداش (( عوسمان محمد فائق)) ی بەعسی كوژرا بەدەستی هەڤاڵانی ڕێكخراوی هەڵۆی سوور.١٣

* گوندەكانی سەرسنوری كوردوستانی عێراق لەلایەن ڕژێمەوە ڕاگوێزران بۆ دەوروبەری شارەكانی عێراق.٢٨

١٩٧٦/١٢/٢٦ هێرشی سوپای ڕژێم بۆسەر ناوچەكانی(( ماوەت و قامیش و گەلاڵی )) شاری سلێمانی.٢٨

١٩٧٦-١٩٧٧ ڕێكخراوی(( خوێنی شەهید))لەلایەن چەند گەنجێكی خوێن گەرمی كەم ئەزمونی شۆڕشگێڕەوە دروست بوو لەژێر كاریگەری(( توپا ماڕۆس))دا دەربارەی جەنگی پێشمەرگانەی ناوشار .كە هەرزوو پەیوەندیان بە كۆمەڵەو یەكێتیەوە كرد.كە درێژكراوەی ڕێكخراوی لەیلا قاسم و هاوڕێكانی بوون لە بەغداد.٤

١٩٧٦-١٩٨٠ قۆناغی یەكەمی شۆڕشی نوێ یەكێتی (( قۆناغی نهێنی)).٤

# ســـــــــاڵـــــــــی
# ١٩٧٧

١٩٧٧ * پێكهێنانی كۆمیتەی ئاگر لەشاری كەركوك.١
* شـەڕی مـیری سـوور و دەرە گـولاَن دژی سـوپای عێراق.١١
* هێڵی گشتی ڕاستەوخۆ لەناو دەستەی دامەزرێنەری یەكێتیدا بوون و دواتر ڕێكخستنی بۆ ئاستەكانی خوارەوە دابەزی.كە بریتی بوون لەو تێكۆشەرانەی كە نەسەر بەكۆمەڵە و نەسەر بەبزوتنەوەی سۆسیالیستی بوون و هەڤاڵ مام جەلال سكرتێری گشتی بوو بە ئەندامێتی (( د.كمال فؤاد و د.فؤاد معصوم وعمر شێخ موس و عادل موراد وعبدالرزاق فەیلی)).٤
* كاك سەركەوت و پ.م ئەندازیارێكی ئیتاڵی كە بۆ مەسحی جیۆلۆجی هاتبووە گوندی مەسۆیی سەرچەم ئەگرن.٨

١٩٧٧/٢ ڕێكخراوی هەڵۆی سوور لە بغداد لە ئەندامانی هەرێمی پێشڕەو (( خانەقین )) و ڕێكخراوی خوێنی شەهید (( بەغداد))پێك هات و جوامێر سیامیر كرایە بەرپرسی ڕێكخراوەكە و ئەندامانیشی بریتیبوون لە ((مولازم جوامێر و سەلام عبدالرزاق و حەمید ئەكبەر/ ئەندامانی هەرێمی پێشڕەو و سەلمان و شێرۆ و جمالیش/ ئەندامانی خوێنی شەهید)).٤

بەهاری ١٩٧٧ ڕژێم لەچەندین لاوە هێرشی كردە سەر بارەگاكانی سەركردایەتی و بەناچاری بلاَوەیان بەبارەگاكان كرد بۆ ناوچەی تر.٢٣٢

٢ و١٩٧٧/٣ بنەماڵەی بارزانی كەوتنە جموجۆڵێكی سیاسی و ڕەفتاری سیاسیان دەنواند.١٠

١٩٧٧/٢/٩ مەلا مستەفا نامەیەكی درێژی بۆ جیمی كارتەر سەرۆكی ئەوكاتەی ئەمریكا نارد و وەلاَم نەدرایەوە.١٠

| | |
|---|---|
| ١٩٧٧/٢/١٤ | مەلا مستەفا نامەی بۆ سیناتۆر و نوێنەرەکانی ئەمریکا نوسی و وێنەیەکی دایەوە کارتەر.١٠ |
| ١٩٧٧/٢/٢٧ | ئەحمەد حەسن بەکر(( ئیسماعیل تایە نعێمی )) کردە سەرکردەی فەیلەقی یەك بۆ کوژانەوەی شۆڕشی نوێی کورد.١٠ |
| ١٩٧٧/٣/١ | * سوریا ناکۆکی یەکێتی و قیادە موەقەتەیان پێخۆش نەبوو.بۆیە هەوڵی ئاشتبونەوەیان دەدا و مەسعود بارزانیان داوەتی سوریا کرد.١٠<br>*ڕژێم هێرشی کردەوە سەر دۆڵی باڵەییان.١٤ |
| ١٩٧٧/٣/٣ | مەلا مستەفا نامەیەکی تری بۆ جیمی کارتەر ناردەوە و ئەمجارەش وەڵام نەدرایەوە.١٠ |
| ١٩٧٧/٣/٩ | شکاندنی هێرشی ڕژێم بۆ دۆڵی ئاکۆییان.١ |
| ١٩٧٧/٣/٢١ | یەکەم ڕۆژی پەخشکردنی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی عێراقی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان .١ |
| ١٩٧٧/٣/٢٧ | هێزی پێشمەرگە داستانێکیان لە چیای ساوێن تۆمارکرد.١ |
| ١٩٧٧/٣/٢٩ | داستانی کەلەکی باڵەییان.١ |
| ١٩٧٧/٣/٣٠ | ڕژێم هێرشی کردە سەر ناوچەی پشدەر و هێزی پێشمەرگە تێکیان شکاند.١ |
| ١٩٧٧/٤ | چوونی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بۆ کوردوستانی تورکیا لەگەڵ نەجمەدین بیوکایە (( نەجۆ)) و کۆبونەوە لەگەڵ سەرانی پارتی دیموکراتی کوردوستانی تورکیا. لەقامیشلیەوە بۆ نسێبین و دواتر بۆ دیار بەکر و لەوێشەوە بۆ گەوەر (( یوك سەرا)) و دواتر بۆ گوندێکی سەرسنور.١٠<br>*ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی لەشام بەناوبژیوانی سوریا و ڕێکەوتنەکە لەلایەن مام جەلال و کاك مەسعودەوە ئیمزا |

| | |
|---|---|
| | كرا و لەلایەن حیزبی بەعسی عێراقیشەوە باقر یاسین ئیمزای كرد.١٤ |
| ١٩٧٧/٤/١ | هێرشی ڕژێم بۆسەر گوندی (( كانی شیلان ))كە بوە هۆی كوژرانی چەند سەربازێك. لەتۆڵەی ئەو كوژراوانەدا ڕژێم ٢٠ كەسی لەخەڵكی گوندەكە بە ٥ بۆ ٢٠ساڵ زیندانی كرد.١٤ |
| كۆتای ١٩٧٧/٤ | پارتی مەفرەزەی چەكداری لەسنوری سوریا-توركیاوە ناردۆتەوە بۆ ناو كوردوستان.٥ |
| ١٩٧٧/٥/٢٧ | هاوڕێ جوامێر سیامیر و سەلام و شێرۆ و سەلمانیان لە سێدارەدا.٤ |
| هاوینی ١٩٧٧ | دوای گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال و كاك نەوشیروان بارەگای سەركردایەتی لەناوچەی خواكورك دانرا و تاناوەڕاستی مانگی كانونی یەكەمی ١٩٧٧ لەوێ مایەوە.٢٣٢ |
| ١٩٧٦/٦/١-١٩٧٧/١/١ | پێشمەرگەی یەكێتی بەدەستی قیادە موەقەتەوە شەهید كراون.٥ |
| ١٩٧٧/٦/٩ | مەفرەزەی (( عمری حەمە صالح-عمر بەشارەتی))كە ٧ پێشمەرگە بوون. یەكەم مەفرەزەی پێشمەرگەبوون كە هەر ٧ پێشمەرگەكە بەدەستی جاش شەهیدكران لەگوندی(( گولاَن یان بیسەلمێن )) لە ڕۆخی دەریاچەی دەربەندیخان لەدوای شەڕێكی مان و نەمان.١٣ و٣٢ |
| ١٩٧٧/٦/١٦ | خۆفرۆش(( عوسمان محەد فائق ))كەڕۆوژی ڕۆوژنامەگەری عێراق بوو لەبەردەم دەزگای هاوكاریدا لەساحەی خەلانی لەشاری بغداد بەسزا گەیەنرا لەلایەن هەڤالانی هەڵۆی سورەوە.٤ |
| ١٩٧٧/٦/٢٥ | ٨ كۆپتەری ڕژێم لەچواردەوری سێوسێنان نیشتنەوەو هێزێكی زۆریان لەسەرباز و جاش هەڵڕشت. شەڕ لەگەڵ |

| | |
|---|---|
| | پێشمەرگە دەستیپێکرد و لە ئەنجامدا ٩ سەرباز و جاش کوژران و ٢ پێشمەرگەش شەهید بوون.٢١ |
| ١٩٧٧/٧ | * نەبەردی هێزی پێشمەرگە لە شێخانی باڵەکایەتی.١<br>* مام جەلال بە پاسپۆرتی فازل تاڵەبانی لە ئەوروپاوە هاتە ئەستەمبوڵ و لەوێشەوە بۆ کوردوستان.١٠ |
| ١٩٧٧/٧/١٠ | بۆ یەکەم جار کلاشینکۆفی یەك لاق لە مەفرەزەکەی کاك قادر خەبات لە (( دۆڵەنێ ))دا بینراوە و لەدۆڵی گۆستێش هەبووە.١٣ |
| ١٩٧٧/٧/١٥ | سوپای ڕژێم هێرشی هێنا بۆ چیای قەندیل.١٣ |
| ١٩٧٧/٧/١٦ | کۆبونەوەیەك کرا لە خوار (( کیفارینە))و بڕیاردرا وەفدێك بنێرێت بۆ سوریا بۆ لای مام جەلال و قیادە موەقەتە و لیژنەی ئامادەکاری پارتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان یەکێتی و قیادە موەقەتە و وەفدەکەش بریتی بوون لە (( ڕەسول مامەند و عادل و علی کۆ و داود محمد علی و هەڤاڵ مەلا بەختیار )).١٣ |
| ١٩٧٧/٧/١٧ | وەفدەکە کەوتە ڕێ.١٣ |
| ١٩٧٧/٧/١٨ | وەفدەکە گەیشتە گوندی کانی شنۆ لە زێوکە مانەوە.١٣ |
| ١٩و١٩٧٧/٧/٢٠ | وەفدەکە بەسەر شاخی(( دالأمپۆ ))دا سەرخرا.١٣ |
| ١٩٧٧/٧/٢٠ | * وەفدەکە گەیشتنە گوندی (( ماسی ڕۆ )) کە دوا گوندی هەرێمی شەمزینانی کوردوستانی تورکیایە.١٣<br>* گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ کوردوستان لەگوندی(( ماسی ڕۆ )) کە دەکەوێتە سێ گۆشەی سنورە دەسکردەکەی کوردوستانی تورکیاو ئێران و عێراق, دوای ٥ساڵ لە دوورە وولاتی.١٣ |
| ١٩٧٧/٧/٢٣ | شەهیدکردنی ((حەمە غفور ئاغجەلەری)) و ٦ پ.م لەگوندی کانی بی.١٠ |

١٩٧٧/٨ * کۆبونــەوەی هەرســیّ باڵەکــەی یــەکێتی (( کۆمەڵــە و بزوتنــەوە و هێڵــی گــشتی )).کۆبونــەوەی ســەرکردایەتی بڕیــاری هەڵبــژاردنی مــام جــەلال بــۆ ســکرتێری گــشتی یەکێتی پەسەند کرد کە لەدۆڵی خواکورك کرا.١٣

١٩٧٨/٨ * هــەڤاڵ مــەلا بــەختیار یەکــەم کۆبونــەوەی شــۆڕی نــوێی بەدانیشتوانی گوندی سێوسێنان کرد.٢١

١٩٧٧/٨/١٦ بەمەبەســـــتی ئەنجامـــــدانی چـــــالاکیەك لـــــە زانکـــــۆی موستەنسریە لەشاری بغداد و پێش ئەنجامدانی چالاکیە کــە هــەڤالانی هــەڵۆی ســوور دەســگیر کــران بــەکاری جاسوســی خۆفرۆشــێك بــەناوی (( کــاوە فــاتح ))وە و نزیکـەی ١٠٠کـەس لـەهاوڕێ و دۆسـت و ناسـیاوەکان و هاوڕێکانی هەڵۆی سوور دەسگیرکران.٤

١٩٧٧/٩/١٢-٨/٣١ کۆبونـەوەی سەرکردایەتی یـەکێتی بەردەوام بوولـە دۆڵی خواکورك.کە تیایدا پێڕەوی ناوخۆ نوسرایەوە ومەکتـەبی سیاســی ولقــەکان و هــەرێم و ناوچــە عەســکەریەکان و لێپرســراوی لقــەکانی ســلێمانی و هــەولێر و کــەرکوك و بادینـان و ئەندامەکانی دیـاریکران. و لەکۆتاییـدا بـەلاغی کۆتـایی لەلایـەن مـام جەلالـەوە بەعـەرەبی نوسـرا. بـەڵام لەبەرئـەوەی ئـامێری چاپ نـەبوو نێـردرا بـۆ سـوریا لـەوێ چاپ بکرێت و لە (( الشرارة)) شدا بڵاوکرایەوە.١٠

١٩٧٧/٩ * ژمــارەی یەکـــەمی ئـــالای شۆڕشدەرچـــوو بەهـــەوڵ و هیمــەتی شــەهید ئــارام و لــەدوای شــەهیدکردنی ئیــدی دەرنەچۆوە.٦

* تەسلیم بونەوەی(( عەلی کۆ)) لەگەڵ چەندین پێشمەرگە بە ڕژێم و بەم کارەشی بوە سەرقافڵەی تەسلیمبونەوە.١٣

١٩٧٧/٩/١ * شـەهیدکردنی شـوان علـی ((شـامل )) یەکـەم سـکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردوستان.٥

* لەگوندی قازانقایە چالاکیەکی گەورەی هێزی پێشمەرگە ئەنجامدرا.١

١٩٧٧/٩/١٥ بەیاننامەی کۆبونەوەیەکی فراوانی سەرکردایەتی یەکێتی.١

١٩٧٧/١٠ * شەڕی عیزەت ئاوا و کانی خانی شلێر.١١

* ڕژێمی عێراق بەهۆی شێخ محمەدی لۆلانەوە وەڵامی بۆ سەرکردایەتی یەکێتی نارد بۆ گفتوگۆ, لەپاش زنجیرەیەك کۆبونەوە لە برادۆست بڕیاردرا دەسبکرێت بە گفتوگۆ.١٠

١٩٧٧/١٠/١٣ * خەڵکی گوندی (( باویان)) لەکوردوستانی باکور هێرشیان کردە سەر مەفرەزەیەکی یەکێتی و لە ئەنجامدا هەموویان کوژران کە ١٠ پێشمەرگە بوون بەفەرماندەی حەسەن خۆشناو.١٤

* لەدەڤەری (( ڕاستیدان))هێزێکی قیادە موەقەتە لەبەرەبەیانێکدا و لە بۆسەیەکی مەحکەمدا ٨ پێشمەرگەی کوردوستانی عێراق و سوریا شەهید کران.١٣

* شەهیدکردنی حەسن خۆشناو و ٦ پێشمەرگە لەلایەن قیادە موەقەتەوە و هاوکاری دانیشتوانی ناوچەی ڕاشیدان بەتایبەتی خەڵکی گوندی باویان لە بۆسەیەکدا.و چەند پێشمەرگەیەکی تریش برینداربوون و بەدیل گرتیانن.١٠

پایزی ١٩٧٧ لەهەڵمەتەکانی گوندی (( داربەسەر ))ی سەرودا, کۆبونەوەیەك لەنێوان شەهید سەعدی گچکە و سەید کاکە و شەهید علی صالح و شەهید شاخەوان عەباس و شەهید محمەد عەجەم و مەلا بەختیار کرا.بۆ تاوو توێکردنی مەسەلەی جاسوسی و موختاری خراپ و

بڕیاردرا موختارەکانی قەشقە و شیواشۆك و تاڵەبان بەسزا بگەیەنرێت.١٣

١٩٧٧/١١ عەلی عەسکەری بەهالیکۆپتەر لە لۆلانەوە برایە نادی عەسکەری کەرکوك و لەوێشەوە بۆ بەغداد و دوای بینینی سعدون شاکر و عدنان خیرالله و صدام حسین گفتوگۆ سەرینەگرت و علی عەسکەریش دوای ٣ ڕۆژ گەڕایەوە کوردوستان.١٠

١٩٧٧/١١/٣٠ خواحافیزی لەمام جەلال و مەکتەبی سیاسی لەلایەن هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاو هێزەکەیەوە بۆ ئەوەی بەرەو ناوچەی شاربازێڕ بچێت و برادۆست بەجێ بهێڵێت.١٠

١٩٧٧/١٢/١ لەکوێرەدێی (( جورجان)) وە لەبرادۆستەوە هێزەکەی شاربازێڕ بەفەرماندەیی هەڤاڵ نەوشیروان بەڕێکەوت.١٠

١٩٧٧/١٢/١١ هێزێکی سوپای ڕژێم لە کاتژمێر ٤٥ر٦ ی بەیانی دەوری سێوسێنیاندا . لەو کاتەشدا شەهید سیروان تاڵەبانی ل. هەرێم بوو لەگەڵ مەفرەزەیەکدا لەناو دێکەدا بوون و شەڕ دامەزرا. ١ پێشمەرگە بەدیل گیرا و ئەوانی تریش دوای بەرگریکردن خۆیان دەرباز کرد.٢١

١٩٧٧/١٢/١٢ مەفرەزەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیار لەسەر ڕێگایان بۆ بەری قەرەداغ بۆ سەردانی شەهید ئارام لە نزیك گوندی (( کانی سوور )) لەدەشتی کۆیە تەقەیان لێ دەکرێت لەلایەن ٧ کەسی سەر بە قیادە موەقەتە و پیاوی قالە فەرەجەوە.١٣

١٩٧٧/١٢/١٥ لەسێدارەدانی چەند کەسێك لەشاری سلێمانی لەناویاندا (( ئیسماعیل قاسم و محەمەد قاسم کە برابون لەگەڵ یاسینە ڕەشدا))١

١٩٧٧/١٢/٢٥ هێزەکەی شاربازێڕ گەیشتنە(( گەورەدێ )) لەشاربازێڕ.١٠

١٩٧٧/١٢/٢٦/٢٥ **لەگوندی (( كونە گورگ)) لای تەقتەق كاتێك هەڤاڵ مەلا بەختیار و ٤ پێشمەرگە لە ژووری ماڵێكدا دەخەون یەك سەڵ فیشەك و نارنجۆكێك لەلولەی زۆپاكەوە خرابوە ناو زۆپاكەوەو ١ پێشمەرگە شەهید و ١ پێشمەرگەش بریندار بوو و مەلا بەختیاریش سەلامەت بوو و مەفرەزەكە ١٣ پێشمەرگە بون, ٢ پێشمەرگە خیانەتیان كرد و ١ پێشمەرگەش گیرا.١٣**

# ســــــــاڵــــــــی

# ١٩٧٨

| | |
|---|---|
| ١٩٧٨ | جەنەڕاڵ ئەزهاری/ سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران سەردانی عێراقی کرد و سەردانی فەیلەقی یەکی کرد و لەگەڵ تایە نعێمیدا دانیشت و لەهەموو شارە سنوریەکاندا لە شنۆ وە تا قەسری شیرین و لەخانەقینەوە تا سیدەکان لیژانی هاوکاری سەربازیان دامەزراند. دژی بزوتنەوەی شۆڕشی نوێی کورد.١٠ |
| زستانی ١٩٧٨ | بارەگای سەرکردایەتی لە نۆکان دامەزرا.٢٣٢ |
| ١٩٧٨/١ | شەڕی کۆڵیتان و کەچەڵ دژی سوپای عێراق.١١ |
| ١٩٧٨/١/٢٨/٢٧ | لەسێدارەدانی جمالی علی مارف (( جەمالە ڕەش )) لە موصڵ.٥ |
| ١٩٧٨/١/٣١ | شەهید ((ئارام)) شاسوار جەلال لەگوندی تەنگی سەری ناوچەی قەرەداغ شەهیدکرا بەدەستی مەفرەزەیەکی خۆفرۆشان کە سەرکردەی کۆمەڵە بوو.١ |
| ١٩٧٨/٢/٢ | لەپشتی شیواوشوان سەربازەکانی ڕژێم هێرشیان هێنا بۆسەر هێزێکی پێشمەرگە کەنزیکەی ٥٠-٧٠ پێشمەرگە دەبوون بەسەرپەرشتی سەیدکاکە و سەعدی گچکە و مەلا بەختیار. شەڕێکی بەرەیی بوو لەکاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ دەستی پێکرد تا دنیا تاریك بوو. بۆیەکەم جار بە ئاڕ بی جی لەکۆپتەر درا لەلایەن شەهید قادر مستەفا وە و ئیدی سامی پێشمەرگە شکا لە کۆپتر.١٣ |
| ١٩٧٨/٢/١٢ | کوشتنی بەختیاری مەجید خان لەلایەن مەفرەزەیەکی یەکێتیەوە بەبێ بڕیاری بەرپرسەکان. بەختیار تەسلیم بەڕژێم ببووەوە و بەچەکداری هاتبۆوە ناوچەی پێنجوێن.١٠ |
| ١٩٧٨/٢/٢٥ | هێرشی هێزێکی ڕژێم لەناو گوندی چنگیاندا بۆسەرهێزەکەی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا.١٠ |

| | |
|---|---|
| بەهاری ١٩٧٨ | کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاریدا کە مەکتەبی سیاسی لە نۆکانەوە بگوێزرێتەوە بۆ برادۆست.١٠ |
| ١٩٧٨/٣ | * دوای شەهیدبوونی شەهید ئارام سەرکردە و کادرەکانی کۆمەڵە کۆبونەوەیەکیان سازدا لە نۆکان و سەرکردایەتیەکی نوێ هەڵبژێردرا و لە جیاتی کۆرمیتەی هەرێمەکان(( ناوەندی کۆمەڵە )) دامەزرا.کە یەکەم ناوەندی کۆمەڵە هەڤالاْن (( نەوشیروان مستەفا و ئازاد هەزرامی و مامۆستا جەعفەر ))بوون.٤ |
| | * یەکەمین کۆبونەوەی فراوانی کۆمەڵە بەسرا.١٣ |
| ١٩٧٨/٣/٨ | * هێزێکی پێشمەرگە بەسەرپەرشتی (( سەعدی گچکە )) لەسەر ڕێگایان بۆچوونیان بۆ نۆکان کە مەکتەبی سیاسی لێبوو.بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەناوچەی پشدەر لە گوندی دەشتیو (( قەلاْدزە)) لەسەر زێ کەوتنە بۆسەیەکی گەورەی ڕژێمەوە . لەم شەڕەدا سعدی گچکە و ١٢ پێشمەرگە کوژران و ٤ پێشمەرگە بەدیل گیران و دواتریش ئەمانیش لەسێدارە دران لەموصلْ لە ١٩٧٨/٦/٢١دا.١٠ |
| | * داستانی ((دەشتیو )) لەسنوری پشدەری قەلاْدزێ بەسەر پەرشتی شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکە ئەنجالمدرا. ١٦٠ سەرباز و ئەفسەر کوژران و سەدەها برینداربوون و تێکشکانی کۆپتەر ڕوویدا. بەلاْم سعدی گچکە و ١٢ پ.م شەهید بوون و ٤ پ.م بەدیل گیران و لە ١٩٧٨/٦/١ دا لەسێدارەدران.١ |
| ١٩٧٨/٣/١٢ | سەعدی گچکە شەهیدکرا.١ |

١٩٧٨/٤/١ كۆبونـــەوەی ســـەركردایەتی یـــەكێتی ئەنجامـــدرا و لـــە ئەنجامدا ئەم هەڤالانە هەڵبژێران بۆ سەركردایەتی : ((مام جەلال / سكرتێری گشتی ونەوشیروان مستەفا و سالار عزیـز و علـی عـسكری و عومـەر مـستەفا و سـەید كاكـە و مـەلا ناصـح و مـەلا بـەختیار و مـولازم عومـەر عبـدالله و تالیب ڕۆستەم و د.فۆاد معصوم و د.كمال فۆاد و د.كمال خۆشنا و و عادل موراد و عبدالرزاق فەیلی و شێخ حسین شێخ بابە شێخ و د.خدر معصوم)).١٤

١٩٧٨/٤/٩ دوو پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەكان بەناوی (( محمـەد عەجەم و هاوڕێ خالد صـابر )) لـەنزیك گۆڕسـتانی سـەید معروف لەشاری هەولێر شـەهیدكران كـە ئەنـدامی كۆمەڵـە بوون.١٤

١٩٧٨/٤/١٠ لەسـێدارەدانی مـولازم جـوامێر سـیامیر و هەڤاڵـەكانی لەڕێكخراوی هەڵۆی سوور لەلایەن ڕژێمەوە.١

١٩٧٨/٤/١٩ * كارەساتی هەكاری.١٨

* یەكەم هێزی پێشمەرگە لەناوچەی قەلادزە بەڕێكەوتن بـەرەو برادۆسـت و چـوون بـۆ هـەكاری بـۆ هێنـانی چـەك وتەقەمەنی.١٠

* دەستەیەكی ٣٢٠ پ.م بەڕێكەوتن بەرەو ناوچەی سێ گۆشەكەی كوردوستان بۆ ناوچەی برادۆست بەمەبەستی چەك و تەقەمەنی هێنان بۆ یەكێتی.١

١٩٧٨/٤/٢١ دووەم هێـــزی پێـــشمەرگە بەهـــەمان شـــێوە لەناوچـــەی قـــەلادزێ وە بەڕێكـــەوتن بـــەرەو برادۆســـت و دەبـــوو لەســـەرتای مـــانگی ١٩٧٨/٥ لەگـــەڵ هێـــزی یەكـــەم یەكبگرنەوە.١٠

١٩٧٨/٤/٢٧ سێیەم هێزی پێشمەرگە دەبوو بکەوێتەڕێ و لە قەندیل چاوەڕوانی هەواڵی یەکگرتنەوەی بەشی یەکەم و دووەمی هێزەکەی بکردایە ئەوسا ئەویش بەڕێکەوتایە بەرەو برادۆست.١٠

١٩٧٨/٤/٢٩ تۆپخانەی ئێران بۆردومانی بەشێك لەو هێزەی کرد کە بەرەو بادیناندەچوون.١٠

١٩٧٨/٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەی تورك کۆبونەوە بۆ دوو مەبەست ئەوانیش مەسەلەی کورد و مەسەلەی زۆربونی کوژران لە تورکیا لە ئەنجامی پێکادانی سیاسیدا.١٠

١٩٧٨/٥/٥ هێزی ئاسمانی ئێران لەناوچەی کێلە شین لەسەر سنوری عێراق –ئێران بۆردومانی بەشێکی هێزەکەلای کرد و ١ پێشمەرگ شەهید و یەکێکی تریشی بریندار کرد.١٠

١٩٧٨/٥/١١ هێزی عێراقی لەبرادۆست پەلاماری هێزەکەیدا و چەن پێشمەرگەیەك شەهید و بریندار بوون.١٠

١٩٧٨/٥/١٣ * جارێکی تر هێزێکی عێراقی پەلاماری هێزەکەی دایەوە.١٠

* هەردوو هێزی یەکەم و دووەم بە سەرکردایەتی د.خالد سعید و عەلی عەسکەری لەسەر سنوری تورکیا و عێراق و ئێرانیکیان گرتەوە.١٠

* ئەم هێزەی یەکێتی کەوتنە ناو بۆسە و کەمینی هەرسێ وولاتانی تورکیا و ئێران و عێراق لەگەڵ هێزە بەکرێگیراوەکانی قیادە موەقەتە وهۆز و تیرە کوردیەکان لە باکوری کوردوستان لە هەکاری و کەوتنە شەڕێکی قورس و دەستەو یەخەوە کە تا ١٩٧٨/٦/١٨ ی خایاند و لەم کارەساتەدا کە بەکارەساتی (( هەکاری )) ناسراوە

,بەسەدان پ.م و سەركردە بەدیل گیران و دواتر گولە بارانكران و شەهیدكران.١

١٩٧٨/٥/١٦ علی عەسكری و خالد سعید و تایەری علی والی نامەیەك دەنوسن بۆ مام جلال و باسی دژواری بارودۆخەكە و ئەوشەڕانە دەكەن كە توشیان بووە.١٠

١٩٧٨/٦ * وەفدێكی عێراقی بەناوی گفتوگۆی بازرگانیەوە دەربارەی قەرزی نەوت سەردانی توركیایان كرد.١٠

* سەرۆك ئەركانی سوپا و فەرماندەكانی هێزی زەمینی جەندرمە و چەند گەورە ئەفسەری میت و سەرۆك وەزیرانیش بۆ یەكەم جار سەردانی فەیلەقی ٣ی ئۆردوی كرد لە كوردوستان و هەكاریدا.١٠

١٩٧٨/٦/١ شەڕی بازێ ڕوویدا لەنێوان قیادە موەقەتە و هێزەكانی یەكێتیدا.١٠

١٩٧٨/٦/٣/٢ ڕەتڵەكان دەستیان كرد بە جوڵان بەنیازی كشانەوە.١٠

١٩٧٨/٦/٩ د.كمال خۆشناو و سالار عزیز گەیشتنە شاری وان لەكوردوستانی توركیا و لەوێ لەگەڵ چەند كەسێك لە ئەندامانی سەركردایەتی ((دەدەكادە)) كۆبونەوەو بۆ باشكردنی وەزعی هێزەكە و دانانی ڕێگە و شوێنی دەربازبونیان.١٠

١٩٧٨/٦/١٠ نامەیەك لەلایەن د.خالد سعید و حسین بابە شێخ و عومەر عبدالله وە نوسراوە بۆ مام جەلال و باس لەشەڕی بازێ دەكەن و كشانەوەی خۆیان.١٠

١٩٧٨/٦/١٦ د.كمال خۆشناو بەمەبەستی بردنی هەندێ چەك و تەقەمەنی بۆ هێزەكە وخواردن بۆیان سەردانی هێزەكەی یەكێتی دەكات.١٠

| | |
|---|---|
| ١٩٧٨/٦/١٩ | * هێزەکەی یەکێتی لەکاتی تێپەڕ بونیان بە دەربەندێکدا دەکەونە بۆسەیەکی گەورەی چەکداری عەشیرەتەکانەوەو دوای شەڕێکی قورس چەندین فەرمانـدە و پێشمەرگە کوژران و چەندانی تریش بەدیل گیران و تەسلیمی قیادە موەقەتــە کرانــەوە و بەمــەش دوا هێــزی یــەکێتی تیاچوون.١٠<br>* لەناو کوردوستانی تورکیادا زنجیرەیەك شەڕ لەگەڵ هێزەکەی یەکێتیدا ڕوویاندا.١٠ |
| ١٩٧٨/٦/٢٠ | وەزیری کاروباری ناوخۆی تورکیا(( عیرفان ئوزایدنیلی)) ڕایگەیانــد کــە هێزەکــانی تــورك لاشــەی ١٢ کەســی دۆزیوەتەوە کە لەشەڕی ١ی حوزەیراندا کوژرابوون.١٠ |
| ١٩٧٨/٦/٢١ | جەیشی عێراقی هێرشی کردە سەر هێزی پێشمەرگە لەهەرێمی ((٣ )) لە (( کانی بیشو )) لەنزیك گوندی (( دڕی )) لەناوچەی ماوەت.٦ پێشمەرگە کوژران یەکێکیان ئەحمەد فتح الله جێگری فەرماندەی ٣ و خانەی موعینی بوو.١٠ |
| ١٩٧٨/٧/٧ | عەلی عەسکەری و د.خالد سعید و حسین بابە شێخ کە فەرماندەی هێزەکە بوون بەدیل گیران و شەهید کران لەلایەن هێزەکانی (( قیادە موەقەتەوە )).١ |
| ١٩٧٨/٨/٢٠ | * گوندەکانی ناوچەی پێنجوێن ڕاگوێزران.١<br>* یەکــەم گــورزی تۆڵــەش لــەدوای کارەســاتی هــەکاری لەگوندی (( کانی ژنان )) لەناوچەی تاوەگۆزی لە قیادە موەقەتە وەشێنرا.١٣ |
| ١٩٧٨/٨/٢٥ | سیروان تاڵەبانی بۆ جاری دووەم لەگەڵ مولازم فەرهاد و کاك سامانی گەرمیاندا هاتنەوە گەرمیان.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٨/٨/٢٨ | نانەوەی بۆسەیەك لە دوو قۆڵەوە بۆ هێزێکی ڕژێم لەنێوان هەزارکانی و درۆزنەوە.٨ |
| ١٩٧٨/٩/١٣-٢ | دوو چالاکی گەورە لەلایەن هەردوو هەرێمی ٣ و٧ وە ئەنجامدرا لە چۆمان و دۆڵی جافایەتی.١ |
| ١٩٧٨/٩/١٣ | هەرێمی ٣ چالاکیەکی دژ بەڕژێم ئەنجامدا.١ |
| ١٩٧٨/٩/١٦ | * شەهید بوونی حەمە سعید حەمە امین ( د.ڕەزا ) لەشەڕی براکوژیدا.١<br>* هێرشی ڕژێم بۆ سەر ناوچەی باڵەییان.١ |
| ١٩٧٨/٩/٢٩ | دێکانی بناری سورێن ڕاگوێزران.١ |
| ١٩٧٨/٩/٣٠ | چوونەر سەر دائیرەی ئەمنی سەنگاو و لێدانی بە ئارپیجی لەلایەن مەفرەزەی هەڤاڵ محمود سەنگاویەوە.٨ |
| پایزی ١٩٧٨ | * بارەگای سەرکردایەتی چووە دەراوی گورگان تاڕۆژی ١٩٧٨/١٠/٧ لەوێ مایەوە.٢٣٢<br>* دووەمین کۆبونەوەی فراوانی کۆمەڵە بەسرا.١٣<br>* تورك لاشەی ١٢ کەسی دۆزیوەتەوە کەلەشەڕی ١ی حوزەیراندا کوژرابوون.١٠<br>* ژمارەی یەکەمی وەرزنامەی (( کۆمەڵە)) دەرچوو.٦ |
| ١٩٧٨/١٠/١٩-٧ | گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی بۆ (( دەراوی گوێزی )) نزیك دۆڵە کۆك .١٤و٢٣٢ |
| ١٩٧٨/١٠/٢٠ | *چوونی هێزەکانی یەکێتی بۆ بێدەلان و لەوێوە بۆ خڕی ناوەزەنگ لەدوای بەسەر بردنی ٦ مانگ لەهەوارەکانی دۆڵەنێ و شێخ ئایش و ...هتد.ئیدی خڕی ناوەزەنگ بوە پایتەختی شۆڕشی حوزەیرانی کوردوستانی عێراق.١٠<br>*گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی بۆ (( توژەڵە و خڕی ناوزەنگ و زەڵێ )) تا ساڵی ١٩٨٣ لەوێ مایەوە.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٨/١٠/٢٧ | دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردوستان(( پەکەکە)) لەکوردوستانی باکور.٢٨ |
| ١٩٧٨/١١ | وەفدی یەکێتی (( د.فؤاد معصوم و عادل موراد و ئەحمەد بامەڕنی )) لەپاریس چاویان بەخومەینی کەوت.٦ |
| ١٩٧٨/١١/٣ | ناوی (( کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردوستان )) گۆڕا بۆ (( کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان)) لەکۆبونەوەیەکی کۆمەڵەدا.١ |
| ١٩٧٨/١١/٩ | ڕژێم هێرشێکی گەورەی کردە سەر ناوچەی شێنێ بەسوپا و تانك و تۆپ و فڕۆکە بەرامبەر ٦٠٠-٧٠٠ پێشمەرگە بەهاوکاری ئێران بەلآم ڕژێم تێکشکاو زیانی گەورەی بەرکەوت و تەنها ٢ پێشمەرگە بریندار بوون.١٤ |
| ١٩٧٨/١١/١٧-٩ | شکاندنی هێرشی ڕژێم بۆ سەر شێنێ و مامەندە.١ |
| ١٩٧٨/١١/٢٥ | دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردوستانی باکور (( پەکەکە )) بەسەرۆکایەتی عەبدولآ ئۆجالان.٢٣١ |

# کارەساتی هەکاری ٣٣

## ❖ بۆچی هێزی ی.ن.ك بەرەو ناوچەی ٣ سنور چوو ؟

خـولی دووەمـی کۆبوونـەوەکانی ك.س – ی.ن.ك چـەندین مەسـەلەی گرنگـی سیاسیی، پێشمەرگەیی، ئیعلامی، ڕێکخراوەیی، دارایی، لەبەردەم دا بوو کە ئەبوو لـیّ یـان بـدویّو باسـیان بکـاتو بڕیاریـان لەسـەر بـدات، لـەناو ئـەو مەسـەلانەدا مەسـەلەی دیـاری کردنـی ناوچـەی بنکـەو بارەگاکـانی دەزگـا سـەرکردەییەکانی شۆڕش کـە ببێتـە ناوەنـدی ڕابەرایـەتی چالاکی پێشمەرگەییو سیاسـیو ئیعلامـی شۆڕش شوێنی پێکەوە گرێدانو پەیوەندی هێزو هەرێمو لقە جیاجیاکان.
ك.س – ی.ن.ك بەگشتی بڕیاریـدا کـە بارەگـاو بنکـەکانی دەزگـا سـەرکردەییەکانی شـۆڕش ببرێتـەوە شـوێنەکانی سـاڵی پێـشوو لەناوچـەی برادۆسـت، کـە ئەکەوێتـە ناوچەی ٣ سنووری عێراق – ئێـران – تورکیـاوە، لەبـەر زۆر ئیعتیبـاری نەتـەوەیی، سیاسیی، جەنگی، تاکتیکی.
ناوچەی ٣ سنوور ئەو کاتە گرنگییەکی گەورەو تایبەتی هەبوو لەچاو شوێنەکانی تری کوردستانی عێراقدا، چونکە:
٣ دەوڵەتی عێراق، ئێران، تورکیاوە ٣ پارچەی جیاجیای کوردستان پێکـەوە گـرێ ئـەداتو ناوچـەکانی بادینـانی عێـراقو سـۆرانی عێـراق بەیەکـەوە ئەبەسـتێت، هـەر وەکو توانای هێنانی ئازووقەو کەلوپەلی پێویست لـە ٣ دەوڵـەتی جیاوازەوە هەیـەو ئابلۆقـەدانی ئـابووری زۆر دژوارە، سـەرەڕای ئـەوەی کـە ناوچـەکەش شـاخاویو سـەختو عاسییەو دوژمـن نـاتوانیّ لەهـەموو لایەکـەوە ئابلۆقـەی سـوپایی بـداتو بەئاسانی نایگاتیّو ناوێری بچێتە ناویەوە.
جگـە لەمانـە هـەمووی، لەبـەر ئـەوەی کـە بـەهارو هـاوینو پـایزی ١٩٧٧ بارەگـای سـەرکردایەتی ی.ن.كو هێزێکـی گـەورەی پێـشمەرگە لـەویّ بـوو ، وە زسـتانەکەی

لەبەر نەتوانینی تەئمین کردنی پارەی ئازووقەی هێز بارەگاکان کشابوونەوە ناوچەکانی هەولێرو سلێمانی، ژمارەیەکی زۆر لەسەرکردەو کادیرە پێشمەرگەیی و سیاسی و پێشمەرگەکان شارەزاییەکی باشیان لەهەر ٣ دیوی ناوچەکەو ناسیاوی و ئاشنایەتییان لەگەڵ خەڵکی هەر ٣ دیوەکەی سنوور هەبوو.

## دانانی پلانی

## گواستنەوەو ئامانجەکانی

ك.س ـ ی.ن.ك بەگشتی بڕیاریدا کە بارەگای سەرکردایەتی بباتەوە ناوچەی برادۆست لەسەر ٣ سنوور بۆ ئەوەی :

١. بارەگای دەزگا سەرکردەییەکان لەشوێنێکی ئەمیندا جێگیر ببیٚ و بیپەرژێتە سەر جێبەجێکردنی ئەرك و فرمانەکان.

٢. پێش ١٩٧٨/٦/١ واتە پێش کاتی جێبەجێکردنی بڕیاری حکومەتی عێراق لەمەر ڕاگوێزانی دێهاتەکانی سنوور، ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە، وە ڕێگەی هێنانی تفاقی جەنگی و یارمەتی و پێویستیەکانی شۆڕش بکاتەوە.

٣. مەفرەزەکانی بادینان لەوێوە بنێرینەوە بادینان و جێگیریان بکەن و لەوێوە هێزی پێشمەرگە شەپۆل بەشەپۆل بەرەو قولایی بادینان بچیٚ و کڵپەی شۆڕش هەڵبگیرسێنیٚ بەتایبەتی دوای ئەو جەزرەبە قورسانەی سالانی ٩٧٦ – ٩٧٧ لەلایەن ق.م ـەوە لەهێزەکانی ی.ن.ك درابوو.

٤. پاك کردنەوەی ناوچەکە لەچەکدارەکانی ق.م ئەگەر بوونە ڕێگری پلانەکانی ی.ن.ك.

٥. داوای یەك لەسەر یەکی دۆستەکانی ی.ن.ك لەتورکیا بەتایبەتی ( دە.دە.کا.دە – DDKD * ) بۆ نزیك بوونەوەی هێزەکانی ی.ن.ك لەسنووری تورکیا، بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ك.س – ی.ن.ك بڕیاری دا:

١. زانیاری تەواو لەسەر ناوچەکە کۆبکاتەوە، بەتایبەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر هێزەکانی دوژمناندا لەناوچەکەدا هاتوون.

٢. هێزێكی ئەوتۆ ساز بدات بۆ ئەوەی بەرەو شوێنی دیاری كراو بەڕێ بكەوێ‌و بەشی جێبەجێكردنی پلانەكەی یەكێتی بكات.

٣. شــوێنی جێگیربــوونی هێزەكــەی ی.ن.ك لــەدوا قۆنــاغ دا، واتــە لەناوچــەی برادۆست دا قایم بكات.

## تەرازووی هێزەكانی ناوچەكە

ســەركردایەتی ی.ن.ك كەوتــە كۆكردنــەوەی زانیــاری‌و دەنگوباســی پێویــست لەچەندین سەرچاوەی سەرەكی‌و لاوەكی جیاجیاوە، لەوانە:

١.دە.دە.كا.دە.

٢. ئەوانەی لەلای ق.م –ەوە ڕایان ئەكردو ئەهاتنە ڕیزی ی.ن.ك – ەوە.

٣. ئەو كادرو دۆستانەی ی.ن.ك لەناوچەكانی ق–م دا هەیبوون.

٤. ئەو پێشمەرگانەی ی.ن.ك كە لەلایەن ق–م گیرا بوون.

*دە.دە.كا.دە – DDKD كورت كراوی ناوی ڕێكخراوی ئاشكرای كوردستانی توركیایە، كە حیزبێكی سیاسی لەپشتییەتی‌و تائێستا ئەو حیزبە چەند جارێك ناوی خۆی گۆڕیوە، بەڵام ناحەزەكانی‌و پۆلیسی تورك بەشڤانچی ناویان ئەبەن، چونكە حیزبەكە خۆی بەدرێژەكێشانی ئەو باڵەی پارتی دیموكراتی كوردستانی توركیا دائەنێ كە شەهید دكتۆر شڤان ڕابەری ئەكرد.

ئەو زانیاریانەی لەم سەرچاوانەوە هاتن لەسەر هێزە چەکدارەکانی ق-م، ژمارەیان، جـۆری چـەکەکانیان، لێپرسـراوەکانیان، بارەگاکانیـان، وزەی جەنگاوەرانـەیان، توانـاو ئیمکانیـاتی سیاسـی یـان، پـشتیوانی یـان لـەناو عەشـیرەتەکانی سـەر سنوورا.. لەیەك دران، هەروەها ئەو زانیارییانەی لەسەر هێزەکانی عێراق و تورکیا کۆکرابوونەوە هەڵ سەنگێندران... ئەنجامەکانی بەم چەشنە بوو:

- <u>هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراق:</u>

گۆڕینێکی ئـەوتۆی بەسـەرا نـەهاتبوو، وەهـەر لەشـوێنەکانی ساڵی پێشوو بوون، واتە لەسـەربازگەو نوقتـەو ڕەبیـەکانی کۆنی خۆیاندا بوون، لەناوچەکانی چۆمان، برادۆست، مێرگە سوور.

- <u>هێزە چەکدارەکانی حکومەتی تورك:</u>

قەرەقوڵەکانی سەر سنوور، دائمی و موئەقەتـەکان، ئەوانـەی زستانە لەشوێنەکانی خۆیـان بـوون و ئەوانـەی هاوینـە هێـشتا نەهاتبوونـەوە شـوێنەکانی خۆیـان لەناوچەکانی گەوەر، شەمزینان، چەلی ...

- <u>هێزە چەکدارەکانی حکومەتی ئێران</u> :

پاسـگاو پایـەگاو پادگاکـان لەشـوێنەکانی خۆیانـدا بون و ئـاڵوگۆڕێکی گرنیگیـان بەسەرا نەهاتبوو لەناوچەکانی سەردەشت، خانە، شنۆ...

- <u>هێزە چەکدارەکانی ق.م</u> :

بارەگاکانیـان: گوسـتە، چـەمەتوور، هـەرکی، شـەکونس، پێـداو. لێپرسـراوەکانیان: سـامی، ئـەورەحمان بیـداوی، ئـازاد مـەحمود خـەفاف، وریـا ڕەئـووف سەعاتـچی، ئازاد بەرواری، غازی زێباری، کـەریم سنجاری، جەوهـەر نـامیق، کـەمال کـەرکوکی، ملازم سەردار ئەبو بەکر، ملازم عومەر عوسمان، عـەریف یاسین، مستەفا نیروەیـی، نهـاد، یـونس ڕۆژ بـەیانی، حەمیـد ئەفەنـدی، عبـدالله صـاڵح، هاشـم ڕەمـەزان، مـەلا ئەمینی بەرزانی. ژمارەی هێزە ئەهلییان ١٥ -٢٠٠ چەکدار.

- هێـزە چـەکدارەانی ق.م لەچـەندین بارەگـاو بنکـەی دوورو لەیـەك دابـڕاودا لـەهێڵێکی درێـژی سـنووری تورکیـا - عێراقـدا پـەرت و بڵاوبـوون و هـیچ بارەگایەکیان لە ٢٠ - ٥٠ کەس زۆرتری تیا نەبوو.

- هێـزو چـەکدارەکانی ق.م لـەڕووی چـۆنایەتی سیاسـی و سـوپاییەوە پێکـەوە نــەگونجاوو ناڕێــك و پێــك بــوون، هەنــدێکیان خوێنــدەواری شــاری بــوون لەئەوروپاوە گەڕابوونەوە وەکو سامی و ئازاد خەفاف و وریا سەعاتچی ..وە هەندێکیان پیاوی بنەماڵەی بەرزانی بوون و لەئێرانەوە نێر درابوونەوە وەکو عەریف یاسین و حەمید ئەفەندی و یونس ڕۆژ بەیانی... وەهەندێکیان خەڵکی دێهاتەکانی سنوورو هەندێکی تریان خەڵکی ناو تورکیا بوون.
- دە.دە.کا.دە وای ئیدیعای ئەکرد کە ق.م لەناو چەند سەرۆك عەشیرەتێکی کۆنە پەرستدا لەجەلی ئولودەرەوە نفوزو دەسەلاتی هەیە، وە دە.دە.کا.دە خۆی لەناو هۆزو خێڵەکانی شەمزینان و سەرانسەری هەکاریدا نفوزو دەسەلاتی هەیەو لەکاتی گەیشتنی هێـزی پێشمەرگەی ی.ن.ك دا ئەوان هاوکـاری سیاسی و جەنگیی یەکێتی ئەکەن..

## داڕشتنی پلانی دوایی و دیاری کردنی هێزەکان

لەئـەنجامی بـەراوردو تـاووتوێکردنی ئـەو زانیاریانـەدا ك.س _ ی.ن.ك بڕیاریـدا هێزێکـی تێکـەلاوی چـەکدارو بـێ چـەك لەپێـشمەرگەی زۆربـەی هەرێمـەکانی کوردستانی عێراق ساز بدات و بەڕێی بکات کە:

١. بەشـێکی هێزەکـە بـۆ پاراسـتنی بنکـەکانی م.س و م.ع _ ی.ن.ك لەبرادۆسـت بمێننەوە.

٢.بەشێکی تری دوای پڕ چەك کردنی بەچەکی زیادەوە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان.

٣. مـەفرەزەکانی بادینـان لەگـەڵ هێزێکـی پـشتیوانی و یارمـەتی دەردا بـچنەوە بادینان.

بەم جۆرە ی.ن.ك هێزێکی گەورەی سازدا کە نزیکەی ١٠٠٠ پێشمەرگە ئەبوو لەچەکدارو بێ چەك، لەخەڵکی ناوچەکانی سەرانسەری کوردستانی عێراق هەر لەخانەقینـەوە تـا زاخـۆ لەگـەڵ زۆرایـەتی ئەنـدامانی ك.س و ژمارەیـەکی زۆر

لەفەرمانـدەی هـەرێم و كـەرت و مـەفرەزەكان و كـادیرە سیاسـیەكان .. كـە بكەونـە ڕێ.بڕیار درا ئەو هێزە گەورەیە ببێتە ٣بەش .
هەر بەشێكیان چەند لێپرسراوێكی لەگەڵ بێت، هەندێكی چەكدارو هەندێكی بێ چەك بێت، خـۆی ئـازاد بێـت لەهەڵبـژاردنی ئـەو ڕێگایـەدا كـە ئەیگرێتـە بـەر بـەو مەرجـەی لـەكات و شـوێنی دیـاریكراودا ئامـادە بێـت، وە خـۆی وەكـوو هێزێكـی سەربەخۆ و بەرپرسی دۆزینەوەی ڕێگاو شارەزاو تەئمینكردنی ئازووقەو زەخیرەو وولاغ بێت.

## بەشی یەكەمی هێزەكە

٢٢٠ پێشمەرگە زیاتر بوو لەوانە ١٥٠ چەكدارو ئەوی تریان بێ چەك بوون، ئەو لێپرسراوانەی لەگەڵ هێزەكەدا بوون: خالید سەعید، ( ئەندامی م.ع – ی.ن.ك )، حسین بابە شـێخ ( ف.هـ بادینـان )، محمـود عبـدالرحمن ( ف.هـ ٣ی شـارباژێر)، ڕەئووف مستەفا ( ف.هـ پێنجوێن )، حامیدی حاجی غالی ( یاریدەدەری ف.هـ ١ ی هەورامان و شارەزوور ).
ئـــەم هێـــزە ئەبوایـــە لـــە ١٩٧٨/٤/١٩ دا لەناوچـــەی قـــەڵادزەوە بكەوێتـــە ڕێ و لەسەرەتای مایسدا لەناوچەی برادوست بێ.

## بەشی دووەمی هێزەكە

نزیكـەی ٥٠٠ پێـشمەرگە ئـەبوو، كـە لەوانـە نزیكـەی ١٥٠ كەسـیان بـێ چـەك بوون.ئەو لێپرسراوانەی كە لەگەڵ هێزەكە بوون: عەلی عەسكەری ( ف.هـ.پ.ك )، تایەری عەلی والی ( ئەنـدامی م.س و م.ع – ی.ن.ك ) سـەید كاكـە ( ف.هـ ٨ی هـەولێر )، تالیب ڕۆستەم (ف.هـ ٦ی قەڵادزە)، شێخ جەوادی بێدەری ( یاریدەدەری .ف.هـ چەمی ڕێزان ).
ئـەم هێـزە ئەبوایـە لـە ١٩٧٨/٤/٢١ دا واتـە دوو ڕۆژ دوای جـوڵانی بەشـی یەكـەم لەناوچـەی قـەڵادزەوە بكەوێتـە ڕێ وەلەسـەرەتای مـانگی مایـسدا لەگـەڵ بەشـی یەكەمی هێزەكەدا لەبرادۆست یەك بگرێتەوە.

# بەشی سێ یەمی هێزەكە

نزیكەی ١٥٠ كەس بوو، كە زۆربەیان چەكدار بوون وە ئەبوایە سكرتێری گشتی – ی.ن.كو ئەندامانی تری م.س – ی.ن.كو نوێنەرانی كۆمیتەی ئامادەكردنی – پ.د.كو پاسۆكی لەگەڵ بوایە.

ئەبوایە ئەم هێزە لە ١٩٧٨/٤/٢٧ دا بكەوتایە ڕێ لەقەندیل چاوەڕوانی هەواڵی یەكگرتنەوەی بەشی یەكەمو دووەمی هێزەكەی برادۆستی بكردایەو ئینجا ئەویش بەڕێ بكەوتایە بەرەو برادۆست.

جگە لەم هێزانەی بەڕێ ئەكران بەرەو برادۆست، لەسنووری هەر هەرێمێكدا چەند مەفرەزە یاخود كەرت، وە فەرماندەی هەرێمەكە، یاخود یاریدەدەرەكەی گل ئەدرایەوە، بۆ ئەوەی ناوچەكە لەو ماوەیەدا چۆڵ نەبێتو بۆشاییەكی سوپایی و سیاسی دروست نەبێ.

ئەم هێزانە چەكەكانیان بریتی بوو، لەكلاشینكۆف، بڕنەو، هەندێ ڕەشاشی بڕنەو، وە چەند دانەیەك ئار بی جی .

# دیسانەوە مەسەلەی قیادە موەقەتە

## (( ق.م ))

ئەم هێزانەو لێپرسراوەكانیان لەڕووی سیاسی و پێشمەرگەییەوە زۆر ڕێكو تەبا نەبوون، جگە لەو ناكۆكیانەی لەنێوان باڵە جیاوازەكانی ناو ی.ن.ك دا هەبوو، هەندێ ناكۆكی توندو تیژ لەناو سەركردایەتی ب.س.ك دا هەبوو، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی بەعێراقی كردنی شۆڕش، هەڵگرتن یا داگرتنی دروشمی ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق، پاك كردنەوەی كوردستان لەپاشماوەی چەكدارەكانی ق.م .

مەسەلەی پاكردنەوەی كوردستان لەچەكدارەكانی ق.م وە یاخود ( هدنە) كردن لەگەڵیانو هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ( شێوەیەكی بەهێمنی پێكەوە ژیان ) دیسانەوە

هاتەوە كایەو هەندێ لەسەركردەكانی ب.س.ك كەوتنەوە لێدانەوەی ئەو بالۆرەیە كە بێگومان لەو كاتە گرنگەدا دوو دڵی و ڕاڕایی لەناو هێزەكاندا دروست ئەكردو گیانی جەنگاوەرانەو دەست وەشاندنی لەپێشمەرگەكاندا ئەمراند، ئەو قسەو باسانەی لەكۆبوونەوەكاندا ئەكرا زۆر جار لەناو پێشمەرگەكانیشدا دەنگی ئەدایەوە.

یەك: دڵی لەهەڵوێستی سیاسی هێزەكەدا لەڕووی دیاریكردنی دۆستو دوژمنەوە، وەك یەك دەستی هەڵوێستی سوپایی هێزەكەدا لەڕووی لێدانی بێ چەندو چوونی دوژمنانەوە كە شتێكی پێویست بوو، دیسانەوە خرایەوە سەر مێزی لێدوانو گفتوگۆو باسكردنەوە، دوو دڵیو ڕاڕایی لەلێدانی ق.م دا جارێكی تر لەدڵی هەندێكا شین بووەوە، تەنانەت لەناو ئەندامانی م.س – ی.ن.ك دا هەموو ڕەئی وابوو كە بۆ ئەوەی ی.ن.ك بتوانێ بێ گێرمەو كێشە ڕێگەی هێنانی چەك بكاتەوەو ماوەی خەڵك چەكداركردنی هەبێ لەگەڵ ق.م ڕێك بكەوێو نیسبەتێكی ئەو چەكانەی ئەیهێنێ لەباتی ( گومرگ ) و ( باج ) بیدات بەوان.

پاشماوەی ئەندامانی ك.س – ی.ن.ك دیسانەوە چەند جارێك كۆبوونەوە بۆ دیاریكردنی هەڵوێستێكی نوێ لەق.م بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدریس یەك دوو كەسی ( ساواك )ی ڕاسپاردبوو بەناو بۆ گفتوگۆی ڕێكەوتنو لەڕاستیدا بۆ كۆكردنەوەی دەنگوباسو بۆ خاوكردنەوەو پیلان گێڕان.

## خاوكردنەوەی ناكۆكی لەگەڵ ق.مو نامەنووسین بۆ دەسەڵاتدارەكانیان

بەر لەبەڕێكەوتنی هیچ كام لەو ٣ بەشانەی هێزەكە لەئەنجامی ئەو كۆبوونەوانەدا ك.س – ی.ن.ك بڕیاریدا كە ئەم هەڵوێستە بەرامبەر ق.م بگرێ بۆ ئەوەی سەركردایەتی هێزەكە پەیڕەوی بكات:

١.هێزەكانی ی.ن.ك لەهەموو حاڵەتێكدا بچێتە ناوچەی برادۆست.

٢. ئەگەر هێزەکانی ق.م بەبێ شەڕ بارەگاکانی ساڵی پێشووی ی.ن.ك یان چۆڵ کرد، وا بەدوویان نەکەونو وازیان لێ بهێنن.

٣. ئەگەر چەکدارەکانی ق.م هاتنە سەر ڕێگەی هێزەکانی ی.ن.ك دا بەتوندی لێ یان بدرێ.

بەنیازی خۆلادان لەشەڕی ق.مو خاوکردنەوەی گرژی نێوان ی.ن.کو ئەوان چەند نامەیەك لەلایەنی سەرکردەو لێپرسراوەکانی ی.ن.ك ەوە نووسرا بۆ هەندێ لەگەورەکانی بنەماڵەی بەرزانی، لەوانە:

- مام جەلالو عەلی عەسکەری نامەیان نووسی بۆ شێخ محمد خالدی بەرزانی.
- خالید سەعید نامەی نووسی بۆ دایکی مەسعود بەرزانی .
- تایەری عەلی والی نامەی نووسی بۆ ڕەشید سندی.

ناوەڕۆکی ئەم نامانە بریتی بوو لەوەی کە وا:

کوردستان لەمەترسی ڕاگویزانو بەعەرەب کردن دایەو کورد لەمەترسی لەناوچوونو تەفروتونا کردن دایە، بۆیە ئەبێ کورد هەموو یەك بگرێ بۆ بەگژا چوونی دوژمنی سەرەکی کە حکومەتی عێراق، وە ئەو هێزەی بەرەو بادینان ئەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی کە هەرچی زوتر ڕێگای چەك بکاتەوەو فریای دانیشتوانی ناوچەکانی سنوور بکەوێ پێش ١٩٧٨/٦/١ کە کاتی دەست پێکردنی ڕاگویزانیانە، وە ئەو هێزە نیازی پەلاماردانی ق.م- ی نیە، بەڵکو بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزەی ئەچێو ئەوانیش نفوزی خۆیان لەلای مەلامستەفاو کوڕەکانی پیاوەکانی بەکاربهێنن بۆ ئەوەی نەبنە ڕێگری هێزی پێشمەرگە لەبادینانو سنووری تورکیاو شەڕ بەهێزەکانی ی.ن.ك نەفرۆشن.

ئەم نامانە بەڕاسپێردراوەکانی ئیدریسدا نێردران بۆ تارانو کەرەجو گەیشتنە دەست خاوەنەکانی.

نوسینو ناردنی ئەم نامانە، ڕادەی دوو دڵی سەرکردایەتی ی.ن.ك دەر ئەخات لەمەسەلەی لێدانی ق.م دا، جا دوو دڵیو ڕاڕایی لەبڕیاردانی جەنگیدا بەتایبەتی

لەکاتی ناسکدا دەردێکی کوشندەیەو دوژمن ئەتوانێ بەچاکترین شێوە کەڵکی لێ وەربگرێ.
لەکاتێکا سەرکردەکانی ق.م کە هەموو چەکدارو دۆستو لایەنگرەکانی خۆیان بەگیانی دوژمنایەتیەکی سەختو بێ ئەندازەی ی.ن.ك پەروەردە کرد بوو، بۆ ئەوەی کە بێ سێو دوو لەڕوویا ڕابوەستنو بەگژیا بچنو ئەگەر بتوانن ی.ن.ك وەکو هێزێکی دوژمن بەخۆیان ، لەڕەگو ڕیشەوە دەربهێنن، کەچی گومانو دوو دڵیو ڕاڕایی خرا بوە ناو هێزەکانی ی.ن.ك کە ئاخۆ ئەو شەڕە بکرێ، یان نەکرێ باشە؟ وە ئەو شەڕە براکوژیە یان شەڕی براکوژی نیە؟ ق.م لەیەکێتی نادەن ئیتر بۆچی یەکێتی لەوان بدات ؟

# بەڕێکەوتنی هێزەکان
# بەرەو ناوچەی ۳ سنوور

هێزەکانی ی.ن.ك خۆیان ئامادە کرد بۆ ئەوەی بەرەو ئامانجی دیاریکراو بکەونە ڕێ، لەبەر گەورەیی هێزەکەو زۆر باس کردنو زۆر مانەوە مەسەلەی پاراستنی نهێنی بەڕێ کەوتنو ڕێگەکەیو ئیتجاهیو دوا قۆناغی، هەروەها مەسەلەی ئامانجی بەڕێکردنی ئەو هێزە، لەلای هەموو دوژمنەکانی ی.ن.ك چ حکومەتەکانی عێراقو ئێران، تورکیاوە چ ق.م دیارو ئاشکرا بوو.
بەشی یەکەمی هێزەکە، لەکاتی دیاریکراوی خۆیا واتە لە ١٩٧٨/٤/١٩ لە ( گۆڕەشێر )ەوە بەدیوی ئێراندا سنووراو سنوور کەوتە ڕێ، ناوچەی سەردەشتو بەشێکی خانە ( پیرانشەهر )یان بڕیو لەنزیك حاجی ئۆمەرانەوە ئاودیوی عێراق بوونەوەو لەئالانە – گوندەژور، گرتگو ڕوست – هێردن – بیرکەوە گەیشتنەوە برادۆست.
لەبەر ئەوەی هێشتا هێزەکانی دوژمن بەتەواوی بەخۆ نەکەوتبوون، ئەو هێزە تووشی شەڕو برسێتیو سەرما نەبوو، گیروگرفتو ناڕەحەتی زۆریان نەهاتە ڕێگا،

بەڵام هێزەكانی دوژمنی هۆشیار كردەوە كە هەرچی زووتر بكەونە خۆ ئامادە كردن بۆ ڕێگە گرتن و لێدانی هێزەكانی تری یەكێتی.

# پیلانی حكومەتی ئێران و
# تێكچوونی پلانی ڕۆیشتن

بەشی دووەمی هێزەكە بەهیوای ئەوەی سوود لەچاوپۆشینی حكومەتی ئێران لەهاتووچۆی كەمی پێشمەرگە وەربگرێ، خۆی دواخست و بەتەمای ئەوە بوو كە بەئۆتۆمبێل بەناو ئێراندا لەجادەی سەردەشت – پیرانشەهر – شنۆوە بڕوات و لەنزیك كێلەشین * دابەزێ و لەوێوە ئاودیوی عێراق ببێ و بچێتە ناوچەی برادۆست .

سەركردایەتی هێزەكە چەند كەسێكی نارد بۆ دیوی ئێران بۆ ئامادەكردن و بەكرێگرتنی ئۆتۆمبێلی گواستنەوەی هێزەكە، ئەم هێزە لەباتی ئەوەی وەكو چاوەڕێی ئەكرد ئۆتۆمبێلی پێ بگات، زانیاری پێویست لەسەرژمارەو لێپرساوو چەكەكانی ئیتجاهی ڕۆیشتنی گەشتەوە ساواك و ئەرتەشی ئێران وە پاش ئەوەی نائومێد بوو لە ( بەئۆتۆمبێل ڕۆیشتن )، كەوتەوە خۆ ئامادەكردن بۆ ئەوەی بەپێ بكەوێتە ڕێگاو چەند كەسێكی تری ناردە دیوی ئێران بۆ كڕین و ئامادەكردنی نان و خواردەمەنی و دانانی لەسەر ڕێگای تێپەڕبوونی هێزەكەدا.

سەركردایەتی بەشی دووەمی هێزەكە، بەمە هەڵەیەكی یەكجار گەورەی كرد بەوەی كە خۆی دواخست و لەكاتی دیاری كراودا نەكەوتە ڕێگا، وە لەوەش گەورەتر كە بەتەمای ئۆتۆمبێلی ئێرانی و بەئاگاداری ئێران خۆی دواخست و نەخشەكەی بەتەواوی دەركەوت بۆ ئێران وە ئەو ( جەدوەلە زەمەنی ) یەی كە بۆ جوڵان و بەڕێ كەوتن و یەكگرتنەوەی هێزەكان دانرابوو، تێكچوو وە ئێرانیش لەباتی ئەوەی ڕێگەی تێپەڕبوونیان بدات بەئۆتومبێل، لەو ماوەیەدا بەناوی ( مناوەرەی ) هێزەكانی پەیمانی سەنتو هێزێكی یەكجار زۆری سازداو بەدرێژایی سنووری

ئێــران و عێــراق هــەموو شــوێنە گــرنگ و جــادەو ڕێگاوبــان و تەنانــەت قاچــاغە ڕێگاکانیـشی داگیر کـرد، وە هـەر زوو کەوتـە خـۆی و هـەموو ئەوانەشـیان گرتبـوو یـاخود کڕیبـوو کـە چـوو بـوون بـۆ ئێـران بـۆ ئامـادەکردنی نان وخواردەمـەنی بـۆ هێزەکە.

جگـە لەمانـە هێزێکـی گـەورەی تـری حکومـەتی ئێـران لەشـاخەکانی دەوروپـشتی نۆکان، توژەڵە، گۆڕەشێر.. دامەزراو هەڕەشەی لەهێزەکانی ی.ن.ك کرد کە هێشتا لـەو ناوچـەیەدا بـوون کـە ئەگـەر لـەماوەی چـەند سـەعاتێکا ناوچـەکە چـۆڵ نەکـەن هێزی زەوینی و ئاسمانی لێیان ئەدات.

* بـەئۆتۆمبێل ڕۆیـشتن بـەناو ئێرانـدا پێـشنیاری تایـەری عـەلی والی بـوو، کـە لـەناو پێـشمەرگەدا ناسراوە بەتەمەڵی و تـەپۆیی، جگـە لەسـەرکردایەتی هێزەکە دکتـۆر محمـود شەمـسەدین مفتـیش ئاگاداری ئەم بڕیارە بوون، تەنانەت شەمسەدین مفتـی کـە هـەر ئـەو کاتـە گوایـە بـەئیش و کـاری ( لجنەی ئامادەکاری ) لەئێرانەوە سەفەری دەرەوە وڵاتی کردو دوایی تـر هـەر لـەدەرەوە تەسـلیمی عێراق بووەوە، ئـەو کاتـە ئـەویش لەگـەڵ هـەمان کـابرادا چـوو بـۆ ئێـران، کـە ئـەبوو ئوتومبێـل بـۆ گواستنەوەی هێزەکە ئامادە بکات.

# بەرێکەوتنی ناچاری
# هێزەکانی پێکەوەو دژواری یەکانی رێگا

بەشی دووەمی هێزەکە کە لەکاتی دیاریکراوی خۆی دواکەوتبوو، لەگەڵ بەشی سێیەمی هێزەکە کە ئەویش بەهۆی دواکەوتنی بەشی دووەمەوە کاتی جولانی خۆی دواخستبوو، بەناچاری هەموویان پێکەوە کەوتنە رێ بەرەو قەندیل.
لەگەڵ جولانی هێزەکانی ی.ن.ك دا هێزی ئاسمانی ئێران کەوتە فڕین بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا، وە بەسەر هێزەکانی ی.ن.ك دا، جگە لەمەش هێزی زەوینی هەموو رێگاکانی داگیر کرد بۆ ئەوەی رێگەی تێپەرینی هێزەکانی یەکێتی بگرێت، وەکاتێك کە کاروانێك ولاغ لەبەر گیرانی رێگا بەهۆی بەفرەوە، ناچار بوو بچێتە ناو سنووری ئێرانەوە، هێزەکانی ئێران دایانە بەر تۆپ و ناچاریان کرد کە بگەرێتەوە دیوی عێراق.
هەرچەندە مام جەلال لەدوای تەقاندنی تۆپ و زیادبوونی فڕینی فڕۆکەکانی ئێران لەکۆبوونەوەیەکدا، داوای لەسەرکردایەتی هێزەکە کرد کە بکشێتەوە ( دۆڵەکۆگێ ) بەپێی ئەو فاکتەرە نوێیانە لەمەسەلەکەدا، سەر لەنوێ بیر لەهەموو نەخشەکە بکرێتەوەو حساب و نەخشەو رێگەو شوێنی نوێ دابنرێ * .

---

*لەم کۆبونەوەیەدا جگە لەشەهید عەلی عەسکەری، تایەری عەلی والی، عومەر عبداللە، نەوشیروان ... دکتۆر محمودو قادر جەباریش بەشدار بوون
لەوەلامی ئەم رەئی یەدا، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا شەهید عەلی عەسکەری وتی: ئەمە چۆن ئەبێ هەردوو تۆپ تەقی ئێمە نەخشەو پلانەکانی خۆمان بگۆرین.. وە گۆچانەکەی لەکاتی قسەکردندا بەتوورەییەوە کێشا بەبەردێکاو شکا.

* لەکاتی بەرێکردنی هێزەکەدا، لەدۆلەنی سەرلەنوێ مام جەلال و د. مەحمودو عەلی عەسکەری بەدوورو درێژی قسەیان بۆ لێپرسراوو فەرماندەی هەرێم و کەرت و مەفرەزەکانی ناو هێزەکە کرد دەربارەی ئەرك و فرمانەکانی ئەو هێزە.

بەلاّم سەرکردایەتی هێزەکە ، ئەم پێشنیارەی پەسەند نەکردو سوور بوو لەسەر درێـژەدان بەڕۆیـشتنەکەو لـەپاش مانـدووبوونێکی زۆر بەشـی دووەمو سـێیەمی هێزەکە گەیشتە دۆڵەنێی قەندیل. وە لەوێ سەر لەنوێ هێزەکە کرایـەوە دووبـەش، بەشـی هـەرە زۆری پێـشمەرگە چـەکدارو چـالاكو لاوەکـان لەگـەڵ بەشـی دووەمـی هێزەکە نێردراو شەهید علی عەسکەری ( ئەندامی م.ع – ی.ن.ك و سەرکردایەتی هێزەکـە )، تایـەری عـەلی والی ( ئەنـدامی م.س و م.ع – ئەنـدامی م.ع – ی.ن.ك)، عومـەر عبـدالله ( ئەنـدامی م.ع – ئەنـدامی م.ع – ی.ن.ك )، سـەید کاکـە ( ئەنـدامی ك.س و ف.ه ٨ی هەولێر )، تالّیب ڕۆستەم ( ف.ه ٦ی قەلادزە )، ئازاد هـەورامی ( ئەنــدامی ك.س و– ئەنــدامی م.ع – ی.ن.ك)، قــادر مامەنــد ( فەرمانــدەی هێــزی پـشدەری یـەکان )، مـلازم فوئـاد ( نوێنـەرانی لجنـەئامادەکاری ) لەگـەڵ ئـەم هێـزە بــەڕێ کــەوتن، مــام جــەلال و نەوشــیروان لەگــەڵ نوێنــەرانی لجنــە ئامادەکــاری: د.محمودو قادر جەباری، نوێنەری پاسۆك، جەلال حاجی حسێن لەگەڵ پاشماوەی هێزەکە مانـەوەو کرایـە بەشـی سێیەم** وەهـەموو نەخۆشـی و پـەك کەوتـەو بەشـی هەرە زۆری بێ چەك و گومـان لێکراوەکـان. بەرەو ڕووی بەشـی سێیەم کرایـەوە کـە لـەو ماوەیـەدا بەشـێنەیی بیاننێرێتـەوە دواوەو بەژمارەیـەکی کـەمو پوخـت خـۆی بشارێتەوەو چاوەڕێی هـەواڵی یەکگرتنـەوەی بەشـی یەکـەمو دووەم بکـات و ئینجـا ئەمیش بکەوێتە ڕێ بۆلای ئەوان.

بـەم جۆرەبەشـی دووەمـی هێـزە کـە بـەلای خانـەدا پـشتی شـنۆ کەوتـەڕێ وبەشـی سـێیەم لەقەنـدیل مایـەوەو کەوتـە پـاك کردنـەوەو پوختـەکردنی ڕیزەکـانی خـۆی،ـ بەنیازی خۆ حەشاردانێکی نهێنـی و ئـەمین لـەدۆڵی باڵـەییان تـا گـەیشتنی هـەواڵی گـەیشتنی بەشـی دووەمـی هێزەکـە و یەکگـرتنـەوەی لەگـەڵ بەشـی یەکـەم و ئـەوسـا بەڕێ کەوتنی ئەمیش لەباڵەکایەتی یەوە بەرەو هەڵگوردو لەوێوە بەرەو برادۆست و یەکگرتنەوەی لەگەڵ ئەوان .

بەشی یەکەمی هێزەکە، هەر وەکو پێشتر وترا بەشێکی ڕێگاکەی خۆی تـا لـەڕێگای خانـە – حـاجی ئۆمـەران تێپـەڕی بـوو لـەدیوی ئێـران و بەشـەکەی تـری تابرادۆسـت لــەدیوی عێراقــەوە تێپەڕانــد، هێزەکــە تووشــی ناخۆشــی یــەکی ئــەوتۆ نــەبوو،

بەتایبەتی چونکە هێزەکانی دوژمن هێشتا بەخۆ نەکەوتبوون، وە تاگەیشتە شوێنی دیاریکراو تەنیا یەك شەهیدی دابوو لەگوندی بیرکمە لەناوچەی سیدەکان.

بەشی دووەمی هێزەکە کە زۆربەی ڕێگاکەی تانزیك ٣ سنوور لەدیوی ئێرانەوە ڕۆیشت بوو، جگە لەوەی تووشی ماندوبوونێکی زۆر، برسێتی، سەرماو، بەفرو سەهۆڵ بەندان بوون، هێزەکانی حکومەتی ئێران لەچەند جێگا بۆردومانی کردن‌و چەند پێشمەرگەی شەهیدو بریندار کرد، وە بەجۆرێکی وا ڕێگاو بانەکانی لێ تەنیبوون بۆ ئەوەی بەسەرماو برسێتی تەفرو توونایان بکات، کە ئەگەر نەختێك خواردنی چەند شوانێك نەبوایە لەپشتی شنۆ کە لەخێوەتێکا زەخیرەیان کرد بوو وە پێشمەرگەکان بەڕێکەوت تووشی بوون بەشێکی زۆری هێزەکەیان لەبرسان لەناو بەفرا ڕەق ئەبوونەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تا هێزەکە هەمووی گەیشتەوە دیوی عێراق چەندین کەسی لەپێناوی هێنانی نان‌و خۆراك دا لەدەوروپشتی گوندەکانی ئێران کەوتنە بۆسەی ئێرانی یەکانەوەو گیران، چەندین کەس خۆیاندا بەدەستەوە، وە چەندین کەس ڕەق بوونەوەو ئەوی تر بەهەزاران فەلاکەت‌و ناخۆشی بەنیوە گیان گەیشتنەوە دیوی عێراق، بەلام هە رگەیشتنە دیوی عێراق‌و پێشمەرگەیەکی بەزیوی بەدرزیەوە ڕای کردو تەسلیم بووەوە، هێزەکانی حکومەتی عێراق کە پێشتر خۆیان ئامادە کردبوو دەست بەجێ لەخرینە پەلاماری بەشی دوەمی هێزەکایان دا کە هێشتا پشوویان نەدابوو، بەتایبەتی بەهەلیکۆپتر هێرشیان هێنایە سەر هێزی پێشمەرگەو چەندین کەسیان شەهیدو بریندار کرد.

هەرچەندە ئەم هێزە هەندێ نان‌و خواردەمەنییان پەیدا کرد بوو، بەلام هێشتا نەماندوێتی ڕێگایان دەرچوو بوو، وە نەگەرم بوو بوونەوە، وە نەحەوابوونەوە.. بەم وەزعەوە سەرلەنوێ ناچار بوون بکشێنەوە دۆڵی خواکوڕك‌و لەوێش دیسانەوە هێزەکانی عێراق بەهەلیکۆپتەر دابەزی‌و پەلاماری دان‌و نەیهێشت ووچان بدەن‌و خۆیان ڕێك بخەنەوە، چەند پێشمەرگەیەك شەهید بوون‌و چەند پێشمەرگەیەك گیران، لێرەشەوە دیسان بەناچاری گەڕانەوە ناوچەی شەمزینان لەبەری تورکیا.

بەشی یەکەمی هێزەکە کە پێشتر گەیشتبووە هەمان مشووری هەندێ خواردەمەنی خوارد بوو لەگەڵ بەشی دووەمی هێزەکە یەکیان گرتەوەو لەسەر سنووری تورکیا

– عێراق – ئێران کەوتنە ڕێکخستنەوەی هێزەکان و پشوودان و خۆ کۆکردنەوە **.

ئەو مەینەتی و ناخۆشی و زەرەرەو زیانە زۆرەی تووشی هێزەکە بوو هەمووی نرخی ئەو هەڵە کوشندانەیە کە وەکو پێویست حسابیان بۆ نەکرا بوو، بەڕێکەوتنی هێزەکانی ی.ن.ك بەرەو ناوچەی ٣ سنوور بەوشێوەیەی کە باس کرا، گەلێك هەڵەی سیاسی، پێشمەرگەیی، جوگرافی.. تیا کرا کە ئەمانە هەندێکیانە:

١. گوێ نەدانی پیلانی هاوبەشی دەوڵەتە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکە دژی ی.ن.ك :

حکومەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا.. گەلی کوردو مەسەلە ڕەواکەی بەدوژمنی دێرینەو هاوبەشی خۆیان دەزانن، بۆیە سەرەڕای هەموو ناکۆکییە قوڵەکانی ناو خۆیان هەمیشە لەکاتی پێویست دا هاوکاری یەکیان کردووەو یەکیان گرتووە بۆ شکاندنی جولاًنەوە شۆڕشگێڕییەکانی گەلی کوردستان.
شای ئێران و سەدام حوسێن لە ١٩٧٥ دا لەجەزائیر ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کرد بۆ هاوکاری کردن دەربارەی پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەر دوو دیوی سنووری عێراق و ئێران.
حکومەتەکانی عێراق و تورکیاش لەساڵی ١٩٧٧ دا ڕێکەوتنێکی تری لەو بابەتەیان مۆر کرد بوو بۆ پاراستنی ئاسایش و ئارامی هەر دوو دیوی سنووری عێراق و تورکیا.
حکومەتی ئێران زیاد لە ٤٥٠,٠٠٠ هێزی چەکداری هەبوو
حکومەتی تورکیا زیاد لە ٥٠٠,٠٠٠ هێزی چەکداری هەبوو.
حکومەتی عێراقیش زیاد لە ٢٠٠,٠٠٠ هێزی چەکداری هەبوو.
شۆڕش لەکوردستانی عێراقدا، بەو ڕێبازە سیاسی و پێشمەرگەییە پێشکەوتنخوازانەیەوە لەقۆناغی ئەوسای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە سەرانسەری ناوچەکە لەژێر زەبرو زەنگی حکومەتە کۆنەپەرست و فاشستییەکانی ناوچەکە

هێمنییـەکی ڕووکەشـیان تیـادا بـڵاو کـرد بـووەوە، شۆڕشـی کوردسـتانی عێـراق بووبووە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئەو دەوڵەتانە، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە لـەکاتی پێویـست دا قـۆڵ بکـەن بـەقۆڵی یەکتریـداو پیلانـی هاوبـەش دابنـێن بـۆ لەناوبردنی.

لـەکاتی بەرێکـەوتنی هێزەکـانی ی.ن.ك دا هاوکـاری ئـەم ٣ دەوڵـەتـە بەشـێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا دیار بوو:

حکومـەتی عێـراق چـەندین ئەفـسەری سوپایی‌وپـسپۆڕو جاسوسـیی نـارد بـووە ئێرانو تورکیـا بـۆ یەکخستنی زانیارییـەکانو دانـانی پلانـی هاوبـەش، هـەر وەکـو حکومـەتی عێـراق زۆربـەی ناوچـەکانی سـنووری ڕاگـوێزا بـوو، ڕەوەندەکانیـشی قەدەغە کرد بوو لەوەی کە بەمەڕو ماڵاتەوە بێنە کوێستانەکان بۆ ئەوەی پێشمەرگە سوودی لـێ وەر نـەگرێ، هـەروەها حکومـەتی ئێرانیش ڕەوەنـدەکانی قەدەغـە کـرد لەهاتنە کوێستان، تەنانەت ئەوانەشیان کە هاتبوون، بەزۆر گێڕانیەوە دواوە.

( ئەرتەشـی ئێـران ) بـەناوی منـاوەرەی پـەیمانی سـەنتو هـەموو ڕێگـاو بانـەکانی گرتبـوو، تووشـی هـەر کـەس ببوایە ئـەیگرت، هـەروەها هەموو ئەوانـەی کـە پێشتر نێردرا بوونە شارەکانی سەردەشت، خانـە بـۆ ئامادەکردنی خـواردن یـا گرتبـوونی وە یـاخود کـڕی بـوونی‌و دەسـتی بەسـەر کەلوپەلەکانـدا گرتبـوو، جگـە لەمانـەش بەفڕۆکە بەردەوام چاودێری هێزەکـانی ی.ن.ك ی ئـەکردو هەنـدێجار بەهەلیکۆپتـەر ئاگر بارانی ئەکردن.

هێزەکـانی ئێـران لـەدیوی ئێـران کەوتنـە لێـدانی هێزەکـانی ی.ن.ك وە هــەر کـە چوونەوە دیوی عێراق لەوێش هێزە چەکدارەکانی عێراق کەوتنە پـەلاماردانیو کـە چـووە دیـوی تورکیـا، لـەوێش هێـزە عەشـیرەتە کۆنـە پەرسـتەکان کەوتنـە خـۆ ئامادەکردنو میتو داودەزگا جاسوسییەکانی تر کەوتنە پەیجوریان.

سـەرکردایەتی ی.ن.ك هێـزی دوژمنـەکانی بەکـەم گـرت یـاخود ئـەم مەترسـیەی بەچاکی هەست پێ نەکرد، چاوپۆشینی حکومەتی ئێران لەهاتووچۆی پێشمەرگە بەناوچەکانی سنوورا، کە لەڕاستیدا بۆ شاردنەوەی داڵدەدانو یارمەتیـدانی هێـزە چـەکدارەکانی ق.م بـوو، وە چاوپۆشـینی حکومـەتی تـورك لەدانیـشتنی هێزەکـانی

ق.م لەناوچەکانی سنووردا، دەسخەڕۆی کردو بەگورگان خواردی دا، وای زانی ئەم چاوپۆشینە هێزەکانی ی.ن.ك یش ئەگرێتەوە، کەچی لەئەنجامدا بوو بەهۆیەکی کاریگەری ئەو شکستە گەورەیە.

٢.باش ڕێك نەخستنی هێزەکەو باش نەناردنی بۆ شوێنی دیاری کراو:

هەرچەندە هێزەکە کرا بووە ٣ بەش‌و دوایی بووە دوو بەش، بەڵام هەر بەشێکی لەچاوەڕیێو ڕۆیشتنی وەهاو بەڕێگایەکی وەها دووری پڕ مەترسیدا بۆ جەنگی پارتیزانی، لەهەل‌و مەرجێکی وەکو ئەو کات‌و شوێنەی کوردستاندا، هەڵەیەکی گەورەیە.

هێزەکە لەبەر گەورەیی خۆی‌و درێژی ڕێگاکەو ناڕێکی‌و سەختی ببووە ڕێچکەیەکی زۆر دوورو درێژ کە بەهۆی لەڕیز دەرچوونی یەکێکەوە بۆ پشوودان‌و وچان گرتن، بۆ ئاو خواردنەوە یاخود توند کردنەوە.. هەموو ڕیزەکە تێك ئەچوو وە زنجیرەکە ئەپچڕاو ئەبووە هۆی دواکەوتن‌و لەیەك دابڕان‌و لەیەك وون بوون.

لەبەر گەورەیی‌و درێژی ڕێچکەکەو نەبوونی هۆی پەیوەندی ( وەکو هۆکی تۆکی ) نەئەتوانرا بەچاکی سەرپەرشتی بکرێ، هەرچەندە هێزەکە کرا بووە چەند ( ڕەتڵ )و هەر ڕەتڵە لێپرسراوی خۆی هەبوو، بەڵام دیسانەوە چونکە هەموو پێکەوەو بەیەك ڕێگای باریکدا ئەڕۆیشتن‌و بەیەك خێرایی نەئەڕۆیشتن، بەچاکی سەیتەرەیان بەسەرا نەئەکرا.

تەئمین کردنی ئازووقەو خواردەمەنی‌و پێویستییەکانی هێزێکی وا گەورە، بەتایبەتی لەوشوێنە چۆڵانەدا کە ئەوان پیا تێ ئەپەڕین، کارێکی یەکجار دژوارو زەحمەت بوو.

هێزەکە لەبەر زۆری ژمارەی خۆی، نەیئەتوانی خۆی لەدوژمن بزر بکا‌و خۆی بشارێتەوە، شوێنە ونی بکا‌و شوێنەوارەکانی پاش خۆی بسڕیتەوە.

جولانی هێزەکە بەو گەورەیی یە، بەپێ، بەو ڕێگا دوورو درێژە باریك‌و شاخاویەدا کە ئاوەدانی تیا نیەو هێشتا بەفر گرتبووی کارێکی زۆر خراپ بوو، جولاندنی هێزی ( جەیشی نیزامی ) یە لەکاتێکا کە جەیشی نیزامی ماشێن‌و فڕۆکەی هەیە بۆ گواستنەوەو تەئمینکردنی پێویستیەکانی خوراردن‌و خۆ گەرم کردنەوەو ماندو

نـــەبوونو پەیوەنـــدیکردنو توانـــای زوو دەربـــاز بـــوونو زۆر پـــەلاماردانو زوو کشانەوەی هەیە، بۆ لەشکرێکی پارتیزانی کە بیٚ بەشە لـەو ئیمکانیاتـە هەڵەیـەکی ئەوەندە گەورەیە، لەحوکمی خۆکوشتن دایە.

هێزەکـەی ی.ن.ك ئەبووایـە بـەتاقمی کـەم کـەم ١٠٠ –١٥٠ کەسـی بڕۆیـشتایە نـەك هەمووی بەکۆمەڵ پێکەوە.

ئەبوایـە ئـەو تاقمانـەش ڕێگـای جیاجیـان بگرتایـە نـەك هـەموویان یـەك ڕێگایـان بگرتایە بەر.

ئەبوایە لـەکاتو شـوێنی جیاوازەوە بـەڕێ بکەوتایـەو لـەکاتو شـوێنی دیاریکراوا یەکیان بگرتایەوە.

ئەبوایـە هەرتاقمـە چـەندین سەرچـاوەی تـەئمینکردنی ئازووقـەو پێویـستییەکانی تری لەپێشەوە، لەچەند شوێنی جیاجیاوە تەئمین بکردایە.

ئەبوایە هەر تاقمـە هـەوڵی دۆزینـەوەی ڕێگـەو شـوێنی حەوانـەوەی جیـاوازو ڕابـەرو چاوساغی بدایە.

٣. گویٚ نەدانە مەناخو تۆپۆگرافی ناوچەکە:

ئەو کاتەی هێزەکە بەڕیٚ کەوت هێشتا سـەرەتای بەهار بوو، وە ئـەو ناوچانـەی کـە ئـەبوو بیـبڕیٚ هـەمووی کوێـستانی سـەختو چـۆڵ بـوون، شـاخی هـەزار بەهـەزاری ڕووتو دوڵی قووڵ، دوور لەئاوەدانی، زۆر جار تاسـەرەتای هـاوین بـەفر ئـەیگریٚو ماوەی هاتووچۆ کردن نادا.

زۆر جـار سـوپا نیزامیـە گـەورەکان هـەر بـەهۆی حـساب نـەکردنی ووردو تـەواوی عامیلی مەناخ یـاخود عـامیلی تۆپـۆگرافی شکتـسی زۆر گـەورەیان بەسـەر هـاتووە، تەنانـەت سـوپای عێراقـی لەچـەندین پـەلاماری پـایزو زسـتاندا هـەر لەبـەر بـەفرو سەرماو گێژەڵوکە شکاوە، یاخود لەبەر سەختیو نالەباری ناوچەکەو تێکـەڵبوونی لەگەڵ نالەباری باری هەوا شکستی گەورەو زیانی گیانی لیٚ کەوتووە.

کـــاتی بـــەڕیٚ کـــەوتنی هێزەکـــانی ی.ن.ك لەچـــاو مـــەناخی ناوچـــە شـــاخاوییە سـەختەکانی کوێـستانەکانی کوردسـتاندا زۆر زوو بـوو، بۆیـە جگـە لـەوەی بـەفری شـــاخەکان هێـــشتا نـــەتوابۆوە و ڕێگاکـــانی بـــەر نـــەدابوو، پێـــشمەرگە ڕەشـــایی

نەئەدۆزیەوە تابحەوێتەوە یا تیا دابنیشێ چ جای شوێنی نووستن، جگە لەوەش هەندێجار ئەبووە بەفرو زریان، ڕێگایەكی وەها ئەگەر چەند سەعاتێك بێ، یاخود ماوەی چەند ڕۆژێك بێ ڕەنگە كارێكی ئەوتۆ نەكاتە سەر پێشمەرگە ، بەلام ماوەی چەند هەفتەیەك كە درێژەی كێشابێ كەلوپەلی خۆ گەرم كردنەوەو بێ سووتەمەنی و خواردەمەنی و شوێنی حەوانەوەی، وا سەرەڕای ئەوەی توانای جەنگاوەرانەی پێشمەرگە ناهێلێ، بەلكو پرزەی لێ ئەبڕێ و قڕی تێ ئەخات، هەر وەكو بەسەر ئەم هێزە هات.

# هەلەی كوشندە: گۆڕینی بنەڕەتی بڕیاری جێگیر بوون لە ٣ سنوور

بەشی یەكەمو دووەمی هێزەكەی ی.ن.ك كەوا لەناوچەی برادۆست یەكیان گرتبووە، وە بۆ پشوودانو خۆڕێكخستنەوە پەڕی بوونە دیوی توركیاو ٧ ڕۆژ لەوێ بەئاسوودەیی مابوونەوە، لەباتی ئەوەی خەریكی خۆ سازدان بن بۆ جێبەجێ كردنی بڕیارەكانی ك.س – ی.ن.ك لەسەروو هەموویانەوە دامەزراندنی بنكەو بارەگای سەركردایەتی ی.ن.ك لەشوێنەكانی پارو هەوالناردن بۆ هاتنی بەشی سێیەمی هێزەكەو ئەندامانی ك.س سەركردایەتی هێزەكە بەبیانووی ئەوەی كە ئەوان زۆربەی ئەندامانی سەركردایەتیان لەگەلەو بەپێی هەلو مەرجی نوێ ئەتوانن بڕیاری نوێ بدەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕاسپێردراوێكی ئیدریس ئەگاتە لایانو پێ یان ڕائەگەیەنێ كە پیاوەكانی ئیدریس لەناو چەكدارەكانی ق.م دا نایەنە سەر ڕێگای هێزەكانی ی.ن.ك ئەگەر ئەوان نەچنە سەریان، سەركردایەتی هێزەكە بڕیار ئەدا لەباتی مانەوە لەناوچەی برادۆستو دانانەوەی بارەگا لەدۆلی گوستە بۆ ئەوەی تووشی شەڕ نەبێ لەگەل ق.م بڕیار ئەدات كە بچێتە ناو قولایی

تورکیاوە بەبیانووی ئەوەی کە گوایە نزیك بکەونەوە لەشوێنی وەرگرتنی چەك و چەکدار کردنی بێ چەکەکانی هێزەکەیان.

بەم جۆرە سەرکردایەتی هێزەکە پشت ئەستوور بەبەڵێنە درۆو ناڕاستەکانی دە.دە.کا.دەو پشت ئەستوور بەبەڵێنەکانی ئیدریس خۆی لەشەڕی ق.م لائەدا لەو ناوچەیەدا، کە زەعیف ترین نوقتەیان بوو، یاڕاست تر خۆی لەشەڕی ق.م ئەدزێتەوەو لەناوچەکە دوور ئەکەوێتەوە بەرەو قولایی تورکیا بێ ئەوەی شارەزاییان هەبێ لەناوچەکەدا، ناساوییان هەبێ لەخەڵکی ناوچەکەدا، لەپێش خۆیانەوە بنکەیەکیان هەبێ پێشڕەوی بۆ بکەن، یا لەپشتی خۆیانەوە بنکەیەکیان هەبێ بۆی بکشێنەوە، بێ ئەوەی بنکەیەکی جەماوەری سیاسییان لەناو کوردەکانی تورکیادا هەبێ، بێ ئەوەی حساب بۆ خۆ کۆکردنەوەو پەلاماردانی ق.م یاخود بۆ ( تدخل )ی هێزە چەکدارەکانی تورك و پیلانی میت یا خۆسازادنی عەشیرەتە کۆنە پەرستەکانی تورکیا بکەن.

ق.م هێڵێکی ئاشکراو دیاری لەنێوان خۆی و ی.ن.ك دا کێشابوو، وە هێزەکانی ی.ن.ك وەکو دوژمنێکی سەرسەخت دانا بوو لەناو بردنیانی کرد بووە ئەرکی یەکەمی سەرشانی خۆی.

ق.م لەماوەی دوو ساڵی پێشوودا لەهەر شوێنێکی توانی بووی دەست لە ی.ن.ك بووەشێنێ و هێزەکانی لەناو ببا درێغی نەکرد بوو.

ڕێگەی لەهێنانی چەك گرتبوو وە هەر لەیەك کەمیندا ١٠ دۆشکای گرت و ٩ کەسی کوشت و ئەوانی تری گرتن.

ق.م ئەوەندەی بۆی کرابوو لەناو هێزەکانی خۆی و لەناو خەڵك دا بەپڕو پاگەندە دژی ی.ن.ك و سەرکردایەتی کرد بوو.

ق.م لەو شوێنانەدا کە بەناوی پێشمەرگایەتییەوە ئیتر نەیتوانی ناوو ناوبانگی شۆڕش و پێشمەرگە خراپ بکات و دەست لە ی.ن.ك بووەشێنێ، ئەبووە جاش و لەپەنای حکومەتدا دەستە جاشی پێکەوە ئەنا بۆ بەگژا چوونی ی.ن.ك وڕاوی پێشمەرگەکانی .

كەچی لەگەڵ هەموو ئەم ڕەفتارە دوژمنانەیەی ق.مو لەگەڵ هەموو ئەو تەجروبە تاڵو ناخۆشەدا كە لەماوەی دوو ساڵدا ی.ن.ك لەگەڵ ق.مو كوڕەكانی بەرزانی كرد بووی هێشتا مەسەلەی ق.م لەلای هەندێ لەسەركردەكانی ی.ن.ك ساغ نەببۆوە و هێشتا هیوای پێكەوە ژیانیان هەبوو وە ئەوانیان بەبرا لەقەڵەم ئەداو شەڕكردنیان لەگەڵ ئەوان بەشەڕی براكوژی دائەنا، لەكاتێكا ق.م چەكدارەكانی خۆی فێر ئەكرد بەو پەڕی توندو تیژیەوە لە ی.ن.ك بدەن، كەچی سەركردەكانی ی.ن.ك بەپێچەوانەوە پێشمەرگەكانیان خاو ئەكردەوەو بەبەڵێنو قسەكانی ئەوان، كە بەهۆی لاوزایو كەم دەسەڵاتییەوە ئەیان كرد، دڵی خۆیان خۆش ئەكردو خاو ئەبوونەوە، ئەمە وای كرد كە ق.م هەلی دەس بكەوێ بۆ خۆ كۆكردنەوەو خۆ ئامادەكردنو پەلاماردان، كەچی ی.ن.ك هەلی لەكیس ئەچوو، خۆی لەشەڕ لائەدا، سارد ئەبۆوە، وزەی جەنگاوەرانەی پێشمەرگەكانی لەبەگژا چوونی ق.مو قینو تووڕەییان كەم نەبۆوە بەرامبەریان.

سەرلێشێوانو دوو دڵی لەكێشانی خەتی جیا كەرەوەی دۆست لەدوژمنو سستی كردن لەسازدانی سیاسەتی كۆمەڵانی خەڵك بۆ ناسینی دۆستی ڕاستەقینەیو دوژمنی ڕاستەقینەی، وە كەمتەرخەمی لەدیاریكردنی ڕێبازی سیاسیو شێوەی بەگژا چوونی دوژمنو چۆنێتی تەختكردنی سەختو دژوارییەكانی ڕێگاكەی، گوێ نەدانە پەروەردەكردنی خەڵك، بەتایبەتی تێكۆشەرە شۆڕشگێڕو جەنگاوەرەكانی، بەگیانی بەزەیی نەهاتنەوە بەدوژمنداو بەگیانی لێدانی سەختو كوشندەی دوژمن، سەر لێشێوانو دوو دڵی لەدیاریكردنی دوژمنو ڕاڕایی لەلێدانو پاكردنەوەیدا، هەڵخەڵەتانو فریو خواردن بەفێڵو فەرەجی دوژمنو دەست پاراستنو خۆلادان لەلێدانی لەهەلی لەبارو كاتو شوێنی لەباردا، هەڵەیەكی كوشندەیە، باری بەكارهێنانی هەڵەكە هەڵئەگەڕێتەوە بەقازانجی دوژمن.

# قولآیی تورکیا

# کەوتنە ناو تەپکە

بەڕێکەوتنی هێزەکەی ی.ن.ك بەرەو قولآیی تورکیا پشت ئەستوور بەقسەکانی دە.دە.کا.دە بەناوی هێنانی چەکەوە بێ ئەوەی بنکەیەکی پشتەکی یان بنکەیەکی پێشەوەیان هەبێ، بێ ئەوەی بزانن بۆ کوێ‌و بەرەو کوێ‌و بۆ لای کێ ئەچن، بێ ئەوەی لەوێ بنکەی سیاسی‌و جەماوەرییان هەبێ... لەکاتێکا کە ق.م بەشی هەرە زۆری عەشیرەت‌و خەڵکی دێهاتەکانی تورکیایان لەیەکێتی پڕ کرد بوو، کە گوایە هێزەکانی ی.ن.ك ئەچنە دیوی تورکیا بۆ تۆڵە کردنەوەی ئەوانەی سالآنی پێشوو لێیان کوژراوە، گوایە هێزەکانی ی.ن.ك دێهاتەکانی تورکیا تالآن دەکەن‌و ئەیسوتێنن پیاوەکانیان ئەکوژن‌و ئافرەتەکانیان بەدیل ئەگرن‌و هاتوون بۆ بلآوکردنەوەی بێ دینی‌و کافری‌و یەزیدیەتی‌و کۆمۆنیزم‌و بەفیتی سەدام‌و بەعس ئەیانەوێ شۆڕشەکەی بەرزانی تێك بدەن.

بەم درۆو دەلەسانە، ق.م خەڵکی ناهۆشیارو دواکەوتووی ناوچەکانی شەمزینان، گەوەر، چەلێ، ئولودەرە.. یان هان دابوو لە ی.ن.ك، وە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکەش کە ژمارەیەکی زۆریان لەحزبی کۆنەپەرستی ( عەدالەت )و ( سەلامەتی میللی)، دان‌و بەپێی ئامۆژگاری‌و فەرمانی ( میت ) ئەجوڵێنەوە، کەوتنە خۆو هێزەکانی خۆیان کۆ کردەوەو سازداو پڕچەك کردو هەموو شوێنە گرنگ‌و ستراتیجییەکانیان گرت‌و لەسەر ڕێگاو پردو گەلی‌و دەربەندو بواری چەم‌و ڕووبارەکان لەناوچەیەکی یەکجار فراوان‌و بەریندا دامەزران بۆ ڕێگە گرتن‌و لەناو بردنی هێزەکانی ی.ن.ك.

جەنگی پارتیزانی بەتەنیا پش ئەستوور نیە بەبیرو باوەڕی زاتی شۆڕشگێرانەی پێشمەرگەکان، وە بەگیانی خۆبەخت کردن‌و لەخۆ بڕان، یاخود بەلێوەشاوەیی‌و ئازایەتیان، بەڵکو بەشارەزایی پێشمەرگەکانیش لەهەورازو نشێو و کون‌و قوژبنی ناوچەکەدا وە بە پەیوەندی باش‌و دۆستانەی پێشمەرگەکان لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، کۆمەلآنی خەڵك قەلآی لەشکان نەهاتووی پێشمەرگەن، زانیاری‌و

دەنگوباسی بۆ کۆ ئەکەنەوە، ڕێگەی پیشان ئەدەن خواردن و پێویستیەکانی تەئمین ئەکەن، ئەیشارنەوە بریندارو نەخۆشەکانی تیمار ئەکەن و ئەیحەوێننەوە، پەیوەندی بۆ دروست ئەکەن لەگەڵ هێزەکانی تریا، لەکاتی پێویستیدا چەکی بۆ هەڵئەگرن و بەرگری چەکدارانەی لێ ئەکەن، کاتێ کە خەڵکی ناوچەکە کەوتنە دوژمنایەتی پێشمەرگەکان و پێشمەرگەکان بێ بەش بوون لەپشتیوانی و یارمەتی ئەوان، بەتایبەتی کە نەشارەزا بوون وەکو ئەو ماسیەیەیان لێ دێ کە لەئاو دەرئەهێنرێ و ئەکەوێتە وشکاییەوەو ئەخنکێ.

هێزەکەی ی.ن.ك بێ بەش بوو لەیارمەتی و پشتیوانی خەڵکی ناوچەکە، ئەو زانیاریانە کە دە.دە.کا.دە دابووی بەسەرکردایەتی هێزەکە ناڕاست بوون و دە.دە.کا.دەش خۆی هیچ هێزو نفوزێکی لەناو عەشیرەتەکاندا نەبوو، وەنەیتوانی یاخود نەیوست هیچ جۆرە هاوکاریەیەکی کەم یا زۆر لەگەڵ هێزەکەدا بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەندێجار بەپێشکەشکردنی زانیاری و حسابی ناڕاست سەری لەهێزەکە ئەشێواندو چەواشەی ئەکرد.

سەرەڕای ئەمانە هەموی، سەرکردایەتی هێزەکە خۆیشی چەندین هەڵەی جەنگی گەورەی کرد، لەپێش هەموویانەوە بەجێ هێشتنی ناوچەی برادۆست و دوورکەوتنەوەی لەخاکی کوردستانی عێراق و مل نانی بەرەو ناو قولایی تورکیا، واتە بەرەو ناو ئەو تەپکە گەورەیەی بۆی نرا بووەوە.

سەرکردایەتی هێزەکە، هەر وەکو لەباری ستراتیجییەوە تووشی هەڵەیەکی کوشندە ببوو، هەروەها لەباری تاکتیکیشەوە وەکوو پێویست هێزەکە خۆی ڕێك نەخست و دانەمەزراند.

سەرکردایەتی لەباتی ئەوەی هێزەکانی بەش بکات بەسەر چەند ناوچەی فراوانداو لەمەیدانێکی بلاودا دایان بمەزرێنێ و بیان جولێنێ، هێزەکانی خۆی هەمووی بەکۆمەڵ و پێکەوە بەیەك ڕێگاداو لەیەك کاتداو بۆ یەك شوێن خستە ڕێ، وە هەر لەیەك ناوچەش دا، یاخود ڕاستر لەیەك دۆڵدا مۆڵی دان، ئەمە هەلی دەست دوژمن خست کە بەچاکی ( ترکیز )ی بکاتە سەر، دەنگوباسەکانی بەوردی کۆ بکاتەوەو بزانێ، هەموو هێزەکانی خۆی لەسەر کۆبکاتەوە ( بالا دەستییەکی ژمارەیی) بەدی

بهـێنیَ، وەدەوری هێزەکـانی ی.ن.ك لەمەیـدانێکی تەسـكو سـەختا بگـریَو بیخزێنێتـە گـۆڕێکی تەنگـە بـەری شـەڕو بـەرگریو دەربـاز بوونـەوە، لـەکاتێکا کـە ئەگەر سەرکردایەتی هێزەکە، هێزەکانی خۆی بەش بەش بکردایەو لەچەند شوێنی جیاوازو دوور لەیەکتریدا دایبمەزراندایە، مەیدانی شەڕ فراوانو بەرین ئەبوو، بەو پێیە دوژمنیش ئەبوایە لەچەند لایەکەوە پەلاماری بدایە هێزەکانی خۆی پەرتو بلاو بکردایەتەوە بەناوچەیەکی فراواندا وە لەچەند قۆڵەوە خەریك بوایە.

سەرکردایەتی هێزەکە شوێنێکی دیاریکراوی هەڵنە بژارد بوو، کە لەکاتی شەڕدا ڕووی تیَ بکات، یا تەنانەت لەکاتی ڕۆیشتندا بۆی بچێت، بەڵکو هەروا لەخۆیەوە ڕێی کەوتبووە ئەویَو لەناوچەی ( چۆڵە مێرگ ) دا ئەخولایەوە بیَ ئامانجێکی دیاریکراو ملی ڕێی گرتبوو، هەر لەبەر ئەوە لەکاتی لیَ قەومانو کشانەوەو لەیەك دابڕاندا نەپێشمەرگەکان وە نە فەرماندەکانیان نەیان ئەزانی ڕوو لەکویَ بکەنو بۆ کویَ بچن، بەڵکو هەر ئەوەندەیان پیَ وتبوون کە پێویستە نەگەڕێنەوە بۆ دواوە، بەڵکو بەرەو پێشەوە بڕۆن، واتە بەرەو ناو تورکیاوە، ئیتر بەیەکجاریو بەتەواوی خۆی دابڕی لەهێزەکانی ی.ن.ك کە کەوتبوونە ناوچەکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکووکەوە.

ئەم هێزە بەکۆمەڵ پێکەوە بەرەو ناو قولایی تورکیا ڕێچکەی بەستبوو، هەفتەیەك زیاتر بەناوچەکانی سەختو شاخاوی کوردستانی تورکیادا، بەبیَ ووچان گرتنو پشوودان ڕۆیشتن تاگەیشتە ناوچەی ژێرکی یان، کە یەکێکە لەهۆزەکانی عەشیرەتی گەورەی ئەرتووشی، وە لەنزیك گوندی بچوکی ( بازی ) لەدۆڵێکدا بارگەو بنەی خست، سەرکردایەتی هێزەکە بەقسەو بەڵێنەکانی ئیدریس فریوی خوارد بوو، کە گوایە چەکدارەکانی ق.م نایەنە ڕێگایانو نایەنە سەریان، لەبەر ئەوە پشتیان لیَ کردبۆوە بەبیَ ئەوەی نەخشەیەکی وورد دابنێن بۆ خۆپاراستنو بەرگری، بیَ خەم کەوتنە پشوودانو حەسانەوە.

دوژمنانی هێزەکەی ی.ن.ك لەم ماوەیەدا لەلایەکەوە بەهۆی کڕینو فرۆشتنەوە چەندین کەسیان ناردە ناو هێزەکەوە بەناو ( چەرچێتی ) یەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لەسەریان، هەروەها لەو ماوەیەدا یەکێك لەمەفرەزەکانی هێزەکە

کە دەستەی تایبەتی پاراستنی تایەری عەلی والی بوون، بەدزیەوە ڕایان کردو چوونە ناو ق.مو زانیاری پێویستیان لەسەر هێزەکە، سەرکردەو لێپرسراوەکانی، ژمارەی چەکدارو بیٚ چەکەکانی، باری گشتی هێزەکەیان دا بە ق.م کرد کە ئەمە خۆی لەخۆیا لەلایەکەوە خزمەتێکی گەورەی بە ق.م کردو زەرەرێکی زلی هەم لەباری مەعنەویو هەم لەباری دەرچوونی نهێنیەکانی پێشکەش نهێنیەکانی هێزەکانی یەکێتیەوە گەیاند بە ی.ن.ك.

لەم ماوەیەدا هێزەکانی ی.ن.ك بەهۆی خۆرەتاندنو ڕیٚ ڕۆیشتنی دوورو درێژو نەشارەزاییو پشوونەدانو سەرماو برسێتیو نا ئەمنی یەوە، بەتەواوی ماندوو ببوونو بێزارو وەرس ببوون.. لەکاتێکا ق.م سوودێکی زۆری لەو ماوەیە وەرگرتبوو بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنو سازدانی هێزە چەکدارەکانی خۆیو عەشیرەتە کۆنە پەرستەکانی ناوچەکەو **و دانانی پلانی پەلاماردانی هێزەکانی ی.ن.ك.

---

**ئەو عەشیرەتانەی لەشەڕی بازیٚ دا بەشدار بوون: عەشیرەتی پنیانش بەسەرۆکایەتی ماجدی حاجی ئەحمەد بەگی چلی، عەشیرەتی نورەماری بەسەرۆکایەتی فازل شکری ئاغا، عەشیرەتی پیرۆزی بەسەرۆکایەتی کوڕانی مەلا مەحمود، عەشیرەتی دوسکی بەسەرۆکایەتی حاجی ساڵح ئاغا ... جگە لەچەند وورده عەشیرەتێکی تر.

# شەڕی بازێ

لــەئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١دا هەنــدێ لەپێــشمەرگەکان جموجــۆڵی چــەند چــەکدارێکیان بەشــاخ و لوتکــەی چــیاکانی دەوروپــشتیانەوە بــەدی کــردو ســەرکردایەتی هێزەکـەیان ئاگـادار کـرد، سـەرکردایەتی هێزەکـەش دەسـت بـەجێ کەوتـە خـۆی و هێزەکـانی سـەر خستە هـەر دوو بـەری دۆڵەکەو بەشاخەکەدا بەرەو ژوور هەڵگــەڕان و دامــەزران و تەقــە دەســتی پێکــرد، بــەڵام دیــسانەوە هێزەکــە بـەجۆرێکی وا دەمـەزراو دابـەش بـوو کـە خـۆی دابـڕی لەسەرچـاوەی ئـاوو ڕێگـای خواردن هێنان.

ئێوارەی ڕۆژی ٦/١ و شـەوەکەی و ڕۆژی دوایـی تـر شـەڕ دڕێـژەی کێشا، برسێتی و تینوێتی و سەرما درێژەکێشانی چەند ڕۆژەی شـەڕ تـەنگی بەهێزەکە هەڵچنی بوو تینوێتی و سەرماو درێژەکێشانی چەند ڕۆژەی شـەڕ بەقازانجی هێزەکـانی ی.ن.ك. بوو، وە لەو شـەڕانەدا هێزەکـانی ق.م نـەیانتوانی بالأدەستی بەدەست بهێـنن و لـەو شـەڕانەدا لـەهێزەکانی یـەکێتی ڕۆژی یەکـەمی شـەڕ تـەنها ف. کـەرت: شـەعبان گێچینەیی و ڕۆژی دووەم ف. کەرت: حەمەمین خەلیفە قادرو ف. مەفرەزە: خدری کامەلای باڵەیی و دوو پێشمەرگەی تر شـەهید بوون و چەند کەسێك برینـدار بوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا هێزەکـانی ق.م زیاتریـان لـێ کـوژراو برینـدار بـوو، وە یـەکێك لەفەرماندە ناسراوەکانی خۆیان و یەکێ لەسەنگەرە گرنگەکانی خۆیـان لەدەستداو ( ١٢) کەسیان بەدیل گیران.

بــەڵام بــۆ خــۆ دەربــاز کــردن لەبرســێتی و تینــوێتی، وە ســەبارەت بەپێویــستی جێگۆڕکێی هێزەکە، بۆ ئەوەی ق.م نەتوانێ هێزی زۆرتر لەسەر هێزەکـانی یـەکێتی کۆ بکاتەوەو تەوقی ئابڵوقە سەخت ترو تەنگ تر بکات، وە لەترسی ئەوەی نەوەکو هێــزە چــەکدارەکانی تــورك بکەونــە شــەرەکەوە، ســەرکردایەتی هێزەکــە بڕیــاری کشانەوەی دا.

# کشانەوەو
# لەتو پەت بوونی هێزەکە

کشانەوە، لەهەلومەرجێکی سەختی وەهادا، بۆ هێزێکی ماندوو برسیو تینوو کەم ئومێدو کەم وورەو نەشارەزای دوور لەبنکەکانی خۆی وە بۆ شوێنێکی نەزانراوو تاقی نەکراوە، کارێگی یەکجار دژوارو زەحمەتو ئالۆزە.
کشانەوەی ڕێكو پێك بۆ ئەوەی جیا بکرێتەوە لەهەلاتنی ناڕێكو پێك پێویستی بەڕێکخستنی ووردو ورەیەکی بەرزو باوەڕێکی بەهێزو دیسپلینێکی پۆلاێینو شارەزاییەکی باشو سەرکردایەتیەکی ژیرو لێوەشاوە هەیە.
سەرکردایەتی هێزەکەی ی.ن.ك بڕیاری کشانەوەی داو بۆ ئەو مەبەستە کەوتە خۆ ئامادەکردنو خۆسازدان، هێزەکانی ڕێك خستنەوەو دابەشی کردن بەسەر چەند ( ڕەتلێ )کدا کە هەندێکیان لەپێشەوە بڕۆنو ئەوانی تر بەدوویان دا، هەروەها هێزێکیشی تەرخان کرد بۆ پاراستنی پشتەوەی هێزەکان لەپەلاماری ق.مو داپۆشینی کشانەوەکە، وە (اتجاه)ی کشانەوەکەشی دیاری کرد، جا چونکە شارەزای ناوچەکە نەبوون، هەروا بەشاخەکانی دەورو پشتی خۆیاندا نیشانەیان کردو ئاگاداری فەرماندەی ڕەتڵەکانی کرد..
لێرەدا سەرکردایەتی هێزەکە، هەڵەیەکی تری کرد لەدیاریکردنی ( اتجاە )ی کشانەوەکەدا کە چارەنووسی هەموو هێزەکەی بڕیارداو لەناوی برد، بەوەی لەباتی ئەوەی بڕیاری کشانەوە بدات بۆ دواوە بەرەو دیوی عێراق، بەرەو ئەو ناوچانەی لێی شارەزانو ناسینو ناسیاویان هەیە، دیسان بڕیاری بەرەو پێشەوە چوون، واتە بەرەو قولایی زیاتری تورکیای دا، بێ ئەوەی هیچ شارەزاییەکیان لەو ناوچانەدا هەبێ یاخود پێشتر تاقییان کرد بێتەوە.
لەتاریکایی شەوی ٢-١٩٧٨/٦/٣دا ڕەتڵەکان دەستیان کرد بەجولان بەنیازی کشانەوە، بەلام هەرکە هێزەکان گەیشتنە سەر ئەو چەمەی ئەبوو لێی بپەڕنەوە، لەبەر تیونێتی بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەکان کەوتنە تێکدانی ڕیزەکەیان بۆ ئاو

خواردنـەوەو بـەو جـۆرە ڕیـزی پێـشمەرگەکان و ڕیـزی ڕەتڵـەکان تێکـچوو، هەنـدێ لەتاقمەکان پێش کەوتن و هەندێکیان لەبەر تاریکی و نەشارەزایی و پێویستی بێ دەنگ بوون لەیەکتری گوم بوون، لەکاتێکا کە هەندێ لەڕەتڵەکانی پێشەوە تێ پەڕی بوون، بۆسەیەکی بچوکی ق.م لەو نزیکانە بەجموجۆڵی هێزەکەی زانی و چەند تەقەیەکی کەمی کرد.

ئەم چەند تەقەیە بوو بەهۆی تێکچوونی تەواوەتی شیرازەی ڕێکخستنی ڕەتڵەکان، پێشمەرگەکان پەرش و بڵاوبوونەوە لەو ناوچەیەدا، تاریکایی شەوو نەشارەزایی و ماندوویەتی و پەك کەوتن هێزەکانی لەت و پەت کردو سەرکردایەتی هێزەکە نەیتوانی سەیتەرەی بەسەرا بکاتەوە، بەم جۆرە هێزەکە کە بەدرێژایی ئەو ڕێگا دوورو درێژە هەموو پێکەوە بوو، وە لەیەکتری دابڕا بوون، لەم کاتەدا کە پێکەوە ڕۆیشتن لەهەموو کاتێکی کە پێویست تر بوون وە ئەبوایە لەیەکتری دانەبڕێن، کەچی پارچە پارچە بوون، وە هەر پارچەیەکی کەوتە لایەکەوە.

ڕۆژی دوایی تر هێزەکە بووە سێ تاقم:

تاقمێکیان: ئەوانەی بە ( اتجاه)ی دیاریکراوی کشانەوەکەدا ڕۆیشتبوون و لەشوێنی تەقەکان دەرباز بوون.

تاقمی دووەمیان: ئەوانەی بە ( اتجاه )ی پێچەوانەی ( اتجاه)ی دیاریکراوی کشانەوەکەدا، بەرەو لای سنووری عێراق دەرباز ببوون.

تاقمی سێیەمیان: ئەو هێزە بوو بۆ پاراستنی پێشەوەی ڕەتڵەکان و داپۆشینی کشانەوەکە مابووەوە، لەگەڵ ئەو کەس و تاقمانەی لەدەوروبەری شەڕگەی ڕۆژانی پێشوو ترو سەرجەم و نزیك گوندەکە بەجێ مابوون و بەپچڕ بچڕی بێ ئەوەی هیچیان ئاگای لەوی تریان بێ پەرەوازە ببوون.

جا تاقمی یەکەم – خۆیان ڕێکخستەوەو دامەزران بەهیوای گەیشتنی پاشماوەی هێزەکە.

تاقمی دووەم – تومەس هەندێ لەفەرماندەی ڕەتڵەکانی هەر پێشتر تەگبیریان کردووە کە بەرەو نزیکترین نوقتەی عێراق بگەڕێنەوەو تەسلیم بنەوە بەعێراق، بۆیە ڕێگەیان لەڕەتڵەکانیان گۆڕی بوو.

تاقمی سێیەم – هەر ئەو ڕۆژە دانە دانەو بەكۆمەڵ لەلایەن چەكدارەكانی ق.م و عەشیرەتەكانی ناوچەكەوە گیران و چەك كران.

لەناو ئەوانەدا كە لەلایەن چەكدارەكانی ق.م ەوە گیرا بوون، عەلی عەسكەری فەرماندەی هێزەكەو ئەندامی م.س – ی.ن.ك كەشەوی كشانەوە گەڕا بۆوە دواوە بۆ دۆزینەوەی ڕەتڵە دابڕاوەكان *، تایەری علی والی ئەندامی م.س و م.ع – ی.ن.ك سەید كاكە ئەندامی ك.س – ی.ن.ك و ف.هـ٨ و قادر مامەند ئاغا و دەیان فەرمانده‌ی كەرت و مەفرەزەو سەدان پێشمەرگە.

---

*ق.م لەپاش ماوەیەك عەلی عەسكەری، خالید سەعید، حسێن بابەشێخیان لەگیرواەكانی تر جیاكردەوەو بە ئار.بی.جی هەرسێكیان كوشتن.

بەدیل گیانی فەرماندەی هێزەكە، خۆی لەخۆیا گورزێكی كوشندە بوو لەهێزەكە كەوت و یەكێك بوو لەو هۆیانەی دوژمنەكانی ی.ن.ك هارتر كرد بۆ پەلاماردان و ڕاونانی پاشماوەی هێزەكە.

لەناو ئەوانەدا كە بەرەو عێراق چوونەوەو تەسلیم بوونەوە، تاڵیب ڕۆستم ( ف.هـ٦)و شێخ جەوادی بێدەری و ١٧٦ كەس كە ١١٧ چەكیان پێ بوو.

جگە لەمانە ئەوانەی كە لەتەوقی ئابڵوقەكە دەرباز ببوون ١٧٠ كەسی چەكدارو بێ چەك بوون، لەوانە خالید سەعید، شێخ حسین بابە شێخ، عومەر عەبدوڵلا، ئازاد هەورامی، ڕەئووف مستەفا، شێخ عەلی، حامیدی حاجی غالی، عەلی ئەحمەد شیعە.

# خۆڕێکخستنەوەی
# بەشێکی هێزەکە

ئەم هێزە پاش ئەوەی نائومێد بوو لەگەیشتنی پاشماوەی هێزەکەیان وەکوو بڕیار درا بوو، بەناچاری کشایەوە گوندی ( کەهی ) لەنزیك چۆلەمێرگ، وە لەوێ کەوتەوە خۆ ڕێکخستنەوەو دانانی نەخشەو پلانی نوێ، لەڕاستیدا دە.دە.کا.دە دەورێکی خراپی هەبوو لەچەواشەکردنی سەرکردایەتی ئەم هێزو سەر لێ تێکدانی م.س – ی.ن.ك، چونکە لەباتی ئەوەی دە.دە.کا.دە زانیاری ڕاست دەربارەی لەناوچوونی پاشماوەی هێزەکە، بەدکتۆر خالیدو هاوڕێکانی بڵێ، وە دەنگوباسی ڕاست بۆ م.س – ی.ن.ك بنێرێ، وای ئاگاداری هەردوو لایان کرد کە عەلی عەسکەری‌و زیاتر لە ( ٢٠٠ ) پێشمەرگە چوونەتەوە دیوی عێراق‌و لەنزیك نیروە بارەگایان دامەزراندوە.

لەپاش ئەم شکستە سەختەی بەسەر هێزەکانی ی.ن.ك دا هات، ئەگەر تا ئەو کاتە هەندێ لەعەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا دوو دڵ بوون لەبەشدار بوون لەو شەڕەدا کە لەبەینی ی.ن.ك‌و ق.م دابوو، وە خۆیان مات کرد بوو سەیری ئەنجامی شەڕەکەیان ئەکرد، لەدوای ئەو شکستە، ئیتر دەمیان چێشکە ببوو، وە هەمویان کەوتنە خۆ بۆ ڕاونانی پاشماوەی هێزەکەی ی.ن.ك بەو پەڕی دڕی‌و دڕندایەتیەوە، هیچ نەبێ بۆ تاڵانکردن‌و ڕووت کردنەوەی پێشمەرگەکان لەچەك‌و پارەو سەعات، تەنانەت هەندێجار لەپێڵاوو جل‌و بەرگ.

ئەو هێزەی لەشەڕی بازێ بەپچڕ پچڕی دەرباز ببوو، ڕۆژی دوایی ترو پاش ئەوەی یەکی گرتەوە هەر لەهەمان ناوچەدا مایەوە بەهیوای گەیشتنی پاشماوەی هێزەکە، لەپاش چاوەڕوانی یەکی نائومێدانە کەوتە ڕێ بەرەو گوندی ( کەهی ) لەنزیك شاری جولەمێرگ ( مەرکەزی ویلایەتی هەکاری ) .

هێزەکە چەند ڕۆژێك لەکەهی مایەوە بۆ ئەوەی هەم خۆی ڕێك بخاتەوەو هەم ڕێ‌و شوێنی ڕۆیشتنی دابنێت پەیوندی لەگەڵ دۆستەکان نوێ بکاتەوە**.

لـەو ماوەیــەدا هــەر وەكــو هێزەكــەی یــەكێتی حەســایەوەو پــشووی داو خــۆی ڕێكخستەوە، لەهەمان كاتدا هەموو عەشیرەتەكانی ناوچەكە بەتێكڕایی خۆیان ساز دابـوو، وە سەراسـەری ناوچـەكەیان گرتبـوو، تەنانـەت هـەواڵنێرەكانی تـورك لـەو ووتارو هەواڵانەدا كە بەم بۆنەیەوە لەو ڕۆژانەدا ئەیان نووسی هەر وەكو دانیان بەوەدا ئەنا كە وا ئەم هێزە بەنەخشەیەكی زیرەكانە دەرباز بووە، بەلاّم لەهەمان كاتدا بەدڵنیاییەوە پـێ یان لەوەش ئەنا كە ئەم هێزە هەڵی ڕزگار بوونی نی یە، چونكە ئـەیان زانـی میـتو دوژمنـەكانی تـر چ تەپكەیـەكیان بـۆ لـەناوبردنی ڕێـك خستووە.

لەو ماوەیـەدا میـتو عەشـیرەتەكانو ق.م زۆریـان هێنـا بـۆ خـەڵكی گونـدی كـەهیو ناوچەكە كە ئەوانیش تیرەیەكی ( ژیركی) ن كە هێزەكەی یەكێتی لەوێ دەر بكـەنو نەهێڵن لەوە زیاتر لەو ناوچەیەدا بمێنێتەوە، ئەوانیش داوایان لەهێزەكەی یەكێتی كرد بوو كە بۆ ئەوەی تووشی شەڕو پەلامار نەبن ناوچەكە بەجێ بهێڵن.

ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٩ دكتــۆر كــەمال خۆشــناوو ســالار گەیــشتنە شــاری وان لەكوردسـتانی توركیـاو لـەوێ لەگـەڵ چـەند كەسـێك لەئەنـدامانی سـەركردایەتی دە.دە.كا.دە كۆبونەوە بۆ باشكردنی وەزعی هێزەكەو دانانی ڕێگەو شوێنی دەرباز بوونیان.

هەر ئەو كاتـە گوایـە لێپرسـراوەكانی دە.دە.كا.دە كەوتبوونـە خـۆ بـۆ دەربـازكردنی هێزەكە، گوایـە پەیوەنـدیان لەگـەڵ عەشـیرەتەكانی ناوچـەكە كـردووەو بـەڵێنیان لـێ وەرگرتوون كە شەڕ بەهێزەكانی یەكێتی نەفرۆشنو ڕێگەیان لـێ نـەگرن، وە گوایـە چەند ڕێبەرو ڕێ پیشاندەری گویی یان ئامادە كردووە لەگەڵ هێزەكەدا بنو بچنە ناوچـەی عەشـیرەتی گـویی لەسـەر سنووری ئولـودەرە زاخـۆ ... ئیتر ئەكەوتـە نـاو عەشیرەتێكی دۆستەوە.

لەوان كە نوێنەرەكانی یەكێتی داوا لەلێپرسراوەكانی دە.دە.كا.دە ئەكەن كە ڕێگـەو شـوێنی گەڕانـەوەی هێزەكـەی یـەكێتی بـەرەو ناوچـەكانی شـەمزینان – برادۆسـت دابنێنو لەو ڕووەوە یارمـەتی یـان بدەن، لێپرسـراوەكانی دە.دە.كـا.دە سـوور ئـەبن

لەسەر ئەوەی كە ئەو ڕێگایانە هەموو گیراوەو تەنیا ڕێگەی دەرباز بوون ئەوەیە كە ئەوان بیریان لێكردۆتەوەو ئامادەیان كردووەو تاقی یان كردۆتەوە.

سالار لەگەڵ چەند كەسێكی دە.دە.كا.دە بەرەو ئولودەرە ئەچێ بەو نیازەی مەفرەزەی گویی بەڵێن پێ دراو ڕێك بخەن بۆ پیرەوە چوونی هێزەكەی یەكێتی بەرەو ناوچەی عەشیرەتی گویی، وە دكتۆر كەمالیش لەگەڵ لێپرسراوی هەكاری دە.دە.كا.دە ئەچن بۆ سەردانی هێزەكەی یەكێتی لەنزیك گوندی كەهی و شەوی ١٩٧٨/٦/١٦ ئەچن بۆ لایان و هەندێ چەك و فیشەك و پارەو خواردەمەنیان بۆ ئەبەن.

لێپرسراوەكەی دە.دە.كا.دە بەدڵنیاییەوە ئاگاداری سەركردایەتی هێزەكە ئەكات كە تا ئەگەنە ناوچەی عەشیرەتی گویی تووشی شەڕو ناڕەحەتی نابن، بەتایبەتی چونكە قسەیان لەگەڵ هەموو عەشیرەتەكانی ناوچەكەو گوندەكانی سەر ڕێگا كردووە بەڵێنیان لێ وەرگرتوون كە دەس نەهێننە ڕێگایان، ئەمە جگە لەوەی چەند دەلیلێكی گویی یان لەگەڵەو هێزێكی گویی چاوەڕێیان ئەكات و عەشیرەت شەڕی عەشیرەت ناكات.. هەر وەكو دڵنیایان ئەكات لەوەی كە شەهید عەلی عەسكەری و هێزێكی تر بەسەلامەتی گەیشتونەتە كوردستانی عێراق و لەسەر سنوور بارەگایان داناوە، بەو جۆرە هێزەكە بەجێ ئەهێڵن و هێزەكەش ئەكەوێتە خۆی كە ڕۆژی دوایی بەڕێ بكەوێت.

# بەڕێ كەوتنی هێزەكە
# و
# لەناوچوونی یەكجاری

ئەم هێزە دوای ئەوەی لەكەهی خۆی ڕێكخستەوەو هەندێك چەك و پارەو خواردەمەنی پێ گەیشت و حەسایەوەو بێ چەكیان چەكدار كرد، ئەگەر زانیاریە ناڕاستەكانی دە.دە.كا.دە چەواشەی نەكردایە، ئەیتوانی لەتەوقی ئابڵوقەدانی دوژمن ڕزگاری ببێ و بگەڕێتەوە ناوچەی ٣ سنوور، وە ئەیتوانی بۆ ئەم مەبەستە

سـوود لـەئۆتۆمبێل‌و تراکتـۆر وەربگـرێ بـۆ ئـەوەی بـەزوویی لەناوچـەی دوژمـن دەربچێ، بەڵام لەباتی ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ دواوە، هەڵـەکانی پێشووی دووبارە کردەوەو زیاتر بەرەو قولایی تورکیا ملی نا.

ئەم هێزە هەر کە بەڕێ کەوت، کەوتە ناو چەند عەشیرەتی تەیارو کۆکەوە کە چەند ڕۆژ بوو خۆیان ئامادە کرد بوو بۆ لێدانی‌و لێی دامەزرا بوون، عەشیرەتی گرافی هاوکاریان نەکردن‌و عەشیرەتی زیوکیان لێ یان دامەزران‌و عەشیرەتی مام خوران تەقەیان لێکردن، هێزەکانی یەکێتی هەر چەند هەوڵیدا تووشی شەڕ نەبێت لەگەڵ عەشیرەتەکان، لەبەر ئەوە چەند جار ڕێگەی خۆی گۆڕی‌و ڕێگەی زۆر سەخت‌و دژواری گرتە بەر، بەڵام هەر سوودی نەبوو، چونکە لەهەموو لایەکەوە بەخۆ کەوتبوون.

عەشیرەتی مام خوران کە تەقەیان لێ ئەکەن، ئەمانیش بەناچاری ( ٨ ) کەسیان بەبارمەتە لێ ئەگرن بۆ ئەوەی ئیتر ڕێگەیان لێ نەگرن.

شەوەکەی ڕۆژی ٦/١٩ لەکاتێکا کە لەدەربەندێکەوە تێپەڕین، کەوتنە بۆسەیەکی گەورەوە کە سەدان چەکداری عەشیرەتی ژیرکی بەسەرکردایەتی شیخموس کەرەڤان دای نابوو**، لەم شەڕەدا کە چەند پێشمەرگەیەکیش بەبرینداری بەجێمان‌و دوایی تورك گرتنی، وە دەیان فەرماندەو پێشمەرگەی ئازاو دڵسۆز لەلایەن عەشیرەتی ژیرکی یەوە گیران، وەکو خالید سەعید، حسین بابە شێخ، عومەر عەبدوڵلا، ئازاد هەورامی، محمود عبدالرحمن، عەلی شیعە، حامد حاجی غالی، ملازم فوئاد.. وە پاش چەند ڕۆژێك ئینجا تەسلیمی چەکدارەکانی ق.م یان کردن‌و بەم جۆرە دوا بەشی هێزەی ی.ن.ك لەناو چوو.

---

** ئەو عەشیرەتانەی لەو شەڕەدا بەشدار بوون، ژیریکی بەسەرۆکایەتی شیخموس کەرەڤان، مام خوران بەسەرۆکایەتی موسی بگ، کۆچە، سپریتی‌و گیتە.

- بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەتەمەنی ٢ ساڵەی هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری خۆیدا تووشی نسکۆ و لێدانێکی گەورە بوەوە.کە ئەگەر ڕۆحی بەرزی مقاوەمەت و گیانی شۆڕشگێڕی و ڕەوایی مەسەلە و پتەوی بیروباوەڕ و سووربوون لەسەر خەبات نەبوایە لای سەرکردە و پێشمەرگەکانی یەکێتی, ئەوا زۆر ئاسان و نزیك بوو کە یەکێتی بەرەو نەمان و لەناوچوون ببوایەتەوە.چونکە کارەساتەکە گەلێك گەورە و کاریگەر و پشت شکێن بوو بۆ یەکێتی چونکە تەنها ٢ ساڵ تێپەڕ ببوو بەسەر ڕاگەیاندن و هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری و پێکەوەنانی مەفرەزە چەکدارەکان و ناردنەوەیان بۆ ناو کوردوستان و بڵاوبونەوەی دەنگۆ و ناساندنی شۆڕشی نوێ لەناو جەماوەردا و کۆبونەوە لەدەوری یەکێتی.

هەرچەندە هەر لەسەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی چەکداری و ناردنەوەی یەکەم مەفرەزەی چەکداری لەسوریاوە بۆ ناو کوردوستان بەسەرپەرشتی هەڤاڵی ئەندازیار ئیبراهیم عەزۆ لەناوچەی بادینان خۆی و ٣٧ پێشمەرگە لەلایەن چەکدارەکانی قیادە موەقەتەوە کوژران و بەمەش یەکەم فیشەك و یەکەم دڵۆپە خوێنی براکوژی لەسەر دەستی قیادە موەقەتە لەشۆڕشی نوێی گەلەکەماندا تەقێنراو ڕژێنرایەوە.کە ئەم کارە بۆ خۆی دەسپێك و ئاماژەیەکی شووم بوو بۆ ئایندەی یەکێتی و سەرتاپای بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و بەدەیان و سەدان و هەزاران ڕۆڵەی بەئەمەك و گیانفیداو دڵسۆزی گەل و میلەتەکەمان لەشەڕی ناوخۆ و براکوژیدا تیاچوون کە هەموویان زیانی گەورە بوون بۆ گەلەکەمان و بەقازانجی دوژمنانمان تەواو بوون.

کارەساتی هەکاری بەهەمان شێوە زیاد لە ١٠٠٠ سەرکردە و فەرماندە و پێشمەرگەی یەکێتی تیادا چوو لەگەڵ هەموو چەك و تەقەمەنیەکانیاندا کە بۆ یەکێتی لێدان و کارەساتێکی گەورە بوو بۆ دوژمنانیشی سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەرە بوو. کارەساتەکە لە قەبارەی زیانە گیانی و مادی و مەعنەویەکانیدا بەهەموو پێوانەیەك ترسناك و کەمەرشکێن بوو بۆ هەموو شۆڕش و بزوتنەوەیەك, جا چ جای بۆ بزوتنەوەیەکی تازە دامەزراوی وەك یەکێتی کە

لەدوای نسکۆی شۆڕشێکی گەورەی ١٤ ساڵەی وەك شۆڕشی ئەیلولیش بێت. کارەساتەکە بۆ خۆی بێ پلانی و بێ خۆئامادەکردنێکی سەربازی و ئیداری تەواو و ڕێك وپێك ئەنجامدراو لەڕێگە و لەکاتی شەڕەکانیشدا چەندین هەڵەی کوشندەی تریش لەلایەن سەرکردە و فەرماندەی هێزەکانەوە لەناوەوەی کوردوستانی عێراق و تورکیاشدا ڕوویاندا کە هێندەی تر قەبارەی زەرەرو زیانەکانی گەورەتر و کوشندەتر کرد.

سەیر لەوەدایە بەدرێژایی شۆڕشی کورد لەم جۆرە کارەساتانە بەدەیان جار ڕوویانداوە و دووبارە بونەتەوە و هیچ لایەکیش خۆی بە ناڕەواو ناڕاست و هەڵە نەزانیوە و و تاسەر ئێسکیش سووربوون لەسەر هێنانەوەی بڕوبیانوی بێئەرزەش و نابەجێ بۆ پێدانی ڕەوایی بەو کارە نەگریس و خۆکوژیە بەبیانوی پارێزگاری لەخۆو لە دەسکەوت و شۆڕشەکەی خۆی.و ڕێگە بە هێز و لایەن و کەسانی تر نادات کە هاوبەشی و هاوکاری لەخەباتی میلەتەکەیدا بکەن و تەنها ڕەوایی و عەدالەت و ڕەسەنایەتی بەخۆی ڕەوا دەبینێت و بڕوای بەو ڕاستیە نیە کە دەڵێت هەق و ماف و عەدالەت هەمە ڕووە و هەموو کەس و لایەنێك بۆی هەیە لەڕوانگەی خۆیەوە بەشێك لە عەدالەت و هەق و ڕەوایەتی لەلابێت. بەڵام مەخابن کورد و شۆڕشەکانی هەمیشە گیرۆدەی کۆمەڵە سەرکردە و کەسانێك بوون کە لەگەرمەی ململانێ و شەڕ و ناکۆکیەکاندا هیچ بوارێکیان بۆ لێکتێگەیشتن و زمانی گفتوگۆ و پێکەوە کارکردن نەهێشتۆتەوە و تەنها بەگیانی تەصفیەکردن و بچوککردنەوە ونەمان مامەڵەیان لەگەڵ هێزەکانی تردا کردوە.

هەربۆیەش تائێستاش و پێدەچێت بۆ ئایندەش مێژووی خوێناوی براکوژی و دڕدۆنگی و تەصفیەکردنی یەکتری دووبارە ببێتەوە و بەردەوامیشی هەبێت و چارەنوسی میلەتەکەشمان هەر بەژێر دەستەیی و خۆخۆری و دابەش و داگیرکراوی بمێنێتەوە و چەندین کارەساتی جەرگ بڕی وەك کارەساتی هەکاری و خراپتریشی لێ دووبارەببێتەوە. ٣٦

# ســــــاڵـــــی
# ١٩٧٩

١٩٧٩ * عەبدولاّی مەلا لەماڵێکی گەڕەکی مەجیدبەگ لەشاری سلێمانی بەیەك دەمانچەوە و بۆماوەی چەند کاتژمێرێك بەرەنگاری هێزەکانی ڕژێم بووەوە تابەدوا فیشەك خۆی شەهیدکرد.١

* ئەنوەری مەجید سوڵتان لە ئێران ئازاد کرا.١٦

* پێکهێنانی لیژنەی هەرێمەکانی یەکێتی.١١

١٩٧٩/١/١٦ دوای سەدەیەك لە حوکمی بنەماڵەی پەهلەوی محمد ڕەزا شای ئێران بەناچاری ئێرانی بەرەو وڵاتی میسر بەجێهێشت.١٢

١٩٧٩/١/٣١ د.بەختیار خالید لەسلێمانی کەوتە بۆسەی ڕژێمەو و کوژرا.٦

١٩٧٩/٢ دەستەی نوێنەرایەتی یەکێتی کە پێکهاتبوو لە (( عمر مستەفا و د.فؤاد معصوم و فازل کریم)) لەناوزەنگەوە چوون بۆ تاران بۆ سەردانی ئیمام خومەینی.٦

١٩٧٩/٢/١ گەڕانەوەی ئایەتوڵا خومەینی ڕابەری شۆڕی ئێران و ئاین و مەزهەبی شیعە لەپاریسەوە بۆ ئێران کە زیاتر لە ١ ملیۆن ئێرانی لە فڕۆکەخانە لەپێشوازیدا بوون.١٢

١٩٧٩/٢/١١ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر ڕژێمی پاشایەتی لە ئێران بەڕابەرایەتی ئیمام خومەینی.٢٨

١٩٧٩/٢/٢٨ ڕووخانی ڕژێمی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی ڕژێمی ئیسلامی بەڕابەرایەتی ئایەتوڵا خومەینی.٨

بەهاری ١٩٧٩ ژمارە ٤ی وەرزنامەی کۆمەڵە دەرچوو.٦

١٩٧٩/٣ * ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق کرایەوە.٣

* هێرۆخان گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگە و کوردوستان و یەکەم پێشمەرگەی ژن بوو لەشۆڕشی نوێدا.١

١٩٧٩/٣/١ کۆچی دوایی مەلا مستەفا بارزانی لە نەخۆشخانەیەکی شاری واشنتۆن لە ئەمریکا.٦

١٩٧٩/٣/٢١ *جیابونـــەوەی باڵێـــك لەبزوتنـــەوەی سۆسیالیـــستی بەسەرکردایەتی ڕەسول مامەند لە یەکێتی. ودواتر لەگەڵ لیژنـەی ئامادەکـاری پـارتی دیمـوکراتی کوردوسـتان (( د.محمود عوسمان و عدنان موفتی وملازم فوادو...هتـد)) یــەکیان گــرت و حیزبــی سۆســیالیتی کوردوســتانیان دامەزرانـدو هـەر بـەنهێنی سـەیدا صـاڵح یوسـفیان کـردە سکرتێری حیزبەکە.٤

*یەکــەم پەخــشی ڕادیــۆی شۆڕشــی عێــراق لەلایــەن یەکێتیەوە دامەزرا و دەستی پێکرد.٤

١٩٧٩/٣/٢٤ لەســێدارەدانی مامۆســتا عزیــز لەشــاری موصــڵ کــە لێپرسراوی لقی کەرکوك بوو.٨

١٩٧٩/٣/٢٧ خۆپیــشاندانی شــاری ســلێمانی دژی بەعــەرەبکردی خوێندن.١

١٩٧٩/٤/٧ گـەورەترین خۆپیـشاندان لەشـاری پێنجـوێن سـەریهەڵدا بۆماوەی ٣ ڕۆژ.١

١٩٧٩/٤/١٩ عومەر سەنگاوی لە مەفرەزەی کاك سەرکەوت چووبوو بە ئـیش وکـار بـۆ گونـدی هەسـەن کـەنۆش لەگەڕانـەوەدا کــەوتبوە نــاو بۆســەی جاشــەکانی قالــە فەرەجــەوە و توانیبوی خۆی دەرباز بکات.٨

١٩٧٩/٤/٢٠ کاتـژمێر ٥ی ئێـوارە شـەڕ لـەنێوان هێزێکـی پێـشمەرگە و جاشەکانی قالە فەرەجدا لەگوندی تەپە عارەبدا ڕوویدا.٨

١٩٧٩/٤/٢٨ سـیروان تاڵـەبانی و حەسـەن خـاوێی و عـەلی چـەلەبی کەوتبونـە بۆسـەیەکی جاشـەکانی زەڕایەنـەوە لەگونـدی زێڕینجۆی شارەزوورەوەو شەهیدکران.٨

١٩٧٩/٤/٣٠/٢٩ لەبۆسەیەکی خۆفرۆشانی سەر بە ڕژێمدا لەنێوان هـەردوو گوندی زێڕینجۆدا شەهید(( سیروان تاڵبانی( فیصل شێخ

| | |
|---|---|
| | ڕەشید تاڵبانی ) و ٤ پ.م و سایەقی تراکتۆرەکەیان شەهیدکران.١ |
| ١٩٧٩/٥ | کۆبونەوەی فراوانی کادرانی کۆمەڵە لە شێنێ بەمەبەستی ناو گۆڕینی کۆمەڵە لە (( کۆمەڵەی مارکس لینینی کوردوستانەوە )) بۆ (( کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستان)).٨ |
| ١٩٧٩/٥/١٢ | وەفدی یەکێتی بەشداری کۆنگرەی حیزبی شیوعی فەڕەنسای کرد.١ |
| هاوینی ١٩٧٩ | شەڕی تازەدێی چەمی ڕێزان دژی پارتی.١١ |
| ١٩٧٩/٦/٤ | پۆلێ فڕۆکە بۆردومانی گوندەکانی (( گۆڕەشێر و کانی زەرد))یان کرد.٦ |
| ١٩٧٩/٦/٩ | خۆپیشاندان ڕوویدا لە شارۆچکەی قەسرێ دژی ڕاگواستنی گوندەکان.١ |
| ١٩٧٩/٦/٢٤ | * ڕوودانی شەڕ لەنێوان هێزێکی یەکێتی لەگەڵ هێزێکی ڕژێمدا لەگوندی خاڵە بەگ.٨<br>* شەهید بوونی هەڤاڵ سەرکەوت فەرماندەی کەرت.٨ |
| ١٩٧٩/٦/٢٦ | ڕژێمی بەعس هێرشی کردە سەر ناوچەی هەورامان لەگوندە کۆلێنان.١ |
| ١٩٧٩/٦/٢٨ | هەڤاڵ محمود سەنگاوی کرا بە فەرماندەی مەفرەزە.٨ |
| ١٩٧٩/٧/٧ | سەرکردایەتی یەکێتی دوای کۆبونەوە و لێکۆڵینەوە پەیڕەوی ناوخۆی مەکتەبی عەسکەری بڵاوکردەوە .١ |
| ١٩٧٩/٧/١٦ | احمد حسن البکر وازی لەپۆستی سەرۆك کۆماری عێراق هێنا.٦ |
| ١٩٧٩/٧/١٧ | صدام حسین بوە سەرۆك کۆنماری عێراق.٦ |
| ١٩٧٩/٧/٢٢ | کادری ژیرو شاعیری یەکێتیشەهید مەلا علی لەزیندانی موصلێ لەسێدارەدرا.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٧٩/٨/١٦-٧/٢٣ | سەردانی هەڤاڵ مام جەلال بۆ ئێران لەسەر داوەتی لێپرسراوانی ئێران و چاوپێكەوتنی لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی و مونتەزری و مستەفا جەمران و ابوحسن بەنی صەدر و صادق قطب زادە و داریوشی فرۆهەر. بەمەبەستی نزیككردنەوەی بیروڕای ئێران و حیزبی دیموكراتی ئێران.٢٦ و٦ |
| ١٩٧٩/٨/٦-٣ | بزوتنەوەی سۆسیالیست و كۆمیتەی ئامادەكردن كۆبونەوەیەكی فراوانیان بۆ كادرەكانیان سازدا و پاسۆكیشیان بانگ كردبوو.لەم كۆبونەوەیەدا یەكیان گرت لەژێر ناوی (( حیزبی سۆسیالیستی كوردوستان/ حسیك )).٦ |
| ١٩٧٩/٨/٧ | شەهیدبوونی شەماڵ(( نوزاد محمد امین )) ڕابەر سیاسی كەرتی هەڤاڵ محمود سەنگاوی لەلایەن هێزێكی جاشەكانی تەحسین شاوەیسەوە لە خوار گوندی تەپە گەڕوشەوە.٨ |
| ١٩٧٩/٨/٨ | ڕژێم هێرشێكی كردە سەر ناوچەی سورداش .١ |
| ١٩٧٩/٨/١١ | * داستانی قۆڕەبەراز لەدەشتی كۆیە تۆمار كرا بەفەرماندەیی شەهید شەفیق زاهیر كەتیایدا ١٩ پێشمەرگە شەهید بوون.١١٤<br>* سەید كاكە هەڵیكوتایە سەر هێزێكی یەكێتی لە یاخسەمەر لەدۆڵی جافەتی و چەند پێشمەرگەی كوشت و بریندار كرد.٦<br>* هێزێكی گەورەی ڕژێم هێرشێكی زەوی و ئاسمانی كردە سەر هێزێكی یەكێتی لەگوندی قوڕە بەرازە لەدەشتی كۆیە, ١٤ پێشمەرگە كوژران و ٥ ی تریش بەدیل گیران.٦ |

١٩٧٩/٩ * دانانی هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش بەفەرماندەی هەرێمی ٥ی قەرەداغ.٨

* لەبەر نەبوونی ئامێر و کادری شارەزا و پێشکەوتوو ڕادیۆکە لە پەخش ڕاگیرا.٤

١٩٧٩/٩/٤ * یەکێتی و شیوعی و حسك لە بەنو خەلەف کۆبونەوە بەمەبەستی ڕەواندنەوەی ناکۆکی و گرژیەکان و زوو زوو بینینی یەکتری.٦

* شیوعی و حسك و یەکێتی لە ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا پشتیوانیان بۆ حیزبی دیموکراتی ئێران دەربڕی دژی هێرشەکانی ئێران.٦

١٩٧٩/٩/٥ سەید کاکە هەڵیکوتایە سەر هێزێکی یەکێتی لە نازەنین, هەندێکیانی گرت و ئەوانی تر دەرباز بوون.٦

١٩٧٩/٩/٦ دەسگیرکردنی شەهید (( ئاسۆی دەلاك )) لەسلێمانی.١

١٩٧٩/٩/٧ جارێکی تر سەید کاکە چوە سەر هێزێکی تری یەکێتی لەئاوەگرد, هەندێکی کوشت و هەندێکی تریشی بریندار کرد.٦

١٩٧٩/٩/١٦ بەلێبووردنی گشتی هەموو هەڤالاّن(( عمر سەید علی وئەڕسەلان بایز و ئاوات عبدالغفور و فەرەیدون عبدالقادر و علی محمد قادر ( علی بچکۆل ) و ئاسۆی شێخ نوری و عەلی حەمە موراد و عباس میرزا سعید و جەبار فەرمان و ئیبراهیم حسین ( حاکم برایم ) و ئەنوەر حسین و سەعدون فەیلی و خدر عبدالرحمن و عبداللە ڕەشید و دارۆی شێخ نوری و عوسمانی نانەوا و کمال عەلی و فاروق ئەحمەد و حسین ڕەزا ڕەزا و سەلام حەسن برزو )) ئازادکران.١

١٩٧٩/٩/٢٣ محمدی حاجی محمود فەرماندەی هەرێمی ١ی شارەزوور و هەورامانی یەکێتی هەڵیکوتایە سەر بارەگای عوسمانی

| | |
|---|---|
| | قالــه منـــەوەر لەبلـــەکێی بانـــه و بارەگاکـــەی گـــرت و چەکدارەکانی هەموو چەك کرد.٦ |
| ١٩٧٩/٩/٢٦ | هـەڵهاتنی دەسـتەیەك زینـدانی کـه ١٢ کـەس بـوون لـه هەیئـــەی کــەرکوك بەسەرپەرشــتی( مــارف کــریم حەمــه شـریف ( مـەلا حسین )) کـه خـەڵکی گونـدی وەنگەرێنـەی شارباژێڕ بوو.١ |
| ١٩٧٩/٩/٣٠ | حسك وەفدی نارده بغداد بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ.٦ |
| ١٩٧٩/١٠ | د.محمود عوسمان و عدنان موفتی نوێنەری حسك چوونه بەغـداد و لـەوێ سـەعدون شـاکر و فـازل بـەڕاك و صـدام حسێنیان بینی.٦ |
| ١٩٧٩/١٠/١ | موعەمـــەر قـــەزافی ســـەرکردەی لیبیـــا هەڵوێـــستێکی مەردانەی دەربڕی بەرامبەر بەکورد و مەسەلەکەی.١ |
| ١٩٧٩/١٠/٧-٦ | هـەڤاڵ مـام جـەلال لـه نیـشکولان دەسـتەیەکی ئێرانـی بـه سـەرۆکایەتی فرۆهـەر بینـی.و پـێش ئـەمیش هەریـەکە لـه د.قــاسملۆ و هەنــدێ لەســـەرانی حــدکا و مـــەلا شــێخ عزالــــدینی حوســــەینی و ســــەرانی کۆمەڵەشــــی بینیبـوو.بەمەبەسـتی ناوبـژیوانی لـەنێوان کـوردو ڕژێمـی ئێراندا بەمەبەستی شەڕڕاگرتن.٦ |
| ١٩٧٩/١٠/١٨ | هەڤاڵ مام جەلال بەنامـه کاك نەوشیروانی ئاگـادارکردەوە کــه بــچێته بەنوخەلـــەف بـــۆ ئـــەوەی لەگـــەڵ دەســـتەی نوێنـەرانی ئێـران بگەڕێتـەوە بـۆ تـاران بـۆ سەرپەرشـتی گوێزانـــەوەی چـــەك لەســـوریاوە بـــۆ ئێـــران بەڕێگـــەی فڕۆکەوە.٦ |
| ١٩٧٩/١٠/٢٩ | ڕادیۆی تاران ڕاگرتنی شەڕی کوردوستانی ڕاگەیاند.٦ |
| ١٩٧٩/١١/١ | شـیوعی و یـەکێتی ناڕەزاییـەکی تونـدیان دایـه حـسك لەسەر پەیوەندیان بەبەعسەوە.٦ |
| زستانی ١٩٧٩ | ژمارەی دووەمی وەرزنامەی (( کۆمەڵە )) دەرچوو.٦ |

١٩٧٩/١٢ نوێنەری یەکێتی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بەنیازی کۆبونەوە چووە تاران و لەوێوە بۆ سوریا بۆ بەشداریکردن لەکۆبونەوەی هاوبەشی شیوعی و حیزبی بەعس و حەرەکەی ئیشتراکی عەرەبی.بەڵام کۆبونەوەکە نەکرا و دواتر سەفەری کرد بۆ لوبنان و نەمسا.٦

١٩٧٩/١٢/٢ سوپای ڕژێم لە دۆڵی سماقوڵی پەلاماری هێزێکی حسکیدا.چەند پێشمەرگەیکی حسك کوژران و ئیدی ئومێدێك بە گفتوگۆ نەما.٦

# ســـــــاڵــــــــی

# ١٩٨٠

| | |
|---|---|
| ١٩٨٠ | * کۆبونەوەیـــەکی گرنگـــی ســـەرکردایەتی یـــەکێتی بەمەبەســـتی جۆشـــدانەوەو ڕێکخـــستنەوەی زیـــاتری ڕێکخـــستن و ه.پ.م و کـــاری سیاســـی یـــەکێتی و دیاریکردنی ئاسۆ گەشەکانی ئایندە.٣<br>* کاك گۆران دەکرێتە فەرماندەی کەرتی هەرێم.٨<br>* شــەڕەکانی هــەرێمی ٩ لەناوچــەی بــەمۆ دژی ســوپای عێراق و خێڵە تەعریبەکان.١١ |
| ١٩٨٠/٢ | چوونە ناو قادرکەرەمەوە لەلایەن مەفرەزەی هەڤاڵ محمود سەنگاویە.٨ |
| ١٩٨٠/٢/١٣ | هاتنەوەی هەڤالأن نەوشیروان مستەفا و عومەری حاجی عبدالله و شازاد صائیب بۆ تاران لە سوریاوە.بەنیازی کوردوستان و دوای گێرمە و کێشەی زۆر لە فڕۆکەخانە ڕێگەیان پێدان بچنە ناو تارانەوە.٦ |
| ١٩٨٠/٣/١٨-٢ | کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی کرا.٦ |
| ١٩٨٠/٤-٣/١ | یـــەکێتی کۆبونـــەوەی فراوانـــی بەســـت و بـــەم شـــێوەیە ئەنـــدامانی ســـەرکردایەتی هەڵبـــژێران(( مـــام جـــەلال / سکرتێری گشتی و نەوشیراوان مستەفا و سالار عزیز و مامۆستا جەعفەر و مەلا بەختیار و مولازم عومەر وبەکری حاجی سەفەر و مامۆستا علی حەوێز و جەمال ئاغا و مامۆستا نازم و حاکم عومەر عزیز و عەزیز بەگ و عومەر مـستەفا و د.فـۆاد معـصوم و د.کمـال فـۆاد ود.کمـال خۆشناو و عادل موراد و عبدالرزاق فەیلی)).١٤ |
| ١٩٨٠/٣/١٥ | تا ئەم بەرواره ١٤ هەرێم بۆ سنورەکانی ژێر دەسەلأتی یەکێتی چەسپێنرا.١ |
| ١٩٨٠/٤ | وەفدێکی یەکێتی (( عمر شێخ موس و مولازم عومەر و جمال حکیم ئاغا و شازاد صائیب و نەوشیروان مستەفا)) |

| | |
|---|---|
| | چوون بۆ ئێران بۆ سەردانی حدکا بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکان.٦ |
| ١٩٨٠/٤/١ | هەڤاڵ مام جەلال نامەیەکی بۆ ئایەتولاّ خومەینی نارد.١٤ |
| ١٩٨٠/٤/٥ | دەسکردن بە ڕەشبەگیری کوردە فەیلیەکانی شارەکانی (( بەغداد و حلە و کوت و عمارە و شارۆچکەکانی تر)) بەناوی ئەوەی کوردی ئێرانن.١٢ |
| ١٩٨٠/٤/٦ | دەرکردن و ڕاگواستنی کوردە فەیلیەکانی شاری بەغداد بۆ ئێران لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەبیانوی ئێرانی بوونیان.١ |
| ١٩٨٠/٤/١٧ | پەیوەندیکردنی هەڤاڵ جبار فەرمان بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەوە. |
| ١٩٨٠/٥ | هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئێران و سوریای کرد و تا ١٣ مانگ نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ کوردوستان.٢٦ |
| ١٩٨٠/٥/٧ | بڕیاری ژمارە ٦٦٦ لەلایەن ڕژێمەوە دەرکرا بۆ سەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لەکوردە فەیلیەکان و دەرکردنیان بۆ ئێران.٢٨ |
| ١٩٨٠/٦/٢٩ | یەکێتی هەموو گیراوەکانی پارتی ناردە لای شیوعی بۆ ئەوەی تەسلیمیان بکەنەوە و ئەوانیش دیلەکانی یەکێتی بەربدەن.٦ |
| ١٩٨٠/٧ | پەخشی ئەزمونی ڕادیۆی(( ئێسگەی شۆڕشی عێراق )) دەستی پێکردەوە.٤ |
| ١٩٨٠/٧/٢ | شەهیدکردنی ٣ برا(( ڕەؤوف و بەختیار و هوشیار )) عبداللە حەمە امین دوای بەرەنگاریەکی مەردانە و دەست وەشاندنیان لە مولازم موحسین لەشاری سلێمانی .١ |
| ١٩٨٠/٧/٩ | لەتوژەڵە پۆلێ فڕۆکە هاتن و چەند بۆمبێکیان بەردایەوە.٦ |
| ١٩٨٠/٧/١٩ | لە پێنجوێن یەکەم ڕاپەڕینی جەماوەری سەریهەڵدا.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨١/٧/٢٦ | **پارتی گەلی دیموکراتی کوردوستان بەسەرۆکایەتی سامی عبدالرحمن پێك هات.١٢** |
| ١٩٨٠/٨/١ | **پەخشی ئاسایی ڕادیۆکە دەستیپێکرد.٤** |
| ١٩٨٠/٨/٩ | **گرتنی هەندێ شارەزای ڕووسی لەسەر پردی باسەڕە لەلایەن مامەڕیشەوە.٨** |
| ١٩٨٠/٨/١٠ | **ڕژێم بەهێزێکی زۆرەوە هێرش دەکاتە سەرناوچەی قەرەداغ و بازیان.بەشوێن ڕوسیەکاندا ئەگەرا. ٨** |
| ١٩٨٠/٨/١٧ | **بۆیەکەم جار لەناو زەنگ و توژەڵە بەشێوەیەکی ڕەسمی (( دادگای باڵای شۆڕش )) دامەزرا. لەم حاکمانە(( پێشڕەو سەید برایم , برایم حسین ,سوارە ڕەشید باجەلان , سەردار عبدالکریم )) و لەلایەن عومەر مستەفا(( دەبابە))وە ئەندامی مەکتەبی سیاسیەوە سەرپەرشتی دەکرا. و تا ١٩٨١/٢ بەردەوام بوو.١** |
| ١٩٨٠/٨/٢٢ | **عێراق بەئاشکرا جاڕی شەڕی لەگەڵ ئێراندا داو صدام حسێن لەبەرچاوی دونیا پەیماننامەی جەزائیری دڕاند.٨** |
| ١٩٨٠/٩/٤ | **تۆپبارانکردنی ناوچە سنوریەکانی عێراق (( زڕباتیە و خانەقین و مەندەلی و نەفتخانە))لەلایەن سوپای ئێرانەوە.١٢** |
| ١٩٨٠/٩/١٧ | **صدام حسین لەبەردەم ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقدا ڕێکەوتنامەی جەزائیری دڕاندو هەڵوەشاندەوە.١٢** |
| ١٩٨٠/٩/٢٣/٢٢ | **پەلاماری سوپای عێراقی لەسێ قۆڵەوە بۆسەر خاکی ئێران و بەمەش شەڕی ٨ ساڵەی عێراق–ئێران هەڵایسا.١** |
| ١٩٨٠/١٠ | **هێزێکی قیادە موەقەتە لە نۆکان و بێ دەلان لەسەر چەمی قاسمەڕەش بەنیازی پەلاماری سەرکردایەتی یەکێتی خۆیان ئامادەکردبوو.٨** |
| ١٩٨٠/١٠/١٢ | **شەهیدکردنی(( تایەری حاجی عەزیز )) فەرماندەی هەرێمی سێ .١** |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٠/١٠/١٩ | هێزێكی ڕژێم پەلاماری مامەندەی دا.٦ |
| ١٩٨٠/١٠/٢٨ | بەرەی (( جود )) لەنێوان (( پارتی و شیوعی و حسك و پاسۆكدا)) پێك هات.١٢ |
| ١٩٨٠/١١ | * كاكە حەمەی حاجی محمود لەیەكێتی جیابۆوە و چوە پاڵ سۆشیالیست.١٣<br>* هێزەكانی پارتی دەستیان كرد بەكشانەوە بۆ شوێنەكانی خۆیان لە ئێران.٦ |
| ١٩٨٠/١١/١٢ | ڕادیۆی دیمەشق هەواڵی دامەزراندنی (( الجبهة الوطنية القومية الديمقراطية / جوقد)) ی ڕاگەیاند,وەك بەرەیەكی یەكگرتوو دژی ڕژێمی عێراق كە لە (( شیوعی و یەكێتی و حسیك و حیزبی بەعسی/ عێراق و حەرەكەی عەرەبی ئیشتراكی و حیزبی ئیشتراكی ئێراقی و مونەزەمەی جەیشی شەعبی تەحریری عێراق و هەندێ كەسایەتی سەربەخۆ)) پێك هاتبوو.٦ |
| ١٩٨٠/١١/١٨ | كەرتی چواری جەباری توشی شەڕبوون لەگەڵ هێزێكی ڕژێمدا لەشاخی شۆڕاوی بازیان.٨ |
| ١٩٨٠/١١/٢٨ | لەڕاژان پەیمانی پێك هێنانی بەرەیەكی نوێ بەناوی (( الجبهة الوطنية الديمقراطية / جود))كە لە (( شیوعی و پارتی و حسك و پاسۆك)) پێك هاتبوو ئیمزاكرا.٦ |
| ١٩٨٠/١٢/٤ | شەو شەڕێكی سەخت لەنێوان سوپای ڕژێم و پێشمەرگەكانی یەكێتیدا ڕوویدا لە گوندی (( قەلاْ سنج )) ی چیای سەفین.١٤ |
| ١٩٨٠/١٢/٨ | شەهید بوونی كاك خالد گەرمیانی لەنێوان گوندی خاوێ و كەسنەزانی ناوچەی قەراداغدا لە شەڕێكدا.٨ |

# ســـــــاڵـــــی
# ١٩٨١

١٩٨١ * هەرێمەکان گۆڕان بە تیپەکان.١١
* شەڕی هاواری پشتی هەڵەبجە دژی سوپای عێراق.١١
* هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکان.٣
* بیرۆکەی یەکگرتنی هێڵی گشتی و ئەو باڵەی بزوتنەوەی سۆسیالیست کەلەناو یەکێتیدا مابونەوە سەریهەڵدا.٤

١٩٨١/١/١ چالاکیەکی هێزی پ.م لەسەر جادەی قادرکەرەم-دووز کە تیایدا ٣ سەرباز گیران و ٣ چەکیش دەسکەوت بوو.٨

١٩٨١/١/٥ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لەلایەن هێزەکانی حسکەوە لە گوندی (( هۆزخواجان ))لەشارەزوور دەسگیر کرا.٦

١٩٨١/١/٢٣ مەکتەبی سیاسی حسیك بڕیاری بەردانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفای دا بەبێ قەید و شەرت بەلاّم پێشمەرگەکانی شارەزوور بڕیارەکەیان جێبەجێنەکرد.٦

١٩٨١/٢ * لەتاران ڕێکخراوێکی تازە بەناوی (( لەشکری ئیسلامی کورد)) دامەزرا . بۆ گاڵتە پێکردن ناویان نابوون(( لاك)).٦
* سامی عبدالرحمن حیزبێکی تازەی دامەزراند بەناوی (( حزب الشعب الدیمقراطی الکردستانی )) کە لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩ سکرتێری قیادە موەقەتەی پارتی بوو.٦

١٩٨١/٢/٦ لەگوندی نێرە گێن هێزێکی یەکێتی پەلاماری هێزەکانی حسك و شیوعی دا و دوای ١٠ کاتژمێر شەڕ ٩ پ.م شیوعی و ٣ پ.م حسك و ٧ پ.م یەکێتی شەهید بوون.١٩

١٩٨١/٢/٧ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە دیلی حسیك هەڵهات و ئازاد بوو گەڕایەوە ناو پێشمەرگەکانی یەکێتی .٦

١٩٨١/٣ پێکهاتەی دادگای شۆڕش گۆڕا بەم شێوەیە :( جمال حکیم ئاغابوە بەرپرسی یەکەم و ئەندامەکانیشی بریتیبوون لە حاکم برایم حسین و حاکم فەرهادمەلا ڕەسول و حاکم سەردار عبدالکریم )).١

١٩٨١/٤/١ پەیوەندی کردنی شەهید مولازم خولە بەهێزەکانی یەکێتیەوەو پاشان بوە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەوری(( خۆشناوەتی )).١٤

١٩٨١/٤/١٦ زانکۆی صلاح الدين لەشاری هەولێر کرایەوە.٢٨

١٩٨١/٤/١٧ داستانی هەردوو گوندی(( ئالان –حاصلی ))ناوچەی شاەزوور.١

١٩٨١/٥/١ *زیاتر لە ٣٨ هەزار کوردی فەیلی ڕەوانەی ئێران کرانەوە بەبیانوی ئەوەی ئەمانە ئێرانین.١٤

*بەستنی یەکەم کۆنفرانسی کۆمەڵە لەدۆڵی (( مالیمۆس))ی گوندی کانی زەردی نزیک چیای بلفەتی کوردوستانی خۆرهەلات.کە ١٨٢ ئەندام بەشداربوون و دوو هەفتەی خایاند.لەکۆنفراسەکەدا هەڤاڵان (( نەوشیروان مستەفا)) کرایە سکرتێری کۆمەڵە و ئەم هەڤاڵانەش کرانە ئەندامی سەرکردایەتی (( فریدون عبدالقادر و د. کمال خۆشنا و مەلا بەختیار و عومەر سەید عەلی ))و هەروەها هەرێمەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش هەڵوەشێنرانەوەو چەند هێزێك بۆ ناوچەکان دروستکران.وەك هێزەکانی (( هێزی دەشتی هەولێر / شاخەوان و خۆشناوەتی / مولازم خولە و کۆیە / مامۆستا عەزیز و کۆسرەت/ مەلا حەسەن و قەرەداغ و گەرمیان و باڵەك و سۆران و مەرگە و هەورامان و شاربازێڕ و کەرکوك و جافەتی و..هتد.)).١٤و٢٣٢

| | |
|---|---|
| ١٩٨١/٦ | * هەڤاڵ مام جەلال چووە تاران,سەرۆك كۆمار و وەزیری بەرگری و سەرۆكی ستادی ئەرتەشی بینی, بۆ بەدواچوونی ئەو چەكانەی كە لەسوریاو لیبیاوە هاتبون بۆ یەكێتی و ئێران دەستی بەسەردا گرتبوو.٦<br>* بەرەی جود دابەزینە ناو شارباژێڕ بەنیازی كۆنترۆڵكردنی ناوچەكە و دەرپەڕاندنی یەكێتی.٨ |
| ١٩٨١/٦/١ | گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال لەدەرەوەی وولاّت لە ڕێگەی ئێرانەوە دوای ساڵێك و چەندی مانگێك بۆ ناوچەی سەركردایەتی لە توژەڵەو ناوزەنگ.١٤و٢٣٢ |
| ١٩٨١/٦/٢٢ | دوو مەفرەزەی یەكێتی و پاسۆك لەگوندی مامە خەلان دەبێتە شەڕیان و ٢ پ.م لە پاسۆك و ١ پ.م لە یەكێتی دەكوژرێن.٦ |
| ١٩٨١/٦/٢٣ | لەسنوری هەرێمی ٣ی شارباژێڕ شەڕی براكوژی هەڵایسا كە تیایدا ٥ پ.م شەهید بوون.١ |
| ١٩٨١/٦/٢٥ | شەهیدكردنی سەركردە و نوسەر و كادر وتێكۆشەر(( سەیدا صاڵح یوسفی ))لە بەغداد.١و٤ |
| ١٩٨١/٧ /٢٧ | سامی عبدالرحمن و هاوڕێكانی خۆیان كۆكردەوە بۆ بەستنی كۆنگرەی دامەزراندنیان.٦ |
| ١٩٨١/٨ | یەكێتی پەلاماری بنكەكانی حسكی دا و تیایدا جمالی علی باپیر و شێركۆی شێخ علی و كۆمەڵێك پ.م لەهەردوولا شەهید بوون.١٩ |
| ١٩٨١/٨/٢ | چالاكیەكی گەورە لە گوندی كانی وەتمان بەسەرپەرشتی شەهید شەماڵی باخ ئەنجامدرا.١ |
| ١٩٩١/٨/٨ | ڕژێم شارۆچكەی گەلاڵە و سنورەكانی ویران كرد و ڕایگواست بۆ كۆمەڵگای سۆران.١ |

١٩٨١/٨/٢٣ *شەڕێکی قورس لە بنکەی حسك ڕویدا لەکانیە ڕەشی نزیك گوندی سێکانیان لەدۆڵی جافایەتی و ٦ پ.م لەحسك و ٧ پ.م لەیەکێتی کوژران کە لەناویاندا فەرماندەی هەرێمی ٤ جمالی علی باپیر و ٧پ.م تریش بریندار بوون.٦

*سەید کاکە کەوتە کێومالکردن لەخۆشناوەتیەوە بەدوای کادر و پێشمەرگەی یەکێتیدا و هەرچی دەسکەوتبوو چەکی کردبوو. لە چێوە و دۆڵی نازەنین و دۆڵی سماقوڵی زیاتر لە ٥٠ پێشمەرگەی یەکێتی بەتاك و کۆ چەك کردبوو هەندێکی کوشت و هەندێکی تریشی زامارکرد.٦

١٩٨١/٩/٢ سەید کاکە دەوری مەفرەزەیەکی یەکێتی گرت لەگوندی مێوژەی بناری کۆسرەت و ١ پ.م کوشت و دوانی تری بریندار کرد.٦

١٩٨١/٩/٦ تاقمێکی هێزەکەی سەید کاکە چووبونە سەر هێزێکی یەکێتی لە چێوەی سەروو.چەند پێشمەرگەی کوشت و بریندار کرد.٦

١٩٨١/٩/٨ هێزێکی یەکێتی بەسەرپەرشتی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا کەوتە ڕێ بۆ ئاسایکردنەوەی بارودۆخ لەگەڵ حیزبی شیوعیدا لەدوای ڕووداوەکانی فەقێیان و کاروخ.٦

١٩٨١/١٠ یەکەم شەڕی ناودێ دژی سوپای عێراق لەگوندی قاجەری شارەزوور.١١

١٩٨١/١٠/١ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای شەهید کارزان لەشاخ.١

١٩٨١/١٠/١٢ سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا کە هێزێك بنێرێتە دەشتی هەولێر بۆ لێدانی ئەو هێزە نەیارانەی کە سەر بەیەکێتی نین.١٤

١٩٨١/١٠/١٩ ڕژیم هێرشی کردە سەر ناوچەی شارەزوور و گوندەکانی سنوری شارۆچکەی سەید سادق.١

١٩٨١/١٠/٢٨ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا هەواڵی نارد بۆ عەبدوڵا سوور کە یان بێتە ناو یەکێتیەوە یان بێ لایەن بێت و لەماڵی خۆی دابنیشێت و هاوکاری بەرەی جود نەکات دژی یەکێتی.یان ناوچەکە چۆڵ کات.٦

١٩٨١/١١/١٧ * بەفەرمانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا هێزەکانی یەکێتی هێرشیان کردە سەر هێزەکانی بەرەی جود لە ناوچەی (( زینوی ئەستێرۆکان )) و لوتکەکانی (( هەڵموند و کاروخ)) . ١٤ و٢٣٢

* لەشەڕی نێوان یەکێتی و هێزەکانی تردا لەدەشتی هەولێر بەدەرپەڕاندنی هێزەکانی تر کۆتایی پێهات.١٩

١٩٨١/١١/١٩ هێزەکانی بەرەی جود بۆ ناوچەکانی (( پشتئاشان و کونە کۆتر))کشانەوە.١٤ و٢٣٢

١٩٨١/١١/٢٥ هێزی هاوبەشی جود پەلاماری دۆڵی خانەقا و وەرتێیاندا و ناوچەکەیان گرت.نزیکەی ٥٠ پێشمەرگەی یەکێتیان بەتاك و کۆ چەك کرد.٦

هاوین و پایزی ١٩٨١ شەڕی براکوژی سەرتاسەری کوردوستانی گرتبۆوە.٢٣٢

١٩٨١/١٢ دابەزینی کاك ئازاد هەورامی ل. لقی کەرکوك بۆ جەولەی گەرمیان.٨

١٩٨١/١٢/٢ ئاگاداری ل. شیوعی کرا بەهۆکی تۆکی کە ڕێگای (( سوڵتە )) چۆڵە و دەتوانن هەموو هێزەکان لەوێوە دەرچن و وەرتێ بەجێبهێڵن.٦

# ســــــاڵــــــی

# ١٩٨٢

| | |
|---|---|
| ١٩٨٢ | * شەڕی گوندی تەپە تۆڵەكەی دەشتی شارەزوور دژی سوپای عێراق.١١<br>* شەڕی شارباژێڕ حاجی مامەند دژی سوپای ئیسلامی.١١ |
| ١٩٨٢/١ | سەركردیەتی بڕیاری دامەزراندنی مەڵبەندەكانی دا.١٥٨ |
| ١٩٨٢/١/٧ | ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خوێندكارانی شاری سلێمانی دەستی پێكرد.١ |
| ١٩٨٢/١/٢٧ | ڕوودانی شەڕی سێكانیان, ڕژێم بەهۆی كۆپتەر و ژمارەیەكی زۆر سەرباز و جاشەوە هێرشی كردە سەر هێزی پێشمەرگەی یەكێتی و حسك و شیوعی,چونكە پێشمەرگەی حسك دوو پسپۆڕی فەڕەنسیان ڕفاندبوو ئەم سێ هێزە نەیاری یەكتریش بوون لەوكاتەدا و لە ئەنجامدا ١٣ پێشمەرگە شەهید بوون كەزۆربەیان لە شیوعی بوون و ڕژێمیش زیانی گەورەی لێكەوت.١٤ |
| ١٩٨٢/١/٢٩ | ڕژێمی بەعس ٨ هەزار خێزانی كوردی فەیلی لە شارەكانی (( بەغداد و حلە و كوت و عمارە و دیالە و سوێرە و بەدرەو عەلی غربی و عەلی شەرقی شاربەدەر كرد و ڕەوانەی ئێران كردن.١٢ |
| ١٩٨٢/٣/٥ | هێزێكی تێكەڵاوی جەیش و جاش بەهەلیكۆپتەرەوە هێرشیان كردە سەر گوندی قازان كە ٢٢ پێشمەرگەی یەكێتی لێبوو.بەفەرماندەیی ئەنوەر حەسەن داستانێكی گەورە تۆمار كرا لەنەبەردی ,بەلاّم ١١ پییێشمەرگە شەهید بوون كە بەداستانی قازان ناسرا.٦ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٢/٣/٩ | یەکێتی بیروڕاکانی خۆی بەنوسراو ئاڕاستەی حسك کرد بەمەبەستی ئاشتبونەوە.٦ |
| هاوینی ١٩٨٢ | شەڕی تاریدەری پێنجوێن دژی هێزەکانی بەرەی جود.١١ * تیپی پێشمەرگەش دروستکرا لەهەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردوستاندا . ٣ * تیپی تایبەتی مەڵبەندی (( ١ و ٢ و ٣)) دروستکران .١ |
| ١٩٨٢/٤ | هەرێمەکان گۆڕان و لە جیاتیان تەشکیلاتی تیپەکان دروستکران.٨ |
| ١٩٨٢/٤/١٩ | شەڕ لەنێوان پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ قەرەداغ و هێزێکی ڕژێمدا لەگوندی ژاڵەی دەربەند ڕوویدا.٨ |
| ١٩٨٢/٥/١٠-٤/٢٤ | لەیادی بۆردومانکردنی شاری قەلاْدزێدا لەساڵی ١٩٧٤دا جەماوەری شاری قەلاْدزێ ڕاپەڕین و دواتریش ڕاپەڕین وخۆپیشاندانی جەماوەری لەناوچە جیاوازەکانی کوردوستان بەردەوامی هەبوو وەك ((ڕانیە و کۆیە و چوارقوڕنە و هەولێر و ..هتد)).١و١٤ |
| ١٩٨٢/٥/١ | خۆپیشاندانی شارۆچکەی هەڵەبجە ڕوویدا.١ |
| ١٩٨٢/٥/٣ | * گەورەترین خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی صلاح الدین ڕوویدا و خوێندکار (( صفاء صدیق )) شەهیدکرا.٢٨ * ڕاپەڕینی شارۆچکەی سەیدسادق و ئۆردوگای شانەدەری بەرپا بوو.١ |
| ١٩٨٢/٥/٧ | خۆپیشاندان لەشاری کەرکوك سەریهەڵدا.١ |
| ١٩٨٢/٥/٩ | خۆپیشاندانی ماوەت و خەلەکانی گرتەوە.١ |
| ١٩٨٢/٥/١١ | شەڕێکی قورس لەنێوان پێشمەرگەکانی مامە ڕیشە و هێزێکی ڕژێمدا لەگوندی حەمکی ناوچەی جەباری ڕوویدا.٨ |
| ١٩٨٢/٥/١٧ | داستانی حەمك.١ |

١٩٨٢/٦/١٨ سەردانی عزیز محەمەد و مام جەلال و ڕەسول مەمەند بۆلای حیزبی دیموکراتی ئێران بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەردوولا.١٢

١٩٨٢/٧/ ٢ شەڕ لەنێوان (( لاك )) لەشکری ئیسلامی کوردوستان و یەکێتی دروست بووبەسەرپەرشتی هەڤاڵ مولازم عومەر.لاك هەڵوەشایەوە و لەو شەڕەدا صلاحی موهەندیس فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگروون لەیەکێتی شەهید بوو.٦

١٩٨٢/٧/١٤ ئازادبوونی شەهیدی سەرکردە مامۆستا جمال تایەر لەزیندان بەلێبووردنی گشتی.٦

١٩٨٢/٧/١٧ دەرکردنی لێبوردنی گشتی لەلایەن ڕژێمەوە بۆ سەربازە هەڵهاتوەکان کە تیایدا ٤٥ هەزار سەربازی هەڵهاتوو تەسلیم بونەوە.١و١٤

١٩٨٢/٧/٢٨ نوێنەرانی یەکێتی (( د.خدر معصوم و فریدون عبدالقادر )) و نوێنەرانی پارتی (( محەمەدی مەلا قادر و مەغدید ئەحمەد)) لەپشت ئاشان دانیشتن بەمەبەستی ئاشتبونەوە.٦

١٩٨٢/٨ دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە بەئامادەبوونی ٢٢٢ نوێنەر لەهۆڵی شەهید شیهاب لەخڕی ناوزەنگ بەسرا و ئەم هەڤاڵانە بونە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە((نەوشیروان مستەفا / سکرتێر و فریدون عبدالقادر و مولازم عومەر و مامۆستا جمال و د. کمال خۆشنا و علی بچکۆل و مەلا بەختیار )) .٦و ٢٣٢

١٩٨٢/٨/١٥ نوێنەرانی هەردوولا بزوتنەوەی سۆسیالیست و هێڵی گشتی لەگوندی ((خەتێ))کۆنفرانسی هاوبەشیان بەست و بڕیاری یەکگرتنەوەیاندا و بەناوی ((یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردوستان ))وە هەڤاڵ مام جەلال و

د.پێشەوا تاڵبانی و علی حەوێز و جەمال حکیم ئاغا و مامۆستا عبدالله و شێخ دارای حەفید بۆ سەرکردایەتی هەڵبژێردران و مام جەلال بوە سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردوستان.بەلاّم لەبەرئەوەی مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیش بوو لەهەمان کاتدا بۆیە لەجیاتی ئەو هەڤاڵ د.فؤاد معصوم بوە سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێڕان.٤

١٩٨٢/٩/٤ بەرێکردنی چەند هێزێکی یەکێتی بۆ کوردوستانی خۆرهەلاّت تاوەکو بەشداری بکەن لەدژی ڕژێمی ئێران و بۆ هاوکاری حیزبی دیموکراتی ئێران.١٤

١٩٨٢/٩/١٥ د. قاسملو داوای کۆبونەوەی بەپەلەی کرد بوو لەگەڵ مام جەلال و عزیز محمەد و لەبارەگای هاوینەی مام جەلال لە سەرچاوەی توژەڵە کۆبونەوەکە کرا.٦

١٩٨٢/٩/٢٥ کاك ڕۆستەم بەبڕیارێکی سەرکردایەتی گوێزرایەوە بۆ تیپی ٢١ی کەرکوك وەك سەرتیپ.٨

١٩٨٢/١٠/١٣ کۆبونەوەیەك بەناوبژیوانی د.قاسملو لەنێوان یەکێتی (( مام جەلال و نەوشیروان مستەفا )) و نوێنەری حکومەتی عێراقی لەگوندی(( گۆڕەشێر )) سازدرا نوێنەرانی حکومەت(( ئەبو ئەحمەد و ئەبو عودەی و ئەبو محمەد)) بوون.٦

١٩٨٢ /١١ * ٤ مەڵبەند دروستکران بۆ سەرپەرشتیکردن و ڕاپەڕاندنی ئیشوکاری ڕێکخستن و پێشمەرگە.٣٩

١٩٨٢/١١/٢١ نوێنەرانی یەکێتی (( د.خدر معصوم و ئازاد هەورامی و د.کمال خۆشناو )) لەگەڵ نوێنەرانی شیوعی (( عمری علی شێخ و مەلا ئەحمەدی بانیخێلاّن و فاتیح ڕەسول )) لە پشت ئاشان دانیشتن بەمەبەستی ئاشتبونەوە.٦

| | |
|---|---|
| ١٩٨٢/١١/٢٤ | **شەڕی قورس لەنێوان سوپای ڕژێم و یەکێتیدا لەناوچەی ئاڵوەتان ڕوویدا.٨** |
| زستانی ١٩٨٢ | **سەرکردایەتی بڕیاریدا کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر دابمەزرێنێ لە هەڤاڵان (( د. کمال خۆشناو و کاك سەید مەجید و مامۆستا نازم)). ٢٣٢** |
| ١٩٨٢/١٢/١٦ | **داستانی پیازەجاڕ لەلایەن پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیانەوە ئەنجامدرا.٨** |

# ســــــــــاڵـــــى

# ١٩٨٣

| | |
|---|---|
| ١٩٨٣ | هاتنی هێزەکانی مەکتەبی سیاسی لە زەڵێ و ناوزەنگ و توژەڵەو شێنێ وە بۆ(( دۆڵی بۆتێ)) لە پشتی ڕانیە.١١ |
| ١٩٨٣/١/٢ | دامەزراندنی یەکێتی هونەرمەندانی کوردوستان بەنهێنی لەشاخ.١٢و١ |
| ١٩٨٣/١/١٧ | هێزێکی حسك لەگوندی(( ئاومالْ ))ی ناوچەی تەق تەق چەند پێشمەرگەیەکی یەکێتیان چەك کرد و کادرێکیشیان لێ شەهید کردن.١٤ |
| ١٩٨٣/٢ | * هێزەکانی پارتی بەسەرکردایەتی حەسۆ میرخان ژاژۆکی بەیارمەتی هێزەکانی ئێران هاتنە نزیك بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی لەناوزەنگ.٦<br>* لەچالاکیەکی هێزی پێشمەرگەدا بۆ سەر گومرکی سلێمانی ٧٠ کلاشینکۆف و کۆمەڵێ دەمانچە دەسکەوت بوو.٨ |
| ١٩٨٣/٢/٢ | لەشاری تەرابولسی لیبیا ١٩ ڕێکخراوی عێراقی لەوانە یەکێتی و پارتی و حسك و شیوعی ڕێکەوتنێکیان مۆرکرد.٦ |
| ١٩٨٣/٢/٦-٥ | کۆبونەوەی دوو قۆڵی نێوان یەکێتی و شیوعی لەناوزەنگ سازدرا بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی ناوخۆ.٦ |
| ١٩٨٣/٢/٦ | ڕوودانی شەڕی براکوژی لەگوندی (( نێرە گین ))شەڕەکە لە کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆوە دەستی پێکرد تا ١٠ی شەو لەنێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی و حسك و شیوعی و ٩پێشمەرگەی حسك و ٣ پێشمەرگەی شیوعی و ٧ |

پێشمەرگەی یەكێتی كوژران. و زۆری تریش بریندار بوون.١٤و ٢٣٢

١١ – ١٩٨٣/٢/١٢ هێزەكانی جود بەكۆمەڵ لەگەڵ هێزەكانی یەكێتیدا لەدەشتی كۆیە و هەولێر بەگژیەكدا چوون.٦

١٩٨٣/٢/١٣ * نوێنەركانی حكومەتی عێراق جارێكی تر هاتنەوە بۆ مەبەستی گفتوگۆ.٦

* محمد وەتمان فەرماندەی تیپی ٦١ی كۆڕەش و علی وەیس لەگەڵ ٢ كەسی شیوعی چوون بۆ بینینی حەسۆ میرخان بۆ خاوكردنەوەی بارگرژیەكە, بەلأم هەوڵەكە بێسوود بوو.٦

١٩٨٣/٢/١٦ لیژنەی هەولێری جود بەیانێكی توندوتیژی دژی یەكێتی دەركرد.٦

١٩٨٣/٢/٢٠ قسەكەری یەكێتیش وەلأمی دایەوە.٦

١٩٨٣/٢/٢٤ سكرتاریەتی جود بەیانێكی توندوتیژی دژی یەكێتی دەركرد.و شیوعیش یاداشتێكی توندی دایە یەكێتی.٦

بەهاری ١٩٨٣ بۆ چەند ڕۆژێك لەبەر شەڕی عێراق–ئێران بارەگای كاتی سەركردایەتی هاتە گوندی باوزێ لەناوچەی قەڵادزێ.٢٣٢

١٩٨٣/٣/٨ هێزەكانی ٥١ی گەرمیان لەدەشتی سەرقەڵادا داستانێكیان تۆماركرد.٨

١٩٨٣/٣/١٨ دانانی عەلی حەسەن مەجید بەبڕیاری صدام حسێن بۆ لێپرسراوی كوردوستان و پێدانی دەسەڵاتی ڕەهاپێی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی كیشەی كورد.١٢

١٩٨٣/٤/١ * بەهەڵە جەزای علی كاتب لێپرسراوی هێزەكانی پارتی لەسنوری مەڵبەندی ١ دا كوژرا لەلایەن پێشمەرگاكانی

یەکێتیەوە کە ٢ پێشمەرگەی یەکێتیشی لەگەڵدا بوو لە ئۆتۆمبێلەکەی عوسمانی قالە منەوەردا.١٥٨

* هێزێکی ڕژێم بەپشتیوانی کۆپتەر هێرش دەکەنە سەر گوندی هەڕێنە بۆ سەر هێزێکی پێشمەرگە.٨

١٩٨٣/٤/٢ پارتی لەگۆڕەدێم بۆسەیەکیان نایەوە لەناو ئۆتۆمبێلێکدا ٨ کادر و پێشمەرگەی یەکێتیان شەهیدکرد.٦

١٩٨٣/٤/١٠ شەڕێك لەنێوان مەفرەزەیەکی حسك و هێزەکانی یەکێتی لە ئاسۆس قەوما.٦

١٩٨٣/٤/١٤ هێزێکی جود لەناوچەی چوارتا پەلاماری هێزێکی یەکێتیاندا.٨

١٩٨٣/٤/١٥ * هێزێکی هاوبەشی شیوعی کوردوستانی و عێراقی لەباداوان بۆسەیەکیان نایەوە و ٥ پێشمەرگە یەکێتی تیادا کوژرا.٦

* لەگوندی باداوان لەدۆڵی خەلەکان شەهید شێخ شەماڵی باخ شەهید کرا کە فەرماندەی تیپی ٩٣ ی کۆیە بوو.١و١٤

١٩٨٣/٤/١٩ * هێزەکانی یەکێتی بەسەرکردایەتی هەڤاڵ مەلا بەختیار هێرشیان کردە سەر هێزەکانی حسك و پارتی لەناوچەی سلێمانی(( مەڵبەندی ١)).شەڕەکە چەند ڕۆژی خایاند و چەندین کوژراو و بریندار و دیل هەبوو لە هەردوولا و لە ١٩٨٣/٤/٢٠ دا یەکێتی ناوچەکەی پاککردەوە لە هێزەکانی حسك و پارتی و بەرەو سنوری ئێران دەریپەڕاندن.ئەم شەڕە شیوعی نەگرتەوە چونکە یەکێتی و شیوعی ڕێکەوتنێکیان کردبوو.١٤ و١٥٨

*ڕوودانی شەڕی بالیسان لە مەڵبەندی چواری یەکێتی ئەم شەڕە لەنێوان یەکێتی لە لایەك و(( حسك و پارتی و شیوعی )) لەلایەکی ترەوە بوو.لەو شەڕەدا ٧

| | |
|---|---|
| | پێشمەرگەی یەکێتی و چەندین پێشمەرگەی بەرەی جود کوژران.١٤ |
| ١٩٨٣/٤/٢٠ | شەڕی شارباژێڕ کۆتایی هات.٦ |
| ١٩٨٣/٤/٢٧ | شەهید بوونی (( ئەحمەد قەنبەر )) کە یەکێك بوو لە پێشمەرگە سەرەتاییەکان و ئەندامی کۆمەڵە و فەرماندەی کەرتی ٢ لەهێزی دەشتی هەولێرر بوو.١٤ |
| ١٩٨٣/٥/١ | * هێرشێکی بەربلاو لەلایەن یەکێتییەوە دەکرێتە سەر هێزەکانی جود لە قەندیل ڕاونران بەرەو دیوی ئێران .٨٠<br>* دوای ئەوەی یەکێتی هێزەکانی بەرەی جودی تێکشکاندو ئاودیوی ئێرانی کردن. هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لەسەر ئێزگەی شۆڕشی عێراق وتارێکی لەوبارەیەوەدا و لەم شەڕەدا مەکتەبی سیاسی(( شیوعی و حسك و پاسۆك)) گیراو و بەتەواوەتی ناوچەی سۆران پاککرایەوە لەبەرەی جود.١٤ |
| ١٩٨٣/٥/٢ | * شەهید کردنی دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پەکەکە بەنێوی (( ئیبراهیم دیلگین و محمەد قەرە سونگور)) لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتیەوە لەچیای قەندیل.١٤<br>* هێزێکی یەکێتی دەستی کردەوە بەهێرش و توانی بچێتە کۆنە ڕەبیەکانی سەر بەرزایەکەی بەرامبەر قڕناقاو پشتئاشان.٦ |
| هاوینی ١٩٨٣ | بارەگای سەرکردایەتی هاتە گوندی خەتێ لە دۆڵی بالیسان لەناوچەی خۆشناوەتی و دوای مفاوەزات بۆ چەند مانگێك بارەگای سەرکردایەتی هاتە سورداش و پێش دەسپێکردنەوەی شەڕ لەگەڵ ڕژێمدا بارەگای سەرکردایەتی گوازرایەوە بۆ مەرگە(( گوندەکانی سێڕوان و ئاوەژێ وکانی توو)).٢٣٢ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٣/٦/٢١ | سەردانی هەڤاڵ مام جەلال بۆ دۆڵی بالیسان و بارەگای لە گوندی (( خەتێ )) دامەزراند.١٤و٢٣٢ |
| ١٩٨٣/٦/٢٣ | ڕژێم دەستی کردە تۆپبارانکردنی ناوچەی گەناو.١٤ |
| ١٩٨٣/٦/٢٩/٢٨ | شەهیدکردنی ١٧ پ.م لەنزیك گوندی قڕگە لەشاری سلێمانی کە ناسران بە ١٧ شەهیدەکەی قڕگە.١ |
| ١٩٨٣/٧/١٧ | شەهیدبوونی مامۆستا جمال تایەر لەسەر جادەی بالیسان.٦ |
| ٣٠و ١٩٨٣/٧/٣١ | ڕژێم لە پەلامارێکدا ٨ هەزار بارزانی لەسنوری پارێزگای هەولێر ئەنفال کرد لە ئۆردوگاکانی ( قوشتەپە و بەحرکە و حەریر ودیانا و گۆڕەتووی لای مێرگەسوور).١و٢٨ |
| ١٩٨٣/٨ | جارێکی تر یەکێتی هێرش دەکاتە سەر هێزەکانی جود لەناوچەی قەندیل و ڕاونانەوەی بەدیوی ئێراندا کە بەشەڕی دووەمی قەندیل ناسراوە.٨ و٢٣٢ |
| ١٩٨٣/٨/١٣ | * دروست بوونی شەڕ لە شاخی قەندیل لەنێوان سوپای عێراق و جاشەکانی لەگەڵ پێشمەرگەکانی یەکێتیدا.١٢<br>* لەناوچەی قەندیل هێزەکانی یەکێتی بەفەرماندەیی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا پەلاماری هێزەکانی بەرەی جوودیاندا ٢٠ڕۆژی خایاند و ١٠٠ پ.م کوژران و بەرەی جودیش ناوچەکەیان بەجێهێشت بەرەو ئێران.١٩ |
| ١٩٨٣/٩/١-٨/١٣ | ڕوودانی شەڕی دووەمی قەندیل لەنێوان هێزەکانی یەکێتی و بەرەی جودا کە ٢٠٠٠ پێشمەرگە دەبوون. شەڕەکە ٢٠ڕۆژی خایاند و نزیکەی ١٠٠ پێشمەرگە لەهەردوولا کوژران و بەدیل گیران و ناچار بەرەی جود لەناوچەکە کشانەوە و بەمەش کۆتایی بەشەڕی ناوخۆ هێنا و یەکێتی بووە تاکە بالأدەست لەهەموو ناوچەی سۆراندا.١٤ و ٢٣٢ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٣/٨/٢٨ | پەلاماری ڕژێم بۆ سەر گوندی چیمەنەكانی شاری كەركوك و وێرانكردنیان كە بەداستانی چیمەن ناسراوە.١ |
| ١٩٨٣/٩/١ | * شەهید بوونی (( ئەحمەد مولود)) لەشەڕی قەندیلی دووەمدا لەسەر لوتكەی كونە كۆتر. خەڵكی دۆڵی باڵەییانی ناوچەی قەسرێ و ماكۆسە بوو فەرماندەی تیپی ٨٧ی كاروخ بوو.١٤<br>* كاتژمێر٢٠ر ٤ی بەیانی شەڕ دامەزرا لەنێوان هێزەكانی یەكێتی و پارتیدا لەچیای بییە و كونەكۆتر و بەرمەیدان.٦ |
| ١٩٨٣/١٠ | دێكانی بەركێوی شارباژێڕ داگیركران لە شەڕی ئێران – عێراقدا.١ |
| ١٩٨٣/١٠/٢ | هەر لەهەمان ساڵدا داستانی ڕزگاركردنی سەنگاویش ئەنجامدرا.٣ |
| ١٢و١٩٨٣/١٠/١٣ | ڕژێم بەپشتیوانی جاش و تانك و زریپۆش و فڕۆكە هێرشی كردە سەر هێزەكانی یەكێتی لە ناوچەی دۆڵی بالیسان. ڕژێم گوندی(( مێرگەسەر )) ی گرت و لەوێوە بەدۆشكا تەقەی لەبارەگای مەڵبەند دەكرد و شەهید و بریندارى زۆر لەهەردوولا هەبوو.١٤ |
| ١٩٨٣/١٠/١٣ | هەڵمەتی پ.م بۆسەر ناوچە و سنورەكانی بێتواتە و ڕزگاركردنی ناوچەكە لەدام و دەزگا و هێزەكانی ڕژێم.١ |
| ١٩٨٣/١٠/١٧/١٦ | ئەمشەو هێزێكی گەورەی جاش هێرشی كردە سەر لوتكەی(( نوسەك ))ی ناوچەی بالیسان و داگیریان كرد.بەم گرتنەش گوندەكانی (( سوێرە و چێوەی سەرو و چێوەی خوارو و سەردۆڵ و نێوە ))كەوتە ژێر كۆنترۆڵی ڕژێمەوە.١٤ |
| ٢٠ و١٩٨٣/١٠/٢١ | داستانی گرتن و پاكردنەوەی بێتواتە.١ |

١٩٨٣/١٠/٢٣ بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال هێزێکی گەورەی یەکێتی پەلاماری چیای ماکۆك و شارەدێی بێتواتە درا.٨

١٩٨٣/١١ * شەڕی بەناوبانگی بێتواتە دژی سوپای عێراق.١١

* بڕیاردرا گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم دەستپێبکرێت.٩

١٩٨٣/١١/١ شەهید بوونی (( هاوڕێ کاوە )) ئەندامی کۆمەڵە و پێشمەرگەی سەرەتایی و فەرماندەی کەرتی ١ی دەشتی هەولێر لە هەرێمی هەشت.١٤

١٩٨٣/١١/١٥ لەگوندی بالیسان و لە بارەگای هەڤاڵ د. کمال خۆشناو هەڤاڵ مام جەلال ٣٠ کادری ڕامیاری و سەربازی کۆکردەوە بۆ دوو مەسەلە. یەکەمیان هەڵسەنگاندنی شەڕی بێتواتە و ئەوی تریان مەسەلەی گفتوگۆ بوو لەگەڵ ڕژێمدا.١٤

١٩٨٣/١١/٢٥ هەڤاڵ مام جەلال لەکۆبونەوەیەکی فراوانی مەڵبەندی بالیساندا دیاردەی تالان و بڕۆو فەرهودی بێتواتەو گوندەکانی لەلایەن پێشمەرگەوە ڕیسواکرد و دەستی کردە گریان.١٤

١٩٨٣/١١ –١٩٨٥/١/١٥ مفاوەزاتی بەردەوام بوو لەنێوان ڕژێم و یەکێتیدا و دواتر بەسەرنەکەوتن و نەگەیشتنە ئەنجام کۆتایی هات.١

١٩٨٣/١٢ * یەکەم شەڕی نۆ مانگی ناوخۆ لە گوندی ئاومالْ دەستیپێکرد.٢٣٢

* یەکێتی و ڕژێم بڕیاری تەقە ڕاگرتنیان دا.٨

* بەبروسکە هەموو مەڵبەند و تیپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە و لقەکانی شۆڕشگێڕان ئاگادارکرانەوە کە شەڕ ڕابگرن.٩

١٩٨٣/١٢/٣ * هەڤاڵ مام جەلال لەگوندی زیخان لەگەڵ کۆمەڵێك لەهەڤالانی تردا بەکۆپتەرێك بەرەو بەغداد بەڕێکەوتن

بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕژێمداکە بە میانەی شەهید د.عبدالرحمن قاسملۆ هاتبوە ئاراوە.١٩

* دەسپێکردنی گفتوگۆ لەنێوان یەکێتی و ڕژێمدا و شەڕ لەلایەن هەردوولاوە ڕاگیرا.١٤

١٩٨٣/١٢/٢١ فەرەیدون دارتاش و کامل ئەحمەد و خالد سەرکار کە هەرسێکیان لەیەکێتی هەونەرمەندان بوون هاتنە زیخان و داوایان کرد کە یەکێتی لەگەڵ بەرەی جوود ئاشتببێتەوە و ئامادەییان دەربڕی بۆ ناوبژیوانی.٩

١٩٨٣/١٢/٢٥ *ئەم داواکاریە خرایە بەردەم مەکتەبی سیاسی و هەموان پێیان باش بوو. مەکتەبی سیاسی نامەیەکی نوسی بۆ مەکتەبی سیاسی شیوعی و داوایان لە فەرەیدون دارتاش کرد کە بۆیان بەرێت.٩

* (( جوقد )) کە یەکێتی لایەنێکی سەرەکی بوو تیایدا بەیانێکی دەرکرد و یەکێتی تاوانبار کرد بەخیانەت لەسەر گفتوگۆ لەگەڵ ڕژێم.٩

١٩٨٥-١٩٨٣ گۆڤاری کوردایەتی کە درێژەپێدەری گۆڤاری بزوتنەوە بوو.٤ ژمارەی لێدەرچوو.گۆڤاری ڕزگاریش ٤ ژمارەی لێدەرچوو.٤

# ســـــاڵــــــی

# ١٩٨٤

| | |
|---|---|
| ١٩٨٤ | * شەڕی گەورەی چیای سەفین دژی بەرەی جود.١١<br>* یـــەکێتی دروشمـــی مـــافی چـــارەی خۆنوســـینی بەرزکردەوە.٧ |
| ١٩٨٤/١/٤ | (( جـود )) زۆر بەتونـدی دژی گفتوگـۆ بـوون یـەکێتیان بەخیانەت و جاش لەقەڵەمدا.٩ |
| ١٩٨٤/١/١٥ | فەرەیدون دارتاش و محمەد موکری و حەمەی حەمە باقی نامەکـەی مەکتـەب سیاسـیان بـرد بـۆ کـەڕەژاڵ لەشـاخی سورێن بۆ حیزبی شیوعی.٩ |
| ١٩٨٤/١/١٦ | کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە بەرگەڵوو کرا.٩ |
| ١٩٨٤/١/٢٢ | شـەهیدکردنی تێکۆشـەری کـوردی تورکیـا (( نەجمـەدین بیوککایـە))نـەجۆ( صـلاح ) لەزینـدانی دیاربـەکردا.کـە لەسـەرەتای هەڵگیرسـانی شۆڕشـی نوێـەوە و یەکێتیـەوە زۆر دڵسۆزانە هاوکاربوە.٥ |
| ١٩٨٤/١/٢٤ | وەفـدی یـەکێتی لـە دوکانـەوە بەڕێکـەوتن بـۆ کـەرکوك بـە هەلیکۆپتەر.٩ |
| ١٩٨٤/١/٢٥ | یەکـــەم کۆبونـــەوەی هـــەردوولا لەهۆڵـــەکانی بارەگـــای موخابـەرات دەسـتی پێکـرد لەلایـەن ڕژێمـەوە فـازل بـەڕاك سەرۆکایەتی دەکرد.٩ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٤/١/٢٦ | یەکەم کۆبونەوەی ڕەسمی لەنێوان هەردوولا دەستیپێکرد کە لەلایەن ڕژێمەوە تاریق عزیز سەرۆکایەتی دەکرد.٩ |
| ١٩٨٤/١/٢٩ | وەفدی یەکێتی سەردانی نەعیم حداد سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی بوو کرد.٩ |
| ١٩٨٤/١/٣٠ | سەردانی وەفدی یەکێتی بۆ لای سعدون شاکر وەزیری ناوخۆی عێراق.٩ |
| ١٩٨٤/١/٣١ | جارێکی تر لەگەڵ فازل بەڕاك کۆبونەوە.٩ |

| | |
|---|---|
| ٢٤-١٩٨٤/٢/٢٦ | کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کرا و دوو کۆبونەوەی جیاوازیش بەکادرە پێشمەرگەیی و کادرە ڕێکخراوەییەکان کرا.بۆ ڕوونکردنەوەی هەلومەرجی گفتوگۆ و وەرگرتنی بیروڕاکان.٩ |
| ١٩٨٤/٣/٧ | ١٦ سەربازی هەڵاتوو لەلایەن ڕژێمەوە لە سلێمانی گولە باران کران.٩ |
| ١٩٨٤/٣/٩ | لەلایەن مەجلیسی قیادەی شۆڕشەوە ئاگاداری داو ودەزگاکانی بەعس لەسلێمانی کرایەوە کە گولە بارانکردنی سەربازانی هەڵاتوو ڕابگرن.٩ |
| ١٩٨٤/٣/١٠ | ١٤ حیزب و لایەن لە بەیانێکدا دژایەتی خۆیان پیشاندا دژی گفتوگۆی یەکێتی و ڕژێم.٨ |
| ١٩٨٤/٣/١٦ | مام جەلال بۆ جاری دووەم چوەوە بۆ بەغداد بۆ گفتوگۆ.٩ |
| ١٩٨٤/٣/١٩ | مام جەلال لە بەغداد گەڕایەوە بۆ بەشداری لەو کۆبونەوە فراوانەی کە لە سورداش سازدرابوو بەبۆنەی نەورۆزەوە.٩ |
| ١٩٨٤/٣/٢١ | * کۆبونەوەیەکی زۆر گەورە و مێژوویی و بێوێنە سازدرا لە قەشقۆڵی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال.١ |

* پێشمەرگەی دیار و بەتوانای شارباژێڕ كاكەبرا بەهەڵگرتنەوەی مین شەهید بوو.١

١٩٨٤/٤/١٦ جارێكی تر فەریدون دارتاش و محمد حەمە باقی چوونەوە بۆ برادۆست بۆ بینینی حیزبی شیوعی بەلاَم بێ ئەنجام بوو.بەمەبەستی ئاشتبونەوە لەگەڵ بەرەی جوود.٩

١٩٨٤/٥/٧ خۆپیشاندانی خوێندكارانی زانكۆی صلاح الدین سەریهەڵدا.١

١٩٨٤/٥/١٢ خوێندكاران لە سلێمانی لەبەردەم پارێزگادا خۆپیشاندانیان كرد و بوو بەتەقوتۆق و دواتر خۆپیشاندان درێژەی هەبوو لەبارەگای جەیشی شەعبیەكە و ٢٠ جەیشی شەعبی بەزیندووی خرانە خوارەوە لەسەربانەكانەوەو كوژران.٩

١٩٨٤/٥/١٨ مام جەلال لە بەغداد گەڕایەوە سورداش.٩

١٩٨٤/٧ یەكێتی شۆڕگێڕان لە كانی سێوی دۆڵی مێرگەپان كۆنفرانسی خۆیان بەست و لەئەنجامدا ئەم هەڤاڵانە بە ئەندامی سەركردایەتی هەڵبژێران(( د. فۆاد معصوم و د. كمال فۆاد وپێشەوا تاڵەبانی و سەربەست بامەڕنی و شێخ دارای حەفید و شێخ محەمەد و شەوكەتی حاجی موشیر و حاكم عومەر و د. خدر معصوم و شێخ عەلی شێخ حەمە صاڵح و حەمەی فەرەج)).٨و٢٣٢

* پ.م دێرین تۆفیقی حاجی و خوێندكار هیوا محمد ڕەزا شەهید كران.١

١٩٨٤/٧/١ هێزێكی حسك و شیوعی كە ژمارەیان ٢٠٠ پێشمەرگە دەبوون لەبادینانەوە بەڕێكەوتن بەرەو ناوچەی شەقلاوە.

| | |
|---|---|
| | هێزێکی یەکێتی لەتیپی ۹۱ی سەفین پێشیان لێگرتن و لەدەوروبەری گوندی زێبارۆك شەڕ دەستی پێکرد و لە ئەنجامدا ۳ پێشمەرگەی یەکێتی و ۱ پێشمەرگەی شیوعی کوژران.۱٤ |
| ۱۹۸٤/۷/ ۲ | سێیەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە لەهەواری کانی سێو لەبناری پیرەمەگرون بەسرا.بەئامادەبوونی ۲۸۷ نوێنەر و ۱۱ ئەندامی چاودێر. ئەم هەڤالأنەش بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێران(( نەوشیروان مستەفا و مولازم عومەر و فریدون عبدالقادر و قادری حاجی علی و مەلا بەختیار و جەبار فرمان و کۆسرەت ڕەسول و ئازاد هەورامی)). و ئەم هەڤالأنەش بە جێگری ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێران(( حەسەن کوێستانی و عومەر فتاح و حەمە تۆفیق ڕەحیم و د. خەسرەو)). ۹ و ۲۳۲ |
| ۱۹۸٤/۷/۲۰ | سعدی مەهدی صالح هاتە سورداش و داوای کرد وەفدی یەکێتی بچێتە بەغداد بۆ دەسپێکردنەوەی گفتوگۆ.۹ |
| ۱۹۸٤/۷/۲٥ | وەفدی یەکێتی چوونە بەغداد.۹ |
| ۱۹۸٤/۷/۲۸ | کۆبونەوەی هاوبەش لەبارەگای قیادەی قوتری عێراق دەستی پێکرد.۹ |
| ۱۹۸٤/۸/۱٦ | وەفدێکی بالأی یەکێتی چوونە چیای شیرین بۆ بینینی نوێنەرانی مەکتەبی سیاسی شیوعی.۹ |
| ۱۹۸٤/۸/۲٦ | عەلی حەسن مەجید هاتە سورداش.۹ |
| ۱۹۸٤/۹/۳ | عیزەت دوری و عەلی حەسن مەجید وەك نیازپاکی و درێژەدان بە گفتوگۆ هاتنە سەردانی مام جەلال لە سورداش.۹ |
| ۱۹۸٤/۹/۱٥ | لەسەر ڕێگای تاسڵوجە-سلێمانی سەرکردەو فەرماندەی بەتوانای پ.م مولازم سەید کریم و ۲ پێشمەرگە شەهید |

| | |
|---|---|
| | کــرا ســەید کــەریم ئەنــدامی ســەرکردایەتی کۆمەڵــە و لەشۆڕشی ئەیلولیشدا فەرماندەی بەتالیۆن بوو لـە هێـزی ســەفین و لەلایــەن جاشــەکانی حەمــەی حەســۆلەوە لەتاســڵوجە . لەســەر ئــەم ڕووداوە لەلایــەن هــەڤاڵ نەوشــیروانەوە جــاڕی شــەڕکردن درا دژی جاشــەکان هەرچـەندە گفتوگـۆش هـەبوو لەگـەڵ ڕژێمـدا و ژمارەیـەك لەجاش کوژران.١٠و١٤ |
| ١٩٨٤/٩/٢٦ | ڕوودانــی شــەڕی گەزنــە لــەنێوان هێــزی پێــشمەرگە و هێزەکانی ڕژێمدا.٢٣٢ |
| ١٩٨٤/٩/٣٠ | وەفدی یەکێتی لەگەڵ وەفدی حکومەت کۆبونەوە.٩ |
| ١٩٨٤/١٠/٦ | وەفدی یەکێتی صدام حسێنیان بینی.٩ |
| ١٩٨٤/١٠/١٣ | جارێکی تر وەفدەکە لەگەڵ عیزەت دوری و علی حەسن مجید و نعیم حداد دانیشتنەوە.٩ |
| ١٩٨٤/١٠/١٤ | وەفدی یەکێتی بە نائومێدی گەڕانەوە کوردوستان.٩ |
| ١٩٨٤/١١/٣٠ | دامەزراندنی ئالأی شۆڕش.٢٨ |
| ١٩٨٤-١٩٨٦ | گۆڤاری ڕۆشنبیری تایبەت بوو بە کاروباری ڕێکخراوەیی یــەکێتی شۆڕشــگێڕانی کوردوســتان و ١٥ ژمــارەی لێدەرچوو.٤ |

# ســـــاڵـــی

# ١٩٨٥

| | |
|---|---|
| ١٩٨٥ | ناوی ئێزگەی شۆڕشی عێراق گۆڕا بۆ ئێزگەی دەنگی گەلی کوردوستان.٤ |
| ١٩٨٥/١/١٥ | پاش ساڵێك و چل و دوو ڕۆژ یەکێتی لە بەیانێکدا گفتوگۆی لەگەڵ ڕژێمدا ڕاگرت.١٤ |
| ١٩٨٥/١/١٦ | سعدی مەهدی صالح بە هالیکۆپتەر هاتە مەرگە و داوای دەستپێکردنەوەی گفتوگۆی کردەوە لەکوێدا وەستابوو.٩ |
| ١٩٨٥/١/٢٥ | بەپیلانێکی نامەردانە مامە ڕیشە(( نجم الدین شوکر )) ناسراو بە ( رجل الحدیدی ) و ٢ پ.م شەهیدکران بەدەستی جاشەکانی قالە فەرەج و تەحسین شاوەیس لە گوندی قازان بلاخ یان حەسەن ئاوا و بەم کارەش کوردوستان هەموو شڵەژا.١٤ و٨ و٣٧ |
| ١٩٨٥/١/٢٦ | * سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا تۆڵەی مامە ڕیشە بکرێتەوە.٨<br>* هێزەکەی هەڤاڵ محمود سەنگاوی لەتۆڵەی مامە ڕیشەدا ٢٤ خۆفرۆش دەکوژن لەسەر ڕێگەی قادر کەرەم- کەرکوك.٨ |
| ١٩٨٥/٢/١ | *لەدوای شەڕی(( دابان - هەلاج- قەرەتیکە)) ڕژێمی بەعس دیسانەوە ویستی گفتوگۆ لەگەڵ یەکێتیدا |

بکـــات((ســـعدی مەهـــدی صـــاڵح)) لێپرســـراوی ڕێکخستنەکانی باکور و ئەندامی سەرکردایەتی بەعسی نارده لای یەکێتی و تا ٢/٢٣ گفتوگۆ درێژەی هەبوو بەڵام هەمدیـــسان ئـــەم جـــارەش ئـــەنجامی نـــەبوو و دەسکرایەوەبەشەڕ.١٤

*کۆمیتەی مەڵبەندی هەولێر بڕیاریدا هێرش بکرێتە سەر گوندە بەعارەبکراوەکانی ناوچەی هەولێر.١٤

* نیوەشـــەو تیپـــەکانی ٨٥ بەڕانـــەتی و ٨٦ی دەشـــتی هـــەولێر و ٨٧ی قەرەچـــووغ. هێرشـــیان کـــردە ســـەر گوندنشینە عارەبەکان لەناوچەی هەولێرو شارۆچکەی(( ڕێـدار ))و گونـدەکانی(( دەربەنـدی گـۆم و گـورزەیی )) لەئەنجامدا زۆر لەپیاو و ژن و منداڵی عارەبەکان کوژران و لەناوچەکە دەرپەڕێنران.١٤

١٩٨٥/٢/٧ *شەهیدکردنی بەرپرسی دادگای سنورەکە حاکم کمال محمـــود لەگـــەڵ ٢ پ.م لەگونـــدی گۆپتەپـــەی ســـنوری ئاغجەلەر و عەسکەر .١٠

*ڕژێم لەتۆڵەی گوندنشینە عەرەبەکاندا.هێرشی کردە سەر گوندی (( گۆپتەپە)) لەناوچەی ئاغجەلەر. پاش شەڕێکی ١٤ کاتژمێری چەندین پێشمەرگە شەهید کران و گوندەکەش کاولکراو زیانێکی زۆر بەخەڵکی گوندەکە گەیشت.١٤

١٩٨٥/٢/١٥/١٤ کاتـژمێر ٢ نیوەشـەو هێزێکـی گـەورەی یـەکێتی هێرشـی کـردە سـەر ناوچـەکانی (( دابـان هـەلاج –قەرەتیکـە)) ی نزیـك سـلێمانی و ناوچـەکەیان لـەدوژمن پـاکردەوە و چـەندین پێـشمەرگە شـەهید بـوون و دەیـان سـەرباز و جەیـشی شـەعبی و کۆمانـدۆ و کـوژران و زیـاتر لـە ٩٠ دیلـیش هـەبوو. ئـەم شـەڕە بـە داسـتانی دابـان –هـەلاج

| | |
|---|---|
| | ناســرا کــە لــەنێوان شــاخی پیرەمــەگرون و دوکانــدا ڕوویدا.١و١٤ |
| ١٩٨٥/٢/١٥ | کاتـژمێر ٤ی بـەیانی پـەلاماری بارەگـای فـەوجێکی سـوپا درا لە شـەدەڵە لەلایـەن هێزەکانی مەڵبەندی(( ١ و ٢ ))وە و شاخی چەرماوەند پاککرایەوە.٩ |
| ١٩٨٥/٢/١٦ | ناوچەکە کەوتە دەستی یەکێتی.٩ |
| ١٩٨٥/٢/١٨ | سعدی مەهـدی صـاڵح بەبێتـەل قسەی لەگـەڵ مـام جـەلال کرد بۆ شەڕراگرتن.٩ |
| ١٩٨٥/٢/٢٣ | دوای ســـەرنەکەوتنی گفتوگـــۆی یـــەکێتی و ڕژێمـــدا . یــەکێتی هێزێکــی نــاردە ســەر پایــەگا و ســەربازگەکانی ناوچـەی هیرانـی نزیـك شـەقڵاوە. بـەڵام هێـزی پێـشمەرگە نەیان توانی پلانەکە جێبەجێبکەن و کشانەوە دواوە.١٤ |
| ١٩٨٥/٢/٣١ | نەبەردی ه.پ.م لەساتی.١ |
| ١٩٨٥/٣ | لەچـەند جێگەیـەکی جیـاوازی کوردوسـتان ٢٨ چـالاکی پێشمەرگانە ئەنجام درا.٩ |
| ١٩٨٥/٣/٣/٢ | نیوەشــەو هێزێکــی یــەکێتی بەســەرکردایەتی (( شــەهید محمـەد شینە و بـەکرە قیـت )) هێرشیان کـردە سـەر دوو پایـەگای جەیـشی شـەعبی ڕژێـم لەگونـدی(( بـەرزەواری ))شارۆچـکەی کەنـدیناوە بەماوەیـەکی کـەم هـەردووکیان گیران و ١١ کلاشینکۆفیان دەسکەوتبوو.١٤ |
| ١٩٨٥/٣/٧ | هێزێکـی گـەورەی ٣ هـەزار کەسـی ڕژێـم هێـرش دەکەنـە ســەر ناوچــەی ســنوری تیپــی ٨٦ ی دەشــتی هــەولێر بەپــشتیوانی تانــك و فڕۆکــە .دوژمــن بــێ بەزەییانــە دەکەوتنــە گیــانی هاوڵاتیــان گوندەکانــەوە و زۆریــان شـــەهیدکردن و چـــەندین خانوبـــەرەیان ڕووخانـــد و لەهــەردوو گونــدی(( ئازیانــە و قەشــقە)) و هێزێکــی پێـشمەرگە کەلـە ٢٢ پێـشمەرگە پێـك هـاتبون ڕێگـەیان |

پێدەگرن و ڕێگەنادەن زیاتر بێنە پێشەوە و لە ئەنجامدا ٢ پێشمەرگە شەهید دەبن.١٤

١٩٨٥/٣/٨ ڕژێم لەتۆڵەی دوێنێدا هێزێکی بەرفراوانی تر دەکاتە سەر گوندەکانی (( ئازیانە و قەشقە وجل بەسەر ))و لە ئەنجامدا هەرسێ گوندەکەی سووتاند و ٤٣ کەسیشی شەهید کرد و ٧ پێشمەرگەش شەهید بوون.١٤

١٤-١٩٨٥/٣/١٦ لەبەر هێرشە دڕندانەکانی ڕژێم. نزیکەی ٥٠ گوندی دەشتی هەولێر چۆڵیان کرد و ڕوویان کردە ناو شاری هەولێر.١٤

١٩٨٥/٣/١٩/١٨ نەبەردە فراوانەکەی کەرکوك,قەرەهەنجیر ,شوان ,بانی مەقان.١

١٩٨٥/٣/٣١ جارێکی تر لەدوای ١٩٧٩/١٠/١ وە موعەمەر قەزافی هەڵوێستی مەردانە و پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی کوردو مەسەلەکەی دووپات کردەوە.١

١٩٨٥/٤ * هەڤاڵ مەلا بەختیار کەوتبوە جموجۆڵ بۆ پێکەوەنانی ڕێکخستنێکی نوێ بەناوی ئالأی شۆڕشەوە.٨

* هێزێکی پێشمەرگە لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ هێرشیان کردە سەر سەیتەرەی نێوان هەولێر و کەرکوك و توانیان چەند ئەمنێك بکوژن و ٤ کلاْشینکۆفیش دەسکەوتیان بوو.٢٣٢

١٩٨٥/٤/٤/٣ نیوەشەو هێزەکانی مەڵبەندی ٤ هێرشیان کردە سەر پایەگاکانی سەر جادەی گشتی هەولێر-کۆیە و پاش شەڕێکی گەورە ٤ پایەگا و ٣٠ پارچە چەکی هەمە جۆریان گرت و ٣ پێشمەرگەش شەهید بوون.١٤

١٩٨٥/٤/٢١ هێزێکی گەورەی ڕژێم هێرشی کردە سەر گوندی (( کەپەنەك ڕەش )) ی ناوچەی قەرەچووغی هەولێر. پێشمەرگەکانی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی و ٨٧ ی قەرەچوغ

کەوتنە شەڕێکی نابەرامبەوە لەگەڵیاندا و لە ئەنجامدا ٨ پێشمەرگە شەهید بوون.١٤

١٩٨٥/٤/٢٨ لەشەڕێکدا لەنێوان هێزێکی یەکێتی و هێزێکی ڕژێمدا لەسەر جادەی کفری – دووز – بغداد نزیك سلێمان بەگ بەڕێوەبەری ئەمنی دووز کوژرا لەگەڵ ١٨ جەیشی شەعبیدا.٨

١٩٨٥/٤/٣٠ * شەڕێکی قورس لەنێوان سوپای ڕژێم بەسەرکردایەتی بارق عبدالله و هێزێکی یەکێتیدا ڕوویدا لە نەوجول و دووز و زینانە.٨

* کاتژمێر ٤٥ر١٠ ی پێشنیوەڕۆ لەلایەن دووکەرتی تیپی ٥٧ سەگرمە و دووکەرتی تیپی ٥١ ی گەرمیان داستانی زینانەی گەرمیانیان تۆمار کرد لەناوچەی (( داوێ )). کە تیایدا ٣٠٠ سەرباز کوژران و برینداربوونی ٢٠٠ سەربازی تر و تێکشکانی چەند دەبابەیەك و تێکدانی کۆپتەر و کەوتنە خوارەوەی و ٤ پ.م شەهید بوون.١

١٩٨٥/٥ ڕوودانی شەڕی براکوژی لەسەر چیای باواجی کۆیە کە مەفرەزەیەکی یەکێتی دەکەونە بۆسەیەکی شیوعیەوە و لە ئەنجامدا ٣ پێشمەرگەی یەکێتی دەکوژرێن.١٤

١٩٨٥/٥/٧ هێزێکی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر پایەگاکانی جادەی گوێر–هەولێر(( شەمامەر))لەئەنجامدا دوژمن شکاو ژمارەیەك کوژراویان هەبوو. دەسکەوت ٢٠ کلاشینکۆف و ٣ ئاڕ بیجی بوو.١٤

١٩٨٥/٥/٨ هێزێکی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر جادەی هەولێر– کەرکوك لەئەنجامدا ٢ پایەگایان گرت و چەند جەیشی شەعبیەکیان کوشت.١٤

١٩٨٥/٥/١٣ دوژمن هێرشێکی گەورەی کردە سەر سنوری تیپی ٨٦ ی دەشتی هەولێر و لە کاتژمێر ٣ ی پاشنیوەڕۆ لەگوندی

سماقە بوە شەڕ دوای بەرەنگاریەکی دلێرانە تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو لە ئەنجامدا ١ پێشمەرگە شەهید بوو.١٤

١٥-١٩٨٥/٥/٢٥ پێشکەشکردنی شانۆگەری (( دابان )) لەلایەن تیپێکی هونەری منداڵانی هەڵەدنەوە پێشکەشکرا لەزۆرترین گوندەکانی دۆڵی جافایەتیدا.١

١٩٨٥/٥/٢٥ شەڕ لە نێوان سوپای ڕژێم و هێزێکی یەکێتیدا لەشاخی سەگرمە ڕوویدا.٨

ناوەڕاستی ١٩٨٥ * بنکەی سەرکردایەتی چووە یاغسەمەر و بەرگەڵوو تاڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ لەوێ مایەوە.٢٣٢

* جێگاکانی سەرکردایەتی (( بناری قەندیل ,خواکوڕك , نۆکان ,باڵەییان,دۆڵەنێ ,دەراوی گورگان ,دەراوی گوێزێ ,خڕی ناوزەنگ ,باوەزێ ,خەتێ ,سورداش ,مەرگە ,جافەتی ,دیسان قاسمەڕەش و زەڵێ )).٢٣٢

١٩٨٥/٦/٢ ڕوودانی شەڕی براکوژی لەگوندی (( ئیلینجاغ)) ی ناوچەی هەولێر لەنێوان پێشمەرگەکانی شیوعی و یەکێتیدا کە چەند پێشمەرگە لەهەردوولا دەکوژرێن.١٤

١٩٨٥/٦/٣ ڕوودانی شەڕی براکوژی لەنزیك گوندی(( کانی گوند))ی کۆیە لەنێوان شیوعی و یەکێتیدا لەئەنجامدا ٢ پێشمەرگەی یەکێتی بەدیل گیران و کوشتنیان و گاڵتەشیان بە لاشەکانیان کرد.١٤

١٩٨٥/٦/٩ ڕژێم بەهێرشی فڕۆکە لە ئۆردوگای زێوەی ناوچەی بادینانی دا و ٢٠٠ کەسی تیادا شەهیدو بریندار کرد.١

١٩٨٥/٦/٢٠ حیزبی سۆسیالیستی فەڕەنسا داوەتی هەڤاڵ مام جەلالی کرد بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی ساڵانەی حیزبەکەیدا.٣

١٩٨٥/٧/٣/٢ نەبەردی دەست بەسەراگرتنی فەوجی ئاکۆییان و ڕەبیەکانی دەوروبەری.١

| | |
|---|---|
| ١٩٨٥/٧/٢ | شەڕێکی قورس لەنێوان هێزەکانی ڕژێم و هێزێکی یەکێتیدا ڕوویدا لەدۆڵە ڕەقە.٨ |
| ١٩٨٥/٨ | لەبۆسەیەکدا لەکانی شیرینەکەی قادر کەرەمدا بۆ هێزێکی ڕژێم ١٢ کەس کوژرا.٨ |
| ١٩٨٥/٩ | گیرانی ٢٠٠ مێردمندالْ لەشاری سلێمانی کە تەمەنیان لەنێوان ١٠-١٤ساڵیدا بوون.١٤ |
| ١٩٨٥/٩/٢ | هێزێکی یەکێتی هێرشی کردە سەر کۆنتڕۆڵی هەولێر-مەخمور و کارگەی قیری هەولێر و جادەی هەولێر -مەخمور. دوژمنیان شکاند و ١١٧ پیاوی ئەمن و موخابەرات و جەیشی شەعبیان کوشت و ئەم چالاکیە حکومەتی هەژاند و هەربۆیە ٤٠٠ ئەمنی نوێیان هێنایە هەولێر لە بەغداوە و بەڕێوەبەری ئەمنی کوردوستانیشیان گۆڕی بە (( عبدالرحمن الدوری ))١٤ |
| ١٩٨٥/٩/٥ | گرتنی سەیتەرەی کەرکوك لەلایەن ه.پ.م.١ |
| ١٩٨٥/٩/٢٠ | ئەنجامدانی چالاکیەکی گەورە لە نێوان شاری هەولێر و مەخموردا.١ |
| ١٩٨٥/١٠ | هەڤاڵ مەلا بەختیار بانگکرا بۆ سەرکردایەتی دەربارەی جموجۆڵ و هەوڵەکانی بۆ پێکەوەنانی ڕێکخستنێکی نویْ.٨ |
| ١٩٨٥/١٠/١ | * هەڤاڵ مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە داوای لە یەکێتی کرد کە جیاببێتەوە و بەناوی (( ئالأی شۆڕشەوە )) وە کاربکات.١٤<br>* ڕاپۆرتی ئەمنستی لەلەندەن کە لە ١٩٨٥/٣/١٤دا بلأوکراوەتەوە ئاماژە بەوە دەدات کە ٣٠٠ گەنجی کورد لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە لە سێدارە دراون لە شاری سلێمانی کە تەمەنیان لە نێوان ١٧-٢٣ سالأندا بووە.٢٣١ |
| ١٩٨٥/١٠/٣ | ڕژێم ناوگردانی تێکدا.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٥/١٠/١٧ | ئەنجامــدانی(( منــع التجــول )) لەشــاری ســلێمانی کــە چەندەها کەسی بێتاوان گیران.١ |
| ١٩٨٥/١٠/١٨ | بەبەشداری عـەلی حەسن مەجید(( کیمیـاوی )) ژمارەیـەك لەو گیراوانەیان لەلای حەمامی نالی لەسلێمانی گولە باران کرد.١ |
| ١٩٨٥/١٠/٢٧ | فڕۆکـەکانی ڕژێـم هێرشـیان کـرد بـۆ سـەر سمـاقوڵی کـە تیایدا هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول بریندار بوو.٢٣٢ |
| ١٩٨٥/١٠/٢٨/٢٧ | هێزێکی یەکێتی هێرشیان کردە سەر گوندەکانی (( زاگـە و شەمـشولە و مـشار )) کـە جـاش بـوون و لـە کاتــژمێر ٤٥ر٨ ی شـەو دەسکرا بـە شـەڕ ولـە ئەنجامـدا ١٢ جـاش کوژران و ١٥ –٢٠پارچە چەکیش دەسکەوت بوو.١٤ |
| ١٩٨٥/١١/٢ | هــەڤاڵ جبــار فــەرمان و کــاك ســامان و دەســتەیەك لــە پێـشمەرگەکانی مەڵبەنـد چـوونە سـەر بارەگاکـەی هـەڤاڵ مـەلا بـەختیار لـە تەکیـەی ناوچـەی قـەرەداغ و بەئاسـانی دەسگیرکرا.٨ |
| ١٩٨٥/١١/١٥ | ڕژێم منع التجول لەشاری کەرکوکدا ئەنجامدا.١ |
| ١٩٨٥/١١/٢٩-٢٦ | وەفـدی یــەکێتی بەشــداری کۆنفرانــسی میلــەتانی بــێ دەوڵەتی کرد.١ |
| ١٩٨٥/١٢/٢/١ | هێزێکــی یــەکێتی بەســەر پەرشــتی محمــود گــەرمیانی هێـرش دەکاتـە سـەر ڕەبایەیـەکی سـەرجادەی تـازە دێـی ڕێگای کەلار –باوەنوور.٨ |
| ١٩٨٥/١٢/١٣-١٠ | پلینـۆمی کۆمەڵـە لەگونـدی بەرگـەڵوو بەسـرا بەبەشـداری ٦٠ ئەنــدامی ســەرکردایەتی و جێگرەکانیــان وکــادرە پێشکەوتوەکانی کۆمەڵە.ئەم پلینۆمە بەهۆی جیابونەوەی هەڤاڵ مەلا بەختیارەوە بەسرا و بەزۆرینەی دەنگ بڕیـاری کوشتنیاندا جگە لە (( عبدالله تۆفیق)) نـەبێت و لـەجیاتی ئـەو هــەڤاڵ حەمــە تۆفیــق بەهەڵبــژاردن کرایــە ئەنـدامی |

سەرکردایەتی کۆمەڵە. دواتر ڕاگەیەنرا کە ئەگەر هەڤاڵ مەلا بەختیار دان بەهەڵەکانیدا بنێت و پەشیمان بێتەوە ئەوا بڕیاری کوشتنەکەی بۆ دەگۆڕدرێت بۆ بەندکردن, هەربۆیە دوای پلینۆمەکە هەڤاڵ مەلا بەختیار داوای بینینی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفای کرد و لە ئەنجامدا دانی بەهەڵەکانیدا نا و تاناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ لەزینداندا مایەوە و دواتر ئازاد کرا لە دوای کۆبونەوەی کادرانی کۆمەڵە بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال.١٤و٢٣٢

| | |
|---|---|
| ١٩٨٥/١٢/١١ | ڕژێم هێرشی کردە سەر گمۆی چوارتا.٩ |
| ١٩٨٥/١٢/١٢ | دامەزراندنی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردوستان بەسەرۆکایەتی قادر عزیز.٢٨ |
| ١٩٨٥/١٢/١٣ | گیرانی گوندی زیارەت لەناوچەی سماقوڵی لەلایەن ڕژێمەوە کەزیانێکی زۆر بەجوتیارانی ئەو ناوچەیە گەیشت و چەند پێشمەرگەیەکیش شەهیدکران.١٤ |
| ١٩٨٥/١٢/١٥ | ڕژێم هێرشی کردە سەر سماقوڵی شەقلاوە.٩ |
| ١٩٨٥/١٢/٢٦ | هێرش بۆسەر سەید جەژنی و فەتاح هۆمەر و هۆمەربلی کفری.٩ |
| ١٩٨٥/١٢/٣٠ | هێرش بۆسەر گۆیان و سەید خەلیلی کەلار.٩ |
| ١٩٨٥/١٢/٣١ | کاتژمێر ١٢ شەو بارەگاکانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە بەرگەڵوو تۆپباران کرا.٩ |
| کۆتایی ١٩٨٥ | ڕێکەوتنی نێوانی یەکێتی و بەرەی جود ئەنجامدرا.١٩ |

# ســـــــاڵـــــــی

# ١٩٨٦

| | |
|---|---|
| ١٩٨٦ | * شەڕەکانی گرتنی ناحیەی سەنگاو.١١<br>* ڕێکەوتنی یەکێتی لەگەڵ بەرەی جوود(( پارتی و شیوعی و حسك))بۆئەوەی بگەڕێنەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی .٤ |
| ١٩٨٦/١/٦ | هێزێکی گەورەی ٧هەزار کەسی سوپاو تانك و فڕۆکەی ڕژێم هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی مەڵبەندی ٤ و گوندەکانی (( سماقوڵی گرتك وکرۆژ و سێنان و سماقوڵی و چەلی و سەروچاوە و سوسێ و زیارەت و حاجی ئەحمەد و عەلیاوە و...هتد.))لەلایەن ڕژێمەوە سوتێنران و ٩ پێشمەرگە شەهید بوون.١٤ |
| ١٩٨٦/١/٨ | کۆچی دوایی سەرۆکی فەڕەنسای پێشووتر فرانسوامیتران کە دۆستی گەل و مەسەلەی کورد بوو.٢٨ |
| ١٩٨٦/١/١١ | دەرچوونی بڕیاری ژمارە /٤٢ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ پێدانی پارچە زەوی و کارئاسانی بۆ عەرەبە هاوردەکان بۆ شاری کەرکوك بەمەبەستی تەعریبکردنی شاری کەرکوك.١٢ |
| ١٩٨٦/٢/١ | کوژرانی ٢ ئەفسەری پلە بەرزی ڕژێم لەبەردەم بارەگای فەیلەقی ٥ی ڕێگای هەولێر-موصڵ لەلایەن ٢ پێشمەرگەوە ئەوانیش(( سەردار سەعید صۆفی و شێرزاد جلال )) وە بوو.کە ئۆتۆمبێلەکەیان و جانتا دیپلۆماسیەکانیشیان برد.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٦/٢/٢٢-٢/١٦ | ڕژێم هەموو هەیئەتی ڕێکخراوی هەولێری بەگرتنی ماموٚستا خدر عبدالرحمن تەواوکرد.٤ |
| ٧و١٩٨٦/٣/٨ | مام جەلال و ئیدریس بارزانی لەئێران کۆبونەو و ڕێکەوتنی ئاشتیان ئیمزاکرد.١٢ |
| ١٩٨٦/٣/٩ | گرتنی ناحیەی سەنگاو لەلایەن تیپەکانی ٥١ و٥٣ و ٥٧ و ١٥ و ١٧ و تیپی مەڵبەندی یەك.٨ |
| ١٩٨٦/٣/١٩ | کاتژمێر ١٥ر٨ دەقیقەی بەیانی ٣ پێشمەرگە بەناوی (( سەردار سعید صوٚفی و ئەیوب و بەختیار )) تەقەیان لە خۆفرۆش(( ئیبراهیبم زەنگەنەی)) پارێزگاری هەولێر کرد و برینداریان کرد.١٤ |
| ١٩٨٦/٤ | هێزێکی یەکێتی هێرشیان کردە سەر هەردوو گەڕەکی(( ماجیداوا و لەتیفاوا)) ی شاری هەولێر بۆ لێدانی جاشەکان و لە ئەنجامدا ٩ چەکیان دەسکەوت.١٤ |
| ١٩٨٦/٤/٢ | یەکێتی پرسەنامەی نارد بۆ حکومەت و گەلی سوید بەبۆنەی تیرۆرکردنی(( ئۆلف پالْمەی )) سەرۆك وەزیران.١ |
| ١٩٨٦/٤/٩ | پیاوەکانی ڕژێم لەناوشاری سلێمانیدا ٦ هاوڵاتیان گولە باران کرد.١ |
| ١٩٨٦/٤/٢٤-١٨ | وەفدێکی حسك سەردانی یاخسەمەریان کرد بەمەبەستی ئاشتبونەوە و ڕێکەوتنێك لەگەڵ یەکێتیدا ئیمزاکرا.٩ |
| ١٩٨٦/٤/٢١ | کاتژمێر ٣٠ر١١ی سەرلەبەیانی ڕژێم بە دوو فڕۆکەی کۆپتەر پەلاماری گوندەکانی هەنجیرە و تۆربەیانداو ١١ هاوڵاتی شەهید کرد.١ |
| هاوینی ١٩٨٦ | شەڕی لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوك–جەبەل بۆر.١١ |
| ١٩٨٦/٥/١٢-١٠ | وەفدێکی پاسۆك سەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیان کرد لە یاخسەمەر بۆ گفتوگۆی دووقۆڵی و ڕێکەوتن. بەم شێوەیە ڕێکەوتنامەیەك ئیمزاکرا.٩ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٦/٥/١٢ | ڕژێم پەلاماری گوندی بیەڕەشکەی دەشتی شارەزووریداو ٣کەسی بەتەمەنی شەهیدکرد.١ |
| ١٩٨٦/٥/١٣/١٢ | نەبەردی گوندی نەبییاوە.١ |
| ١٩٨٦/٥/١٤ | نوێنەری یەکێتی بەشداری لە ٤٢ هەمین کۆنفرانسی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکانی کرد.١ |
| ١٩٨٦/٥/٢٦ | لەکۆمەڵگای بنگردی سلێمانی جەماوەر ڕاپەڕین و ڕژێمیش ئۆردوگاکە و تێکڕای هەموو دانیشتوانەکەی ڕاگواستن بۆ دوکان و ٦٠ گوندی سووتاندن.٢٨ |
| ١٩٨٦/٦ | * مەلا ئەحمەدی بانیخێڵان هاتە یاخسەمەر بەنوێنەرایەتی حیزبی شیوعی. هەردوولا ڕێکەوتنێکیان ئیمزاکرد, بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەنێوان سەرکردایەتیاندا شیوعی ڕێکەوتنەکەیان دواخست بۆ دوای بەرەی جود و دواتر لەسوریا لەگەڵ د.فؤاد معصوم ڕێکەوتنەکەیان ئیمزاکرد.٩<br>* ڕوودانی شەڕی براکوژی لەنێوان پێشمەرگەکانی یەکێتی و شیوعی و پارتیدا لەناوچەی کەندیناوا و ٧ پێشمەرگەی شیوعی و پارتی کوژران.١٤ |
| ١٩٨٦/٦/٨/٧ | مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی تیپی ٥٥ ی قەرەداغ بەسەرپەرشتی جێگری تیپ هەژار دەرەویانی چوونە ناو شاری سلێمانی بۆ دەسگیر کردنی چەند خۆفرۆشێك بەڵام ئاشکرا دەبن و هەژار و ٤ پێشمەرگە شەهید دەبن و ٤ پێشمەرگەش دەرباز دەبن.٨ |
| ١٩٨٦/٦/١٠/٩ | هەڤاڵ مەلا بەختیار هەوڵی ڕاکردنی دابوو لە زیندانی یاخسەمەر.٨ |
| ١٩٨٦/٦/٢٠ | ڕژێم گوندی تەگەرانی سەر ڕێگای سلێمانی قەڵاچوالانی تەخت کرد.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٦/٧/٤ | لەکاتژمێر ٤٠ر٦ دەقیقەی ئێوارە فەرماندەی تیپی ٩٣ ی کۆیە(( فەقێ عوسمان گۆمە شینی ))شەهید کرا.١٤ |
| ١١-١٩٨٦/٧/١٣ | وەفدێکی تری حسك بەسەرۆکایەتی ڕەسول مامەند سەردانی یەکێتیان کرد بەمەبەستی پتەوکردنی ڕێکەوتنامەی پێشتر.٩ |
| ١٩٨٦/٧/١٧ | تیپی ٥٥ی قەرەداغ لەیادی چلەی هەژار دەرەویانی و هاوڕێکانیدا پەلاماری فەوجی دەمرکانیدا و تەفروتونایان کرد.٨ |
| ١٩٨٦/٧/١٩ | ڕژێم گوندی تەپی سەفای شارەزووری تەخت کرد.١ |
| ١٩٨٦/٨/٧ | ڕژێم بەفڕۆکە هێرشی کردە سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی و زیاتر لە ١٠ کەس لەژن و منداڵ و پیری شەهید کرد.١ |
| ١٩٨٦/٨/٩ | هێزی پێشمنەرگە لەناو شاری کەرکوك کۆمەڵێك پسپۆڕی( هۆڵەندیان )) دەسگیرکرد.١ |
| پایزی ١٩٨٦ | شەڕی گرتنی مەعەسکەری قادرکەرەم دژی سوپای عێراقی.١١ |
| ١٩٨٦/٩/١ | هێرشی ڕژێم دەستی پێکرد کە بەداستانی قەیوان – ماوەت ناسراوە.٨ |
| ١٩٨٦/٩/٢ | هێزیی پێشمەرگە توانیان لە پەلامارێکدا شارۆچکەی کارێزە لەشارباژێڕ ڕزگار بکەن.١ |
| ١٩٨٦/٩/١١ | هێرشی ڕژێم بۆ سەر ناوچەکانی(( سارتکە و کەڵکە سماق و قۆپی شەیتان)) لەناوچەی دۆڵی خەلەکان. هێزی پێشمەرگە ڕێگەیان پێگرتن و ئەو شەڕە ٥٥٢ کاتژمێری خایاند و لە ئەنجامدا دوژمن شکاو ژمارەیەکی زۆریشی لێکوژرا و چەند پێشمەرگەیکیش شەهید بوون.١٤ |
| ١٩٨٦/٩/١٩ | هێزێکی هاوبەشی یەکێتی و حسك هەڵیانکوتایە سەر بنکە و بارەگاسەربازیەکانی ناحیەی قادر کەرەم.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٦/٩/٢٥ | چل پیشمەرگەی یەکێتی و ٢٠ پێشمەرگەی شیوعی پەلاماری کاروانێکی سەربازی ڕژێمیاندا لەکانیە شیرینەکەی قادرکەرەم.٨ |
| ١٩٨٦/١٠ | ئێران دەعوەتی مام جەلالیان کرد بۆ سەردانی ئێران.٩ |
| ١٩٨٦/١٠/١ | گولە باران کردنی ٢٣ هاولاّتی لەشەقامەکانی سلێمانیدا.٢٨ |
| ١٩٨٦/١٠/١٠ | چالاکیەکی گەورە ئەنجامدرا لەلایەن هێزی پێشمەرگەی تیپی ٢٥ ی خالّخالاّن و ٥٧ی سەگرمە بەهاوکاری پسپۆڕی ئێرانی,بۆ لێدانی بیرە نەوتەکانی زەمبوور بۆ ماوەی ١ کاتژمێر. لەلایەکی تریشەوە تۆپبارانی خەستی جەبەل بۆر و کەیوان کرا و بەهەمان شێوەش بارەگاکانی فەیلەق و ئیستیخبارات و حیزبی بەعس و فڕۆکەخانەش تۆپباران کران.ئەم چالاکیە بەداستانی کەرکوك ناسرا و ڕژێم زۆر شپرزە بوو.٨ و٩ |
| ١٩٨٦/١٠/٢٢ | * لەتۆلّەی هێرشەکانی یەکێتی و ئێرانیەکان بۆسەر بیرە نەوتەکانی کەرکوك. ڕژێم پەلاماری گوندەکانی (( قەشقە و کانی سلّێمانە و خوڕخوڕ و ساترك و ئاومالّ و شەیتان و سێکانی و سێگردکان و ئۆمەر گومبەت و بەردەسپی و نێرە گێن)) داو پێشمەرگەکانی یەکێتی و شیوعی لێیان هتنە دەست و چەندین کەسیان لێکوشتن.١٤<br>* لەهەمان کاتدا هێزێکی تری ڕژێم هێرشی کردە سەر گوندی(( ئیلینجاغ )) و پێشمەرگەی یەکێتی بەرەنگاریان بونەوەو زیانێکی گەورەیان لێدان و ٦ پێشمەرگە شەهیدبوون.١٤ |
| ١٩٨٦/١٠/٢٣ | بەهۆی هێرشەکانی ڕۆژی ١٠/٢٢وە ڕژێم هەردوو گوندی(( نێرەگێن و ئیلینجاغ)) ی تەخت کرد.١٤ |

| | |
|---|---|
| ٧و١٩٨٦/١١/٨ | کۆبونـــەوەی هـــەڤاڵ مـــام جـــەلال و ئیـــدریس بـــارزانی بەمەبەســـتی چارەســـەرکردنی کێـــشەکان و هاوکـــاری نێوانیان.٢٨ |
| ١٩٨٦/١١/٢٣ | مام جەلال لە ئێران گەڕایەوە.٩ |
| ١٩٨٦/١١/٢٦ | ڕژێـم بەکۆپتـەر لەسـەرترۆپکی شـاخی گۆجـاڕ دابـەزی و کەل و پەل و کەرەسەی ڕەبایەیەکی دانا.٨ |
| ١٩٨٦/١١/٢٧ | وەفدێکی یەکێتی بەڕێکەوتن بەرەو تاران.٩ |
| ١٩٨٦/١٢/١ | وەفـدێکی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی سـەردانی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی لـەدۆڵی جافایـەتی دەکات و چاویان بـە هەڤاڵ مام جەلال کەوت.٢٨ |
| ١٩٨٦/١٢/٣ | ڕژێم هێرشێکی بەربلاْوکردە سەر هێزی پێشمەرگە.٨ |
| ١٩٨٦/١٢/٤ | هێزیپێشمەرگە لەناوچەی شاخی برزوت و بالۆسە شکاو پاشەکـشەی کـرد بـۆ لای گەلاْلـەْ لەبەرامبـەر هێرشـێکی نابەرامبـەری ڕژێمـدا.لەبەرامبـەر ئـەم شکـستەی هێـزی پیـشمەرگەدا هـەڤاڵ مـام جـەلال فـەرمانی لـە سـێدارەدانی هـــەڤاڵ محمـــود ســـەنگاویدا بـــەبیانوی ئـــەوەی ئۆبـــاڵی شکستەکە لە ئەستۆی ئەودا بووە, بەلاْم دواتر بڕیارەکە گۆڕا بە تەجمیدکرنی بۆ ماوەی ٣ مانگ.٨ |
| ١٩٨٦/١٢/١٣ | دەرکردنـــی زیـــاتر لـــە ١٤٠٠ خوێنـــدکار لـــەزانکۆ و پـەیمانگاکانی موصـڵ بـەبیانوی نەچـونیان بـۆ مەشـقی هاوینە.١٤ |
| ١٩٨٦/١٢/٢٠ | بەتەواوی کۆنتڕۆڵی شارۆچکەی سەنگاو کراو لەهـەموو هێز و دەسەلاْتێکی ڕژێم پاك کرایەوە.١ |
| ٢٤-١٩٨٦/١٢/٢٦ | لـــەتاران کۆنگرەیـــەکی فراوانـــی هێـــزە جیاجیاکـــانی ئۆپۆزســـیۆنی عێراقـــی ســـازدرا و وەفـــدی یـــەکێتی بەشداریان تیادا کرد.٩ |

١٩٨٦/١٢/٢٦ هێزێكـی یـەكێتی هێرشـیان كـردە سـەر شارۆچـكەی ئاغجەلەر بەڵام نەیانتوانی بەتەواوەتی كۆنترۆڵی بكەن و كشانەوە.١٤

١٩٨٦/١٢/٢٨ * كۆمـەڵێك چـەكداری ڕژێـم پەیوەنـدیان بـە هێـزی پێـشمەرگەوە كـرد.لەبەرئەوەیئامادەنـەبوون هاوكـاری بكەن لە وێرانكردنی گوندەكاندا.١

* ڕۆژی كۆتایهـاتنی داسـتانی قـەیوان –مـاوەت بـوو كـە ١٠٢ ڕۆژی خایاند.٣

# ســـــاڵـــــی
# ١٩٨٧

١٩٨٧ ڕژێم ناوچە و گوندەکانی دۆڵی جافەتی و دۆڵی بالیسان و دۆڵە ڕەقە و باڵەکایەتی و ناوچەی بادینانی بەچەکی کیمیاوی بۆردومان کرد.٨

١٩٨٧/١ هەڤاڵ قادری حاجی علی وەك لێپرسراوی مەڵبەندی یەك دانرا.٨

١٩٨٧/١/١ لەسێدارەدانی ٤٠ منداڵی بێتاوانی خەڵکی شاری سلێمانی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە.٢٨

٢١و١٩٨٧/١/٢٢ ڕژێم هێرشێکی کردە سەر چیای کەڵکە سماق و پشتی کانی سوور و ئیللەلاێ ناوچەی دوکان و داگیریان کرد و لەبەرامبەریشدا هێزی پێشمەرگە دژە هێرشێکیانکردو گرتیانەوە و دەیان پارچە چەك و تانکێکیان دەسکەوت و دەیان سەربازیشیان کوشت وتەنها ٢ پێشمەرگە شەهید بوون بەڵام بەبێ بەرنامە جێگەکانیان چۆڵکرد و گەڕانەوە بۆ گۆپتەپە و ڕژێم بەئاسانی هەموو جێگەکانی گرتەوە.١٤و٢٣٢

١٩٨٧/١/٢٣ هەڤاڵ مام جەلال بروسکەی پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێدا و وایدەزانی پێشمەرگە لەسەر شاخ ماونەتەوە. دوای ئاگادارکردنەوەی لە پاشەکشەی پێشمەرگە بەبروسکە هەردوو هەڤاڵان مام ڕۆستەمی لە ئەندامی مەڵبەند خست و ڕابەری سەید برایمیشی لە فەرماندەی تیپی ٩٣ ی کۆیە لابرد.٢٣٢

١٩٨٧/١/٢٧ لەکاتژمێر ١ی شەو داستانی گرتنی سەری ڕەش لەلایەن هێزی پێشمەرگە
( تیپەکانی ٨٥ و٨٦ و٩١ ) بەسەرپەرشتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسولەوە ئەنجامدرا.هەموو ڕەبایە و سریەکان

گیران لەگەڵ ١٠٠ دیل و ١٠ کوژراو و باری ٢٠ ولاخ چەك و تەقەمەنی و ١٤پێشمەرگەش شەهیدبوون.١ و١٤

١٩٨٧/١/٣١ ئیدریس بارزانی لە شارۆچکەی(( سلیڤانی )) سەر بەناوچەی پارێزگای ورمێ لە ئێران کۆچی دوای کرد.١٢

١٩٨٧/٢/١١/١٠ هێزەکانی مەڵبەندی ٣ بەهاوکاری سوپای ئێرانی هێرشیان کردە سەر چیای کۆڕەك و فەوجەکانی ئاکۆیان و پایەگاکانی دەوروبەری کە زۆربەیان گیران و هێزەکانی ئێران وەکو پێویست یارمەتی پێشمەرگەیان نەدا.بەلاًم بۆ بەیانیەکەی ٢/١٢ لە ڕادیۆی تارانەوە چالاکیەکە بەناوی سوپای ئێرانەوە بلأوکرایەوە.١٤

١٩٨٧/٣/٤/٣ هێزەکانی یەکێتی لە چەندین لاوە هێرشیان کردە سەر بارەگای سریەی جەیشی شەعبی و پایەگاکانی دەوروبەری نێوان قوشتەپە و پردێی نێوان هەولێر و کەرکوك و لە ئەنجامدا چەندین پایەگا گیران و دەیان لاشەی جەیشی شەعبی لەشەڕگەکەدا بەجێما و دەسکەوت ٨٠ پارچە چەك بوو. بەلاًم(( ڕەوەند)) جێگری فەرماندەی کەرت شەهید بوو.١٤

١٩٨٧/٣/٢١/٢٠ نەبەردی قەرەهەنجیر.١

١٩٨٧/٣/٢٢ لەناوچەی هەولێر ١٢ کۆپتەر و ٤ فڕۆکەی پیلاتۆز هێرشیان کردە سەر هێزێکی یەکێتی لە ئەنجامدا ١ پێشمەرگە شەهید بوو.دوانیشیان بریندار کرد و ٣ ئۆتۆمبێلی پێشمەرگەش سووتا.١٤

١٩٨٧/٣/٢٩ بەپێی بڕیاری ١٦٠ی ڕژێم ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بە ئیمزای صدام حسین علی حەسن مجیدی کردە لێپرسراوی کوردوستان و دەسەلاًتی ڕەهای پێدا.٢٨

١٩٨٧/٤ * لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتیەوە نامەیەك ئاڕاستەی ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کرا بەمەبەستی

ئاگادارکردنەوەیان لەهەڵمەت و هێرش وپەلامارەکانی ڕژێمی عێراق بەچەکی کیمیاوی بۆسەر ناوچەکانیکوردوستان.١
* لەبەیاننامەیەکی هاوبەشی یەکێتی و حیزبی شیوعی عێراقیدا ڕای گشتیان لە ئازار و مەینەتیەکانی کورد تێگەیاند و دژی سیاسەتەکانی ڕەگەزپەرستی ڕژێمی بەعس ئاگاداریاندا.١

١٩٨٧/٩-٤ سەرجەم گوندەکانی سنوری شارەزوور سەر بەناحیەکانی سەیدسادق و عەربەت و زەڕایەن و ئەم بەرو ئەوبەری چەمی تانجەرۆی تەخت کرد.١

١٩٨٧/٤/١ ڕژێم ناوچەی سلێمانی و قەرەداخ و ماوەتی بەگازی کیمیاوی بۆمبارانکرد.١٤

١٩٨٧/٤/٥-٣ پارتی سۆسیالیستی فەڕەنسا لەشاری(( لیل )) کۆنفرانسی بەست و یەکێتیش بۆ ئەو کۆنفرانسە بانگ کرابوو.(( هەڤاڵان نەوشیروان مستەفا و ئەحمەد بامەڕنی )) بەشداریان کرد.٩

١٩٨٧/٤/٩ پەڕلەمانی ئەوروپا نامەیەکی ناڕەزایی ئاڕاستەی ڕژێمی بەعس کرد لەسەرتاوانەکانی دژی گەلی کورد.١

١٩٨٧/٤/١١ چوار فڕۆکە هێرشیان کردە سەر دۆڵی جافایەتی و ٦ هاوڵاتیان شەهید کرد کە ٥ کەسیان ژن و منداڵ بوون.١

١٩٨٧/٤/١٤/١٣ * دانانی هەڤاڵ محمود سەنگاوی بەفەرماندەی تیپی ٥٧ی سەگرمە.٨
* داستانی ڕزگاری لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە و بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلالە وە تۆمارکراکە ٥٠٠٠ پێشمەرگە بەشداریان تیاکرد.کە ١٠٢ڕۆژی خایاند و١١٢ ڕەبایە و ٨ بارەگای فەوج و ٤ بارەگای سریە و ١٨٦ دیل دەستیان بەسەردا گیرا و ٢٤ پ.م شەهید بوون.١و٩

| | |
|---|---|
| ١٩٨٧/٤/١٤ | هێرشی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر لوتکەکانی گۆجاڕ و باغ و خەجەلەرزۆك و کوێرەنگ و قەیوان و ئەزمەڕ و دۆڵی سەفرەو زەروون و دوبراو باڵخ و حەسەن بەگ و ولاغلو و..هتدکەبوە هۆی گیرانی ١١٤ پایەگای دوژمن و چەندین بارەگای سەربازی. لەم شەڕەدا دوژمن گازی ژەهراوی دژی پێشمەرگە بەکار هێنا . دەیان پێشمەرگە شەهید بوون.١٤ |
| ١٩٨٧/٤/١٥ | * ٦ فڕۆکەی ڕژێم هێرشیان کردە سەر گوندەکانی سەرگەڵو ,بەرگەڵو ,هەڵەدن,و گوندەکانی ناوچەی مەرگە و دۆڵی جافایەتی وشێخ وەسانان و تیایدا ٤٠٠ هاولاتی شەهید بوون بەچەکی کیمیاوی کە بۆ یەکەم جار بوو ئەو چەکە بەکاربێ.١و٢٨<br>* هێرشی کیمیاوی بۆ سەر گوندی شێخ وەسانان.١٤ |
| ١٩٨٧/٤/١٦ | بەفڕۆکە کیمیابارانی گوندەکانی (( توتمە و کانی بەرد وبالیسان و زینێ و بلا لوکاوا و بێراوا و شێخ وەسان لەخۆشناوەتی و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی )) کرد.٩ |
| ١٩٨٧/٤/١٨-١٧ | ڕژێم کیمیابارانی گوندەکانی(( قزلەر و سنگر ومێولاکە و خەجە لەرزۆك وقەوالّ و کۆڕەنگ و قولە باخ و چۆخماخ و کۆڵەردی لەسنورەکانی شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی کرد.کە دەیەها شەهید و بریندار لێکەوتەوە.١ |
| ١٩٨٧/٤/١٩ | سنورەکانی دۆڵی بالیسان و شێخ وەسانان بەر کیمیاوی کەوتن.١ |
| ١٩و١٩٨٧/٤/٢٠ | * هێرشی گەورەی ڕژێم بۆ سەر ئەو ناوچانەی کە لە ٤/١٤ لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە ڕزگارکرابوو.بەدەیان کۆپتەر و فڕۆکەی پیلاتۆز هێرشی کردە سەر چیای گۆجاڕ و داگیری کردەوە و لەم شەڕەدا زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگە شەهید بوون.١٤ |

* نەخشەی گرتنی ناحیەی قەرەداغ دارێژرا و لەماوەی ٣ کاتژمێر و نیودا بەتەواوی شارۆچکەکە گیرا.٨

١٩٨٧/٤/٢٠ * ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێم بۆ جارێکی تریش علی حەسەن مەجیدی کردەوە بە لێپرسراوی کوردوستان لەجیاتی محمد حمزە زوبێدی و تەواوی دەسەلأتی سەربازی و ئەمنی و مەدەنی پێدایەوە.٢٨ و٩

* گوندی قزلەر لە دۆڵەڕەەت درایە بەر چەکی کیمیاوی ٢٨.

١٩٨٧/٤/٢١ ڕژێم بەتۆپ و ڕاجیمەی دوور هاوێژ و فڕۆکە کیمیابارنی شارۆچکەی قەرەداغ و گوندەکانی دەوروبەری کرد.١

١٩٨٧/٤/٢٤ هەڤاڵ مام جەلال بروسکەی بۆ هەریەك لە کاك مسعود بارزانی و سامی عبدالرحمن و ڕەسول مەمەند و ئازاد مستەفا کرد بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردوستانی.٣٠

١٩٨٧/٤/٢٨ بەفڕۆکە لە گوندی سەرگەڵوو دراو ٨ هاولأتی شەهید بوون.لەهەمان کاتیشدا بە فڕۆکە کیمیابارانی ئۆردوگای(( زێوی )) ی ئاوارەکانی بادینان کرا.١

١٩٨٧/٥ لەلایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە عێراق تۆمەتبارکراله بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی .١

١٩٨٧/٥/١ ڕژێم ناوچەی خۆشناوەتی کیمیابانکرد.١٤

١٩٨٧/٥/٢ تۆپخانەکانی مەڵبەندی (١ ) لەقەرەداغەوە تۆپبارانی فڕۆکەخانەی ڕژێمی کرد لە تانجەرۆ و ٢ فڕۆکە تێکشکێنرا.١

١٩٨٧/٥/٩ هێزەکانی ڕژێم هێرشیان کردە سەر سنورەکانی باڵەکایەتی و نۆسەك وهەرتەل و وەرتێ.١

١٩٨٧/٥/١٠ * ڕژێم پەلاماری ناوچەی داودەیدا.٨

* ڕژێم هێزێکی سەرباز و جاشی زۆری لەناوچە و سەربازگەکانی(( هەڵەبجە و سەید سادق و سیروان)) کۆکردەوە.١١

١١و١٩٨٧/٥/١٢ ڕژێم دەستی کرد بە ڕاگواستنی ٥٢ گوندی ناوچەی شارەزوور لە عەربەتەوە تا خورماڵ و سیروان و سەید سادق.١١

١٩٨٧/٥/١٢ ڕژێم ٨ هاولاتی سەرگەڵووی لەسەر ڕێگای گشتی سلێمانیدا گولە باران کرد.١

١٩٨٧/٥/١٣/١٢ ڕاپەڕینی جەماوەری لەهەریەکە لە عەربەت وسەید سادق و خورماڵ و سیروان و هەڵەبجە بەرپابوو.٩

٤ –١٩٨٧/٥/١٤ ڕاپەڕین و خۆپیشاندان سەریهەڵدا لە هەڵەبجەی شەهید و خورماڵ وسەیدسادق و کانی پانکە لەدەشتی شارەزوور و هەتا عەربەت.١

١٢–١٩٨٧/٥/١٦ ڕژێم جارێکی تر پەلاماری ناوچەکەی دایەوە لەڕێگای قوڕی چاییەوە.٨

١٩٨٧/٥/١٧ شاری ڕانیە ڕاپەرینی تیادا ئەنجامدرا.١

١٩٨٧/٥/١٨ * هێزێکی ڕژێم پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری کفری و سەرقەلاو هۆمەربلیدا بەمەبەستی ڕاگواستنیان.١

* شکاندنی هێرشی ڕژێم بۆ دۆڵی ئاکۆیان.١

١٩٨٧/٥/١٩ جەماوەری شارۆچکەی ڕەواندوزیش ڕاپەڕین.١

١٩٨٧/٥/٢٠ ڕژێم بۆ یەکەم جار گوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنای شاری سلێمانی تەخت کرد.نوسەر

١٩٨٧/٥/٢٢ ڕژێم بەفڕۆکە کیمیابارتانکردنی گوندەکانی(( مەلەکان و گۆڕەشێر و کندۆڵ و بلێ و بردون و تۆمار و گرگان و قەمەر ))ی کرد.١

| | |
|---|---|
| ٢٥و١٩٨٧/٥/٢٦ | هێزێکی تیپی ٥٥ی قەرەداغ و تیپی مەڵبەند پەلاماری زرگوێز و ڕەبایەی کلاَو گورگیاندا بەسەرپەرشتی هەڤاڵ ئاوات قارەمانی.٨ |
| ١٩٨٧/٥/٢٧/٢٦ | پەلاماری هێزێکی ڕژێم درایەوە و زەبری کوشندەیان لێدرایەوە لەناوچەی زرگوێز.٨ |
| ١٩٨٧/٥/٢٧ | ڕژێم بە فڕۆکە کیمیابارانی گوندەکانی سماقوڵی کردو ٨ هاولاَتی شەهید و٣٢کەسیش بریندار بوون.١ |
| ١٩٨٧/٥/٢٩ | هێزی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی تەقتەق و کۆنترۆڵی شارۆچکەکەیان کرد. ٣٠ جەیشی شەعبی کوژران و هەندێك بەدیلگیران و دەیان جاش کوژران و دەسکەوت ٢ زریپۆش و ١ دۆشکا و نزیکەی ١٠٠ پارچە چەك بوو و ١١ پێشمەرگەش شەهید بوون.١٤ |
| ١٩٨٧/٥/٣٠/٢٩ | هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی ٢ و ٣ پەلاماری ناحیەی تەقتەقیاندا.٨ |
| ١٩٨٧/٦ | هەموو حیزبە کوردوستانیەکان یاداشتێکیان دایە کۆنگرەی ڤیەننا و فەڕەنساو سۆڤیەت بەمەبەستی پشتیوانی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی.١ |
| ١٩٨٧/٦/٤/٣ | هێزی پێشمەرگەی کوردوستان(( ٢ کەرتی تیپی ٨٧ی قەرەچوغ )) هێرشیان کردە سەر قاتعی ابو جعفر المنصورر جەیشی شەعبی لە گوندی سێقۆچان لەسەر ڕێگای گشتی هەولێر – کەرکوك و دەستیان گرت بەسەریدا و ٣٦ جەیشی شەعبی کوژران و ژمارەیەکیشیان لێ بەدیلگیرا و دەسکەوت ٢٠٠ پارچە چەك بوو و ١ پێشمەرگەش شەهید بوو.١٤ |
| ١٩٨٧/٦/٨ | ڕژێم بۆماوەی ١ کاتژمێر بەتۆپی قورس و کیمیاوی تۆپبارانی گوندەکانی بەرگەڵو وهەڵەدن و سێکانیانی کرد.٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٧/٦/٢١/٢٠ | کاتژمێر ٣٠ر١٢ ی شەو بەهاوکاری سەربازێکی کوردەوە توانرا دەست بگیرێت بەسەر هەموو بارەگای فەوج و چەك و تەقەمەنیەکاندا لەلایەن تیپەکانی ١٥ ی شارەزوور و ٣٥ی کوڕە کاژاو و ٥٥ی قەرەداغ لەناوچەی قەرەداغ و ٢٤ دیلیش گیران. ئەم چالاکیەش بەسەرپەرشتی هەڤاڵ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا ئەنجامدرا.١ |
| ١٩٨٧/٦/٢٤ | بەفڕۆکە لەگوندی نازەنین درا.١ |
| ١٩٨٧/٦/٣٠ | شەهید بوونی پێشمەرگەی ئازا (( سەردار سعید صۆفی)) لەنەبەردێکدا لەقۆپی کێشکێ.١٤ |
| ١٩٨٧/٧/٥ | تیپی ١٧ و چەند تیپێکی مەڵبەندی یەك هێرشیان کردە سەر دوودارەی لای میرەدێ بۆ سەر ڕەبیە و سەربازگەکانی سەر ڕێگای دەربەندیخان.١ |
| ٩و ١٩٨٧/٧/١٠ | هێزێکی مەڵبەندی یەك کە لەتیپەکانی ٥٣ و ٥٥ و تیپی مەڵبەندبەپێی نەخشەیك پەلاماری سەربازگەی دارەی سەروو دەربەندیاندا و ١١ پێشمەرگە شەهید بوون.٨ |
| ١٠ و ١٩٨٧/٧/١١ | هێرشی فراوان کرایە سەر ئۆردوگا زۆرەملێکانی (( نەصر و برایەتی))لەشارەزوور و لەسنوری بازیان و باینجان و شوێنەکانی تردا.١ |
| ١٩٨٧/٧/١١ | لەتۆڵەی ئەو ١١ شەهیدەدا تیپەکانی ١٥ و ١٧ و ٥١ و ٥٣ و ٥٧ هێرشیان کردە سەر ئۆردوگای نەصری تازە.٨ |
| ١٩٨٧/٧/١٤ | لەناو شاری کەرکوك ٣ مامۆستا لەسێدارەدران.١ |
| ١٩٨٧/٧/١٧ | *٨کۆپتەرەکانی ڕژێم لەناکاو هێرشیان کردە سەر گوندی دوڕاجی و لەناوەختدا ٩ کەسی بێتاوانی شەهید کرد.٨<br>* یەکەم کۆبونەوەی پارتە کوردوستانیەکان لەبارەگای مەکتەبی سیاسی پارتی بەمەبەستی پێك هێنانی بەرەی یەکگرتووی کوردوستانی.١٢ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٧/٨ | گەڕانەوەی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لەدەرەوەی وڵات بۆ کوردوستان.١٤ |
| ١٩٨٧/٨/١٠ | هێزێکی هاوبەشی ٥١ و ٥٩ لەسەر ڕێگای قادر کەرەم- دووز بۆسەیەکیان داناو ٤ ئۆتۆمبێلی پڕ لە جاش کەوتە ناو بۆسەکەوەو ٢٣ کەسیان کوژران.٨ |
| ١٩٨٧/٨/٢٨/٢٧ | * نەخشەی ئازادکردنی شارۆچکەی دێگەڵە لەلایەن هەڤاڵ کۆسرەتەوە دارێژرا.٤٤<br>* داستانی کەندەشین.١ |
| ١٩٨٧/٨/٢٩ | ڕژێم لەناوجەرگەی شاری سلێمانی و لەشەقامی مەولەویدا ٨ دوکانی ڕووخاند.١ |
| کۆتایی ١٩٨٧/٨ | هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە سەفەری دەرەوەی وڵات گەڕایەوە.٢٣٢ |
| ١٩٨٧/٩ | * هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر بورجەکەی قەرەداغ و بورجەکەیان بۆ نەگیراو ١٢ پێشمەرگەش شەهید بوون.١٤<br>* چوونی وەفدێکی پارتی (( فەلەکەدین کاکەیی و زەعیم علی و عیزەدین بەرواری و ئازاد بەرواری و فڕانسوا حەریری )) بۆ لای مەکتەبی سیاسی لەگوێزێ بۆ کۆبونەوە و پێکهێنانی بەرەی کوردوستانی کە پارتە سیاسیەکانی تریش ئامادەبوون بە حیزبی شیوعیشەوە.١٤<br>* داستانی شەڕی ناحیەی کانی ماسی لەلایەن پ.م ی مەڵبەندی ٤ ی بادینان و کۆمیتەکانی دهۆك و زاخۆوە ئەنجامدرا.تیایدا زیاتر لە ١٤٧ پارچەچەکی جۆراو جۆر و ١٠٠ دیل گیران و ھ.پ.م بێزیان بوو.١<br>* ڕژێم ٣ هاوڵاتی لە بەکرەجۆ لەسێدارەدا.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٧/٩/١ | * هێزی پێشمەرگە لەناوچەی گەرمیان و لەسەر ڕێگای سەرەکی کەرکوك–بغداد لەسلێمان بەگ چەند ڕەبیەیەکی سەربازیان گرت لەسەر دووڕیانی دووز–کفری.١<br>* هێزێکی تیپی ٥١ لەسەر جادەی کفری –سەرقەلاٚ بۆ سەیەکیان داناو دوو ئۆتۆمبێلی دوژمنی تێکەوت.٨<br>* هێزێکی گەورەی یەکێتی هێرشی کردە سەر دێگەڵەی نێوان کۆیە و هەولێر لە ئەنجامدا ناوچەکەیان گرت و دەیان جاش و سەربازیان کوشت و دەسکەوتی زۆریشیان هەبوو.١٤ |
| ١٩٨٧/٩/٣ | هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا گەڕایەوە بەرگەڵوو لەدوای گەشتێکی بۆ دەرەوەی وولاٚت.٩ |
| ١٩٨٧/٩/٤/٣ | داستانی گرتنی ناحیەی دێگەڵە.١ |
| ١٩٨٧/٩/٥ | داستانی ١١ ڕۆژەی هیران و دۆڵی سماقوڵی.١ |
| ١٩٨٧/٩/٦ | دوژمن هێرشێکی گەورەی بەتانك و تۆپ و سوپاو جاش کردە سەر سنوری مەڵبەندی (( ٣ )) بەمەبەستی گرتنی بارەگای مەڵبەند لە دۆڵی سماقوڵی و ١١ ڕۆژی خایاند و تەواوی پێشمەرگەی لایەنەکانی تریش( پارتی و حسك و شیوعی) بەرگریان لەناوچەکە کرد.١٤و٢٣٢ |
| ١٩٨٧/٩/٨ | ڕوودانی شەڕ لە سماقوڵی لە نێوان ڕژێم و پێشمەرگەی یەکێتی کە ٢٦٤ کاتژمێری خایاند و دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت و پاشەکشەی کرد و ١٢ پێشمەرگە شەهید بوون.١٤ |
| ١٩٨٧/٩/١٣ | لەپەلامارێکی هـ.پ.م بەهاوکاری کۆمیتەی زاخۆ توانرا دەست بگیرێت بەسەر تەواوی بارەگای فەوجی(( شەرانش )) بەهەموو چەك و تەقەمەنی و ١٤٣ دیل لەسەرباز و ئەفسەر.١ |
| ١٩٨٧/٩/١٦ | ڕژێم کیمیا بارانی مێرگەپانی کرد.٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١٧ و١٩٨٧/٩/١٨ | هێرشی هێزەکانی لقی یەکی پارتی و مەڵبەندی ٤ی بادینانی یەکێتی بۆسەر شارۆچکەی کانی ماسی و دەستیان گرت بەسەر شارۆچکەکەدا.١٤ |
| ١٨ و ١٩٨٧/٩/١٩ | لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە هێرشکرایە سەر سەربازگە و ڕەبیەکانی سەر چیای سپیلك.١ |
| ١٩ و ١٩٨٧/٩/٢٠ | هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی ٥١ و ٥٣ لەجادەی کفری – کەلارەوە بەرەو ناوچەی زەنگاباد چوونە خوارەوە و پەلاماری ناحیەی کوڵە جۆیاندا.٨ |
| ١٩٨٧/٩/٢٩/٢٨ | هێرش کرایە سەر بورجی دارەڕەش و ڕەبایەکانی زڕگوێز لەلایەن تیپەکانی ١٧ و٥٧ و ٣٥ و ٥٣ و ٥٩ وە.٨ |
| ١٩٨٧/٩/٢٩ | ڕژێم هەوڵیدا لەڕێگەی فڕۆکەو کۆپتەرەوە ڕەبایەکانی سەرشاخی گڵەزەردە بگرێتەوە.بەڵام پێشمەرگە لێیان هاتنە دەست و توانیان کۆپتەرێکی حەماڵ بپێکن و بیخەنەخوارەوە.١ |
| ١٩٨٧/١٠ | کۆبونەوەکانی سەرکردایەتی سازدرا.٢٣٢ |
| ١٩٨٧/١٠/١٧ | ٣٠٠ هاوڵاتی لەشارۆچکەی شەقلاوە دەسگیرکرا.١ |
| ١٩٨٧/١٠/١٩ | ڕژێم لەڕێگەی گڵە زەردەوە هێرشی کردە سەر ناحیەی قەرەداغ.١ |
| ١٩٨٧/١٠/٢٥ | ٧ هاوڵاتی لە زاخۆ لەسێدارەدران.١ |
| ١٩٨٧/١١ | هەڤاڵ مام جەلال سەفەری کرد بۆ ئێران لەسەر داوەتی ئێرانیەکان.بەمەبەستی گفتوگۆ دەربارەی ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان یەکێتی و ئێراندا.٩ |
| هەفتەی دووەمی/١٩٨٧/١١ | هێرشی هێزەکانی یەکێتی بۆسەر ناوچەی(( میشراق )) کە کانی گۆگردی لێیە. دوژمن زیانێکی زۆری پێکەوت و بۆ یەکەم جاریش بوو کە پێشمەرگە بچێتە ناو قوڵایی خاکی دوژمنەوە لەشاری موصڵ و لەو هێرشەدا ١ پێشمەرگە شەهید بوو.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٧/١١/٥ | **هێرشی هێزەکانی یەکێتی بۆ سەر پایەگاکانی نزیک گوندی(( کانی خان))ی ناوچەی سورداش و چەندین پێشمەرگە و سەرباز لەوهەردوولا کوژران.١٤** |
| ١٩٨٧/١١/٧ | **نەبەردی بانی مەقان.١** |
| ١٩٨٧/١١/٩/٨ | **لەلایەن هێزێکی مەڵبەندی یەك وە دەسگیرا بەسەر سەربازگەی چەرمەگادا.٨** |
| ٩ و ١٩٨٧/١١ | **لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دوو پسپۆڕی چینی دەسگیرکران بەناوەکانی (( وان سن جن و چن خوسنگ)) لەنێوان شاری هەولێر و موصڵدا. بەمەبەستی گەیاندنی کێشەی کورد بەڕای گشتی جیهان .١** |
| ١٩٨٧/١١/١٠ | **هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ هێزێکی پێشمەرگە پەڕییەوە بەرەو ئێران.٨** |
| ١٩٨٧/١١/١٢ | **ڕژێم ١٥ هاولاٚتی جووتیاری لەگوندی چیمەنی کەرکوك گولە باران کرد.١** |
| ١٩٨٧/١١/١٦ | **ڕژێم ناوچەکانی هەولێری بەناپاڵم بۆردومان کرد کە بوە هۆی کوژرانی دەیان کەس کە ٣٠ کەسیان ژن بوون.١٤** |
| ١٩٨٧/١١/١٧ | **٤ فڕۆکە گوندی سپیدارەی بۆردوومان کرد.١** |
| ١٩٨٧/١١/١٨ | *** سەفەری هەڤاڵ مام جەلال بۆ دەرەوەی وولاٚت.١٤<br>* ڕژێم هێرشێکی کردە سەر زنجیرە چیای بەرانان لەڕوکاری بەکرەجۆوە.و لەو پەلامارەدا فەرماندەی کەرتی تیپی ٣٥(( عبدالرحمن سوور مۆریاسی))شەهیدکرا.١** |
| ١٩٨٧/١١/٢٤ | **لەگوندی ((سیراوانی)) مەرگە بەهۆی خۆفرۆشێکەوە هەڤاڵ مستەفا چاوڕەش ژەهر خوارد کرا.کە بەسەختی بریندار بوو, دایکی نابراو شەهید بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەك(( بێستونی مەلا عومەر )) و کچێکی مەلای گوندەکە و هەرلەهەمان کرداردا هەردوو (( عدنان موفتی ود.محمود عوسمانیش)) ژەهر خوارد کران.١** |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٧/١١/٢٥ | ڕژێم بەفڕۆکەی پلاتۆز لەگوندی ئەرماوانی لای هاوینە هەواری صلاح الدینی دا.١ |
| ١٩٨٧/١١/٢٧ | تۆپابارنکردنی گوندی وەرتێ کرا.١ |
| ١٩٨٧/١٢/٥ | هەردوو کۆمیتەی باڵای هاوبەشی پارتی و یەکێتی بە ئامادەبونی هەڤاڵ مام جەلال و کاک مەسعود کۆبونەوە و جەختیان لەسەر هاوکاری و پەیوەندیە دوو قۆڵیەکان کردەوە.٢٨ |

# تراژیدیای پرۆسەی
# کیمیاباران و ئەنفالی کوردو کوردوستان ٢٩

- ئەنفال تەنها پرۆسەی جینۆسایدکردنی مرۆڤی کورد نەبوو، بەڵکو ئەزموونێکی ٣٠ ساڵەی بەرنامە داڕێژراو بوو لەسەر نەخشەیەکی بەربلاو بۆ لەناو بردنو توانەوەی ڕەچەڵەکی کوردو گۆڕینی ڕەگەزی کورد بەعەرەبو شێواندنی جوگرافیاو دیمۆگرافی کوردستان، ئەم پرۆسەیە بەپێی هەلو مەرجە دژوارو تایبەتییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو بەچەندین تاکتیكو قۆناغی جیاوزادا تێپەڕیوە.

کۆلۆنیالیەکان تەنها توانیان سەرەتاکانی پرۆسەی ئەنفال جێبەجیٚ بکەن، بەلاّم ڕووداوەکانی ناوچەکەو گۆڕانە جیهانیەکان بوونە کۆسپ لەبەجیٚ گەیاندنی بەشە گرنگو کۆتاییەکانی ئەنفال .

## ئامانجی پرۆسەی ئەنفال چیە؟

ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال لەناوبردنی نەتەوەی کوردو برانەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی کوردە لەکوردستانی خوراوو، بۆ شێواندنی سروشتی کوردستان لەڕووی جوگرافیو دیمۆگرافیەوە، بەپێی ستراتیژی ئەنفال، بەعەرەبکردنی شوێنو ناوچەکانی کوردستان شتێکی کەم بایەخو کاتییە، بەڵکو ئامانجی بنەڕەتی نەهێشتنی مرۆڤی کوردو برانەوەی مەترسی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازییە بۆ هەتا هەتایە.

پرۆسەی ئەنفال لەفکری بەعسدا لەکۆنەوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە، سیاسەتمەدارەکانی پێش سەدام بەشێك لەو بەرنامەیەیان جێبەجیٚ کردووە، بەلاّم دیکتاتۆری سەردەم لەهەموویان زیاتر پیادەی کرد، بەناوبانگترینو دیاریترینیان کۆمەڵ کوژی گەرمیانو بادینانو هەڵەبجە بوو، ڕاستیەکەی پرۆسەی ئەنفال لەپێش ئەو شوێنانەشدا لەچەند کاتو شوێنو سەردەمی جیاوازدا، کەم تا زۆر هەوڵی بۆ درابوو، بەشێکی بچوکیش لەو پرۆسەیە لەجێبەجێکردندا بوو، بەلاّم

ئەتوانین قۆناغەکانی پیادەکردنی پڕۆسەی ئەنفال بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین.

## قۆناغەکانی پڕۆسەی ئەنفال :

مەبەستی ئەنفال تەنها بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکانی خاوەن هەڵوێستو شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکو ئامانجی سەرەکی کۆڵۆنیالیزمەکان کۆمەڵ کوژی هەموو مرۆڤێکی کورد بوو، بەشۆڕشگێڕو ناشۆڕشگێڕیشەوە، بەڵام بارودۆخی تایبەتی کوردستان وای پێویست کرد، سەرەتا بەخەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان دەست پێ بکات، کە سانی خۆ فرۆشو بێ هەڵوێستیش وەك داردەستێك بەکار بهێنرێ، لەم قۆناغەدا هەرچەندە بەپێی ئەو نەخشیەیەی هەبوو لەقۆناغەکانی داهاتوودا نۆکەرانیش بگرێتەوە ، بەم شێوەیە کەرەستەی ئەنفالیان بەکار هێنا، بۆ مەیسەربوونی بەشە خاوەن هەڵوێستو شۆڕشگێڕەکان.

## یەکەم: ئەنفالی تاكو تەراو سەرنگونکردن

لەسەرەتای شەستەکانەوە، گرتنو بێ سەروشوێن کردنی مرۆڤی کوردی ڕووناکبیرو خاوەن هەڵوێستو تێکۆشەرو بێ لایەن، لەلایەن بەعسیەکانەوە بەشێوەی تاكو تەرا پەیڕەوی لێکراوە، بەندیخانەکانی (قەسر نهایەو نوگرەسەلمان، سجنی ژمارە ( ١٥ ) هەیئەی کەرکوك، ئەبو غرێب، ئەمنی عامە، ئیستیخبارات، فەزیلە، ( موسڵ , دیالە، تکریت، سلێمانی، هەولێر، دهۆكو حامیەی سلێمانیو ئەمنە سوورەکە )و دەیان ژێر زەمینی نهێنی قەڵای سەختو قایم، خوێندنگا پڕ کرابون لەو تێکۆشەرانە، ئەوەی دەگیرا یا لەژێر ئەشکەنجە گیانی لەدەست دەدا، یا زیندە بەچاڵ دەکرا، جارێکی تر نەدەبینرایەوە، تەرمەکەشیان ون دەکرد.دوای ڕاپەڕین دەیان کەللە سەرو ئێسكو پروسکیان لەدەوروبەری بەندیخانەو خوێندنگاو قەڵاو سەربازگەکان دۆزییەوە.

## دووەم: ئەنفالی کۆمەڵ کوژی

### * جینۆسایدی ١٩٦٣

یەکـــەم پڕۆســـەی جینۆســـاید لـــە ١٩٦٣ لەســـەردەمی دەســـەلاّتی بەعـــسیەکاندا لەکوردسـتاندا سـەری هەڵـدا، حـەرەس قەومییـەکان لەسـلێمانی، کـەرکوک، کۆیـە، ڕەوانـدزدا دەیـان هـاولاّتی کوردیـان گـرت و بەکۆمـەڵ زینـدە بەچـاڵیان کـردن، لەسـلێمانی زەعـیم سـدیق چـەند کەسـێکیان لـەناو ماڵـەکانیان دەرهێنـاو بـەبێ دادگایی و پەیڕەوکردنی سیستەمەکانی یاسا، گوللە بارانیان کردن، بەشۆفڵ کران بەژێر گڵەوە، حامیەی سلێمانی هێمای ئەو پرۆسە ڕەشە کوژییە بوو، بۆ لەناو بردنـی وزەو توانـای کـورد لەنیـشتمانەکەی خۆیـدا، دوور لەهـەموو یاسـا و دادگاییەك، دوور لەهەموو بەهاکانی مافی مرۆڤ.

### *سەرنگونکردنی قالە تەگەرانی و تاقمەکەی

قالـە تەگـەرانی و تاقمەکـەی، لەسـەردەمی نـازم گـزاردا گرنگیـان پێـدرا، ئـەو کاتانـە ئەحمەد حەسەن بکر سەرۆکی عێراق و سەدام جێگری بوو، لەسەرەتای حەفتاکاندا سەرنگون کران، بەسەرهاتی لەناوبردنیان بوو بەئەفسانە، سەدام بەکۆمەڵ ئەمانەی کوشت، تا ئێستا نازانین ژمارەیان چەند بوو، وەك چۆن چارەنووسیان ونە، هۆی کۆبوونـەوەو کەوتنـە داویـان دیـار نیـە، بـەلاّم ئەمـە ئـەوە دەخاتـە ڕوو، دوژمـن هـەر کاتێ مەبەستیبێ، ئەوانەش لەناو دەبات کە لـەژێر ڕکێفی دەسـەلاّتی خۆشیدابن، لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ، کەوا لای دوژمن جینۆسایدی کورد بەرنامەیـە کـە دەبێت جێبـەجێی بکـات، قالـە تەگـەرانی و تاقمەکـەی بـوون بـەهۆی سـەرهەڵدانی چـەندان سەرگوزشـتەی سـەیرو سـەمەرە، هەرچـەندە چـەکیان بـۆ ڕژێـم هـەڵگرتبوو کەچـی ئەنفالیش کران، دواتر نازم گزار خۆشی ئەنفال کرا.

### *پەرتەوازەکردنی کوردە فەیلییەکان

کوردە فەیلییەکان، ئەو مرۆڤانەن کە چەندان ساڵە لەبەغداو کوت و خانەقین و عەلی شەرقی و عەلی غەربی و سوێرەو بەدرەو جەسان و مەندەلی و بابل و بەسرە بەهێمنی دەژیـان، سـەرقاڵی بازرگـانی و کـارو دابینکردنـی بـژێوی ژیـانی خۆیـان بـوون،

لەسەرەتای حەفتاكانو هەشتاكانەوە، ڕژێم بەپێی بەرنامەیەكی دیاریكراو بەبیانووی جیاجیاوە، دەستی بەسەر موڵكوماڵیاندا گرتو گەنجەكانی شوێن بزر كردو ئەوانی تریشی پەرتەوازەی ئێرانی كردن.

## * بێ سەرو شوێنكردنی بارزانیەكان

لەساڵی ١٩٨٣ هەشت هەزار بارزانی بێ سەرو شوێن كران، هەر چەندە ئەمانە لەگوندەكانیانەوە گوێزرابوونەوە بۆ ئۆردوگای قوشتەپەو هەریرو بەحركەو دیانا لەو بەندیخانە گەورەیەدا، بێ كارو كاسبی، بەژیانێكی كولە مەرگی دەژیان، ڕژێم سەرۆك خێزانو كوڕە گەنجەكانی گرت بێ سەرو شوێنی كردن، ژنو كچو منداڵەكانیشیان ڕووبەڕووی دەیان كێشەی ئابووریو كۆمەڵایەتیو دەروونی سەختو ئاڵۆز بوونەوە.

+ بەكۆمەڵ كوشتنی هاولاتیانی كورد لەسەر شەقامەكانی ( سلێمانی، كەركوك، هەولێرو دهۆك )، بەبێ هیچ دادگاییەك.

+ بێسەرو شوێنكردنو لەسێدارەدانی ٤٠ منداڵی شاری سلێمانی، كە تەمەنیان لەخوار ١٨ ساڵ بوو، زیادكردنی تەمەنی هەندێكیان، بۆ ئەوەی بەسزای مەرگیان بگەیەنێ.

+ لە ١٩٧٤/٤/٢٤ دا فرۆكە جەنگییەكانی عێراق، شاری قەڵادزێو لە ١٩٧٤/٤/٢٦ هەڵەبجەیان بۆردومان كرد، زانكۆی سلێمانیان لەقەڵادزێ خاپوور كرد، چەندان خوێندكارو هاولاتییان كۆمەڵ كوژ كرد.

+ لە ١٩٨٨/٣/١٦ دوژمن كیمیابارانی هەڵەبجەی كرد، بەبەرچاوی كامێراو ڕاگەیاندنەكانی جیهانو دەوڵەتانی دنیاوە، ئەم تراژیدیایە هەموو جیهانی هەژاندو گەیشتنە ئەو ڕاستیانەی كە ڕژێمی عێراق پرۆسەی كۆمەڵكوژی مرۆڤی كورد ئەنجامدەدات بەنوێترین چەكی كۆكوژی سەردەمەوە، ئەمەش مەترسییەكی گەورەیە بۆ ناوچەكەو بۆ جیهان.

## *پیرو پەککەوتەکانی نوگرە سەلمان

ڕژێم ئەنفالکراوەکانی بەسەر چوار پۆلی جیاجیادا دابەشکرد، یەکەم ژن و منداڵ، دووەم کچ، سێیەم گەنج لە ١٤ ساڵ تا ٤٠ ساڵ، چوارەم لە ٤٠ ساڵ بەرەو سەرووتر، هەر سێ پۆلەکە ( کچ و ژن و منداڵ و گەنجەکان)یان بێسەرو شوێن کرد، تەنها پیرەژن و پیرە پیاوەکانیان ڕاپێچی تۆبزاوەو نوگرە سەلمان کرد، ٦ هەزاریان بەچەند پۆستێك دوای ٦ مانگ بەندی ئازاد کران و ئەوانەی لەوێ گەڕانەوە وتیان: ئەوانی تر لەبرسا، لەتینوا، لەگەرما، لەبەر نەخۆشی ئەشکەنجە، لەبیابان گیانیان لەدەست داو بوون بەخۆراکی سەگەکانی نوگرە سەلمان.

## *کۆچ و ڕەو و ڕەتکردنەوەی ٣٠ ساڵی جینۆساید

لە ١٩٩١/٤/٢، ( ٣) ملیۆن ژن و پیاوو منداڵی کورد، کۆچ و ڕەویان کرد ڕووەو سنوورەکەکانی ئێران، تورکیا، ئەمانە ڕووبەڕووی برسێتی و سەرماو مەرگ و چارەنووسێکی نادیار بوونەوە، ئەمەش ئەزموونی ٣٠ ساڵی میللەتێك بوو، کە بەردەوام لەژێر سێبەری شمشێری جینۆساید و ئەنفالدا ژیاوە، کۆچ و ڕەو تەمەنێکی پڕ لەئەزموونی مەرگەساتەکانی میللەتێك بوو، بەمەرگەساتێکی گەورەی پڕ لەهەڵوێست و تەحەداوە مەرگەساتی خۆ بەدەستەوەدان و جینۆسایدی ڕەتکردەوە.

## *کیمیابارانی نیشتیمان

+ لە ( ١٩٨٧/٤/١٥ ) دا فڕۆکەکانی ئاسمانی عێراق کیمیابارانی گوندەکانی ( هەڵەدن، بەرگەڵو، کانی توو، ئاوەژێ، سیروان، نۆڵچکە، چنارنە )یان کرد.

+ لە ١٩٨٧/٤/١٦ ڕژێم بەتۆپ و کۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی بۆ ماوەی چەند سەعاتێك زیاتر بەکیمیایی و تۆپ بۆردومانی گوندەکانی ( شێخ وەسانانی دۆڵی بالیسان )ی کردو بوو بەهۆی شەهیدو بریندار بوونی ٣٠٠ هاوڵاتی ژن و منداڵ و پیر.

+ فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق ژەهربارانی گوندەکانی ( توتمە، زێنێ، خەتێ، بەلالوکاوا، ئالانە، دەراشی )ی دۆڵی بالیسانی کرد.

+ لە ١٩٨٧/٤/١٧ ڕژێم بەچەکی کیمیاوی تۆپبارانی ( قزلەر، سنگر، مێولاکە )یان کرد، ژمارەیەك هاولاتی و پێشمەرگە بریندار بوون.

+ لە ١٩٨٧/٤/١٨ ڕژێم تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی لە( قەیوان و کۆڕەنگ ) کرد.

+ لە ١٩- ٢٠ /١٩٨٧/٤ هێزەکانی دوژمن بەکیمیایی تۆپبارانی گوندەکانی دۆڵی بالیسانیان کرد.

+ لە ١٩٨٧/٤/٢١ هێزی پێشمەرگە بەپێی نەخشەو بەرنامەیەکی دیاریکراو قەرەداغیان ئازاد کرد، دواتر دوژمن بەچەکی کیمیاوی بۆردومانی قەرەداغ و دەوروبەریان کرد.

+ ١٩٨٧/٥/١ چەند فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی عێراق کیمیابارانی زێوەی ناوچەی دهۆکیان کرد، ژمارەیەك پێشمەرگە بریندار بوو.

+ لە ١٩٨٧/٥/٢٣ دوژمن کیمیارانی گوندەکانی ( تۆمار قەمەر، گورگان)یان لەکەرکوك کرد.

+ لە ١٩٨٧/٥/٢٧ دوژمن کیمیابارانی گوندەکانی ( مەلەکان، گۆڕەشێر، کەندۆڵ، بەردۆك، بلێ، ئالێ، تاهی)یان کرد.

+ لە ١٩٨٧/٥/٢٧ دوژمن کیمیارانی دۆڵی نازەنین و بالیسانی کرد.

+ لە ١٩٨٧/٦/٢٧ دوژمن بەتۆپ و فڕۆکە بۆردومانی گوندی زێوی بناری پیرەمەگرونی کرد، ٣٥ هاولاتی و پێشمەرگە بریندار بوون.

+ لە ١٩٨٧/٩/٣ دوژمن بۆ ماوەی ٤٥ دەقیقە، تۆپبارانی بەرگەڵوو یاخسەمەری کرد، (٤) پێشمەرگە گیانیان لەدەستداو چەند هاولاتییەکیش بریندار بوون.

+ لە ١٩٨٧/٩/١٤ دوژمن کیمیابارانی مێرگە پانی کرد.

+ لە ٢٥-١٩٨٨/٢/٢٦ ڕژێم کیمیابارانی ( سەرگەڵو، یاخسەمەر، هەڵەدن، گوێزیلەو دۆڵی جافایەتی )کرد کە لەئەنجامدا نزیکەی ( ٣ ) کەس لەپێشمەرگەو هاولاتی شەهید بوون و زیاتر لە ( ١٠٠ ) کەسیش بریندار بوون.

+ ١٩٨٨/٢/٢٨ جارێکی تر ڕژێم بەخەستی ئەو گوندانەی بۆردومانی کیمیایی کردو ١٥٠ کەس شەهیدو بریندار بوون.

+ لــە ١٦و١٧و١٩٨٨/٣/١٨ دوژمــن بەچــەکی قــورس‌و فڕۆکــە جەنگییــەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو عەنەبی کردو ٧ هەزار شەهیدو ١٠ هەزار هاوڵاتی بریندار بوون.

+ لە ١٩٨٨/٣/٢٢ چەند فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی عێراق کیمیابارانی ناوچەی شاناخسێی کرد، ١٠ پێشمەرگە شەهید کران‌و زیاتر لە ٤٠٠ کەس بریندار بوون.

+ لـە ٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمـن کیمیابـارانی ( سێوسـێنان‌و دوکـان‌و بەلـەکجارو جافەران‌و ولیان)یان لەقەرەداغ کرد، ژمارەیەکی زۆر لەژن‌و منداڵ‌و پیاو گیانیان لەدەستداو بریندار بوون.

+ لەسـەعات ٥,٣٠ی ١٩٨٨/٥/٣ فڕۆکـەی جـەنگی عێـراق بەسـاروخی کیمیـاوی ژەهربارانی گوندەکانی ( گۆپتەیە، عەسکەر، مایلە، سەرچما، شێخان، کەڵەشێرە، چـەمی ڕێـزان، قۆچـەبلاخ، زەرزیٚ)ی کـرد، نزیکـەی ٢٠٠ کـەس زیـاتر شـەهیدو بریندار کران.

## سەدام سەرکردایەتی ئەنفالی دەکردو.. عەدنان خێروڵڵاو عەلی حەسەن مەجید ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی هێرشەکانیان کرد.

لەساڵی ١٩٨٨ دا ئەنفال سەراپا ناوچە ئازادکراوەکانی گرتەوە، ئەو ناوچانەی کە لـەژێر دەسـەلاٚتی هێـزی پێـشمەرگەو شۆڕشـدا بـوون، کـە ( دۆڵـی جافایـەتی، شـاربازێر، مەرگـە، پـشدەر، قـەرەداغ‌و تـەواوی گـەرمیان، شـارەزوور، هـەورامان، پێنجوێن، گۆپتەپەو عەسکەر، دەشتی هەولێر، بالیسان، باڵەکایەتی، بادینـان)ی گرتوە، ئەم پڕۆسەیە گەورەترین‌و سامناکترین ئەنفال بوو، هێزی پێشمەرگە چی لـەتوانا بـوو بـەرگری کـرد، لەشـەڕێکی بـەرەیی فـراوان لەگـەڵ سـوپای عێـراق کـە ئـەزموونی ٨ سـاڵی شـەڕی ئێرانـی هـەبوو، دەبـیٚ ئەنجامەکـەی چـی بـیٚ، چارەکە ملیۆنێك مرۆڤی کورد بێسەرەو شوێن کران.

## ئەنفالی یەك بۆ دۆڵی جافایەتیو مەرگە لە ١٩٨٨/٢/٢١ – ١٩٨٨/٣/١٨

سوپای دوژمن لە ١٩٨٨/٢/٢١ بۆ یەكەمجار بەپاڵپشتی تانكو زریپۆشو تۆپی ١٧٥ ملم ١٣٠ ملمو كاتیۆشای ١٣٢ ملمو فڕۆكەی جەنگیو هەلیكۆپتەر، هێرشێكی توندیان كردە سەر دۆڵی جافایەتی، بەمەبەستی گرتنی چەند بارەگایەكی گرنگ، لەوانە سەرگەڵو كە مەڵبەندی دووی لێبوو، بەرگەڵو كە بارەگای مەكتەبی سیاسیو نەخۆشخانەی شۆڕشو دەزگای ڕاگەیاندنو ئێستگەی دەنگی گەلی كوردستانی لێبوو، بارەگای سكرتێری گشتیو مەكتەبی عەسكەریو چاپخانەی شەهید جەعفەرو یەكێتی نووسەرانی كوردستان لەیاخسەمەر بوو، بەمەش شەڕێكی بەرەیی فراوانی نابەرامبەر بەدرێژایی ٧٠ كم بەر پابوو، لیوا ڕوكن سوڵتان هاشم ئەحمەد سەرپەرشتی فەیلەقی یەكو پێنج ٢٠ لیوای فەیلەقەكانی ( ٢، ٣، ٤، ٥، ٦،٧ )و لیوای هێزی تایبەت ( ٦٥، ٦٦ )ی سەركردایەتی گشتی هێزی چەكدار، لیوای مغاویری فەیلەقی ( ٣، ٤، ٦ ) لیوای ( ١٩، ٣١، ٧٣، ٧٥، ١١٦، ٤٣٨، ٤٤٥ )ی فەوجی مغاویری فەیلەقی ٤و٥ی دەكرد، جگە لەمانەش نزیكەی ٣٠ فەوجی موالیدی ١٩٤٥ لەگەڵ تەواوی سریەو فەوجە سووكەكانی كوردستاندا بەشدار بوون.

ئەم سوپا زەبەلاحە چەندان تەن گازی ژەهری تابوونو خەردەلیان هەڵڕشت بەسەر سەنگەرەكانی پێشمەرگەو گوندەكانو ناوچە ئازادكراوەكاندا، ئەنفال لەلایەن ( سەدام حسێن )ەوە بەڕێوە دەبراو وەزیری بەرگری عەدنان خێروڵلاو عەلی حەسەن مەجیدو نزار خەزرەجی ڕاستەوخۆ سەرپەشتی هێرشەكانیان دەكرد.

## هێرشەكان

+ لەكۆتەڵەوە بۆ سورداش، قەرەچەتان، كلكەی پیرەمەگروون، هۆمەر قەوم، شەدەڵە، دابان – هەلاج، سەرگەڵوو هەڵەدن، یاخسەمەر.

+ لەقەمچوغەوە بۆ سارا، سەر مۆرد، قەرەسەرد، هازەڵە، قەڵەم پاشا، کلاّوسپی، قەرەنگوێ.

+ لەهەنارانەوە بۆ کانی گۆران، پیرکە، قزلەر، لوتکەی چایەر، کونە کۆتر.

+لەباڵخەوە بۆ گاپیلۆن، ولاّغ لو، گۆجاڕ، گەڕەدێ، خەجەلەرزۆك.

+ لەبنگردەوە بۆ کوێرەکان، سێدەر، دۆڵەبی، هەنجیرە، شارستێن، مەرگە، ئاوەژێ، سیروان، کانی توو. لەم شەڕانەدا ٨ هەزار سەربازو ئەفسەر کوژران، دوو کۆپتەر خرانە خوارەوە، زیاتر لە ١٠٠ پێشمەرگە شەهیدو ٣٥٠ پێشمەرگەی تر بریندار بوون، خەڵکی ئەم ناوچەیە ژن و پیاوو منداڵ بۆ دەر بازبوون لەچنگی سوپای عێراق لەڕێگەی سەختی کەرکوکەوە گەیشتنە ناو گۆمەزەڵ، دواتر ڕێگای هات و نەهاتی کوێستانەکانی دۆڵی شێخ محەمەدیان گرتە بەر، کە سەراپا بەفر بوو، تا گەیشتە گەلاّڵەو سەفرە، لەوێوە گەیشتنە شاناخسێ و سنوورەکان.

هێزی پێشمەرگە دوای شەڕێکی بێ وێنە توانیان نزیکەی مانگێك بەرگری بکەن، لەشەوی ١٧-١٩٨٨/٣/١٨ بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو کشانەوە بۆ سنوورەکان، هەر ئەو دەمانە لەشەوی (٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ ) ڕژێم لەچەند قۆڵێکەوە بەهێزێکی گەورەوە هێرشی کردە سەر بالیسان، بەلاّم پێشمەرگەکان توانیان لەهەموو قۆڵەکانەوە تێکیان بشکێنن.

### ئەنفالی دوو قەرەداغ لە ٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ --- ١٩٨٨/٤/١

لەشەوی ٢٢-١٩٨٨/٣/٢٣ دوژمن بەهێزێکی زەبەلاح و چەکی قورسەوە لەچەند قۆڵێکەوە بەسەرپەرشتی لیوا ڕوکن ئەیاد خەلیل زەکی هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی بازیان، تەیناڵ، دەربەندیخان، قەرەداغ، ئەو سەردەمە مەڵبەندی یەك لەناوچەی قەرەداغ بوو.

+ لە ٣/٢٣ دوژمن هێرشی کردە سەر گردە شێرو میریاسی و هەندێ پێشڕەوی کرد، لەهەمان کاتدا لەچەند قۆڵێکەوە پەلاماری گڵەزەردەو زڕگوێزو زڕگوێزەڵەو دارە ڕەشیان دا.

+ لە ٣/٢٣ لەبەر کەلەوە دوژمن هێرشی کرد بۆ چەخماخەکان و شاخی زەردە.

+لەدەربەندیخانەوە هێرشی کردە سەر گولان، زەردەو، تەکیە، بەلکجاڕو سێوسێنان.
+ لەشارەزورەوە بۆ ئاوەکەڵە لەوێوە پەلاماری شەمەو وێڵەکەی دا، دواتر هێرشی کردە سەر کانی سارد، گولان، چرچە قەلا، عەلیاوە، سێوسێنان، مەسۆیی، بەرزەبان.
+ لەئەڵلاییەوە بۆ ئالی بزاو، هەنجیرە، بالانجۆ، شێخ مەن، دێلێژە، مێولی، خاویَ، قازانقایە.
+ لەچەمچەماڵەوە بۆ دەربەند باسەرە، ژاڵە.
+ لەسەنگاوەوە بۆ هەنارە، کانی باچکە، جافەران، قەرەداغ، ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەخەڵکی سێوسێنان بەگازی ژەهری کیمیاوی گیانیان لەدەستداو بریندار بوون، سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵیەکان تالان کراو سوتێنرا.

## ئەنفالی سێ بۆ سەراپا گەرمیان لە ١٩٨٨/٣/٣١ --- ١٩٨٨/٤/١٨

سوپای ئەنفال بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجیدو عەمید ڕوکن بارق عەبدوڵلا حاج حنتە، لەچەندان سنووری جیاجیاوە هێرشی گەورەیان کردە سەر ناوچەی گەرمیان، کە سنورێکی بەر بلاّوو فراوان دەگرێتەوە.
دوژمن بەپێی نەخشەیەکی وردو چڕی عەسکەری لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراو لەناوچەکانی ( چەمچەماڵ، سەنگاو، لەیلان، قادر کەرەم، نەوجول، دوزخورماتوو، کفری، سەرقەلا، جەبارە، کەلار، باوەنور، تیلەکۆ، دەربەندیخان ) بەچڕی بازنەیەکی عەسکەرییان بەچواردەوری گەرمیاندا دروستکرد، لەبەر نزیکی گەرمیان لەبیرە نەوتیەکانی کەرکوك، تکریت، دیالە کە مەڵبەندی سەرەکی مۆڵبوونی هێزی دەسەلاّت و بڕیار بوو، لەبەر ئەوەی دوژمن گەرمیانی بەمەڵبەندێکی پڕ مەترسی دادەنا، تیپەکانی گەرمیان زۆر چالاکبوون گورزی کوشندەیان لەقولایی دەسەلاّتی ڕژێم دەدا، گەرمیان دوور بوو لەسنوورەکانیەوە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەك کاتێ گەڕانەوە بۆ مەڵبەندەکەیان لەشەڕێکی بەرگری دژواری ئەنفالی یەك دابوون، ماندوو بوون، هەلومەرجەکان لەبەرژەوەندی دوژمندا بوو، دڕندانە پرۆسەی ئەنفالی لە

١٠٠٪ لەگەرمیانـدا جێبـەجێ كـرد، ژمارەیـەكی زۆر كـەم بەرێكـەوت قوتـار بـوون، زۆربـەی گەرمیانیـەكان لـەژن و پیـاوو منـداڵ و پـیر، كەوتنـە نـاو تـۆڕی دۆزەخـی ئەنفالـچیەكانەوە، زیـاتر لـە ١٠٠٠ گونـدی گـەرمیان ئـەنفال و سـوتماككران، چـەند مەفرەزەیـەك پێـشمەرگە وەك پـارتیزان تـا ڕاپـەڕین گـەرمیانیان چـۆڵ نـەكرد، دوژمـن سەراپا گەرمیانی وێرانكرد، هەموو بنـەماكانی ژیـانی مرۆڤ و زینـدەوەری لەڕەگـەوە تیا هەڵكەند.

## گەرمیانیان كرد بە دۆزەخ

ئەنفال سەراپا كوردستانی گرتەوە، بەلأم ئەم تراژیدیایە زیاتر بەجەستەی گەرمیاندا شـــۆڕ بـــۆوە، پرۆســـەی تـــەعریب و تـــەبعیس و تـــەهجیر نـــەیتوانی گـــەرمیان لێكهەڵوەشـێنێتەوە، گـەرمیان قەلأیـەكی بـەرگری بـوو لەبـەردەم دوژمنـدا هـەر لەبـەر ئەوەشە ڕێژەی ئەنفال كراوەكانی گەرمیان بـێ سنوورە، كـەم گونـدو خانـەوادە هەیـە كە سەراپا خانەوادەكەی یا چەند ئەندامێكیان بێسەرو شوێن نەكرابێ.

لـە٨/٤/١٩٨٨ – ١٠/٤/١٩٨٨ دوژمـن ژمارەیـەكی بـێ شـوماری خـەڵكی گونـدەكانی سـەنگاوی لەگونـدی قـادراوەو سـەر قـەڵای سـەنگاودا كۆكرانـەوە، لـە ١٠/٤/١٩٨٨ هەموویان گواستنەوە بۆ چەمچەماڵ دواتر بۆ دبس، ئەمانە دانیشتوانی ٤٠٠ گوندی ( سـەنگاو، قـادر كـەرەم) و جێگاكـانی تـر بـوون، بەتایبـەتی ناوچـەكانی تـریش كـە دەیانویـست خۆیـان لـەتۆڕی بازنـەكانی ئـەنفال قوتـار بكـەن، بـەلأم لەلایـەن سـوپای عێراقەوە دەستگیر كران، دواتر ڕەوانەی چەمچەماڵ كران.

لـە ١٤/٤/١٩٨٨ بـەربلأوترین شـەپۆلی خـەڵكی گـەرمیان لەگونـدەكانی ( كولـە جـۆی حاجی حەمەخان و ملەسوورە)دا كۆكرانەوە، پاشان گواسترانەوە بۆ قۆرەتـووی سـەر بەناحیەی مەیدان.

تـا ئـەم سـالأنەی دوایـش جل و بـەرگ و پێخـەف و پـێلأوو عارەبانـەی تراكتـۆری تێك شكاوی ئەنفالكراوەكان، لەدەوروبەری قۆرەتوو هەرمابوون.

## جەماوەری چەمچەماڵ خۆپیشاندان

لەسەعات ١٠ی بەیانی ١٩٨٨/٤/١١دا دوژمن زیاتر لە (٦٥٠– ٧٠٠) ئوتومبێلی سەربازی‌و پاسی پڕکردبوو لەژن‌و منداڵ‌و پیاوو پیری گوندەکانی سنووری سەنگاو گەرمیان، لەسەنگاو‌و گۆپتەوە ئەنفالکراوەکانی گواستەوە بۆ چەمچەماڵ تا بیگەیەنێتە مەعسکەری تۆپزاوا، خەڵکی خاوەن هەڵوێستی چەمچەماڵ کە ئەو هەموو گەرمیانیانەیان بینی بەدیلی، شالاَویان برد بۆ پاسەکان‌و جامی پاسەکانیان شکاند، تا ئەنفالکراوەکان لەو چارەنووسە دۆزەخییەوە قوتار بکەن.

لەوکاتەدا هەندێ کەس هەلیان بۆ هەڵکەوت خۆیان دەرباز کرد، چەند کۆپتەرێك بەنزمی بەسەر ئاسمانی چەمچەماڵدا دەسووڕانەوە، دەستڕێژیان لەخۆپیشاندەرەکان دەکرد، بۆ ئەوەی دەنگیان کپ بکەن‌و بڵاوەیان پێ بکەن، بڵندگۆ ئاگاداری خەڵکی چەمچەماڵیان دەکرد، کە کەس ئەنفالکراوەکان نەگرێتە خۆی، لەهەر ماڵێکدا بگیرێن ئەوانیش هەمان چارەنووسیان دەبێ، پاشان هەموو ئەنفالکراوەکانیان بەرەو دۆزەخەکانی ئەنفال برد.

## ئەنفالی چوار بۆ سنووری عەسکەرو گۆپتەپە لە ١٩٨٨/٤/٢٠ – ١٩٨٨/٥/٥

ڕژێم لە ١٩٨٨/٤/٢٠ هێزێکی بێشوماری بەچەکی قورس‌و کیمیایی‌و فڕۆکەی جەنگی‌و هەلیکۆپتەرەوە ئامادە دەکرد بۆ سەر ناوچەکانی ( ئاغجەلەر، چەمی ڕێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق، قەرەهەنجیر ) بۆ ئەوەی سەرەپا ئەو ناوچانە ئەنفال بکات لە ١٩٨٨/٥/٣ دا کیمیابارانی ( گۆپتەپە، عەسکەر، مایلە، سەرچما، شێخان، کەلەشێرە، چەمی ڕێزان، قۆچەبڵاخ، زەرزێ)یان کرد، ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵکی عەسکەرو گۆپتەپەی شەهیدو بریندار کرد.

لەسپێدەی ١٩٨٨/٥/٤ سوپای عێراق بەسەرپەرشتی نزار خەزرەجی دوا هێرشیان بۆ سەر ناوچەکە کرد بەپاڵپشتی فڕۆکەی جەنگی و هەلیکۆپتەرو پیلاتۆز، لەچەندان قۆڵی جیاجیاوە هێرشیان کردە سەر (قەلاسیوکە، شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە، دۆڵی بازیان، زەرزێ)، ژمارەیەکی زۆر ژن و منداڵ و پیری بێ سەروشوێن کردو تەواوی گوندەکانی سوتاککرد.

## کشانەوەی هێزەکان لەبازنەی ئەنفالی چوار

کاك ڕابەری سەید برایم لەبارەی ئەنفالی سنووری ئاغجەلەرو ناو شوانەوە ئاماژەی بەوە کرد، دوای ئەوەی سوپای عێراق لەئەنفالی ٢، ٣دا قەرەداغ و گەرمیانیان داگیر کرد، مەڵبەندی یەك و زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپی (١٧ی زمناکۆ، ٥٣ شێروانە، ٥١ی گەرمیان، ٣٥کوڕە کاژاو، ٥٥ قەرەداغ، ٥٩ی حەمرین ) لەو سنوورەوە پەڕینەوە بۆ بەری قەلاسیوکەو شوان و شێخ بزێنی، ناوچەی ئاغجەلەر، لەو دەمانەدا پێشمەرگەکان باسی شەهیدی فەرماندە هیوا باڕۆیی یان دەکرد کە لەشەڕی بەرگری ئەنفالدا شەهید کرا، باسی شەڕە کەم وێنەکەی نازمە بچکۆل و پێشمەرگاکانیان دەکرد، جگە لەهەڵوێستە جوامێرییە پڕ لەشکۆمەندییەکەی حەمەڕەش کە چۆن شەوو ڕۆژ بەبەردەوامی خەڵکی گەرمیان و هێزی پێشمەرگەی لەناو تۆڕی ئەنفالچیەکاندا دەپەڕاندەوە.

## پێشبینیەکی چاوەڕواننەکراو

**کاك ڕابەر دەڵێ:**

لە ١٩٨٨/٤/٢١ کاك قادری حاجی عەلی و کاك عومەر فەتاح و کاك شێخ جەعفەرو کاك ئاوات قارەمانی و شەهید شێرکۆ جدیم لەهەواری گۆپتەوە بینی، هەر ئەو دەمانە ( کافیەخان و ڕەحمە خان )مان بەڕێ کرد بۆ شار، لە ٤/٢٢دا لەگەڵ کاك قادرو کاك جەعفەردا ڕوومان کردە (کانی هەنجیرەی برایم ئاغا)، کاك عادل شوکرو کاك هێمن و کاك عەدنانی حەمەی مینا لەوێ بوون، دواتر گەڕاینەوە بۆ گۆپتەپە، پاشان پێشنیار کرا تیپی ( ٢١ی کەرکوك و ٢٥ی خاڵخلاًن) لەمەڵبەندی "دوو" ەوە بخرێنە سەر مەڵبەندی یەك، بارەگای مەڵبەندیش لەکانی هەنجیرەی برایم ئاغا دابنێن، هێزەکان

ڕێکخرانـەوە، بڕیـار درا شـەڕو بـەرگری بکـرێ، تیپـەکان بەسـەر ناوچـەکەدا دابـەش کران، ئێمە وە ك تیپی ٢٥ خاڵخالأن لەکەلاوەکانی ئاغجەلەرو گەرگەر دانراین.
لـە ١٩٨٨/٤/٢٤ لەگـەڵ کـاك قـادری حـاجی عـەلی و کـاك عـەلی بـچکۆل و کـاك شـێخ جەعفـەرو حـاکم محمـەد قـەرەداغی و کـاك حـسێن ژاژڵـەیی و مامۆسـتا جـەمال و سەربەسـتە سـوورو د فایـەق و مـام سـەعیدو کاکـە عەبـەو شـەهید شـێرکۆ جـدی پێشبینی هێرشی دوژمنمان کرد، لەو دەمانەدا لەدەموچاوی جوتیارەکاندا ترس و گومـان دەیـان پرسـیاری حەشـارداو دەبینـرا، خـەڵکی گونـدەکان کەلەوپەلـەکانیان لەحەشـارگەکاندا دەشـاردەوە هەنـدێکیان لەترسـی ئـەنفال و کیمیابـاران ژن و منداڵەکانیان ڕەوانەی شار دەکرد .

## کیمیا باران و ئەنفال

ئێـوارەی ٥/٣ سـێ کۆپتـەری جـەنگی بنـاری خاڵخـالأنی بۆردومـان کـرد، تراکتـۆری جوتیارێکیان سووتاند، سەعات ٥/٤٥ دەقیقە هەشت فڕۆکەی سیخۆی کیمیابارانی عەسکەریان کرد، ژمارەیەکی زۆر لەژن و منداڵ و پیر خنکان، لەسپێدەی ١٩٨٨/٥/٤، سـوپای ئـەنفال بەکەتیبـەی تانك و زرێپـۆش و تـۆپ و کاتیوشـا بـەهاوکاری فڕۆکـەی جەنگی و هەلی کۆپتەرو پیلاتۆز لەچەند قۆڵێکەوە هێرشیان کردە سـەر ( قەلأسێوکە، شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە، دۆڵی بازیان، زەرزی).

- لەچەمچەماڵەوە بۆ کانی عەرەبان و تلیان و تیژەو مەحمەخان.
- لەچەمچەماڵەوە بۆ شێخ پاڵەوان و تەوەکەل و ئاغجەلەر.
- لەچەمچەماڵەوە بۆ ئاغجەلەرو گۆپتەپەو گەلناغاج و سەرچنار.
- لەچەمچەماڵەوە بۆ ئاغجەلەرو دلأوەو عەسکەر.
- لەچەمچەماڵەوە بۆ پەلکەڕەش و فەقێ میرزا.
- لەتەقتەقەوە بۆ قەرەناوو کەپەنك و قەسرۆك، گرد خەبەرونەکانی هەنجیرەی برایم ئاغا.
- لەتەقتەقەوە بۆ شیوە سوورو تورکمان باخ و کارێزە.
- لەتەقتەقەوە بۆ کونە گورگ و باخە جنێرو گەرمك و تەکەلتوو.

- لەتەقتەقەوە بۆ مخەرەس و مەلا زیادو دەم زێ تا گۆمەشین و قزلوو.
- لەگۆپاڵەوە بۆ سەرچاوەو كانی بی و گەورەدێ.
- لەسوسێ وە بۆ شیلەخان و عەودالآن و زەرزی و قۆچەبلاغ.
- لەسوسێ وە بۆ سردو دڕەنارو چۆمی سورقاوشان.
- لەدوكانەوە بۆ كلكەسماق و ئیلەڵلاوكانی سوورو كلێسەو بۆ گدو كانی بی.
- لەكۆیەوە بۆ بامورتاكان و شەو گێڕو باجوان و ناسر ئاغا.
- لەكۆیەوە بۆ بناری حاجی قەلاو فولكەی داودە.
- لەكۆیەوە بۆ قەیسەری و ئاسكی كۆیەو تیمارۆك و دۆندارو پێبازۆگ.
- لەشوانەوە بۆ جولحان و پاپیلان و گۆرگان و قەتار.
- لەشوانەوە بۆ عەلی بەیان و شەوگیری (شێخ بزێنی خواروو).
- لەپردێ وە بۆ گەڵوزی و سەریرو قەرە ساڵم و كاولە سوار.
- لەقەرهەنجیرەوە بۆ شوانی سەرخاسەو دەلوو.

بەم شێوەیە سوپای دوژمن بازنەیەكی بەدەوری سنووەركەدا تەنی، لەو كاتەدا زێی دوكانیشیان بەشێوەیەك بەردایەوە، تا بوار نەدرێ كەس بپەڕێتەوە.

## هێستریای سوپای ئەنفال

هەر ئەو دەمانە پێشمەرگەكان توانیان لەچەند قۆڵێكەوە بوار بڕەخسێنن بۆ دەربازبوون، كاك ڕابەر سەرپەرشتی تیپی ٢٥ی خاڵخالآنی دەكرد، لەئاغجەلەرو گەرگەر ڕووبەڕووی شەڕ بوونەوە، هەلی كۆپتەرو پیلاتۆز بەبەردەوامی بەسەر ئاسمانی سنوورەكەوە بوون، لەبەر ئەوەی هێزەكان نابەرامبەر بوون، بڕیاریاندا بكشێنەوە، بەدوو برینداروەوە ڕوویان كردە پشت گەرگەر، هەر ئەو دەمانە تیپی ٢٣ی سورداش لەگوندی گەورەدێ ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە، بەرگرییەكی پڕ لەجوامێرانەیان كرد، تیپی ( ١٧ی زمناكۆو ٥٥ی قەرەداغ) لە "تەكەڵتوو" ڕووبەڕووی شەر بوونەوە، بەرگریەكی كەم وێنەیان كرد، ١٧ پێشمەرگەیان شەهید كران، ئەم داستانە بوو بەهۆی دەربازبوونی پیشمەرگەكان، زیاتر لە ١٠٠٠

پێشمەرگە بەفەرماندەی کاك شێخ جەعفەر بەدەشتی کۆیەدا پەڕینەوە بۆ کۆیەو لەوێوە ڕوویان کردە دۆڵی سماقوڵی.
کاك ڕابەر دەڵێ: ئەو دەمانە سوپای دوژمن تووشی هێستریا بوو، مام عەباسی مخەرەس کە تەمەنی ٧٠ ساڵ دەبوو دەستگیرکراو سەریان بڕی، دواتر عەبدوڵڵا خراپەیی و دوو جوتیاری تریان لەپەلکانەی دەشتی کۆیە دەستگیرکردو سواری کۆپتەریان کردن و لەبەرزایی ئاسمانەوە فڕێیان دانە خوارەوە، دوژمن ژمارەیەکی بێ شوماری ژن و منداڵ و پیری دەستگیرکرد و بەزیل و ئیڤای عەسکەری گوێزرانەوە بۆ تۆپزاوەو شوێن بزرکران، جگە لەوەی تەواوی گوندو قوتابخانەو مزگەوتەکانیان خاپوور کردو سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری جوتیارەکانیان بەتاڵان برد.

## ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت بۆ ناوچەکانی شەقڵاوەو ڕەواندز لە١٩٨٨/٥/٢٤ – ١٩٨٨/٨/٣١

لەسەعات ٦ی بەیانی ٥/٢٤ سوپای دوژمن لە ٣ قۆڵەوە هێرشی کردە سەر قەڵاتووکان.
قۆڵی یەکەم: لەگردی ڕەمکانەوە، قۆڵی دووەم لەگردی گازێ و گورجی کاوی، قۆڵی سێیەم: لەگردی جیقنەوە هێرشی کرد.
شەڕ لەسەرجەم قۆڵەکانەوە بەردەوام بوو بۆ سەر ناوچەکانی مەڵبەندی سێ، لە ٥/٢٤ – ٨/٣١ هێرشی بەردەوام بۆ سەر ( قەڵاتۆکان، ساتێ، شاخی ئارموشە، سپیلکی ڕەواندز، بنەکاول، هەندرێن، زینی سەران، کێلێ، دۆڵی ئاکۆیان، دەرگەڵە، زینی سەران، سەروچاوە، وەرتێ، شاخی هەڵەموند، گەرووی مەنجەڵ، چیای بێ ترخێن، کەپکی حەمەد ئاغا، زیارەت، کێل کێل، بەنی هەریر، گوندی فەقییان، گوندی گەرەوان، بێ ترخێن).
لەم هێرشەدا سوپای دوژمن جگە لە هێزێکی بێشوماری پیادە، کە تیبەی تۆپی قورس و دوور هاوێژو کاتیوشا و دەیان فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەرو دەبابەو مودەرەعەو ژەهری کیمیاییان بەسەر وەرتێدا داباران و فەوجی سوکیان بەکارهێنا،

لە ٨/٢٦ دوژمن هێرشی توندو چڕی کرد لە( هیزۆپ بۆ هیران )، لە(شەقڵاوەوە بۆ هیران)، لە(دەربەندی گۆمەسپانەوە بۆ شاخی سەفین )، لە( سەروچاوەوە بۆ مێرگەسەرو نووسەك و بێ بۆ)، لە ( شاخی ماکۆکەوە بۆ کەژوست)، لە( کێل کێلەوە بۆ ڕەشکی لەسەر)، لە( دۆڵەڕەقەوە بۆ گەرووی مەنجەڵ)، لە( خەلیفانەوە بۆ گوندی ئالانە)، لە( بەنی هەریرەوە بۆ کەپکی حەمەد ئاغا)، لە(شەکرۆکەوە بۆ شاخە سور)، پێشمەرگەکان لەتەواوی ئەو قۆڵانەوە بەرگرییەکی بێ وێنەیان کرد، لە ٨/٣٠دا دوژمن هێرشی کردە سەر چیای کونە کۆتر، لە ١٩٨٨/٨/٣١ هێزی پێشمەرگە بەپێی پیلانێکی گونجاو دوای سێ مانگ شەڕی بەرەیی فراوان کشانەوە بۆ سەر سنوورەکان هەرچەندە چەند مەفەرەزەیەك وەك پارتیزان لەو ناوچانەدا مانەوە.

## ئەنفالی هەشت بۆ دەڤەری بادینان لە ٨/٢٥ –١٩٨٨/٩/٦

دوژمن لە ٨/٣١دا لەدوا بەرنامەی نەخشەی زنجیرە ئەنفالەکانی دا، پەلاماری سنووری بادینانیاندا، هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی ( ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، زاخۆ، دهۆك) لەئامێدی ٢٣ گوند، لەئاکرێ ٣٥ گوند، لەشێخان ١٩ گوند، لەزاخۆ ١٠٠ گوند، لەدهۆك ٦٣ گوند)یان ئەنفال و سوتماك و تاڵان کرد.

پانتایی جوغرافیای بادینان بەعێراق و تورکیا و سوریاوە بەستراوەتەوە، هیچ جۆرە بەربەستێکی سروشتیان لەنێواندا نییە، تەنیا ئەو سنوورەی دەستکردە نەبێ بۆی کێشراوە، دەروازەیەکی ستراتیجی هەرێمی کوردستانە، سەرچاوەی داهاتی بەرهەمی کشتوکاڵی و دارستان و ئاو کانزاییە، جگە لەهاوینە هەواری دڵگیر،( موسڵمان و مەسیحی ویەزیدی تیا دەژی)، دوای پیلانی چەقۆی هەرەسی ١٩٧٥، کۆلۆنیالیستەکان بەپێی بەرنامەیەکی وردی نەخشە بۆ کێشراو ( بەرنامەی تەرحیل و شمشێری تەعریب)یان لەم دەڤەرەدا بەچەند قۆناغێك جێبەجێکردووە.

دوای ئەوەی سوپای ئەنفال، لەهەر حەوت قۆناغەکەی دا، سەراپا ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوك و هەولێری سوتماك کرد، خەڵکەکەی شوێن بزر کرد، سامانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی تاڵان کرد، هەموو شوێنەوارێکی ژینگەی ژەهرباران کرد، کەلتوری هەزاران ساڵەی کوردی سڕییەوە، ئەمجارەیان بۆ قۆناغی هەشتی ئەنفال ٢٠٠ هەزار سەربازو جاشی سوك بەپاڵپشتی ١٦ فیرقەی عەسکەری و فڕۆکەی

جەنگی و کۆپتەرو تۆپی قورس و دوور هاوێژ، شەوی ٢٤-١٩٨٨/٨/٢٥ لەهەموو لایەکەوە پەلاماری ناوچەکانی ( دهۆك، زاخۆ، ئاکرێ، سمێل، شێخان، ئامێدی)یاندا، لەو شالاوەدا زیاتر لە ١٦٠ هەزار کەس سەریان هەڵگرت بۆ سنوورەکانی تورکیا و ئێران، لەئۆردوگاکانی( موش و دیاربەکرو ماردین ) لەتورکیا، لەئۆردوگای ( زێوە) لەئێران جێگیر بوون، زیاتر لە (١٣ ) هەزار کەس دەرفەتیان بۆ نەڕەخسا دەرباز بن دەستگیرکران و ڕەوانەی قەڵی ( نزار کێ )کران لەدهۆك و ژمارەیەکی زۆر لەگەنجەکانیان درندانە بەبلۆك شەهید کران، هەندێکی تریان گوللە باران کران، پیاوەکانیش شوێن بزر کران، لەناو بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکاندا تۆمارێکی (٥٠ ) گەنج دیاریکراوە، کە تەمەنیان لە (١٧ ) ساڵ کەمترە گوللە باران کراون، ژن و منداڵەکانیش گوێزراونەتەوە بۆ ( سەلامیە)ی خوار موسڵ، ١٧ ڕۆژ لەوێ مانەوەو دواتر گوێزراونەتەوە بۆ ئۆردوگاکانی( بەحرکەو، چەژنکە، گڕحوشتر) لەدەوروبەری شاری هەولێر، بەپێی ئەو بەرنامەیە کە پێش وەخت داڕێژرابوو، ڕژێمی ئەنفال نیازی بوو سنووری تورکیا دابخات و هەموو خەڵکی بادینان وەك سەراپا ناوچە بەربلاوەکەی گەمیان لەبازنەیەکی دیاریکراودا ئابلۆقە بدات، بێ ئەوەی میدیاکانی جیهان ئاگایان لێ بێت، بەڵام ئەم بەرنامەیەی سەری نەگرت، بەپێی هەندێ سەرچاوەی ناوخۆیی سەرپەرشتیاری ئەو بەرنامەیە ئیعدام کراوە، هەرچەندە زیاتر لە (٥ ) هەزار کەس تا ئێستا بێ سەروشوێنن، لەو هەل و مەرجە دژوارانەدا هەڤاڵ مام جەلال لەلێدوانێکیا داوای لەڕێکخراوە خێر خوازەکانی جیهانی کرد کە بەهانای پەناهەندەکانەوە بچن، داوای لەڕای گشتی جیهانی کرد، سنوورێك بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دابنێن دژی گەلی کورد.

حکومەتی عێراقی بڕیاری ژمارە ٧٣٦ لە ١٩٨٨/٩/٦ لەئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق دەرکرد کە لێبووردنێکی گشتی فراوان بوو، هەموو کوردێکی عێراقی دەگرتەوە تەنیا هەڤاڵ مام جەلال نەبێ، بەڵام لێبووردنەکە فڕوفێڵ بوو دوای ئەو بڕیارە سەدان کەسی دی بێسەرو شوێن کرد.

هەر ئەو دەمە هەواڵی کیمیاباران و ئەنفالکردنی بادینان وەك هەواڵی ژەهربارانی هەڵەبجە لەڕێگای ڕۆژنامەنووسانەوە گەیشت بەمیدیاکانی جیهان.

ڕژێم هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی سەراپای ئەو دەڤەرەو بێسەرو شوێنکردنی تەواوی خەڵکەکەی، بەلاّم لەبەر سەختی ناوچەکەو بەربلاّوی شوێنەکان، نەیتوانی تەواوی سنوورەکان کۆنترۆل بکات، دەیان هەزار ژن و پیاو و منداڵ لەناوچەکانی ( گولی، سندی، بەرواری ژووری، نێروەی، دێکانی دۆسکی ژووری، مزوری ژووری) کە دەکەونە سەر سنووری تورکیاوە خۆیان لەتۆری ئەنفال قوتار کرد، هەر چەندە زۆر کەس لە ( بەرواری ژێری، دۆسکی ژیری، مزوری ژیری، بەرێگاری، نزاری، ئەهلە، زێبار)و ناوچەکانی دی سنووری شێخان و ئاکرێ بەبۆردومانی ژەهر بارانی فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەرەکانی عێراق گیانیان لەدەستداو سەدانیان لێ دەستگیر کرا، لەلایەن فەرماندەی فیرقەی (٢٩ )وە لەگوندی گوێزی ٩٥ کەس و لەگوندی هەمزا ٤٨ کەس و لەگوندی وریمە ٣٣ کەس گوللە بارانکران.

شەوی ٨/٢٣ کۆپتەرەکانی عێراق ٧٠ گوندی دەڤەری بادینانیان بەچەکی کیمیاوی ژەهر باران کرد، هەندێ لەو گوندانەی کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو ئەوانی تریش سەر بەناوچە ئازادکراوەکان بوون، لەوانە زیانێکی زۆر بەخەڵکی دەوروبەری ( ئامێدی، کانی، گەلی شێروان) گەیاند جگە لە گوندەکانی (تیکا، باوەرکەڤری، برحینێ، گەلناسکی، مێرگەتووی، سارکی، زێوە)و چەندان گوندی تر.

ئەو دەمانە کۆپتەرەکانی عێراق ١١ ڕۆژ بەبەردەوامی ژەهربارانی گوندو ناوچە سنووریەکانی دەکرد، تورکیا دەرگای لەخەڵك نەکردەوە تا خەڵکەکە خۆیان لەژەهری مەرگ قوتار بکەن، ڕێکەوتنی نهێنی لەنێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا هەبوو، هێزەکانی هەردوولا دەیانتوانی بۆ قولایی ( ١٠ – ١٥ ) کم سنووری یەکتری ببڕن، هەرچەندە دەیان ژن و پیاو منداڵ بەناچاری خۆیان گەیاندبووە ئەو دیوی سنوورکانی عێراق، لەناو خاکی تورکیاشدا فڕۆکەکانی عێراق بۆردومانی کردبوون.

دواتر ڕژێم پڕوپاگەندەی لێبوردنی گشتی لەناو کامپەکاندا لەڕێگەی تایبەتی نۆکەرەکانیەوە بلاّو کردەوە، ( کەوا حکومەت لێبوردنی گشتی دەرکردووە، هەر کەسێ نەگەڕێتەوە دواتر پەشیمانی دادی نادات و لەدەست ڕژێم دەرباز نابن، تورکیا بەزۆر دەیانداتەوە بەعێراق و سزا دەدرێن).

هەزاران كەس لەترسی ئەو پڕوپاگەندەیە، داوایان دەكرد، ڕێگایان پێ بدرێت بچنە ئێران، هەر ئەو دەمانە وەفدێكی عێراقی سەردانی توركیایان كرد، بۆ ئەوەی بەخەڵكەكە ڕابگەیەنن، بگەڕێنەوە عێراق، ئەگینا سزا دەدرێن، خەڵكەكە ئەو داوایەیان ڕەتكردەوە، چەند خۆپیشاندانێكیان ساز كرد، داوایان لەتوركیا كرد نابێ ئەو وەفدەی عێراقی سەردانیان بكات.

هە ئەو دەمانە( دانیال میتران) دۆستی تەنگانەی كورد، سەردانی پەناهەندە كوردەكانی كرد لەئۆردوگاكانی توركیا، دڵنەوایی كردن، چەند كەسێكی لەبریندارەكانی ژەهری كیمیاوی لەگەڵ خۆیدا برد بۆ فەڕەنسا، بۆ ئەوەی دەنگ و ڕەنگی ڕەشەبای ژەهری كیمیاوی كوردستان بگەیەنێت بەڕێكخراوە نێودەوڵەتی و مافی مرۆڤ و كەناڵە جیهانییەكان.

كەلوپەلیان بەسەر ئاوارەكاندا دابەش كرد، داوای لەحكومەتی توركیا كرد، زیاتر هاوكاری ئاوارەكان بكات، بەمەش زیاتر بوار ڕەخسا بۆ ڕۆژنامەنووسانی دنیا، كەوا سەردانی كامپەكان بكەن و ئەو مەرگەساتە پڕ لەژەهری كیمیاوییەو ئەنفال بەتەواوی دنیا ڕابگەیەنن.

بەپێی ڕاپۆرتی فەرماندەی فەیلەقی (٥)ی عێراقی(١٣٣٩٥) كەس گیراو بوون و بەهەزاران كەسیش شوێن بزر كران، كە كوردی ( موسڵمان و مەسیحی و یەزیدی) بوون، ژمارەیەكی زۆریش لەئۆردوگاكانی دەوروبەری هەولێردا كۆكرانەوە، لەژێر چاودێری دەزگا سیخوڕەكانی بەعسدا بوو، ئەوانە بریتیبوون لەژن و منداڵ، خەڵكی شاری قەڵاو منارە لەهەڵوێستێكی جوامێرانەی كوردەواریانەدا یارمەتیان دان و بەپێی توانا پێداویستیەكانیان بۆ دابین كردن.

بەپێی بەڵگەنامەی عێراقی زیاتر لە ١٣ هەزار كەس دەستگیر كران، بەسەدان كەس گوللەباران كران، بەهەزارانیش بێ سەرو شوێن كران.لەم خشتەیەدا ناوی شوێن و ژمارەی ئەو كەسانەی كە بێسەروشوێن كراون دیاریكراون.

**ناوی شوێن و ئاماری ئەو کەسانەی کە دەستگیر کران و بێسەرەو شوێن کران.**

| ژ | ناوی گوند | ژمارەی بێ سەرو شوێنکراوەکان |
|---|---|---|
| ١ | گوێزی | ٩٠ کەس |
| ٢ | وەرەخەل | ٨٦ کەس |
| ٣ | ئیکمالا خابوری | ٧١ کەس |
| ٤ | راستلەنێنی | ٤٤ کەس |
| ٥ | زیوا شێخ پیرەموس | ٤٤ کەس |
| ٦ | سیتەی | ٤١ کەس |
| ٧ | کانی ماسێ | ٣٦ کەس |
| ٨ | میز لەنیروەێکان | ٢٤ کەس |
| ٩ | گوند کۆسە | ٣٤ کەس |
| ١٠ | خانکێ | ٢٧ کەس |
| ١١ | دوغات | ٢٧ کەس |
| ١٢ | کورێمێ | ٢٦ کەس |
| ١٣ | دەرکار عەجەم | ٢٦ کەس |
| ١٤ | بەرزیرکا | ٢٥ کەس |
| ١٥ | تلاکرو | ٢٢ کەس |
| ١٦ | سپیندار خلفو | ٢٢ کەس |
| ١٧ | شاوریك | ٢٢ کەس |
| ١٨ | بەروشکا سعدون | ٢٢ کەس |
| ١٩ | بەندا | ٢١ کەس |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٣ | چەلكا سەیدا | ٨ كەس |
| ٥٤ | تیرك عەرەب | ٦ كەس |
| ٥٥ | بسێرسڤی | ٤ كەس |
| ٥٦ | زێوا شێخان | ٤ كەس |
| ٥٧ | باوەردێ | ٤ كەس |
| ٥٨ | دەرگەلا شێخا | ٤ كەس |
| ٥٩ | شوێنە جیاجیاكان | ١١٢ كەس |

## خشتەی گوندەكان ئەنفال‌و تەعریبكراوەكان

| ژ | ناوچە ئەنفالكراوەكان | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| ١ | ناحیەی بەرواری بالاّ | ٦٥ |
| ٢ | ناحیەی زاویتە | ١٠٣ |
| ٣ | ناحیەی دۆسكی | ٧٠ |
| ٤ | دەڤەری نیروەرێكان | ١٢٦ |
| ٥ | دەڤەری گوڵی سندی | ١٢٨ |
| ٦ | بەرواری ژێری | ٤٥ |
| ٧ | ناحیەی رزگاری | ٢٠ |
| ٨ | نزاری | ١٦ |
| ٩ | بەری كاری | ١٣ |
| ١٠ | نهێلی | ٩ |
| ١١ | دەشتازێی | ١١ |
| ١٢ | دەڤەری زێباری | ١٤ |
| ١٣ | مزوری ژووریێ‌و بەڕۆژی تا شیروانە | ١٥٤ |

- تێکـڕا ٧٧٥ گونـدی ئـەنفال کـراو ,ژمـارەی گونـدە تـەعریبکراوەکان ٣٦٠ گوند,تێکڕا ١١٣٥ گونـدی دەڤـەری بادینـان ئـەنفال و تـەعریب کـراوە، ڕژێـم بـەپێی بەرنامـەو نەخـشەیەکی درێـژ خایـەن سیاسـەتی تـەعریبی لەناوچـەی بادینانـدا

| ژ | ناوچە تەعریبکراوەکان | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| ١ | ناحیەی سلێڤانی | ١٠٤ |
| ٢ | قەزای شنگار | ١٥٩ |
| ٣ | ناحیەی زەمار | ٤٠ |
| ٤ | قەزا شێخان | ١٥ |
| ٥ | ناحیەی فایدە | ١٥ |
| ٦ | ناحیەی ئەرکیش | ١١ |
| ٧ | ژێر ئاوکەوتنی بەبەنداوی موسڵ | ١٦ |

چەسپاند، بۆ کەمکردنـەوەی کورد لەموسڵ و زۆرکردنـی عـەرەب لـەدهۆك، گـۆڕینی ڕەگەزی کوردە یەزیدیو مەسیحی و تورکمان و هەندێ لەعەشایەرە کوردەکان وەك ( هەسـنان، کیکـان، مـلان، موسارەشـا ، شـەبەك)، بەمـەش لەسـەرژمێری ( ١٩٦٥ – ١٩٧٧ ) ئەم گۆڕانکارییانە ڕوویدا.

## خشتەی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥

| ژ | ناوی شار | ڕیژەی كورد | ڕیژەی عەرەب | ڕێژەی تورك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شەنگال | ٪٦٧ | ٪٢٦ | ٪٦ |
| ٢ | شێخان | ٪٦٩ | ٪١٧ | ٪١,٢ |
| ٣ | موسڵ | ٪١٣ | ٪٥٣ | ٪٢٧,٥ |

## خشتەی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧

| ژ | ناوی شار | ڕیژەی كورد | ڕیژەی عەرەب | ڕێژەی تورك |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شەنگال | ٪١٠ | ٪٩٠ | |
| ٢ | شێخان | ٪٨ | ٪٩٢ | |
| ٣ | زەمار | ٪٥ | ٪٩٥ | |
| ٤ | سمێل | ٪٦٠ | ٪٤٠ | |
| ٥ | دەشتی سلێڤانی | ٪١٣,٣ | ٪٨٨,٧ | |
| ٦ | تاكێڤ | ٪٥ | ٪٩٥ | |
| ٧ | عەشایەرسبعە | ٪٨٦ | ٪١٤ | |

- بەم شێوەیە پرۆسەی کیمیاباران و ئەنفالی کوردو کوردوستان لەلایەن ڕژێمی بەعسی صدامی لەگۆڕنراوەوە پرۆسەیەکی گەلێك گرنگ و پڕ بەها بوو. هەر بۆیەش لەماوەیەکی دیاریکراو و کورتی ١٩٨٨/٢/٢٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٩/٦ دەستی پێکرد و کۆتایشی پێهێنا و تاڕادەیەکی گەورەش سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە وەدی هێنانی ئامانجەکانیدا لە کپکردن و سڕکردنی شۆڕشی کوردو وەدەرنانی هێزی پێشمەرگە بۆ دەرەوەی سنورەکان و کاول و وێرانکردنی گوند و شارو شارۆچکەکانی کوردوستان . و ئەم پرۆسە پلان بۆ داڕێژراوە و بەو هەموو تواناو شارەزایی و ئیمکانیاتە سەربازی ومادی و مەعنەویانەی کە بۆی دابین کرابوو سەرتاسەری کوردوستانی گرتەوە هەر لەگەرمیان و قەرەداغ و دەشتی کۆیەو سلێمانی و هەولێرەوە تا ناوچەکانی باڵەکایەتی و بادینان . و تیایدا زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ ژن و پیاو منداڵ و پیروپەککەوتەی کوردی تیاداچوو, خاك و ئاو و ڕەز و باخ و لەوەڕگا و مەڕ و ماڵات و پاوانی کوردوستانی تیادا سووتماك کرا.

بەم شێوەیە ئەم پرۆسە گشتگیر و پلان بۆ دانراو وڕێکخراوە توانی شکستێکی گەورە بەلاّم کاتی بە شۆڕش و خەبات و بزوتنەوەی کوردایەتی لەم بەشەی کوردوستاندا بهێنێت و ڕژێمی بەعسی صدامیش تاڕادەیەك ئامانجەکانی وەدەست بهێنێت لە بچوککردنەوە و کپکردن و سڕکردنی شۆڕشی چەکداری و وەدەرنانیان بۆ دەرەوەی سنورەکان و خاوکردنەوە و ساردکردنەوەی ورەی شۆڕشگێڕیش لای جەماوەری گەلەکەمان.پرۆسەی ڕوخاندن و وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوند و مزگەوت و کڵێسا و شار و شارۆچکەی کوردوستان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکانیان بۆ شارە گەورەکان و ئۆردوگا زۆرە ملێکان. گەیشتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە مەترسی جدی دروست کرد لەسەر سڕینەوەی مێژوو و جوگرافیاو کەلتوری میلەتی کورد. ڕژێم بەمەشەوە نەوەستاو بەڵکو پیلانیشی هەبوو بۆ ڕاگواستن و وێرانکردنی شارە گەورەکانیش و پیادەکردنی سیاسەتی تەعریب و

تەبعیس تیایاندا.ئەگەر سەركێشی ولەخۆبایبون و بوغرابوونی سەرانی ڕژێمی بەعس نەبونایە و نەكەوتایەتە ئەو هەڵە كوشندەیەی داگیركردنی دەوڵەتی كوێتەوە و هەلآیسانی جەنگی كەنداوی یەكەمی ساڵی ١٩٩١. كە بوە مایەی كرانەوەی دەرگا و دەفەتێك بۆ هەموو گەلانی عێراق بەكوردو عەرەبەوە و هەمووان پێكەوە دەستیان كردە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی نارەزایی دژی سیاسەتەكانی ڕژێمی بەعس و توانیان لەماوەی ١ مانگدا لە ١٨ پارێزگای عێراقدا زیاتر لە ١٥ پارێزگا ڕاپەڕین .بەم شێوەیە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ی گەلەكەمان بوە دەروازەیەكی ژیانەوەومانەوەو زیندووبونەوە وگەشانەوەی كوردایەتی و بەدەستهێنانی گەلێك دەسكەوتی مەزن و گەورە هەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردوستانەوەو بوژانەوە وئاوەدانكردنەوەی ژێرخانی ئابوری و بازرگانی و بازاڕ وكوردوستانی خاپوركراو..هتد.

بەم شێوەیە پرۆسەی كیمیاویبارانكردنی ناوچە جیاوازەكانی كوردوستان و ئەنفالكردنی گەلی كورد وەك هەموو كارەساتە جەرگبڕەكانی تر كاریگەری گەورەی بەجێهێشت لەسەر بونیاد و بیركردنەوەو هەڵسوكەوت و نەفسیەتی تاك بەتاكی كورد لەبەر گەورەیی و بەئازاری و مەترسی پرۆسەكە. چونكە ئەم پرۆسەی لەناوبردن و بەجینۆسایدكردنی گەلی كوردیش هاوشانی پرۆسەی هۆلۆكۆستی جولەكەكان و قاتوقڕی ئەرمەنەكانلەلایەن ئەڵمانیای نازی و سوڵتانەكانی عوسمانیەكانە.

خۆشبەختانە ئەم پرۆسەی لەناوبردنە بەكۆمەڵەی میلەتەكەمان لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ و ڕووخاندنی یەكجارەكی ڕژێمی بەعسی صدامی لەساڵی ٢٠٠٣دا كۆتایی پێهات و لەسەردەمی دەوڵەتی عێراقی نوێدا لەلایەن پەرلەمانی عێراقیەوە بە پرۆسەیەكی كۆمەڵكوژ و جینۆسایدی گەلی كورد ناسرا. كە ئەمە بۆ خۆی هەنگاوی گەورە و گرنگە بۆ ناساندنیشی لەسەر ئاستی دونیا وداواكردنی قەرەبووكردنەوەی قوربانیان و لێقەوماوانی كوردو كوردوستان.

ئەم پرۆسەی لەناوبردنە قەبارەی زەرەرو زیانە مادی و مەعنەوی ومرۆییەكانی هێندە گەورە بوون كە ئەگەر بەسەر هەر گەلێكی تردا بهاتایە ئێستائاسەواریشی

نـەدەما. بـەڵام تـەنها میلـەتێکی زینـدووی وەك کـورد تـوانی خـۆی ڕابگرێـت و مقاوەمـەتی ژیـان و مانـەوەی خـۆی بکـات دژی دڕنـدەترین ڕژێمـی سـەر زەوی و تـوانی سـەرلەنویٚ ژیـان بەبـەر کوردوستانیـشدا بکاتـەوەو دەسـکەوت و ئـاوادانی دەسـتپێبکاتەوەو و مێـژوو و جوگرافیـاو کـەلتورە ڕەسەنەکەشـی سـەر لـەنویٚ بنوسێتەوەو درێژە پێبدات و گیانی شۆڕش و ڕاپەڕین و کوردایەتیش بەردەوامی پێبداتەوە.

# ســــــــاڵــــــــی

# ١٩٨٨

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨ | * دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردوستان لە شاخ.٤<br>* ساڵی ١٩٨٨ ساڵێکی پڕ لە خەم و حەسرەت و نسکۆ و شکست بوو لە ڕووی چەکداری و سیاسییەوە لەشاخەکانی کوردوستانی عێراق بەشێوەیەکی زۆر تراجیدی.٩<br>* هەڤاڵ جبار فەرمان بوو بەنوێنەری یەکێتی لە مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردوستان.١١٣ |
| ١٩٨٨/١ | داستانی ڕێگای کانی ماس- بێگۆڤا بەبەشداری کۆمیتەی دهۆك و ئامێدی ئەنجامدرا و ٣٥ پارچە چەك و یەك جهازی ڕاکاڵ دەسکەوت بوو ١ پ.م یش شەهید بوون.١ |
| ١ و ١٩٨٨/٢ | هێزێکی گەورەی سوپای ڕژێم لە بناری گویژە و جادەی سورداش و دەشتی مەرگە وکارێزە و معسکر سەلام و ساردایشی گرد کردبۆوە.٩ |
| ١٩٨٨/١/٨ | سێ فڕۆکەی ڕژێم دەستیان کردە بۆنمبارانکردنی گوندەکانی هەزارکانی و ژاڵەی ڕەبات لەناوچەی سەنگاو.٨ |
| ١٩٨٨/١/١٤/١٣ | هێزێکی گەورەی تیپەکانی ٥١ و ٥٩ بەنەخشەیەکی داڕێژراو پەلاماری ئۆردوگای قەڵخانلویاندا و لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەردا گرت.٨ |
| ١٩٨٨/١/٢٨ | هێزێکی مەڵبەندی سێ پەلاماری سەری ڕەشیاندا و زیانێکی زۆریان گەیاندە هێزەکانی ڕژێم.٨ |

١٩٨٨/١/٣٠ بۆیەکەم جار لەمێژووی شۆڕشی نوێدا کۆپتەری ئێرانی لە بەرگەڵوو نیشتەوە و بارێك تەقەمەنی و کەرەسەی تری داگرت و کۆمەڵێك بریندار لەگەڵ خۆی بردەوە.٨

١٩٨٨/٢ * یەکەم کۆبونەوەی هاوبەشی نێوان یەکێتی و ئێران بۆ بەرنامە دانان بۆ گرتنی شاری هەڵەبجە.١١

* یەکێتی بەکردەوە دەسەڵاتداری سەر زەوی کوردوستانی عێراق بوو.٩

١٠تا کۆتای ١٩٨٨/٢ چەندین کۆبونەوەی گشتی و دووقۆڵی لەنێوان ئێران و یەکێتی و پارتی و حسك و بزوتنەوەی ئیسلامیدا ئەنجامدرا بۆ پلاندانان و هاوکاریکردن بۆ گرتنی شاری هەڵەبجە.١١

١٩٨٨/٢/١٥ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا ئاگاداری هەڤاڵ محمود سەنگاوی کردەوە کە ئیدی سەرتیپ نیە و دەتوانێت بڕواتەوە بۆ گەرمیان. دوای ئەوەی لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٧ بەبروسکە بانگی کردبوو. ئەمە لەسەر ئەوەی کە هەڤاڵ محمود سەنگاوی بەخراپ مامەڵەی لەگەڵ ئێرانیەکان کردبوو.٨

١٩٨٨/٢/٢١ دوژمن هێرشی کردە سەر دۆڵی جافەتی و بەخەستی دەستی پێکرد.٨

١٩٨٨/٣/١٩-٢/٢٢ ئەنفالی یەك (( هێرشی ڕژێم بۆ سەرگەڵوو بەرگەڵوو)) لە سێ لاوە دەستیپێکرد.٢٧

١٩٨٨/٢/٢٦ * کاتژمێر ١٥ر٤ی عەسر ٦ فڕۆکەی سۆخۆی ڕژێم بۆردومانی گوندەکانی (( مەرگە وهەڵوەتە و یاخسەمەر ودۆڵەبی ونۆڵچکە وکانی شینکە و ئاوەژێ و چنارنە و خوڕخوڕ ویاخیان و کانی ترترو وچالاوە وهەڵەدنیان)) کرد.١

* لەشەڕێکی سەخت و توندا لە پشت گوندی گەڕەدێی دۆڵی گاپێوڵۆن پێشمەرگە بورهان نوری ئەکبەر شەهید دەبێت.

١٩٨٨/٢/٢٧ کاتژمێر ٥٠ر١٢ ی نیوەڕۆ ٨ فڕۆکەی سۆخۆی بۆردومانی دۆڵی جافایەتی سورداش و مەرگەیان کرد. و پێشمەرگەش بە صاروخی سام لێیان دان و فڕۆکەیەکیان خستە خوارەوە. ١

بەهاری ١٩٨٨ شەڕی بەناوبانگی گرتنی شاری هەڵەبجە دژی سوپای عێراقی.١١

١٩٨٨/٣/١ هەڤاڵ مام جەلال لەڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسیدا ڕایگەیاند کە صدام حسین تاوانباری جەنگە و هەرگیز گفتوگۆی لەگەڵدا ناکەین.١٤

١٩٨٨/٣/٧ کاتژمێر ٤٥ر٩ کۆپتەرێکی ڕژێم دوای پێکانی لەشەڕگەی شارستێن لەچوارقوڕنە بەبەرچاوی خەڵکەوە کەوتە خوارەوە.١

١٩٨٨/٣/٨/٧ حامدی حاجی خالد و شەهید قادر کۆکۆیی چوونە ناو شاری هەڵەبجەوە بۆ ڕاوەرگرتن و هاوکاریکردن لەگەڵ عەشیرەتەکانی (( ئیناخی وئیمامی وباوەجانی وکلآشی )) کە ئۆپۆزسیۆنی ئێران بوون لەکاتی گرتنی هەڵەبجەدا.١١

١٩٨٨/٣/١١ هەموو هێزەکانی یەکێتی گەیەنرانە ناوخاکی کوردوستانەوە لە ئێرانەوە.١١

١٩٨٨/٣/١٢ * دواکۆبونەوەی هەموو لێپرسراوە سەربازیەکانی یەکێتی لەگوندی (( بۆین )) بۆ باسکردنی دوا گۆڕانکاریەکان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە.١١

* هێزەکانی یەکێتی و پارتی و حسك و بزوتنەوە بەهاوکاری سوپای ئێران هێرشیان کردە سەر شاری هەڵەبجە و گرتیان.١٤

* صدام حسێن سەردانی شاری سلێمانی کرد و لەنزیکەوە چاودێری شەڕەکانی دەکرد.٨

١٩٨٨/٣/١٤ * ڕژێم لە هێرشەکانی بۆ سەر دۆڵی جافایەتی پێشڕەوی کرد و گەیشتە نزیك بەرگەڵوو.١٤

* هەڵەبجە لەلایەن هێزێکی هاوبەشی یەکێتی و حسك و پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و هێزێکی بەدرەوە ئازاد کرا.٩

* بە ٣ هەلیکۆپتەرەوە قائد فەیلەق هاتە شنەروێ و دوای ٤٥ دەقیقە هەستان و گەڕانەوە.١١

١٩٨٨/٣/١٥/١٤ * کاتژمێر ٣٠ر١ ی شەو یەکەم قۆناغی شەڕەکە دەستپێکرد.١١

١٩٨٨/٣/١٦/١٥ یەکەم کۆبونەوە لەناو شاری هەڵەبجەدا بۆ خۆڕیکخستنەوە و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە سازدرا.١١

١٩٨٨/٣/١٦ * سەعات ٤٥ر١١ سەر لە بەیانی یەکەم بۆردومانی کیمیاوی لە هەڵەبجە کرا.١٥٨

* ٥٠ فڕۆکە هێرشی زەمینی کە هەریەکەیان ٤ بۆمبی ٥٠ کیلۆگرامی کیمیاویان هەڵگرتبوو. هەڵەبجەیان بۆمباران کرد وزیاد لە ٥ هەزار شەهید و ١٠ هەزار برینداری لێکەوتەوەو شارەکەش وێرانکرا.١ و٩

١٩٨٨/٣/١٧ *کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی لەدۆڵی جافەتی و ڕژێم بەتەواوەتی دەستی گرت بەسەر ناوچەکەدا.١٤

* گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتی بۆ ئەو دیو سنوور. ئەو ناوچانەی کە سەرکردایەتی یەکێتی لێبوو لەساڵی ١٩٧٦ وە کە بریتی بوون لە ((بناری قەندیل و

خواکورك و نۆکان و باڵەییان و دۆڵەنیٚ و دەراوی گورگان و دەراوی گـوێزی وخـڕی نـاوزەنگ و بـاوزیٚ و خـەتیٚ و سـورداش و مەرگـە و جافـەتی و دیـسان قاسمـەڕەش و زەڵیٚ )).١٤

* بۆردومـانی فڕۆکـەکانی ڕژێـم هـەر بـەردەوام بـوو کـە گەیشتە ١٤ جار.١١

١٩٨٨/٣/١٨ * فڕۆکەکانی ڕژێم بەخەستی کەوتنە بۆردومانی ڕێگەی (( سـازان هەڵەبجـە و خورمـاڵ و ئەحمـەدئاوا و بیـارە و تەوێڵە)).١١

* پـاش ٢٥ ڕۆژ شـەڕ . دوژمـن دۆڵـی جافـەتی گـرت و بـەیانێکی بڵاوکـردەوە کـە هێرشـەکانی ناونـا(( ئـەنفال یـەك)). کـشانەوەی سـەرکردایەتی لـە بەرگـەڵوو بـۆ دۆڵەکۆگیٚ.٩و١٤

* مەکتـەبی سیاسـی لـە بەیانێکـدا کـە لەئێزگـەی دەنگـی گەلی کوردوستانەوە بڵاوکرایەوە بڕیاریدا کە بارەگاکانی سـەرکردایەتی چـۆڵ بکرێـت لـەدۆڵی جافایـەتی و بکشێتەوە بۆ دواتر.٨

١٩٨٨/٣/١٩ سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکانی ڕژێمیش لای خۆیەوە بەیانێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕایگەیاند کە بارەگاکانی یـەکێتی لـە دۆڵـی جافـەتی داگیرکـردوە وەکـو مژدەیـەکی خۆش.٨

* کۆبونـەوە لەگـەڵ نوێنـەری ئێرانـدا بـۆ کۆکردنـەوەو ناشـتنی شـەهیدەکان لـە گـۆڕی بەکۆمەڵـدا بەجلوبـەرگی خۆیانەوە لەسەر فەتوایەکی ئیمام خومەینی.١١

١٩٨٨/٣/٢٠ * بڵاوبونـەوەی دەنگوباسـی کارەسـاتەکە لـە میـدیاکانی جیهانـەوە و هـاتنی کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن و وێنـەگرانی ئێرانی و جیهانی بۆ شاری هەڵەبجە.١١

| | |
|---|---|
| | * ٤ فڕۆکەی جۆری سۆخۆی هاتنە سەر ئاسمانی گوندی شاناخسێ و دایانە بەر ڕێژنەی چەکەکانیان و بەچەکی کیمیاوی لێیاندا.١ |
| ١٩٨٨/٣/٢٣/٢٢ | ئەنفالی دوو کە ناوچەی قەرەداغی گرتەوە و گوندی سێوسێنانیان کیمیاباران کرد و هەرلەهەمان شەودا کاتژمێر ٠٤ر١١ ی شەو گوندی دوکانیشی تۆپباران کرد بە چەکی کیمیاوی.ئەم ئەنفالە تاکۆتایی مانگی ١٩٨٨/٣ درێژەی کێشا.١ |
| ١٩٨٨/٤/١-٣/٢٢ | ئەنفالی دوو (( ناوچەی قەرەداغ)).٢٧ |
| ١٩٨٨/٣/٢٣ | لەژێر ناوی ئەنفالی /٢ ڕژێم پەلاماری سنوری مەڵبەنی یەکی دا لە قەرەداغ.٨ |
| ١٩٨٨/٣/٢٤/٢٣ | ڕژێم گوندی سێوسێنانی قەرەداغی دایە بەر چەکی کیمیاوی.٨ |
| ١٩٨٨/٣/٢٤ | هەڤاڵ محمود سەنگاوی سەرەڕای تەجمیدکردنیشی داوای لەکاك عومەر فتاح کرد ئامادەیە بچێتە هەر شەڕگەیەك و کاك عومەریش ئاگاداریکردەوە کە بچێتە شەڕگەی زەرد.٨ |
| ١٩٨٨/٣/٢٧/٢٦ | * هێزێکی یەکێتی هێرشی کردە سەر گوندی بەعارەبکراوی (( مەچلوبە)) ی ناوچەی هەولێر.١٤<br>* ئێران بڕیاریدا کە خەڵکی ناوچەکە بەهەموو کەل و پەل و ناوماڵەوە بگوازنەوە بۆ ناو ئێران.١١ |
| ١٩٨٨/٣/٣٠ | کاك عومەر فتاح بروسکەی کردبوو بۆ هەڤاڵ محمود سەنگاوی کە ٦٠ ولاٌخ ئامادە بکات بۆ گواستنەوەی کەل و پەلی مەڵبەندی یەك.٨ |
| ١٩٨٨/٣/٣١ | هەموو پێشمەرگەی دیوی قەرەداغی هەموو لایەنەکان ئاوای دیوی گەرمیان بوون.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨/٤/١ | ئەنفالی دوو قەرەداغ-شارەزوور کۆتایی هات کە ڕژێم لە بەیانێکدا ڕایگەیاند کە ناوچەکانی ئەنفالی دووی داگیرکردوە.٨ |
| ١٩٨٨/٤/٢ | * کاك عمر فتاح لەگەڵ هێزەکەی کاك محمود سەنگاویدا چوونە گوندی مەسۆیی بۆ لای هێزەکانی پارتی بۆ بەشداریکردنیان لەبەرەکانی شەڕدا.٨<br>* ڕژێم بلاْوکردەوە کە ناوچەی قەرەداغ کە ناوەندی گەرمیان و بارەگای مەڵبەندی یەکی لێبوو گرتوە.٩ |
| ٧-١٩٨٨/٤/٢٠ | ئەنفالی سیٚ کە ناوچەی گەرمیانی گرتەوە.١ و٢٧ |
| ٨-١٩٨٨/٤/١٣ | هێزەکانی ڕژێم بە ژمارەیەکی زۆر لە چەندین دەروازەوە پەلاماری گەرمیانیدا.کە ئەمەش بەسەرەتای پرۆسەی ئەنفالی گەرمیان دادەنرێت ( ئەنفالی سیٚ ).٨ |
| ١٩٨٨/٤/١٤ | بریاری کشانەوەی هەموو هێزەکانی یەکێتی درا لە بەرەکانی شەڕ و بەرەو بناری شاخەکان.٨ |
| ١٩٨٨/٤/١٧ | گرتنەوەی شارۆچکەی فاو لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە کە پێشتر لەلایەن ئێرانەوە گیرابوو.٨ |
| ١٩٨٨/٤/١٨/١٧ | هێزی پێشمەرگە لەگەرمیان لەسنوری مەڵبەندی یەك کشانەوە بەرەو بناری قەندیل.١ |
| ١٩٨٨/٤/٢٣ | ڕژێم بەهێزێکی زۆرەوە لەهەموو لایەکی سنوری ئاغجەلەر و چەمی ڕێزان و ناوشوان و دەشتی کۆیە و تەقتەق و تیپەکانی سنوری ٢٥ و ٩٣ هێرشیکرد ( کە بەئەنفالی چوار) ناسراوە.٨ |
| ١٩٨٨/٥ | نامەیەك لەلایەن بەرەی کوردوستانیەوە ئاڕاستەی سەرۆکی ئەمریکا و سۆڤیەت کرا دەربارەی ڕەفتارەکانی ڕژێمی بەعس.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨/٥/٢ | یـەکێتی و پـارتی و پاسـۆك و شـیوعی و حـسك و پـارتی گـــەل کۆبونـــەوە و بڕیـــاری پێکهێنـــانی بـــەرەی کوردوستانیاندا کە ڕووداوێکی گرنگ بوو.٨ |
| ١٩٨٨/٥/٨-٣ | * کاتــژمێر ٤٥ر٤ ی عەسـر ئـەنفالی چـوار کـە دەشـتی کۆیـەی گرتـەوە ٤ فڕۆکـە لـەجۆری سـۆخۆی کیمیابـارانی گوندی گۆپتەپەی عەسکەری سەر زێیان ئەنجامدا.١<br>* ڕژێم هێرشی کردە سەر ناوچەی کەرکوك.٩ |
| ٥/٤/ -١٩٨٨/٦/٢٦ | کاتژمێر ٨ی بەیانی هێرشی بەربلاوی ڕژێـم دەسـتیپێکرد بەمەبەستی ئەنجامدانی ئەنفالی چوار.١ |
| ١٩٨٨/٥/٧ | دامەزرانـدنی بـەرەی یـەکگرتووی کوردوسـتانی لـەنێوان ((یــەکێتی و پــارتی و شــیوعی و حــسك و پــارتی گــەل زەحمەتکێشان و پاسۆك))دا.١٢ |
| ١٩٨٨/٥/١٢ | بەدەسپێشخەری هـەڤاڵ مـام جـەلال بـەرەی کوردوسـتانی دروست بوو.٣ |
| ١٩٨٨/٥/١٥ | * ئــەنفالی (( پێــنج و شــەش و حــەوت ))لەسـنورەکانی مەڵبەنـــدی ســـێی هـــەولێر و شـــەقلاوا ڕەوانـــدووز دەستیپێکرد.١<br>* کیمیـــاوی بـــارانی گونـــدی(( وەریێ )) لەدەڤـــەری خۆشناوەتی.٢٨ |
| ١٩٨٨/٥/١٨ | هێرشی کیمیاوی ڕژێـم بۆسـەر گونـدی (( وەریێ ))ی سـەر بەپارێزگای هەولێر لەناوچەی خۆشناوەتی.١٢ |
| ١٩٨٨/٥/٢٠ | * منـــع التجـــول لـــە شارۆچـــکەکانی دووز و داقـــوق ئەنجامدرا.١<br>* ڕژێـم لـە چـەند قۆڵێکـەوە هێرشـی کـردە سـەر سـنوری مەڵبەندی سێ.٢٣٢ |
| ١٩٨٨/٥/٢٢ | ڕژێـم لـەکاتی بـانگی ئێـوارەدا گونـدی وەرتێـی کیمیـاوی باران کرد.٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨/٥/٢٣ | نەتەوە یەكگرتوەكان عێراقی خستە لیستی ئەو وڵاتانەوە كە مافی مرۆڤ پێشێل دەكەن.٢٨ |
| ١٩٨٨/٥/٢٤ | ئەنفالی (( ٥ و ٦ ))لەلایەن ڕژێمەوە دەستیپێكرد كەناوچە جیاجیاكانی هەولێری گرتەوە.٨ |
| ١٩٨٨/٥/٢٥ | ڕژێم هێرشی كردە سەر شەلامچە و لەدەستی ئێرانی ڕزگاركرد.٨ |
| ١٩٨٨/٦/٢٠-٦/١ | شەهید غەریب هەڵەدنی ڕاسپێردرا كە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەكانی دۆڵی جافایەتی سنوری سورداش لەگەڵ ٩ پ.م.١ |
| ١٩٨٨/٦/٧/٦ | شەهیدكردنی محمودی مامە عەزە و صدیق علی تۆفیق و چەند پێشمەرگەیەك بەدەستی خۆفرۆشێك.١ |
| ١٩٨٨/٧/٧ | هەڤاڵ مام جەلال بەنوێنەرایەتی بەرەی كوردوستانی بەشداری لەكۆنفرانسی سۆسیال ئەنتەرناسیونالی لە فەڕەنسا كرد.١ |
| ١٩٨٨/٧/١٧ | ئێران بڕیاری ٥٩٨ی نەتەوەیەكگرتوەكانی قبوڵكرد و ئیدی شەڕی ئێران–عێراق ڕاوەستا.٢٨ |
| ١٩٨٨/٧/٢٥ | كۆبونەوەیەكی فراوانی هەموو سەرتیپ و ڕابەر سیاسی و لێپرسراوی ڕێكخستنەكان و كادرە پیشكەوتوەكانی یەكێتی لە مەڵبەندی ٣ كرا لەسەر نامەیەكی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا كە دەربارەی ئەوەبوو كە ئیدی شەڕی بەرەیی زیانی زوۆرترە و لەمەودوا شەڕی پارتیزانی بكرێت.١٤ |
| ١٩٨٨/٧/٣٠ | ١٠ فڕۆكە كیمیابارانی دۆڵی سماقوڵی و گەڕەوانیان كرد و چەند شەهید و بریندار هەبوو.١ |
| ١٩٨٨/٨/٢ | ڕژێم گوندەكانی(( ئاری و سیر وزەروە)) ی ناوچەی هەولێریان بۆردومان كرد,كە ٦٣ هاولاتی بریندار بوون.١ |
| ١٩٨٨/٨/٨ | ڕاوەستانی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق _ئێران.١ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨/٨/١٩ | ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لە ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردوستانەوە دەربارەی هێرشەکانی ئەنفال بلاوکرایەوە بۆ ڕای گشتی ناوخۆو جیهان.١ |
| ١٩٨٨/٨/٢١ | ڕژێم لەماوەی یەك شەودا شارۆچکەی دیبەگەی سەر بەقەزای مەخموری پارێزگای هەولێری ڕاگواست و کەسی تیادا نەهێشت.٢٨ |
| ٨/٢٤ تا ١٩٨٨/٩/٣١ | ئەنفالی هەشت لە ناوچەی بادینان بەردەوام بوو.١ |
| ١٩٨٨/٨/٢٤ | کاتژمێر ٣٠ر٦ بەرەبەیان ڕژێم کەوتە بۆردومانکردنی ئەم گوندانە بەچەکی کیمیاوی ,لەسنوری دهۆك لەناوچەی ((دەرگەلا شێخا))و لەسنوری زاخۆ ((برکەڤی خوارو, برکەڤی سەروو. توێکا)), لەسنووری ئامێدی(( یەك ماڵە و خرابە ودۆڵی زێوە )) و لەسنوری شێخان لەناوچەی ئاڤۆکی ( چیای گارە )بەلوتە و گوێزێ و یەك ماڵە و شێرانە.١ |
| ١٩٨٨/٨/٢٥ | * کارەساتی کیمیابارانی ناوچەی بادینان لەلایەن ڕژێمەوە.٢٨<br>* هێرشی فراوانی ڕژێم بۆ بناری قەندیل دەستی پێکرد.١ |
| ١٩٨٨/٩/٦-٨/٢٥ | بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژی گوندەکانی بادینان و ئەنفالی (( ٨ )) لەناوچەی بادینان.١٤و٢٧ |
| ١٩٨٨/٨/٢٦ | *ڕژێم هێرشی ئەنفالی کۆتایی بۆسەر ناوچەکانی بادینان دەستپێکرد.٩<br>* بۆردومانکردنی ناوچەی هیران بەگازی کیمیاوی لەلایەن ڕژێمەوە.٢٨و١٤ |
| ١٩٨٨/٨/٢٧ | * دەسپێکردنی کیمیابارانی ناوچەی بەرواری لەپارێزگای دهۆك لەلایەن ڕژێمەوە.١٢ |

* ڕژێم پرۆسەی ئەنفالی (( ٧ )) ی لەبناری قەندیل دەستپێكرد.٨

١٩٨٨/٨/٢٨ * هێرشی سەرتاسەری ڕژێم بۆ سەر كوردوستان و كیمیاویبارانكردنی ناوچەكانی بادینان و بالیسان.١٢

* لەگەڵ كشانەوەی هێزی پ.م بۆ بناری قەندیل , دەستەیك لە پ.م بە سەر پەرشتی شەهیدی سەركردە(( حەسەن كوێستانی )) بڕیاری مانەوەیاندا وەك پارتیزانی بەناوی ڕەتڵی هەولێرەوە.١

١٩٨٨/٨/٣١ * بەستنی كۆنگرەی یەكگرتنەوەی خوێندكارە كوردەكانی لەدەرەوەی كوردوستان لەشاری بەرلینی ئەڵمانیا.١٢

* شەهیدبوونی شەهیدی سەركردە(( ئازاد هەورامی ))دوای پێكان و برینداربوونی لە تۆپبارانكردنی فڕۆكەكانی ڕژێم لەبناری قەندیل لەڕێگە بۆ بردنی بۆ ئێران لە (( شێخ عایش )) شەهید بوو.١

١٩٨٨/٩ كشانەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردوستان بۆ سەر سنورەكانی ئێران دوای هێرشی ئەنفالەكان.١

١٩٨٨/٩/٣ دوای موعەمەر قەزافی,سەرۆكی پێشووتری جەزائیر ئەحمەد بن بلە ئیدانەی عێراقی كرد لەسەر كیمیاوی بارانی گەلی كورد.١

١٩٨٨/٩/٤ یاداشتی هەڤاڵ مام جەلال بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی وولاّتانی بێلایەن(( عدم الانحیاز )) دەربارەی شەڕی لەناوبردنی كورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە.١

١٩٨٨/٩/٦ دەركردنی لێبووردنی گشتی لەلایەن ڕژێمەوە بۆ گەڕانەوەی هاولاّتیانی كورد بۆ ژێر دەسەلاّتی ڕژێم كە لە هێرشی ئەنفالەكاندا هەلاّتبوون و هەموو كوردی دەگرتەوە جگە لە هەڤاڵ مام جەلال .١

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨/٩/١١ | ڕۆژنامەی پراڤدای سۆڤێتی هەواڵی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەدژی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە ڕەتدەکاتەوە.٢٨ |
| ١٩٨٨/٩/١٤ | ڕژێم هەموو ڕەزوباخ و گوندەکانی ناوچەی زرارەتیان تێك و پێکدا.١ |
| ١٩٨٨/٩/٢٨ | هەموو گوندەکانی ناوچەی پشدەری بەڕەز و باخەوە وێرانکرد.١ |
| مانگی ٢ تا ١٩٨٨/١٠ | ڕژێم لەچوارچێوەی ٨ پەلاماری بەناو ئەنفالدا لەناوچە جیاوازەکانی کوردوستاندا ١٨٢ هەزار هاولاتی کوردی لەژن و منداڵ وە پیروپەککەوتەی بێتاوانی بێسەر و شوێن کردو سەرو ماڵیانی بۆ جەلادەکانی حەلاڵ کرد.١ |
| ١٩٨٨/١٠ | * هەڤاڵ حەمە تۆفیق ڕەحیم بوە لێپرسراوی نوسینگەی پەیوەندیەکانی یەکێتی لەتاران و دەوروتەسلیمی لەگەڵ هەڤاڵ ڕەفعەتی مەلادا کرد.١٥٨<br>* کاولکردنی گوندەکانی شێخ وەسانان و بالیسان.١ |
| ١٩٨٨/١٠/١ | گوندەکانی(( سکتا و کانی توو وسەردۆڵ و کۆدەو))ی وێران کرد.١ |
| ١٩٨٨/١٠/١٠ | کاولکردنی تەواوی شارۆچکەی(( خەلەکان و دوکان )).١ |
| ١٩٨٨/١٠/١٠-١٩٨٩/٧/٨ | دەستەیەکی تری پ.م ی پارتیزانی لەهەمان سنوردا ماونەتەوە کەلە ١٠ پ.م پێك هاتبوون.١ |
| ١٩٨٨/١٠/١٣ | بڕیاری ڕژێم بەوەرنەگرتنی خوێندکارانی هەڵەبجە لەخوێندنگاکاندا.١ |
| ١٩٨٨/١٠/١٧ | ڕژێم ١٢ هاولاتی خەڵکی ئاکۆیانی لەسەربازگەی ڕانیە گولە باران کرد.١ |
| ١٩٨٨/١٠/٣١ | هێرشی ڕژێم بۆسەر دواهەمین هێزی پێشمەرگە لەدەشتی هەولێر.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٨/١١ | کۆمەڵێك لەپارتیزانەکانی گەرمیان وەك مام ڕۆستەم و کاك عدنان و کاك مەحمودی مامە عەزە گەیشتنەوە سەرەوە بۆ حەسانەوە.٨ |
| ١٩٨٨/١١/٣ | هێرشی بەربلاوی هێزەکانی ڕژێم بەمەبەستی کێوماڵکردن بۆ سەر هەموو شوێن و ناوچەکانی هەولێر و گەڕان بەشوێن پارتیزانەکاندا.١ |
| ١٩٨٨/١١/١٠ | لەبەر خراپی ڕێگا نەتوانرا هەڤاڵ ئازادی سەگرمە کە بریندار بوو ببرێت بۆ ناوچەکانی پێشمەرگە.٤ |
| ١٩٨٨/١١/١٥ | بڕیاری دروستکردنی(( سرك ))سوپای ڕزگاری کوردوستان درا.١ |
| ١٩٨٨/١١/٢٩ | دواتر هەڤاڵ ئازادی سەگرمە گەڕێنرایەوە سلێمانی و بغداد و عەمەلیاتی بۆ کرا.٤ |
| ١٩٨٨/١٢/٢ | هێرشی ڕژێم بۆ سەر ناوچەی بەڕانەتی و سوتاندنی گوندەکانی(( زێبارۆك و ڕزگە و سەرکەند)).١٤ |
| ١٩٨٨/١٢/١٢ | ئێزگەی (( بەرەی کوردوستانی عێراق)) کرایەوە.٢٨ |
| ١٩٨٨/١٢/١٧ | سەرکردایەتی بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شاری هەولێر دیایکراکە بریتی بوو لە هەڤالان مستەفا سەید قادرو کاکە مین.٤ |
| ١٩٨٨/١٢/٣١ | هەڤاڵی سەرکردە د. خەسرەو خاڵ لە شام کۆچی دوایی کرد بەهۆی نەخۆشیەکی کوشندەوە.١٣٦ |

# ســــــاڵـــــی

# ١٩٨٩

| | |
|---|---|
| ١٩٨٩ | بەشداریکردنی وەفدێکی بەرەی کوردوستانی لە کۆنگرەی پاریس کە دەربارەی ناسنامەی کورد سازدرابوو. کە بەهەوڵی هەڤاڵ مام جەلال کوردە خۆفرۆشەکانی سەر بەڕژێم لەکۆنگرەکە کرانە دەرەوە کە دەیانویست بەناوی کوردەوە بەرگری لەڕژێمی بەعس بکەن.٣ |
| ١٩٨٩/٢ | هەڤاڵ  مام جەلال لەدەرەوەی وولآت گەڕایەوە.٨ |
| ١٩٨٩/٢/١٩ | کۆمەڵێك پێشمەرگەی پارتیزانی گەرمیان  کەوتنە ژێر هەرەسی ئەشکەوتەوە و شەهید بوون.( مەلا ئەحمەدی کەلاری و حاجی حەمید و حەیدەر وپۆلاً و ڕەحیم و محمەد و دارا)).٨ |
| ١٩٨٩/٣ | ڕژێم ئاگاداری دانیشتوانی قەلآدزێی کردەوە کە چۆڵی بکەن لەبەر ئەوەی پشتیوانی ئێرانیان دەکرد.٨ |
| ١٩٨٩/٣/٢ | ه.ئازادی سەگرمە هێنرایەوە قەلآدزێ.٤ |
| ١٩٨٩/٣/٣ | دواتر هەڤاڵ ئازدی سەگرمە بەڕێکرا بەڕێی سونێدا بۆ سەرکردایەتی.٤ |
| ١٩٨٩/٤/١٤ | کۆنگرەی نێونەتەوەیی بۆ مافی مرۆڤی کوردوستان لە بریمەن.٢٨ |
| ١٩٨٩/٥/١ | لەسەر داوای ئێران بۆ بەشداریکردن لەمانۆڕێکی سەربازیدا لەهەرسێ مەڵبەندەکەدا خولی مەشق کرایەوە.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٩/٥/٥ | عدنان خیرالله ژن برای صدام حسێن و وەزیری بەرگری عێراق لەناوچوو بەهۆی ڕووداوێکەوە لەناو کۆپتەردا لەنزیك گوندی مەلا قەرەی کەندیناوای سەر بەناحیەی دیبەگەی شاری هەولێر.٨و١٢ |
| ١٩٨٩/٦ | مێشێل عەفلەق لە عێراق کۆچی دوایی کرد.٨ |
| ١٩٨٩/٦/٤ | مردنی ئایەتولاّ خومەینی ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران.١٤ |
| ١٩٨٩/٦/٢٢ | هەڤاڵ محمود سەنگاوی و کاك کوردۆ و مەفرەزەیەك خۆیان ئامادەکرد بۆ هاتنەوەی کوردوستان وەك پارتیزان کە ئەو کاتە لە مەریوان بوون.٨ |
| ١٩٨٩/٦/٢٣ | بەئۆتۆمبێل گەیشتنە درزلی و لەوێشەوە بۆ چیای سورێن بۆ بنکەی ڕەنگین.٨ |
| ١٩٨٩/٦/٢٤ | لەکانی ڕەنگینەوە چوون بۆ شارەزوور بەناو کێڵگەی مین و چۆڵەوانیدا.٨ |
| ١٩٨٩/٦/٢٥ | لەتەپە سەرقوڵەوە بۆ گوندی گامێش تەپە و بەپشتی شانەدەریدا.٨ |
| ١٩٨٩/٦/٢٦ | گواستنەوەی شارۆچکەی قەلاّدزێ و ناوچەی پشدەر بۆ ئۆردوگازۆرەملێکان کە مەزەندە دەکرێت بە ١٠٠ هەزار کەس.٢٨و٨ |
| ١٩٨٩/٦/٢٨ | مانەوە لە پووشێن.٨ |
| ١٩٨٩/٦/٣٠ | بەرێکەوتن بەرەو گوندی نەوتی قەرەداغ.٨ |
| ١٩٨٩/٧/١ | هێزێکی ڕژێم لەپشتی تەکیەی قەرەداغەوە بوون.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٢ | بەرەو دێی سێوسێنان بەرێکەوتن.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٤ | چوون بەرەو شۆراوەکەی پشتی قەلاّی تەپەگەرۆس و شەوەکەی چوونە چیای ئاژداخ.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٦ | چەند دەستەیەك لە پ.م بەسەرپەرشتی هەڤاڵ سیروانی کوێخا نەجم بەناوی ڕەتلّی کەرکوکی پارتیزانیەوە |

| | |
|---|---|
| | لەناوچـەکانی شـوانی خاصـە و ناوچـەی چەمـچەماڵ و ئاغجەلـەر و قەڵاسـێوکە و هـەردوو شـێخ بزێنـی سـەرو وخوار و ساڵەیی.کەوتنە چالاکی.١ |
| ١٩٨٩/٧/٨ | چـوون بـۆ کـانی دڕکـەی نێـوان چیای مـازوخ و گەنـدی قەواڵی.٨ |
| ١٩٨٩/٧/١٤ | د.عبـدالرحمن قـاسملۆ سـکرتێری حیزبـی دیمـوکراتی ئێـران لەشـاری ڤییـەنای پایتـەختی نەمـسا لەلایـەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە شەهیدکران.٨ |
| ١٩٨٩/٧/١٥ | لەگوندی سیٚ قازانەوە مانەوە.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٢٣ | مەفرەزەی دووەمی پارتیزانەکان لـە ئێرانـەوە بەڕێکـەوتن بۆ گەرمیان و گەیشتنە گوندی زەردەلیکاو.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٢٦ | کۆپتـەرەکانی ڕژێـم بەسـەر ناوچـەکەدا دەسـوڕانەوە بـۆ ڕۆژی دواتر کێوماڵی ناوچەکەیان کرد.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٢٨ | کێوماڵکردن بەردەوام بوو.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٣٠ | ڕژێـم گەیـشتە گونـدی مەسـۆیی سەرچـەم و بنـاری پێـنج ئەنگوسـت.هـەر ئـەمڕۆ حەمـە ڕەش و سـەید جەوهـەر و کەریم چاوڕەش گەڕانـەوە بـۆ ئێران. کە ئەمە یەکەم جار بوو لەدوای ئەنفال ناوچەکە بەجێبهێڵن.٨ |
| ١٩٨٩/٧/٣١ | کێوماڵکردن هەر بەردەوام بوو.٨ |
| ١٩٨٩/٨/٤ | چوون بۆلای مەلا سەعید.٨ |
| ١٩٨٩/٨/٧ | چوون بۆ کـانی دڕکە و لـەوێوە بـۆ سیٚ قازان بۆلای کـاك عوسمانی حاجی محمود.٨ |
| ١٩٨٩/٨/١٢ | چوون بۆ هەژاراوا.٨ |
| ١٩٨٩/٨/١٣ | پەیوەندیکردن بە مەکتەبی سیاسیەوە بە جیهاز.٨ |
| ١٩٨٩/٨/١٤ | کـاك عوسمـانی حـاجی محمـود هـەواڵی گرتنـی هـاوڕیٚ سـەید محمـەدی بەمەفرەزەکـەی کـاك محمـود سـەنگاوی دا کەلـە کـەلار گیرابـوو لـە ١٩٨٩/٨/٢دا لەلایـەن پیـاوانی |

| | |
|---|---|
| | موخابەراتـەوە كـە پـێش ئـەنفال فەرمانـدەی كـەرتی تیپـی ٥١ ی گـەرمیان بـوو.و لـەمانگی ١٩٩١/٢ پـێش ڕاپـەڕین لەسێدارەدرا لەگەڵ خێزان و منداڵەكانیدا.١و٨ |
| ١٩٨٩/٨/١٧ | چوون بۆ شاخەكەی پشتی قەڵای تەپەگەڕوس.٨ |
| ١٩٨٩/٨/٢٩ | هەڤاڵ مام جەلال كادرەكانی یەكێتی كۆكردەوەو بەردانی مەلا بەختیاری خستە بەردەمیان بۆ بڕیار لەسەردانی.٨ |
| ١٩٨٩/٩-١٩٩١/٣/٥ | ڕێكخستنەكانی نـاو شـارەكان ڕووبـەڕووی ژیـانێكی زۆر سەخت و دژوار بونەوە.٤ |
| ١٩٨٩/٩/١٤ | كـشانەوەی دوا هــەمین پێــشمەرگەی یــەكێتی لـــە كوردوستان.١٤ |
| ٩/١٥-١٩٨٩/١٠/١٥ | بەچـەند وەجبەیــەك پ.م دەگەڕانــەوە كوردوســتان لــە ئێرانەوە.١ |
| ٩ و ١٠ /١٩٨٩ | ڕژێـم هەڵمـەتێكی ڕاوەدوونـان و گرتنـی ڕێكخـستنەكانی ناو شاری دەستی پێكرد و لەدەسپێكا هـەڤاڵان مامۆستا ئەحمەدی صناعە و هاوڕێكانی دەسگیركرد.١ |
| ١٩٨٩/٩/١٢ | بۆ سەردانی كاك كۆردۆ بەڕێكەوتن.٨ |
| ١٩٨٩/٩/١٣ | بروســكەی مــام جــەلال بــۆ محمــود ســەنگاوی و ئاگادجاركردنـەوەی كـە هەنـدێ میـوانی خـۆی دەچـێتە لایـان و داوا دەكـات چـی لەتوانیدایـە هاوكاریـان بكـات. میوانەكان لە لەشكری بەدر بوون.٨ |
| ١٩٨٩/٩/١٧ | كاك عوسمانی حاجی محمود لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگە بــەرەو ئێــران كەوتنــە ڕێ كــە لەســاڵی ١٩٨٨وە بــە پارتیزانی مابونەوە و نەگۆڕابوون.٨ |
| ١٩٨٩/٩/٢٠ | لە سێ قازانەوە بەرەو ئاژداخ بەڕێكەوتن.٨ |
| ١٩٨٩/١٠/١٣ | دەسگیركردنی هەڤاڵ كارزان ئیسماعیل قەڵادزێی .٤ |
| ١٩٨٩/١٠/١٤ | لەپاریس كۆنگرەی جیهانی كورد بەسرا.١٢ |

| | |
|---|---|
| ١٩٨٩/١٠/١٦ | **ڕژێم ٢٣ هاولاّتی لەشارۆچکەی شەقلاّوە گولە باران کرد و بەکۆمەڵ خستینیە ژێر خاکەوە.١٢** |
| ١٩٨٩/١٠/١٧ | **شەهیدبوونی مام ڕەؤوفی حاجی سابیری برای کاکە حەمەی حاجی سابیر فەرماندەی تیپی ١٥ی هەورامان.٨** |
| ١٩٨٩/١١/٣ | **صدام حسین سەردانی شاری سلێمانی کرد.٨** |
| ١٩٨٩/١١/٤ | **دامەزراندنی یەکێتی ژنانی کوردوستان.٢٨** |
| ١٩٨٩/١٢/٢٠-١٩٩٠/١١/١٩ | **بەسەرپەرشتی شەهید غەریب هەڵەدنی دەستەی سێیەمی پ.م جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ناو کوردوستان و بۆ هەمان سنوری سورداش کە پێك هاتبوون لە ٩ پ.م ١٠** |
| ١٩٨٩/١٢/٢٢ | **گیرانی عبداللە سید قادر(( ڕەمەزان )) بەهۆی خیانەتی یەکێك لەناو ڕێکخستنەکانی خەلیفان بەناوی ((بەکر)).٤** |

# ســــــــاڵــــــــی

# ١٩٩٠

١٩٩٠/٢ كاك نەوشیروان مستەفا لەسەفەرەکەی دەرەوەی گەڕایەوە و کۆبونەوەی بەکادرەکانی کۆمەڵە کرد.٨

١٩٩٠/٢/٣ بەرەی کوردوستانی و ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بانگەوازێکیان بۆ ڕای گشتی عەرەبی و جیهانی بلأوکردەوە دژ بەهێرش و سیاسەتەکانی ڕژێمی بەعس دژ بەگەلی کورد.١٢

١٩٩٠/٢/٧ بەرەی کوردوستانی ڕاگەیاندنێکی ئاڕاستەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد لەپێناو یارمەتیدانی کوردانی بەرکەوتووی گازی کیمیاوی لەلایەن عێراقەوە لەئۆردوگای دیاربەکردا.١٢

١٩٩٠/٢/٢٨ هەڤاڵ مام جەلال لە ڕادیۆی بیبیسیەوە بەدوور و درێژی باسی لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی کرد لە عێراقدا.٨

١٩٩٠/٣ ژمارە (( ١٨ )) ی ڕۆژنامەی بەرەی کوردوستانی دەرچوو کە تیایدا (( علی بچکۆل / باوکی کارا)) وتارێکی دەربارەی ڕەفتاری خراپی لێپرسراو و پێشمەرگە لەگەڵ جەماوەری کوردوستاندا بلأوکردەوە بەهۆی ئەو وتارەوە علی بچکۆل لە یەکێتی دەرکرا و درا بە دادگای بەرزی شۆڕش بەتاوانی خیانەتی گەورە.١٤

١٩٩٠/٣/١ ڕژێم لێبوردنی گشتی دەرکرد.١٤

١٩٩٠/٣/٧ وەفدێکی پارتی بەسەرۆکایەتی مسعود بارزانی سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتی کرد و لەلایەن هەڤاڵ نەوشیروانەوە پێشوازیان لێکرا بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکان بوو.٢٨

٨و١٩٩٠/٣/٩ کۆبونەوەی سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردوستانی بە ئامادەبوونی هەموو نوێنەرەکانی بەرە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی بارودۆخی کوردوستان.١٤

١٩٩٠/٦/٨ کاك ڕەیس بڕیاری گەڕانەوەیدا بۆ کوردوستان و لەسنوری بلەکێی بانەو مەریوانەوە گەڕایەوە بۆ شارباژێڕ.١

٩ و١٩٩٠/٦/١٠ کاك نەوشیروان کۆبونەوەی لەگەڵ هێزەکانی سنووری مەڵبەندی یەك دا کرد.بۆخۆ ئامادەکردن بۆ پێشهات و گۆڕانکاریە نوێکانی ناوچەکە.٨

١٩٩٠/٦/١٠ سەردانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا بۆ بەسەرکردنەوەی تەشکیلاتی بەتالیۆنەکان.٨

١٩٩٠/٨/٢ داگیرکردنی کوێت لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە و هەڵایسانی جەنگی کەنداوی دووەم.١

١٩٩٠/٨/٢٨ هەموو فەرماندە و جێگر و ڕێبەر سیاسی بەتالیۆنەکان بانگ کران بۆقاسمەڕەش بۆ کۆبونەوە و گفتوگۆ کردن دەربارەی ئایندەی عێراق لەدوای داگیرکردنی کوێتەوە.٨

١٩٩٠/٩/٢٠ وەفدی کوردی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال چووە پاریس لەسەر دۆخی کوردو شۆڕشەکەی گفتوگۆیان کرد و داوای یارمەتی سیاسی و ئەخلاقیان لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد.٨

١٩٩٠/٩/٢٩ دەسگیرکردنی هەڤاڵ مستەفای سید قادر لەشاری هەولێر.٤

١٩٩٠/١٠/١٨ شاحەسەنی دووەمی پادشای مەغریب باسی لە دابەشکردنی عێراق و دروست بوونی دەوڵەتی کوردی وپێدانی شاری کەرکوك بەو دەوڵەتە کوردیە کرد .٨

١٩٩٠/١٠/٣٠ لەقاسمەڕەش و لەناوەندی کۆمەڵەدا کۆبونەوەیەکی فراوان و گرنگ ئەنجامدرا بەمەبەستی گفتوگۆ دەربارەی

یەکگرتنـــەوەی کۆمەڵــە و شۆڕشــگێڕان وزۆرینــە لەگــەڵ یەکگرتنەوەدا بوون.٨

١٩٩٠/١١/٤ ناوی بروسك لەلایەن لیژنەی کاری ڕاپەڕینەوە دانرا بۆ شانە چەکدارەکانی سنوری هەولێر و حەوزی بیتوێن و کەرکوك و دهۆك و ئەو ئۆردوگایانەی خەڵکی پشدەریان بۆ ڕاگوێزرابوو لەسنوری سلێمانی.٤

١٩٩٠/١١/٣٠ شــینەی حەمــە ڕەش گولــە بــاران کــرا لــەلاین هێــزی پێشمەرگەوە.٨

١٩٩٠/١٢/١ پەکەکە داوای لە یەکێتی و پارتی کرد کە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی بەهەرسێ لا بگرن.١٤

١٩٩٠/١٢/١٠ کۆنفرانــسی ناوچــەیی بەتالیۆنــەکان بەســرا لــەهۆڵی سینەمایەکدا لە پاوە ,بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی.٨

١٩٩٠/١٢/٢٩ ڕژێم هێرشی کردە سەر گوندی شارستێن لەپارێزگای سلێمانی.١٢

# بەشی دووەم
# قۆناغی دەسەڵات و شار

# ســــــــــــالّــــــــــی

# ١٩٩١

١٩٩١ هەڤاڵ جبار فەرمان ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕاپەڕینی دووەمی شاری سلێمانی و گەرمیاندا.و لە دامەزراندنی کۆلێژی سەربازی و نەخۆشخانەی شۆڕشدا.١١٣

١٩٩١/١ کۆبونەوەی هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجالان لە ئەکادیمیای معصوم قورقماز بۆ کاری هاوبەش لەنێوان پەکەکە و بەرەی کوردوستانیدا.١٤

١٩٩١/١/٩ جێمس بیکەر/ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و تاریق عەزیز / وەزیری دەرەوەی عێراق لە شاری جنێڤی سویسرا کۆبونەوە بۆ پاشەکشەی عێراق لەکوێت و عێراق ڕازی نەبوو.٨

١٩٩١/١/١٢ لەتیف نوسەیف جاسم وەزیری ڕاگەیاندنی عێراق کوێتی بە پارێزگای ژمارە ١٩ی عێراق ڕاگەیاند.٨

١٩٩١/١/١٣ بەتالیۆنی کاك محمود سەنگاوی کۆبونەوەی ئەنجامدا بۆ ئەوەی لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەکدا و لەکاتی پەلاماری عێراقدا ئەمانیش ئامادەبن.٨

١٩٩١/١/١٤ ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراق صدام حسێنیان سەر پشك کرد بۆ شەڕکردن لەسەر کوێت.٨

١٩٩١/١/١٥ صدام حسین لەوبارە دژوارەدا سەردانی کوێتی کرد.٨

١٩٩١/١/١٧/١٦ کاتژمێر ٢ی شەو هێزەکانی هاوپەیمانان کە لە ٣٠ دەوڵەت پێك هاتبون بەسەرکردایەتی ئەمریکا هێرشیان کردە سەر عێراق بەنیازی ڕزگارکردنی کوێت.٨

١٨-١٩٩١/١/٢٠ عێراق بەڕۆکێتی سکۆد لە سعودیە و ئیسرائیلی دا.٨

١٩٩١/٢/٣ شەهید بوونی کادری خۆشەویستی گەرمیان سەید محمەد.٨

١٩٩١/٢/٨ ڕزگارکردنی کوێت لەژێر دەسەلأتی ڕژێمی عێراقدا و مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی لەژێر چادرێکدا لە ((

صــفوان )) لــەنێوان هێزەکــانی هاوپــەیمانان و ســوپای عێراقدا تەقە وەستا.٢٨

١٩٩١/٢/١٥ کــاك نەوشــیروان مــستەفا ئاگــاداری هــەڤاڵ محمــود ســەنگاوی کــردەوە کــە بەپەلــە دابەزێتــە خــوارەوە بــۆ گەرمیان.٨

١٩٩١/٢/٢٧ عێراق کشانەوەی خۆی لە کوێت ڕاگەیاند.٨

١٩٩١/٢/٢٨ شــەڕی هاوپــەیمانان و عێــراق ڕاوەســتا بــەو مەرجــەی لــەماوەی ٤٨ کاتــژمێردا عێــراق هەرچــی لاشــەی کــوژراو هەیە بیداتەوە ئەمریکا.٨

بەهاری ١٩٩١ شەڕی بانی مەقان و قەرە هەنجیر.١١

١٩٩١/٣/١ هاتنی کاك مەسعود بارزانی بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە قاسمــــەڕەش کــــە چــــەند کۆبونەوەیــــەکی دوو قــــۆڵی سازدرابوو بۆ پێکهێنانی لیژنەیەك لە پارتی و یەکێتی بۆ دانانی(( پڕۆژەی ئەگەرەکان)).١٤

١٩٩١/٣/٤ * ڕاپەڕینی ئۆردوگای خەبات.٢٧

* یەکــەم شــەهیدی شــانەی چــەکداری بروســك و ســرك لــەئۆردوگای خــەبات بــوو ئــەویش(( بــەختیار عومــەر هۆڕێوەیی )).٤

١٩٩١/٣/٥ ڕاپەڕینی ڕانیە و چوارقوڕنە .٢٧

١٩٩١/٣/٦ ڕاپەڕینی بازیان.٢٧

٧و١٩٩١/٣/٨ ڕاپەڕینی شاری سلێمانی.٢٧

١٩٩١/٣/٨ ڕاپەڕینی چەمچەماڵ و ئەلأیی و تەکیە.٢٧

١٩٩١/٣/٩ کۆیە و کەلار و دەربەندیخان و شەقلاوە ڕاپەڕین.١

١٩٩١/٣/١٠ ڕاپەڕینی (( تەقتەق و ئاغجەلەر و قەرە هەنجیر و کۆیە و کفری و هەریر وباسرمە و چۆمان و حاجی هۆمەران و خەلیفان و دیانا و مێرگەسوور و ڕەواندز و سۆران)).٢٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩١/٣/١١ | * ڕاپەڕینی هەولێر و ئاکرێ و ئامێدی و خانەقین و دووز.٢٧و٢٨ |
| | * گەڕانەوەی کاك مەسعود و کاك نەوشیروان و هەندێك لەبەرپرسان لە قاسمەڕەشەوە بۆ ڕانیە.١٤ |
| ١٩٩١/٣/١٣ | ڕاپەڕینی زاخۆوبەردەڕەش وباوەنور و ئالتون کۆپری و جەبارە و کوڵەجۆ.٢٨ |
| ١٩٩١/٣/١٤ | ڕاپەڕینی دهۆك و ئامێدی .٢٧ |
| ١٩٩١/٣/١٥ | ئازادکردنی شاری زاخۆ.٢٨ |
| ١٩٩١/٣/٢٣-٢٠ | ڕاپەڕین و ئازادکردنی شاری کەرکوك و دووزخورماتوو.٢٧ |
| ١٩٩١/٣/٢٢ | هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆسەر سەربازگەی (( خالد )) لەشاری کەرکوك بەلاّم نەتوانرا بگیرێت و ڕژێم لەوێوە هێزەکانی ڕێکخستەوە و سەدان شەهید درا.١٤ |
| ١٩٩١/٣/٢٥ | هێزێکی موجاهیدینی خەڵکی ئێرانی پەلاماری پێشمەرگەی دا بۆ دوورخستنەوەی مەترسی هێزی پێشمەرگە لە جەلەولا.٨ |
| ١٩٩١/٣/٢٧ | داگیرکردنەوەی شاری کەرکوك لەلایەن ڕژێمەوە و لەم هێرشەدا بەسەدان پێشمەرگە و هاولاّتی شەهید بوون لەناویاندا شەهیدبوونی (( عبدالرزاق )) لێپرسراوی ڕێکخراوی ٢ی کۆمەڵە بوو.١٤ |
| ١٩٩١/٣/٣١ | * داگیرکردنەوەی شاری هەولێر و دەوروبەری.١٤ |
| ١٩٩١/٣/٣١ | کۆڕەوی گەلی کوردو ئاوارەبوون بەرەو ئێران و تورکیا کە بەکۆڕەوە ملیۆنیەکە ناسراوە.١ |
| ١٩٩١/٤ | گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم دەستی پێکرد.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩١/٤/٢ | * هـەڤاڵ مـام جـەلال و کـاك جبـار فـەرمان لەسـوریاوە گەیشتنە سەرسنوری کوردوستان لەبادینانەوە گەڕانەوە سلێمانی.٨ |
| | * پێشمەرگەی دێرین و ئازا حەمە علی بەر خانەقا لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگەی تردا لە چیمەنی کەرکوك شەهید کران دوای ئـەوەی هێـزی پێـشمەرگە لەکـەرکوك پاشەکشەیان کرد.١٥٨ |
| | * ورە بـــەردانی دانیـــشتوانی شـــاری ســـلێمانی و بەجێهێشتنی شارەکە.١٤ |
| ١٩٩١/٤/٣ | * هێزی پێشمەرگە پاشەکشەی کرد لـە شاری سلێمانی ١٤. |
| | * کۆڕەوە ملیۆنیەکەی گەلەکەمان ڕوویدا.٨ |
| ١٩٩١/٤/٤ | داگیرکردنەوەی شاری سلێمانی لەلایەن ڕژێمەوە.١٤و٢٨ |
| ١٩٩١/٤/٥ | دەرکردنی بڕیـاری ٦٨٨ لەلایـەن نەتـەوە یەکگرتوەکانـەوە بۆ پاراستنی کوردو شیعەکان لە زوڵمی ڕژێمی بەعس.١ |
| ١٩٩١/٤/٧ | تۆمـارکردنی داسـتانی کـۆڕێ لـەنێوان مەسـیف صـلاح الـدین و قـەزای شـەقلاوەدا دژی سـوپای عێراقـی لەلایـەن هێزی پێشمەرگەی بەرەی کوردوستانیەوە.١٢ |
| ١٩٩١/٤/١٦ | سـەرۆکی ئـەمریکا بڕیـارێکی بـۆ سـوپاکەی دەرکـرد کـە یارمەتی ئاوارە کوردەکان بدەن.١٤ |
| ١٩٩١/٤/١٨ | دەنگوباسی گفتوگۆ لەنێوان ڕژێم و بەرەی کوردوستانیدا بڵاوبۆوە.٨ |
| ١٩٩١/٤/١٩ | *دیاریکردنی ناوچەی دژە فڕینی باکور دژی فڕۆکەکانی ڕژێم لە باکوری هێڵی ٣٦ی پانیەوە کە کوردوستانی دەپاراست لە بنکەی ئینجەڕلیکی تورکیەوە .١٢و١٤ و٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩١/٧ | یەکەم کۆبونەوەی بەرەی کوردوستانی بۆ پێکهێنانی لیژنەی بالأی بەرەی کوردوستانی لە بادینان بەسەرپەرشتی هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر.١١ |
| ١٩٩١/٧/٧ | گفتوگۆی بەرەی کوردوستانی و ڕژێم لەبەغداد دەستی پێکرد.٢٨ |
| ١٩٩١/٧/١٨ | * ڕاپەرینی دووەمی شاری سلێمانی. هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی شارەکەیان کرد و ٢٨٠ کەسیان کوشت و ٢٥٠٠ دیلیشیان گرت و ١٢ پێشمەرگە و ٤٠ کەسیش شەهید بوون.١٤ |
| ١٩٩١/٨/١١ | هەڤاڵ محمود سەنگاوی کرایە فەرماندەی بەتالیۆنی ٨ ی بتوێن.٨ |
| | * دەسپێکی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردوستانی و ڕژێمی عێراق.٢٨ |
| ١٩٩١/٩/٤ | * کۆبونەوەی هەڤاڵ مام جەلال لەسەرسەنگ لەگەڵ ئەمریکیەکان و هاوپەیمانەکان.٨ |
| | * دامەزراندنی پارتی پارێزگارانی کوردوستان.٢٨ |
| ١٩٩١/٩/١١ | * هاتنی هەڤاڵ مام جەلال بۆ شاری سلێمانی و وتارێکی دا لە مەلعەبەکەی سلێمانی .١٤ |
| | * پەخشی تەجریبی تەلەفزیۆنی گەلی کوردوستان دەستیپێکرد بە پێشکەشکردنی وتارێکی ه.مام جەلال ڕاستەوخۆ لەیاریگای سلێمانیەوە.٣ |
| ١٩٩١/٩/١٥ | هێنانەوەی تەرمی ٢٣ هاولأتی بۆ شەقلأوە کە لەگۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرابونەوە.١٤ |
| ١٩٩١/١٠/٥ | * تۆپبارانکردنی شاری سلێمانی و کفری و کەلار و عەربەت کەلەئەنجامدا دەیان هاولأتی شەهید و بریندار بوون لەلایەن ڕژێمەوە.١٤ |

| | |
|---|---|
| | * ڕژێم بە هێزێکی گەورەوە پەلاماری کفری دایەوە((ڕاپەڕینی سێیەم)).٨ |
| ١٩٩١/١٠/٧ | بەهۆی تۆپبارانکردنی شاری سلێمانی لەلایەن پایەگاکانی سەر جادەی شەست مەتری ڕژێمەوە ,جەماوەرو هێزی پێشمەرگە پەلارماریان دان و دەیان سەربازیان کوشت و ٦٠ سەربازیشیان بەدیل گرت.١٤ |
| ١٩٩١/١٠/٨ | هەڵایسانی ڕاپەڕینی سێیەم کە هێزی پێشمەرگە پەلاماری شاری کفریانداو ڕزگاریان کرد.١٤ |
| ١٩٩١/١٠/٢٣ | ڕژێمی بەعس جگە لەدەزگاکانی ئاو وکارەبا و تەندروستی نەبێت,هەموو فەرمانگە و دام و دەزگا ئیداریەکانی لە سەرتاسەری کوردوستان کێشایەوە بۆ شارەکانی کەرکوك و موصڵ و بەغداد.١٤ |
| ١٩٩١/١١/٧ | وەفدی بەرەی کوردوستانی چوونە بەغداد بۆ گفتوگۆ دەربارەی مەسەلەی ئابلۆقەی ئابوری و کشانەوەی دام و دەزگاکانی حکومی لەکوردوستان.٢٨ |
| ١٩٩١/١١/٢٤ | بۆیەکەم جار یەکێتی کۆلێژی سەربازی لە قەڵاچوالان کردەوەی.٨ |
| ١٩٩١/١٢/١٤-٥ | مانگرتنی ٢٥ هاوڵاتی لەشاری سلێمانی لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەپێناو داخوازیە ڕەواکانی گەلی کورددا. کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.١٤ |
| ١٩٩١/١٢/١٢ | یەکەم شەڕی کورد کوژە دژی پەکەکە ڕوویدا لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە.٢٠ |
| ١٩٩١/١٢/٢١ | هەموو ئەو هەڤاڵانەی ڕێکخستن کە پێشتر لەساڵی ١٩٨٩دا گیرابوون و حوکم درابوون بەگۆڕینەوە لەگەڵ ئەفسەرە گیراوەکانی ڕاپەڕینەکە ئازادکران.١ |
| ١٩٩١/١٢/٢٢ | هەڤاڵ مستەفای سەید قادر ئازادکرا.٢٣ |

# ســـــــاڵـــى

# ١٩٩٢

| | |
|---|---|
| ١٩٩٢ | دامەزراندنەوەی زانکۆی سلێمانی.٣ |
| ١٩٩٢ | دانـانی هــەڤاڵ د.بەرهــەم ئەحمــەد صــاڵح بەنوێنــەری حکومەتەی هەرێم لە ئەمریکا.٦١ |
| ١٩٩٢/١/١ | پچڕانی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردوستانی و ڕژێم.١٤ |
| ١٩٩٢/١/١١ | ئازادکردنی پۆلێك زیندانی سیاسی لەناویاندا هـ. کارزان ئیسماعیل و کاك مستەفای سەید قادر و ...هتد.٤ |
| ١٩٩٢/١/١٢ | بڵاوکردنەوەی ژمارە (( سفر )) ی ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێی زمانحاڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان.١٢ |
| ١٩٩٢/١/٢٣ | سـێ مـانگ پـێش هەڵبـژاردنی پەڕلـەمانی کوردوسـتان ڕاگەیاندنێك بەئیمزای بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود و جێگـری سـەرۆکی پـارتی و د.فـۆاد معـصوم بـەمۆری هـەردوولا بڵاوبـۆوە کـە دەڵـێ (( پـارتی و یـەکێتی بـەڵێن بەیــەکتری دەدەن ڕێــز لــە ئەنجامــەکانی هەڵبــژاردنی ئەنجومــەنی نیــشتیمانی کوردوســتان بگــرن بەهــەر شێوەیەك بێت)).٢٨ |
| ١٩٩٢/١/٢٤ | بڵاوکردنـەوەی ژمـاری (( سـفر )) ی هەفتەنامـەی الاتحـاد زمانحـاڵی یـەکێتی نیـشتیمانی کوردوسـتان بـە زمـانی عەرەبی.١٢ |
| ١/٢٧ –١٩٩٢/٢/١٤ | بەسـتنی یەکـەم کـۆنگرەی گـشتی یـەکێتی لەشـارەکانی سلێمانی و کۆیە وهەولێرو تیایـدا کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانی کوردوســتان و یــەکێتی شۆڕشــگێڕانی کوردوســتان و هێڵــی گــشتی هەڵوەشــێنرانەوە و هەرســێکیان یــەکیان گرت و ئیــــدی بــــەناوی یــــەکێتی نیــــشتیمانی کوردوستانەوە خەباتیان دەستپێکرد.١ |
| ١٩٩٢/١/٢٩ | کۆچی دوایـی عومـەر دەبابـە لەشـاری سلێمانی لـە هۆڵی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیدا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە.٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٢/٤/١ | یەکگرتنی دەستەیەکی (( ئالأی شۆڕش)) لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردوستاندا.١٤ |
| ١٩٩٢/٤/١٥ | بەرەی کوردوستانی (( دەستەی بالأی سەرپەرشتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کوردوستانی )) دامەزراند.٢٨ |
| ١٩٩٢/٤/٢٨ | بەرەی کوردوستانی بڕیاری ژمارە ( ١ ) دەرکرد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردوستان.١٢ |
| ١٩٩٢/٥/١ | ئالأی شۆڕش لەگەڵ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردوستاندا یەکیان گرت.٢٣٢ |
| ١٩٩٢/٥/١٩ | هەڵبژاردنی یەکەم پەڕلەمانی کوردوستان.٣ |
| ١٩٩٢/٥/٢٢ | ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکە ئاشکرا کرا کە بە ڕێکەوتنی یەکێتی و پارتی تەواو بوو بەدابەشکردنی کورسیەکانی پەڕلەمان ٥٠ بە ٥٠ و ٥ کورسیش بۆ مەسیحیەکان. لەبەر ئەوەی لایەنەکانی تر ڕێژەی ٧٪ یان بەدەست نەهێنا هیچیان نەبونە خاوەنی کورسی پەڕلەمان.٨ |
| ١٩٩٢/٦/٤ | یەکەم دانیشتنی پەڕلەمان لەشاری هەولێر ئەنجامدراو سەرۆك بۆ پارتی و جێگرەکەی بۆ یەکێتی بوو.٨ |
| ١٩٩٢/٦/١٩-١٧ | یەکەم کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە شاری ڤیەنای پایتەختی نەمسا بەزۆرینە دانیان نا بەچارەنوسی میلەتی کورددا لەکوردوستانی عێراقدا و یەکێتی بەشداربوو.٢٨ |
| ١٩٩٢/٦/٢٦ | کۆمەڵێك لە ڕێکخستنەکانی یەکەکە لەشاری هەولێرخۆپیشاندانیان کرد دژی تورکیا.٨ |
| ١٩٩٢/٧/٣ | دامەزراندنی حیزبی شیوعی کوردوستان بەجیابونەوەی لیژنەی هەرێمی کوردوستان لە حیزبی شیوعی عێراق کە بوە هۆی سەربەخۆبوونی بیروبۆچونی شیوعیە |

کوردوستانیەکان لەئەنجامی کێشەی دوور و درێژی ڕابووردوو وە گونجان لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا.٢٣١

١٩٩٢/٧/٤ * سەردانی خاتوو دانیال میتران بۆ کوردوستان بۆ پیرۆزبایکردنی پەڕلەمان و پێکەوەنانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردوستان.١٢

* دامەزراندنی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ د.فۆاد معصوم کە لە ١٥ وەزارەت پێکهاتبوو.٣ و٨

١٩٩٢/٧/٥ لەلایەن پەڕلەمانەوە کابینەی حکومەتی هەرێم پەسەندکرا.١٢

١٩٩٢/٧/٢٠ ڕژێمی عێراق گەمارۆیەکی ئابوری توندی خستە سەر هەرێمی کوردوستان لەخۆراك و سووتەمەنی.٢٨

١٩٩٢/٧/٣٠ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا(( جێمیس بیکەر)) لە واشنتۆن پێشوازی لە هەڤاڵ مام جەلال و کاك مسعود و محمد بحر العلوم و عارف عبدالرزاق ود.صلاح شیخلی و د.لیث کرد.٢٨

١٩٩٢/٨/١ پەڕلەمان بڕیاریدا دیاردەی فرە میلیشیای لەکوردوستاندا نەمێنێت و هەموان لەیەك سوپای نیزامیدا ڕێك بخرێت.٨

١٩٩٢/٨/١٩ فرانسوا میتران سەرۆکی پێشوتری فەڕەنسا لەکۆشکی ئەلیزێ پێشوازی لە هەڤاڵ مام جەلال و کاك مسعود کرد.٢٨

١٩٩٢/٩/١٧ شەهیدکردنی د.سادقی شەرەف کەندی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران لەشاری بەڕلین لە ئەڵمانیا لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەلایەن ئێرانیەکانەوە.٢٨

١٩٩٢/٩/٢٩ لەلایەن پەڕلەمانەوە دەنگ درا لەسەر یاسای وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە.٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩٢/١٠/١ | * بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە صلاح الدين کە تیایدا دانیان نا بە فیدڕاڵی بۆ کوردوستان.١٤ |
| | * پەرلەمان لە دانیشتنێکیدا ئاگاداری پەکەکەی کردەوە کە لەماوەی ٤٨ کاتژمێردا چالاکیە سەربازیەکانی ڕابگرێت و بنکەکانی لەکوردوستانی عێراق دابخات.٨ |
| ١٩٩٢/١٠/٤ | *جاڕدانی فیدڕاڵی لەلایەن پەرلەمانی کوردوستانەوە بۆ شێوازی دەسەلاَت و پەیوەندی لەگەڵ بەغداد.٨ |
| | *پەرلەمان داوای کرد کە هێرش بکرێتە سەر پەکەکە .١٤ |
| ١٩٩٢/١٠/١٢ | کۆبونەوەیەکی فراوانی بەرەی کوردوستانی لەهۆڵی پەرلەمان بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود و هەموان پشتیوانی تەواوی خۆیان ڕاگەیاند بۆ پەرلەمانی کوردوستان.٢٨ |
| ١٩٩٢/١٠/١٧ | فدڕاسیۆنی کۆمەڵە کوردوستانیەکان لە سوید پشتگیری لەجاڕدانی فیدڕاڵی دەکەن.٨ |
| ١٩٩٢/١٠/٢٦ | شەڕ لەنێوان پەکەکە و ه.پ.م ڕوویداو نزیکەی ١٠٠-١٥٠ لە گەریلاکانی پەکەکە کوژران و دواترپەکەکە داوای ئاگر بڕی کرد.٨ |
| ١٩٩٢/١٠/٣١ | دامەزراندنی زانکۆی دهۆك.٢٨ |
| ١٩٩٢/١١/٤ | پەرلەمان یاسای ڕێزلێنانی پێشمەرگەی دەرکرد.٨ |
| ١٩٩٢/١١/١٢ | هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود کاتژمێر ١٠ی بەیانی دەگەنە شاری دهۆك.٢٨ |
| ١٩٩٢/١١/١٤ | کۆبونەوەی سێ قۆڵی تورکیا و سوریاو ئێران لە ئەنکەرە دەربارەی کوردوستانی عێراق.٢٨ |
| ١٩٩٢/١١/١٨ | هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لەبەڕێز کاك مەسعود بارزانی کرد لەبارەگای تایبەتی خۆی.٢٨ |
| ١٩٩٢/١١/٢٢ | دامەزراندنی ڕاپەڕینی ئیسلامی کوردوستان بەسەرۆکایەتی(( مەلا صدیق عبدالعزین)).٢٨ |

١٩٩٢/١٢/١ دەستەکەی هەڤاڵ ڕەسول مامەندی سەر بە حسك هاتنە ناو یەکێتیەوەو هەڤاڵ ڕەسول مامەند کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی.١٤

# ســـــــاڵــــــــی
# ١٩٩٣

| | |
|---|---|
| ١٩٩٣/١/٣ | هەڤاڵ مام جەلال لەپەڕلەمانی کوردوستان ئامادەبوو.٢٨ |
| ١٩٩٣/١/٢١ | لەکۆبونەوەی فراوانی یەکێتیدا بڕیاردرا کە پڕۆسەی یەکگرتنەوە لەگەڵ گروپە چەپ و سۆسیالیست و دیموکراتەکانی کوردوستاندا ئەنجام بدرێت.٧ |
| ١٩٩٣/١/٢٣ | دامەزراندنی سوپای یەکگرتوی کوردوستان.٢٨ |
| ١٩٩٣/٢/١ | سەردانی هەڤاڵ مام جەلال بۆ سوریا و چاوی بە عبدالحلیم خدام جێگری سەرۆك کۆماری عەرەبی سوریا کەوت.١٤ |
| ١٩٩٣/٣/١ | سەردانی هەڤاڵ مام جەلال و وەفدێکی یەکێتی بۆ وڵاتی کوێت.١٤ |
| ١٩٩٣/٣/١٧ | *یەکێتی و پەکەکە لە بیقاعی لوبنانی ڕێکەوتن لەسەر دووبارە نەکردنەوەی شەڕی براکوژی نێوانیان.١٢<br>* لەکۆبونەوەی ئاسایی پەڕلەماندا د.فوئاد معصوم سەرۆکی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشکرد و پەڕلەمان لە ١٩٩٣/٣/١٨دا داواکاریکەی پەسەند کرد.٤ |
| ١٩٩٣/٤/١ | کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردوستان دامەزرا.١٥ |
| ١٩٩٣/٤/١١ | پەڕلەمان پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کابینەی دووەمی سپارد بە هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی.٤ |
| ١٩٩٣/٤/١٧ | تۆرگۆت ئۆزال سەرۆکی تورکیا تیرۆرکرا.٨ |
| ١٩٩٣/٤/٢٥ | دامەزراندنی دووەم کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردوستان بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی.٢٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٣/٥/٥ | ڕژێم پارەی ٢٥ دیناری چاپی سویسری لەبازاڕەکاندا کێشایەوە وەك گوشارێکی ئابوری بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردوستان.٢٨ |
| ١٩٩٣/٥/١٩ | سەرۆکی فەڕەنسای پێشووتر (( فرانسوا میتران)) پێشوازی لە هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود کرد لە پاریس.٢٨ |
| ١٩٩٣/٥/٢٧ | کۆبونەوەی هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود لەگەڵ کاربەدەستانی عەرەبستانی سعودیدا کە چەند ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیشیان لەگەڵدا بوو.١٤ |
| ١٩٩٣/٦/١ | ڕژێم داوای گفتوگۆی لەبەرەی کوردوستانی کردەوە.١٤ |
| ١٩٩٣/٦/٨ | کۆبونەوەی سێ قۆڵی وەزیرەکانی دەرەوەی ئێران و تورکیا و سوریا لە دیمەشق بۆ گفتوگۆ دەربارەی هەرێمی کوردوستان.١٢ |
| ١٩٩٣/٦/٢٣ | هەڤاڵ مام جەلال لەگەشتێکی دەرەوەی وڵات گەڕایەوە.٨ |
| ١٩٩٣/٧/٢٢ | شەهیدکردنی غەریب هەڵەدنی فەرماندەی لیوای ٢٢ ی دوکان لەلایەن شیوعیەکانەوە.٨ |
| ١٩٩٣/٧/٢٤ | دوای ساڵێك و دوو مانگ باڵێکی ناو حیزبی زەحمەتکێشانی کوردوستان بەناوی (( پەیڕەوی یەکگرتن)) کە بریتی بوون لەلایەنگرانی هەڤاڵ مەلا بەختیار(( ئالأی شۆڕش ))هاتنە ناو یەکێتیەوە.١٤و٢٣٢ |
| ١٩٩٣/٧/٢٥ | شەڕ لە نێوان ئاغاکان و جوتیاراندا لەناوچەی قەڵادزێ ڕوویدا.٨ |
| ١٩٩٣/٨/٢٤ | ٢ باڵیۆزی عێراق لەتونس و کەنەدا داوای پەنابەریان کرد لە بەریتانیا.٢٨ |
| ١٩٩٣/٩/١٥ | نەخشەی یەکخستی هێزی پ.م کوردوستان جێبەجێکرا.٣ |

١٩٩٣/١٠/١ پێدکدادانی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و کوژرانی ٧٠ کەس لەهەردوولا.١٤

١٩٩٣/١٠/٦ هەردوو تەرمی (( مەلا مستەفا و ئیدرس بارزانی )) لەشاری شنۆی ئێرانەوە هێنرانەوە کوردوستان لەڕێگەی پێنجوێنەوەو پێشوازیەکی گەورەی جەماوەریان لێکرا ولەبارزان نێژرانەوە بەئامادەبونی هەڤاڵ مام جەلال.١٢

١٩٩٣/١٠/٧ بردنی تەرمەکانی بارزانی بۆ شاری هەولێر.١٤

١٩٩٣/١٠/٨ ناشتنی تەرمەکانی بارزانی لەگوندی بارزان.١٤

١٩٩٣/١٠/٢١ ئۆتۆمبێلێکی بزوتنەوەی ئیسلامی لەبازگەی تونێلەکەی دەربەندیخان ڕازی نابن کە خۆیان بناسێنن و دواتر لەلایەن ئاسایشەوە بانگ دەکرێن و لەناو ئاسایشدا پێشمەرگەکانی بزوتنەوە تەقە لە ئاسایشەکان دەکەن و ٢ ئاسایش دەکوژن و ٣ی تریش بریندار دەکەن.٨

١٩٩٣/١٠/٢٣ شەڕلەنێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی لە چەمچەماڵ دەقەومێت, بەهەمان شێوە لەکەلاریش.٨

١٩٩٣/١١/١٩ ئازادکردنی (( ١٠ )) دیلی یەکێتی لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامیەوە.١٤

١٩٩٣/١٢ هەڤاڵ مام جەلال بەمەبەستی گەشتی دەرەوەی وڵات بەرەو سوریا بەڕێکەوت.٨

١٩٩٣/١٢/١ پێکدادانی یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی کە سەدان کەسی تیا کوژرا.١٤

١٩٩٣/١٢/١١ * پەخشکردنی بروسکەی ژمارە (٣٦) لەلایەن عبدالرحمن نەوڕەسیەوە لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی بزوتنەوەی ئیسلامیەوە بۆ هەموو لایەك کە چەك و تەقەمەنی دابەش بکەن بەسەر دۆست و لایەنگرانیدا.٢

* شـەڕ لـەنێوان هێزەکـانی سۆسیالیـست و لیوایـەکی حکومەتـدا لەتانجـەرۆ بـەرپا دەبێـت ئیـدی شـەڕ لـەنێوان پارتی و حسکدا دروست دەبێت.٨

١٦-١٩٩٣/١٢/١٩ لەنێوان یەکێتی و بزوتنـەوەی ئیسلامیدا چەند لیژنەیەك پێـك هـات بـۆ هێمنکردنـەوەی بـارودۆخی نێوانیـان و گۆڕینەوەی دیلەکانیان.١٤

١٩٩٣/١٢/١٧ * یەکێتی لە ناوچەی کفری دا بۆسەیەکی بۆ بزوتنـەوەی ئیـسلامی دانـا و لـە ئەنجامـدا چـوار پێـشمەرگەی بزووتنەوەیان کوشت.١٤

* سـەرەتای شـەڕی بزوتنـەوە و یـەکێتی لەکفریـەوە دەستپێکرد.٨

١٩٩٣/١٢/١٨ لەسنوری مەڵبەندی ٣ی ڕانیـەی بزوتنـەوەی ئیسلامیدا پـەلاماری کۆمیتـەی ڕێکخـستنی ڕانیەیانـدا و ٦ پ.م و محمـد سـوڵتانیان کـارگێڕی مەڵبەنـدی ٦ی سـۆرانیان شەهید کردو ٥٧ کەسیش بەدیل گیران.٢

١٨-١٩٩٣/١٢/٢٦ دەستپێکی شەڕی ناوخۆی نێوان بزوتنەوەی ئیسلامی و یەکێتی .٢

١٩٩٣/١٢/١٩ * شـەڕی نێـوان یـەکێتی و بزوتنـەوەی ئیسلامی زۆربـەی شار و شارۆچکەکانی کوردوستانی گرتەوە.٢٨

*کـوژرانی (( کامـەران احمـد)) ئەنـدامی یـەکێتی لەلایـەن بزوتنەوەی ئیسلامیەوە لە کۆیە.١٤

*گرتنـی ٥ ئەنـدامی بـەرزی یـەکێتی لەلایـەن بزوتنـەوەی ئیسلامیەوە لە ڕانیە و کوشتنیان.١٤

* پێکـدانی یـەکێتی و بزوتنـەوە لـە ڕانیـە و بـوە هـۆی کوژرانی ٦ کەس.١٤

* شەڕی نێوان یەکێتی و بزوتنەوە سەرتاسەری کوردوستانی گرتەوە کە بوە هۆی دەیان کوژراو لەهەردوولا.١٤

١٩٩٣/١٢/٢٠ * پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنامەی زۆر ستراتیژی مۆردەکەن و دەستەی سەرۆکایەتیان بەبەشداری هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود پێك هێنا.٢٨

* هێرشی بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ سەر کۆمیتەی یەکێتی لە ڕانیە و بارەگاکانیان گرت و ژمارەیەك لە ئەندامانی یەکێتیشیان کوشت.١٤

١٩٩٣/١٢/٢١ * دۆزینەوەی تەرمی (( ئازاد سمین )) لە شەقامەکانی کفریدا کەلەگەڵ (( ١٠ )) کەسی تردا دیل بوون لای بزوتنەوەی ئیسلامی.١٤

*هێرشی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی بزوتنەوە لەناوچەی ڕەواندوز و شەقلاوە و هەریر و دیانا.بزوتنەوەش پەلاماری بارەگاکانی یەکێتیدا لەناوچەی قەلادزێ و حاجی ئاوا و چوارقوڕنە.کە بەهۆیەوە ماوەیەك ڕێگای نێوان هەولێر و سلێمانی داخرا.١٤

* ئیسلامیەکان( ئازاد کریم )یان تیرۆر کرد لەشارۆچکەی کفری.٢٠

١٩٩٣/١٢/٢٣ هێزێکی زۆری پارتی هاتە ناو شاری سلێمانیەوە و گەمارۆی بارەگاکەی محمەدی حاجی محمودی دا.٨

١٩٩٣/١٢/٢٤ * گرتنی (( احمد ئەسعەد ئیسماعیل )) لە هەولێر لەماڵەکەی خۆیدا کە ئەندامی بزوتنەوەی ئیسلامی بوو.١٤

* کۆبونەوەی سێ قۆڵی نێوان پارتی و یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی بۆ شەڕ ڕاگرتنی نێوان یەکێتی و ئیسلامی.٢٨

١٩٩٣/١٢/٢٥ * یەکێتی و بزوتنەوە ڕێکەوتنامەی ئاشتیان ئیمزاکرد.بەسەرپەرشتی مسعود بارزانی کەلە ١٠ خاڵ پێك هاتبوو. بەڵام دواتر شەڕ دەستیپێکردەوە.١٤

* هێرشی هێزی پێشمەرگە بۆ سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی ئیسلامی لە بێتواتە.٢٨

١٩٩٣/١٢/٢٦ * شەڕ لەنێوان بزوتنەوە و یەکێتی هەڵایسا لەکەلار کەبەناوی شەڕی قازەوە ناوی دەرکرد.٨

* ئیسلامیەکان لەشارۆچکەی خورماڵ(٧) پێشمەرگەی یەکێتیان تیرۆرکرد.٢٠

١٩٩٣/١٢/٢٧ * هێرشی یەکێتی بۆ سەر بنکەی سەرەکی بزوتنەوە لە بێتواتە کە بوە هۆی کوژران و گرتنی دەیان بەرپرسی گەورەی بزوتنەوە لە نێوانیاندا(( مەلا شێخ عوسمان عبدالعزیز )) ڕابەری بزوتنەوە بوو.١٤

گرتنی ٦ ئەندامی بزوتنەوە لە کۆیە و گولە باران کردنیان.١٤

١٩٩٣/١٢/٢٨ * یەکێتی لە کفری ١٨ کەسی سەر بەبزوتنەوەی ئیسلامی گرت و گولە بارانی کردن.١٤

ئازادکردنی(( احمد محمد ئیبراهیم)) لەلایەن بزوتنەوەی ئیسلامیەوە.١٤

* هێرشی بزوتنەوە بۆ سەر بارەگاکانی یەکێتی لەگوندی سۆسەکانی ناوچەی هەورامان و بارەگاکەیان گرت و ٥ کەسیشیان کوشت.١٤

# ســــــــاڵـــــی

# ١٩٩٤

| | |
|---|---|
| ١٩٩٤/١/١ | بلاْوبونەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی كە دەڵێت (( یەكێتی و پارتی )) دەبنە یەك پارت.١٤ |
| ١٩٩٤/١/٢ | دۆزینەوەی تەرمی (( ئەحمەد اسعد ئیسماعیل)) لەشاری هەولێر كە سەر بەبزوتنەوە بوو.١٤ |
| ٢٢و١٩٩٤/١/٢٣ | بەستنی كۆبونەوەكانی كۆمیتەی سەركردایەتی بۆ دانانی بەرنامەی كاری ١٩٩٤. ١٤ |
| ١٩٩٤/٢/١ | * ئیسلامیەكان ئەندامانی یەكێتی دەكوژن و تا ئەم بەرواره ٩ كەسیان لەهەولێر كوشتوه و لوت و گوێیان بڕیون.لە سلێمانیش بەهەمان شێوە.١٤<br>*یەكێتی ویستی لە پەڕلەمان بكشێتەوە بۆئەوەی پارتی بەتەنها حكومەت بەڕێوەببات. بارودۆخەكە زۆر ئاڵۆز بوە و تارمایی شەڕی پارتی و یەكێتی باڵی بەسەر كوردوستاندا كێشاوە.١٤ |
| ١٩٩٤/٢/٦ | ڕاگەیاندنی دامەزراندنی یەكگرتوی ئیسلامی لەكوردوستان وەك حیزبێكی سیاسی نوێ.٨ |
| ١٢-١٩٩٤/٢/١٧ | ڕفاندن و كوشتنی(( ئادەم زرار عوسمان))لەشاری هەولێر كە سەر بە بزوتنەوە ئیسلامی بوو.١٤ |
| ١٩٩٤/٢/٢٥ | یەكێتی بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی لە هەولێر سووتاند.١٧ |

١٩٩٤/٣/١ *خۆئامـادەکردنی هێزەکـانی یـەکێتی بـۆ پـەلاماردانی شاری کەرکوك و ڕزگارکردنی.١٤

*ڕژێم هێزێکی زۆری لەناوچەی موصلْ مۆڵداوە بەنیازی هێرشکردن بۆسەر زاخۆ.١٤

١٩٩٤/٤/١٢ کۆچـی دوایـی(( ڕەسـول مامەنـد)) سـکرتێری پێـشووی حـسك و ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی لەشـاری لەندەن .١٤ و١٨٦

١٩٩٤/٤/٢٩ یـەکێتی نیـشتیمانی کوردوسـتان وەك پـارتێکی سیاسـی لەلایـــەن وەزارەتـــی نـــاوخۆی حکومـــەتی هـــەرێمی کوردوستانەوە مۆڵـەتی کـارکردنی پێـدرا بەسـەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال.٢٨

١٩٩٤/٥/١ بەهۆی علی حەسۆ میرخانـەوە و لەسـەر پارچەیەك زەوی لـە قـەلاْدزێ شـەڕی نـاوخۆ لـەنێوان پـارتی و یەکێتیـدا بەرپابوو.تیایدا علی حەسۆ میرخان کوژراو کـاتی خۆشـی لـەمانگی ١٩٨٣/٩ حەسـۆ میرخـانی ژاژۆکـی باوکیـشی لەشـەڕێکی نێـوان پـارتی و یەکێتیـدا لـە بنـاری قەنـدیل کوژرابوو تا مانگی ١٩٩٤/٨ بەردەوام بوو.٨ و١٤

١٩٩٤/٥/٢ * داهـاتی کوردوسـتان بـەم شـێوەیە دابەشـکراوە ٣٥٪ بـۆ هەریەکـە لـە یـەکێتی و پـارتی و ١٥٪ بـۆ هەریەکـە لـە حیزبـەکانی تـری کوردوسـتان و حکومـەتی هـەرێمی کوردوستان.١٤

*هێزەکانی یەکێتی لە قەلاْدزێ ١٩ کەسی پارتیان گرت و کوشـتنیان کـە یـەکێك لەوانـە (( علـی حەسـۆ میرخـان )) بوو.١٤

*هێرشـی یـەکێتی بـۆ سـەر بارەگاکـانی پـارتی لـە ڕانیـە و گرتنیان.١٤

* چوونی هەڤاڵ فریدون عبدالقادر و ئازاد بەرواری بۆ دهۆك تاوەکو ناوچەکە هێور بکەنەوە.١٤
* هێزێکی پارتی بۆ تۆڵەسەندنەوەی علی حەسۆ میرخان پەلاماری ٣ کادری یەکێتیان دا و شەهیدیان کردن(( علی نەبی و سمایل وەرتێی و مام جوتیار)) لە قەلاْدزێ.٨

١٩٩٤/٥/٣ * هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆبونەوە بۆ چارەسەرکردن کێشەکان.٢٨
* پەرلەمانی کوردوستان لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە دەستی بەسەردا گیرا.٢٨

١٩٩٤/٥/٤ * ١١ ئەندامی پارتی و ئیسلامی لەشاری هەڵەبجە لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە گیران و دواتر گولە باران کران.٢٠
*چوونی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول لەگەڵ ٣٥٠ پیشمەرگەدا بۆ لای کاك مەسعود بارزانی بۆ سەری ڕەش بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکان.١٤
* هێرشی پارتی و بزوتنەوە بۆسەر بارەگاکانی یەکێتی لەخورماڵ و کوشتنو بەدیلگرتنی ژمارەیەك ئەندامی یەکێتنی.١٤

٥-١٩٩٤/٥/٦ *پارتی لە شارۆچکەی صلاح الدین هەڵیکوتایە سەر بارەگاکانی یەکێتی و دوای گرتنیان ١١ ئەندامی یەکێتی گولە باران کرد.٢٠
*هێرشی پارتی بۆسەر بنکەکانی یەکێتی لە ئاکرێ و بەردەڕەش کەبوە هۆی کوشتنی چەند کەسێك.١٤

٦و١٩٩٤/٥/٧ پارتی و بزوتنەوە پەلاماری قەلاْدزێیان داو گرتیان.٨

١٩٩٤/٥/٧ بەناوبژی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی پارتی و یەکێتی کۆبونەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.٢٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩٤/٥/٨ | کـۆنگرەی نیـشتیمانی عێراقـی ناوبـژیوانی پـارتی و یەکێتی کرد و دیلەکانی گۆڕیەوە.١٤ |
| ١٩٩٤/٥/٩ | * ئێران بەبەشداری تۆپی قورس و کاتیۆشا بۆ لایەنگری پارتی هاتە ناو شەڕی ناوخۆوە لەناوچەی باخە کۆن.٨<br>* پێکادانی پارتی و یەکێتی لەکۆیە و شەقلاوە.١٤ |
| ١٩٩٤/٥/١٧ | شـەڕی براکـوژی لەناوچـەی حـاجی هۆمـەران ڕوویـدا و مەڵبەنـدی بادینـان لەلایـەن پارتیـەوە دەسـتی بەسـەردا گیراو چەند کەسێك لە ئەندامانی یەکێتی گیران و بەدیلی کـوژران لەوانـە هـەڤاڵ (( حەسـن کوێـستانی )) ئەنـدامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو.١٤ |
| ١٩٩٤/٥/١٨ | هێرشـی یـەکێتی بۆسـەر بنکـەکانی پـارتی لەکۆیـە و بنکـەکانیان گـرت و چـەند کەسـیش کـوژران و بـەدیل گیران.١٤ |
| ١٩٩٤/٥/١٩ | یەکێتی لەشاری کۆیە ٥ کەسی سەر بە پارتی گولەباران کرد.٢٠ |
| ١٩٩٤/٥/٢٠ | هـەردوو مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی و پـارتی بەسەرپەرشتی حەسن نەقیب کۆبونەوە بەمەبەستی شەڕ ڕاگرتن.٨ |
| ١٩٩٤/٥/٢٣ | هـەڤاڵ مام جەلال لە دیمەشق لەگەڵ لێپرسراوی ئەمنی سوپای پاسدارانی ئێران (( ڕەحیم جەعفەری )) کۆبۆوە بەمەبەسـتی کۆبونـەوە لەگـەڵ مـسعود بـارزانی و مـەلا عوسمان بۆ ڕێکەوتن و ئاشتبونەوە.٢٨ |
| ١٩٩٤/٥/٢٥ | ئەحمەد چەلەبی سەرۆکی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراق کەوتە نێوان پارتی و یەکێتیەوە بۆ شەڕ ڕاگرتن.٨ |
| ١٩٩٤/٥/٢٦ | بزوتنەوەی ئیسلامی پردی زەڵمیان گرت.٨ |
| ١٩٩٤/٥/٢٩ | پارتی و یەکێتی شەڕیانبردە ناو شارە گەورەکانی هەولێر و سلێمانیەوەو یەکێتی تەلاری پەڕلەمانی گرت.٢٠و١٤ |

١٩٩٤/٥/٣٠ نوێنـــەری پـــارتی و یـــەكێتی بـــە ئامـــادەبوونی جێگـــری وەزیـری دەرەوەی توركیـا دانیـشتن بـۆ شـەڕ ڕاگـرتن لـە سلۆپی.٨

١٩٩٤/٦/١ پێكـــدانی یـــەكێتی و حـــسك كـــە ٣ كـــەس لەیـــەكێتی كوژران.١٤

١٩٩٤/٦/٢ بەسەرپەرشـتی كـۆنگرەی نیـشتیمانی عێـراق هێزەكـانی پـــارتی و یـــەكێتی لەســـەر لوتكـــەكانی شـــاخە ســـوور داگیران.٨

١٩٩٤/٦/٤ هـــەڤاڵ مـــام جـــەلال دوای گەڕانـــەوەی بـــۆ كوردوســـتان ڕایگەیانـد كـە ئامادەیـە یـەك لایەنـە هێـزی پێـشمەرگە لەبـەرەكانی شـەڕدا بكێـشێتەوە و ئاشـتی لەگـەڵ هـەموو لایەكدا بكات.٢٨

١٩٩٤/٦/٥ هـەڤاڵ مـام جـەلال و كـاك مەسـعود لەسـەر داواكـاری د. احمـــد چـــەلەبی لـــە هۆتێـــل شـــیرین پـــالاس لەهـــەولێر كۆبونەوەو چەند بڕیارێكی گرنگیان دەركرد.٢٨

١٩٩٤/٦/٧ * شـــەڕێكی قـــورس لـــەنێوان یـــەكێتی و بزوتنـــەوە لـــە قـەڵادزێ ڕوویـدا كـە یـەكێتی ٧٦ تـەرمی لـەگۆڕەپانی شەڕگەكەدا بەجێهێشت.١٤

*یـــەكێتی ڕایگەیانـــد كـــە هێرشـــی پـــارتی و حیزبـــوڵای لـەقۆڵی قەڵادزێوە تێكشكاندوە و تـەرمی ٣ پاسداریـشی لەبەر دەستدایە.٢٨

١٩٩٤/٦/٨ پـارتی بـەهاوكاری ئێـران پـەلاماری پێنجـوێنی دا و بـەڵام نەیتوانی بیگرێت.٨

١٩٩٤/٦/١٣ * كۆبونەوەی هەڤاڵ مام جەلال و كاك مەسعود لە سـلۆپی بۆ چارەسەركردنی كیشەكان.١٤

* كوژرانی عوسمانی قالە منەوەر فەرماندەی پارتی.١٤

| | |
|---|---|
| ١٩٩٤/٦/٢٨ | نوسینی نامەیەك لەلایەن احمد شریفەوە بۆ هەڤاڵ مام جەلال لەسەر پیاوە دزەكانی ناو یەكێتی لە هەولێر.١٧ |
| ١٦-١٩٩٤/٧/٢٢ | نوێنەرانی یەكێتی و پارتی لە پاریس دانیشتن بۆ گفتوگۆ بەئامادەبوونی نوێنەری حكومەتی فەرەنسا بەمەبەستی گەلاڵەكردنی ڕێكەوتنامەیەك بۆئەوەی دواتر لەلایەن هەڤاڵ مام جەلا ل و كاك مەسعودەوە ئیمزابكرێت بە ئامادەبونی سەرۆك میتران لەپاریس كە بەڕێكەوتننامەی (( پاریس )) ناسرا. بەلاٚم نەگەیشتە ئامانج لەبەر ئاشكرابوونی ناوەڕۆكەكەیەوە بۆ توركەكان لەلایەن پارتیەوە.٨و٢٨ |
| ١٩٩٤/٧/١٩ | * بریندارکردنی فرەنسوا هەریری لەبۆسەیەكی پێشمەرگەكانی یەكێتیدا لەشاری هەولێر.٢٨<br>* لەسەر داوای پەڕلەمانی ئەوروپا یەكێتی بینای پەڕلەمانی كوردوستانی بەجێهێشت.٢٨ |
| ١٩٩٤/٧/٢٥ | * مەكتەبی سیاسی هەردوولا كۆبونەوە و بڕیاریاندا بارودۆخەكە ئاسایی بكەنەوە.٨<br>* پەڕلەمان بڕیاری تحریم و تجریم ی شەڕی ناوخۆی كرد.٢٨ |
| ١٩٩٤/٨/١ | * پێكادانی پارتی و یەكێتی لە شەقلاٚوا و قەلاٚدزێ.١٤<br>*هەوڵدان بۆ تیرۆركردنی هەڤاڵ مەلا بەختیار.١٤<br>* تالاٚنكردن و دەست بەسەراگرتنی ماڵ وسامانی لێپرسراوانی پارتی و یەكێتی لە هەریەكە لە شاری هەولێر و سلێمانی.١٤<br>* تالاٚنكردنی ماڵی هەڤاڵ كۆسرەت ڕەسول لە هەولێر.١٤<br>* كۆبونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی دەرەوەی توركیا و سوریا و ئێران لە ئەنكەرە لەسەر بارودۆخی هەرێمی كوردوستان.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٤/٨/٦ | * شەڕی براكوژی لەنێوان پارتی و یەكێتی لە قەڵادزێ ئەم شەڕە لەسەر ناكۆكی نێوان جوتیار و ئاغاكان بوو.١٤<br>* پارتی تۆپبارانی قەڵادزێیان كرد و زیاتر لە ٥٠ كەسیان شەهید و بریندار كرد.٨ |
| ١٩٩٤/٨/٩ | وەفدێكی پەرلەمان لەهەموو فراكسیۆنەكان سەردانی ڕانیە و قەڵادزێیان كرد و سەردانی بارەگای یەكێتی و پارتی و ئیسلامیان كرد و بەڵێنی شەڕ ڕاگرتنیان لێوەرگرتن كە پەلاماری یەكتر نەدەن.٨ |
| ١٩٩٤/٨/١٥ | مام جەلال و كاك مەسعود ڕێكەوتنێكیان ئیمزاكرد لەپەرلەمانی كوردوستاندا بۆ چارەسەركردنی كێشەكان.١٤ |
| ١٩٩٤/٨/١٩ | چوونی هەڤاڵ مام جەلال و كاك مەسعود بۆ ناو پەرلەمان لەسەر بانگەوازێكی ئاشتیانەی سەرۆكی پەرلەمان.٢٨ |
| ١٩٩٤/٨/٢١ | كۆبونەوەی سێ قۆڵی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و توركیاو سوریا لە دیمەشق دەربارەی بارودۆخی هەرێمی كوردوستان.١٢ |
| ١٩٩٤/٨/٢٦-٢٣ | شەڕی براكوژی پێی نایە قۆناغێكی ترسناكەوە بەوەی كە یەكێتی و پارتی تۆپی قورسیان بەكارهێنا.١٤ |
| ١٩٩٤/٨/٢٥ | كۆبونەوەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال و كاك مەسعود و دروستكردنی لیژنەی ئاسایكردنەوەی بارودۆخەكە.١٤ |
| ١٩٩٤/٨/٢٨-٢٦ | ڕوودانی شەڕی براكوژی لەناوچەكانی عەربەت و سەید سادق و هەڵەبجە لەنێوان یەكێتی و پارتی و بزوتنەوەدا.١٤ |
| ١٩٩٤/٨/٢٧ | ئامادەبوونی هەردووك لە هەڤاڵ مام جەلال و كاك مەسعود لە پەرلەمان و لەژێر فشاری پەرلەماندا |

هەردوکیان بروسکەیان لێدا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناردنی وەفدی پەرلەمان بۆ شەڕ ڕاگرتنی نێوانیان.٢٨

١٩٩٤/٨/٢٩ ئامادەبونی مام جەلال و کاك مەسعود لە پەرلەماندا و بەڵێنی ڕێکەوتنیان دا, بەلاّم دوای ٤٨ کاتژمێر شەڕ دەستپێکردەوە.١٤

١٩٩٤/٨/٣٠ پێکهێنانی لیژنەی ئاسایکردنەوەی کوردوستان لە (( جەوهەر نامیق و عومەر فتاح و فازل میرانی و کامیلی حاجی علی و حەیدەر فەیلی و عبدول خالق زەنگەنە و غانم جواد و یۆنادم یوسف کەنا)).١٤

١٩٩٤/١٠/١٥ یەکێتی هەموو هەڤاڵەکانی پێشمەرگە و سرکی داوەت کرد بۆ قەلاّچوالان کە ژمارەیان ٣٩٩ کەس بوون و مەدالیای ڕێزلێنانیان پێدان.٨

١٩٩٤/١١/١٣ هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی درێژی سازدا لەشاری سلێمانی.١٤

١٩٩٤/١١/٢١ پارتی و یەکێتی لە ئەنکەرە ڕێکەوتنامەیەکیان(( بڕوانامەی هاوپەیمانێتیان)) ئیمزاکرد بۆ کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆ بەلاّم ئەمەش سوودی نەبوو.١٢ و١٤

١٩٩٤/١١/٢٤ هەردوولا یەکێتی و پارتی لە پەرلەمان کۆبونەوەو ڕێکەوتنامەی ستراتیژیان مۆرکرد.٨

١٩٩٤/١١/٢٧ کوژرانی پارێزەر(( نوری ئیسماعیل نانەکەلی )) لە هەولێر. ئەندامی یەکێتی و دوای ڕاپەڕین سەرۆکی دادگای بالاّی کوردوستان بوو.١٤

١٩٩٤/١٢/١ *پێکدادانی یەکێتی و پارتی لەناوچەی زاخۆ و شەقلاّوا.١٤

* کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی لە قەلاّچوالان.١٤

١٩٩٤/١٢/٢ ڕژێم بڕیار دابڕینی شارۆچکەی مەخموری دا لەشاری هەولێرو بەستنەوەی بەشاری موصڵەوە بەهۆی

دەوڵەمەنـدی ناوچـەی مـەخمور بـە سـامانی نـەوتی و بەعەرەبكردنی ناوچەی قەراج و كەندیناوە.٢٣١

* دەسپێكردنی جەولەیەكی تری شەڕی براكوژی لەنێوان پارتی و یەكێتیدا.١٤

١٩٩٤/١٢/١٦ تەقاندنـەوەی ٢ بارەگـای یـەكێتی لەلایـەن پارتیـەوە لـە شارۆچكەی خورماڵ.٢٠

١٩٩٤/١٢/١٨ * گرتنـی شـەقلاوا و مـاڵی هـەڤاڵ مـام جـەلال لەلایـەن پارتیەوە.١٤

* وەفدێكی پارتی (( جوهر نامیق و فازل میرانی )) هاتنە قەلاچـوالان و چـاویان بـە هـەڤاڵ مـام جـەلال كـەوت و سەبارەت بەجێبەجێكردنی بڕیارەكانی ئاسایی كردنـەوە و چارەسەركردنی كێشەكان.٢٨

١٩٩٤/١٢/٢٢ *پارتی شەقلاوەی گرت.٨

١٩٩٤/١٢/٢٣ ٥٧ ئەندام پەڕلەمان بۆ ماوەی ١٠١ ڕۆژ مانیان گرت بوو لـەناو بینایـەی پەڕلەمانـدا بەمەبەسـتی ڕاگرتنـی شـەڕ وئاسـایكردنەوەی بارودۆخەكـە وەك هـەوڵێكی ئاشـتیخوازانە بانگـەوازێكیان بـۆ هـەردوو حیزبەكـە بلاوكـردەوە و لـە ئەنجامـدا ١٧ حیـزب و ڕێكخـراو و جەماوەریش پشتیوانیان لەم هەوڵ ئاشتیخوازیە كرد.٨

١٩٩٤/١٢/٢٨ پـارتی بڕیاریـدا هـەموو لێپرسـراوەكانی كـە هەیـە لـە سلێمانی بەرەو هەڵەبجە بكشێنەوە لە ڕێگەی بزوتنـەوە و سۆسیالیستەوە.٨

١٩٩٤/١٢/٣٠ نوسینی نامەیەك لەلایـەن كمال شاكرەوە بۆ هـەڤاڵ مـام جـەلال و كـاك نەوشیروان بەمەبەسـتی ئاگاداركردنیـان لـە دزی و ڕاووڕووتـی ئـەو هێـزەی پێـشمەرگە كـە لـە گەڵیـدا بووە لەشاری هەولێر.١٧

*گرتنـــی شـــاری هـــەولێر لەلایـــەن هێـــزی پێـــشمەرگەی یەکێتیەوە.٢٨

١٩٩٤-١٩٩٥ شـەڕەکانی کۆیـە و خۆشـناوەتی و هەڵەبجـە و هـەورامان لەشەڕی ناوخۆدا.١١

# ســـــــاڵـــــــی

# ١٩٩٥

| | |
|---|---|
| ١٩٩٥ | هەڤاڵ جبار فەرمان دەکرێتە وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردوستان. |
| ١٩٩٥/١/١ | * کوژرانی((قادر کۆکۆیی و ئازادی کوڕی )) لەلایەن پارتیەوە لە شارۆچکەی سەید سادق.٢٠<br>* بارەگای لقی دوو و ئۆتێل شیراتۆن کە ڕاگەیاندنی پارتی تیادا بوو لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە کۆنترۆڵکرا لەشاری هەولێر.١٤ |
| ١٩٩٥/١/٤ | دەرهێنانی نەوت لە بیرە نەوتەکانی شیواشۆك لە تەقتەقی سەر بەکۆیە لەژێر دەسەلاتی یەکێتیدا.١٤ |
| ١٩٩٥/١/١٣ | یەکێتی تاکە تەلەفۆنی نێوان لقی ٢ی پارتی و پەڕلەمانی بڕی.٢٨ |
| ١٩٩٥/١/١٤ | پارتی لە قۆڵی کەسنەزانەوە پەلاماری شاری هەولێریدا بەمەبەستی گرتنەوەی بەلام سەرکەوتوو نەبوو. لەم شەڕەدا علی شەعبان لە پارتی کوژرا.٨ |
| ١٩٩٥/١/١٥ | * گرتنی شاری هەولێر لەلایەن هێزی پیشمەرگەی یەکێتیەوە.١٤<br>* هێزەکانی یەکێتی بارەگای ڕێکخراوە جەماوەریەکانی پارتی لەشاری هەولێر دەگرن. هەرهەمان ڕۆژ بینای |

شیراتۆنیش دەگرن کەبارەگای ڕاگەیاندنی گوڵانی تیادا بوو.٢٨

١٩٩٥/١/١٧ مامۆستا جمال نەبەز نامەیەکی ئاڕاستەی مام جەلال و کاك مەسعود کرد بۆ ڕاگرتنی شەڕی براکوژی.١٤

١٩٩٥/١/٢٠ حسین سنجاری کە ئەندامێکی باڵای یەکێتی بوو خۆی کەنارگیر کرد وەك بەرپەرچدانەوەیەك بۆ شەڕی ناوخۆ.١٤

١٩٩٥/١/٢١ پارتی هێزەکانی یەکێتی لە بنەسڵاوە تۆپباران کردبەدرێژایی شەو ٩ پ.م کوژران و ٦٠ کەسیش بریندار بوون.٨

١٩٩٥/١/٢٢ هەڤاڵ مام جەلال وەڵامی نامەکەی جمال نەبەزی دایەوە.١٤

١٩٩٥/٢/١١ ڕفاندنی د.سعدی بەرزنجی عەمیدی کۆلێژی یاسا و ڕامیاری لە زانکۆی صلاح الدین لەشاری هەولێر.١٧

١٩٩٥/٢/٢٠ ڕوودانی شەڕێکی سەخت لەنێوان پارتی و یەکێتیدا لەناوچەی ڕەواندوز و دەوروبەری.١٤

١٩٩٥/٢/٢٣ ڕوودانی شەڕ لەناو شاری هەولێردا لەنێوان پارتی و یەکێتی و نزیکەی ١٠٠ کەس کوژران.١٤

١٩٩٥/٢/٢٧ * تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە ٢٠٠ کیلۆ (( تی ئێن تی ))ەوە لەشارۆچکەی زاخۆ کە تیایدا ٧٥-٨٥ کەس کوژارن و ١٨٥ کەسیش بریندار بوون وپارتی یەکێتی تاوانبار کرد.٢٠و١٤

* هێزێکی یەکێتی بۆ جاری دووەم بینایەی پەڕلەمانیان کۆنتڕۆڵ کرد.٢٨

١٩٩٥/٣/١ پێکادانی هێزەکانی یەکێتی و ڕژێم لەناوچەی هەولێر.١٤

١٩٩٥/٣/٢٠ هێزێکی تورکیا هاتە ناو خاکی کوردوستانەوە بوە بیانوی لێدانی پەکەکە.٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩٥/٣/٢٧ | * پارتی لەناکاودا بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری هەولێریدا بەمەستی گرتنەوەی.بەلاَم ئەمجارەش سەرکەوتوو نەبوو. بەهەمان شێوە لە کەسنەزانەوە هێرشیان هێناو ٨٠ لاشەیان لێبەجێما.٨ |
| | * گرتنی تەلاری پەرلەمان لەشاری هەولێر لەلایەن یەکێتیەوە.١٤ |
| ١٩٩٥/٣/٢٨ | خولی دووەمی شەڕی ناوخۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی دەستپێکردەوە.١٢ |
| ١٩٩٥/٤/١٢ | دامەزراندنی پەرلەمانی باکوری کوردوستان لە هۆڵی کۆنگرێسی هۆڵەندا لەلایەن عیسمەت شەریف وانلی و ٦٥ ئەندام پەرلەمان سوێندی یاساییان خوارد.١٤ |
| ١٩٩٥/٤/١٩ | موعەمەر قەزافی جارێکی تریش پشتیوانی خۆی بۆ مەسەلەی کورد دەربڕیەوە.١٢ |
| ١٩٩٥/٥ | وورده شەڕ بەردەوام بوو.کاتێ پارتی ئاگر بەستی هەڵوەشانەوە.٨ |
| ١٩٩٥/٥/٢١ | بەڕێز مسعود بارزانی یەك لایەنە بڕیاری ئازادکردنی ٢١ دیلی یەکێتی دا.٢٨ |
| ١٩٩٥/٥/٢٧ | * بەهاوکاری یەکێتی ٢٠٠٠ پاسداری ئێرانی هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی حیزبی دیموکراتی ئێران لە کۆیە.٢٠ |
| | * بۆیەکەم جار لەگوندی دارەبەن تەمەنی پەرلەمان درێژکرایەوە بۆ ١ ساڵ.٨ |
| ١٩٩٥/٦ | پارتی بە ڕاجیمە لە بنەسلاوە و گوندی سێبەردانیاندا.٨ |
| ١٩٩٥/٦/١٤ | مەفرەزەیەکی نێچیر بارزانی بارەگای ئەدهەم بارزانی لە مەسیف دەردەکەن, هەرهەمان ڕۆژ پارتی وحیزبولاَ لەحاجی هۆمەران بەرامبەر یەك ڕاوەستان و تەقەشیان لەیەك کرد.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٥/٦/٢٨ | پارتی لە هەڵەبجە پەیکەری مەدام میترانیان شکاند.٨ |
| ١٩٩٥/٦/٢٩ | هاتنی سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئەنکەرە بۆلای هەڤاڵ مام جەلال لە قەلاچوالان.١٤ |
| ١٩٩٥/٧ | جاریکر تر سوپای تورك خۆیان کردەوە بە کوردوستاندا.٨ |
| ١٩٩٥/٧/٢٠ | ڕۆبێرت دویچ لەجێگای دێڤێد وێلش بوە لێپرسراوی دائیرەی کاروباری باکوری کەنداو.و نامەیەکی بۆ هەڤاڵ مام جەلال و کاك مسعود نارد و داوای ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆی لێکردن.٢٨ |
| ١٩٩٥/٨ | حسین کامل و صدام کاملی برای بەخۆیان و ژن و منداڵەوە کە هەردووکیان زاوای صدام حسێن بوون لەناکاو ڕایان کردو چوونە ئوردون. ٨ |
| ١٩٩٥/٨/٢ | کوژرانی مولازم کریم لەلایەن یەکێتیەوە.٢٠ |
| ١٩٩٥/٨/٣ | مەسعود بارزانی داوای لە فەرماندەکانی کرد کە دەبێت ڕەواندوز بگیرێت و گۆڕان لەتەرازووی ئەو جەبهەیەدا بکرێت.٨ |
| ١٩٩٥/٨/٩ | کۆبونەوەیەك بەسەرپەرشتی ئەمریکا وبەریتانیا و تورکیا و کۆنگرەی نیشتیمانی عێراق دانیشتنی نوێنەرانی یەکێتی و پارتی لەشار دبلنی پایتەختی ئێرلەندا بۆ چارەسەری شەڕی براکوژی ئەنجامدرا بەمەبەستی ئیزاکردنی ڕێکەوتنامەیەك کە بەڕێکەوتنامەی (( درۆگیدا )) ناسرا.١٤و٢٨ |
| ١٩٩٥/٨/١١ | * مۆرکردنی ڕێکەوتنامەی (( درۆگیدا)) لەنێوان پارتی و یەکێتیدا بۆ کۆتایهاتنی شەڕی ناوخۆ.١٢<br>* پارتی پەلاماری ناوچەی شارەزووری دا و تێکشکان.٨ |
| ١٩٩٥/٨/١٣ | پارتی تۆپبارانی ڕەواندوزیان کرد.٨ |
| ١٩٩٥/٨/١٦ | پارتی تۆپبارانی سێبەردانیان کرد.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٥/٨/١٨ | پارتی پەلاماری وەرتێیاندا و سەرکەوتو نەبوون.٨ |
| ١٩٩٥/٨/٢٧ | شەڕ لەنێوان پارتی و پەکەکەدا هەڵایسا, پەکەکە پەلاماری گەلی زاخۆیاندا و گرتیان و شەڕەکە بەجۆرێك بوو سەرانسەری بادینانی گرتەوە.٨ |
| ١٩٩٥/٨/٢٩ | هەموو ڕێگاکانی سەرسەنگ –دهۆك .ئەتروش–دهۆك ,بەرواری بالاّ–زاخۆ.ئامێدی–دهۆك کۆنترۆڵکرابوو لەلایەن پەکەکەوە.٨ |
| ١٩٩٥/٨/٣٠ | نیچیر بارزانی بەپەلە گەیشتە سلۆپی و داوای لەتورکیا کرد بێت بەهانای پارتیەوە دژی پەکەکە کەدوژمنی هەردوولایان بوو.٨ |
| ١٩٩٥/٨/٣١ | کوژرانی مامۆستا امین محمود.٢٠ |
| ١٩٩٥/٩ | * هەوڵی تیرۆرکردنی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێم درا بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو.١٤<br>* کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی سوریاو تورکیا و ئێران لەتاران.١٤ |
| ١٩٩٥/٩/٨ | فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی چیاکانی مەتین وگارا و بارزان و ڕێکانیانیان کرد.٨ |
| ١٩٩٥/٩/١٠ | مسعود بارزانی چوە دهۆك بۆ بەسەرکردنەوەی بارودۆخەکە. شەڕیش هەر گەرمتر دەبوو.٨ |
| ١٩٩٥/٩/١٤ | چەکدارەکانی حیزبولاّ و پارتی کە پێشتر ناکۆك بوون یەکیان گرتەوە و دژی حیزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران کەوتنە شەڕەوە.٨ |
| ١٩٩٥/١٠ | ئێران پارتی و یەکێتی بانگ کردە تاران و ناوبژیوانی کردن و پێکەوە لەسەر یەك مێزی گفتوگۆ کۆی کردنەوە.٨ |

١٠و١٩٩٥/١١ شەڕ لەهەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی لەگەڵ پەکەکە بەردەوام بوو.٨

١٩٩٥/١٢/٨ لەزاڵگەی کۆیە تەقە لەنێوان هێزەکانی زاڵگەی کۆیە ی یەکێتی و مەفرەزەیەکی پارتی کاری سەربەخۆی کوردوستان ڕوویدا و تیایدا محمد حەلاق ئەندامی سەرکردایەتیان و هاوڕێکانی دەکوژرێن.٨

کۆتایی ١٩٩٥ شەڕی پەکەکە و پارتی لەناکاو ڕاوەستا بەبێ هیچ مەرجێك.٨

# شەڕی ناوخۆ یان شەڕی براکوژی لەکوردوستاندا ٣٦

- زۆرجارانیش لەلایەن یاسای نێودەوڵەتیەوە بەناوی شەڕی ئەهلیشەوە ناودەبرێت(( Civil War)) و پێناسەکراوە بەوەی کە بریتیە لە: ململانێی چەکدارانەیی کە ڕوودەدات لەناو چوارچێوەی سنوری وڵاتێکدا لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتدا یان لەنێوان کۆمەڵێك کەس و کۆمەڵێکی تردا یان لەنێوان هێزەکانی دەوڵەت کاتێ هەڵگەڕانەوە یان پەناگیریەکی چەکداری ڕوودەدات.٣٥

هەتا دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەموو یاسا نێودەوڵەتیەکان داڕێژرابوون بۆ جەنگی نێوان دوو وڵات نەك جەنگە چەکداریە ناوخۆییەکان.بەڵام لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە هەندێ یاسا داڕێژران کە شەڕە ئەهلیەکانیشی دەگرتەوە وەك شێوە پارێزگاریەك لە قوربانیانی ئەو جەنگانە.

جەنگی ئەهلی بەمەبەستی دەست بەسەراگرتنی دەسەلاّت دێت لەلایەن لایەنێکی شەڕەکەوە و هەموو جەنگێکی ئەهلیش درێژکراوەی دەرەکی هەیە. نمونەی جەنگە ئەهلیەکان لەمێژوودا زۆرن هەر لە جەنگی ئەهلی ئینگلیزیەوە لەسەدەی حەڤدەهەمەوە تا جەنگی لوبنانی لەسەدەی بیستدا و هەموو جەنگە ئەهلیەکانی ئەمریکی(( ١٨٦١-١٨٦٥)) و ئیسپانی(( ١٩٣١ -١٩٣٦)) و لوبنانی((

١٩٧٥/٤/١٣ –١٣/١٠/١٩٩٠)) و سـودانی(( ١٩٨٩ وه تـاكو ئێـستا )) و صـۆمال(( ١٩٩١وه تاكو ئێستا )) و عێراقی((٢٠٠٣وه تاكو ئێستا)) و كۆنگۆلی و ڤێتنـام و چین و ...هتد.٣٥

- ئاشكراشــه كــه شــەڕی براكــوژی مێژوویــەكی قــوڵ و ڕەگ و ڕیــشەیەكی داكــوتراوی هەیــە لــە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا و بــەناخ و نەفــسیەتی مرۆڤەكانــدا شــۆڕبۆتەوەو بۆتــە بەشــێك لــە كــەلتوور و هەڵــسو كــەوت و ڕەفتــاری تاكــەكانی كۆمەڵگاكان بەبێ جیاوازی.

شەڕی براكوژی یان خۆكوژی یان زۆرجار بەشەڕی ئەهلی یان شەڕی ناوخۆیش ناوزەد دەكرێت لەسەر ئەو بنچینەیەی كە ئەم شەڕە لەو جۆرە نیە كەلەنێوان دوو دەوڵـەت و دوو كۆمـەڵگای دوور لەیـەك و جیـاواز لەیـەك خـاوەن سـنور و سـیادە و سـوپای نیزامیـان هەیـە ڕوودەدات.بـەڵكو ئـەم شـەڕە لـەناوخۆو لـە چـوار چـێوەی سنوری یەك وڵات یان لەناو پێكهاتـەی یـەك كۆمـەڵگا یـان یـەك خێڵ و عەشیرەت و بگـرە زۆر جـارانیش لـەناو یـەك بنەماڵـە و خێزانیـشدا بـەفیعلی لـەناو براكانـدا ڕوودەدات.

مەبەسـتیش لەشـەڕی نـاوخۆ یـان براكـوژی بریتیـە لـە ڕەتكردنـەوەی بەرامبـەر و پەراوێزخستنی و بچووككردنەوەی و دوورخستنەوەی لە دەسـەڵات و هێـز و نفوز. بۆئـەوەی لایـەنی سـەركەوتوو دەسـەڵات و هێـز و نفـوز لـەناو وڵات یـان كۆمـەڵگا و خێڵ و عەشرەت و بنەماڵەدا بگرێتە دەست.جا لە پێناو ئەم مەبەست و ئامانجـەدا هەردوو لایەنی بەشـەڕ هـاتوو بیـانوی جـۆراو جـۆر و بێسەواد دەدۆزنـەوە و پـشتی پێدەبەسـتێت بـۆ ڕەوایـی پێـدان بەشـەڕەكەی و پەیـداكردنی زۆرتـرین دۆسـت و هاوپـەیمان بـۆ خـۆی بۆئـەوەی بەشـێوەی لۆجستی و مـادی هاوكـاری بكـەن . لـەو بیانوانەش بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی لەوڵاتـدا یـان بـۆ ڕزگـاربوونی كۆمـەڵگا لە دیكتاتۆر و تاك ڕەوی و خۆسەپێن . یان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و دواكەوتوویی و ...هتد. گەرچی مەبەستە سەرەكیەكە هەر گرتنە دەستی دەسەڵات و قۆستنەوەی ئیمتیازاتەكانە بۆ خۆیان.

لـەم چوارچێوەیەشـدا هـەردوولا زۆرجـاران و لەكاتێكـدا كـە زۆریـان بـۆ دێـت و مانەوەیان مەترسی جدی دەكەوێتـە سـەر لـەگۆڕەپانی سیاسـی و سـەربازیدا. ئـەوا

پـەنا دەبەنـە بـەر هێـزی دەرەکـی و داوای هاوکـاری و پـشتیوانیان لێدەکـەن دژی لایەکـەی تـر کـە بـراو خـزم و عەشـیرەت و بنەماڵـە و هـاوڵاتی خۆیـەتی و هێـزە دەوڕەکیەکەش دوژمن و ناحەزی هەموو بەرژەوەندی و ماف و داواکاریـە ڕەواکـانی کۆمـەڵگا و وڵات و گەلەکەیـەتی.ئاشـکرایە هـیچ هێزێکـی دەرەکـی بـەبێ بـوونی بەرنامــە و پیلانــی پــاوانخوازی و دەســتێوەردانی خــۆی نایــە بــۆ پاراســتنی بەرژەوەندیـەکانی وڵات و گەلەکـەی خـۆی و هاوکـاری هـیچ لایـەك ناکـات بـەبێ بەرامبەر. بۆیە هەڵەی گەورە و مێژوویی و مەترسیدارە کە هـەر هێزێکـی نـاوخۆیی شەڕی براکوژی پەنا بباتە بەر هێزی دەرەکی.
بەڵام وەك وتراوە (( لەجەنگ و خۆشەویستیدا هـەموو شتێك حەڵاڵـە))، لایەنـەکانی شــەڕەکە گوێنادەنــە هــیچ بــەهاو پیرۆزیــەکی نیــشتیمانی و نەتەوایــەتی و هــیچ یاساوڕێسایەکی کۆمـەڵگاو دابونـەریتی کۆمەڵایـەتی و خێڵـەکیش لەبەرچـاو نـاگرن لـەوەی کـە دەسـتی دوژمـن نـەگرن بۆسـەر براکانیـان و لـەپێناو مانـەوەی خۆیـان و دەسەڵاتەکانیاندا هەموو کارێکی ناڕەواو نەشیاو دوور لەهـەموو بەها پیرۆزەکـانی مرۆڤایـەتی ئـەنجام دەدەن و هاوکـاری و یارمـەتیش تەنانـەت لـە شـەیتان و دوژمنـە سەرسەخت و خوێنخۆرەکانی خۆشیان وەردەگرن .
ئەمە ڕاستیەکی تاڵە و بنەمای هەموو شـەڕێکی نـاوخۆیی و براکوژیـە لـە سـەرەتای دروســتبونی مرۆڤایەتیــەوە. نمونــە زیندوەکــەش کوشــتن و خــوێن ڕشــتنی هەردووبراکەن(( هابیل و قابیلی )) کوڕانی ئادەم . کە لەسەرەتاو دەسپێکی ژیـان و ژیـار و مرۆڤایەتیـەوە ئـەم داب و نەریتـە قێزەونـە و ئـەم ئاوڕشـتنە بـێ مانیـە و ئـەم هەڵە گەورە و ئەم تاوانە قێزەونەیان بۆ وەچە و نەوەکانی مرۆدا ڕشـت و دامەزرانـد کـە ئیـدی لـەو ڕۆژەوە و تـاکو ئێستاش و بـۆ ئاینـدەش براکـوژی و خـوێن ڕشـتنی براکان حەڵاڵ کراوە و بۆتە سونەتێکی ژیان.
ئاشکراشە قوربانیانی ئەو شەڕە ناوخۆیانەش هاوڵاتیانی بێ تاوانن لە ژن و منداڵ و پیروپەکەوتـە و...هتـد.کـە هەمیـشە لـەم شـەڕە ناوخۆییانـەدا بەشـێوەیەکی زۆر ترسـناك مافـەکانی مـرۆڤ لـە ژنـان و منـداڵان و پیر و پەککەوتـەکان پێشێل دەکـرێن هەر لە کوشتن و لەگۆڕنانی بەکۆمەڵ وجینۆساید و دەستدرێژی سێکسی و ...هتد ڕوودەدەن.

هەرلەبەر ئەم هۆکارانەش بوو کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان چەند یاسایەکی داڕشت بۆ پارێزگاری لە گیانی ئەو قوربانیانە و ئەو مافەی بەخۆیدا کە دەست بخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ولاّتانەوە وڕێگە بگرن لەو کارە قێزەون و ماف پێشێلکردنانە و چیدی قودسیەتی سنور و سیادەی ولاّتان نەماو ڕێگە گیرا لە سیستەمە دیکتاتۆری و توتالیتاریەکان کە بە ئارەزوی خۆیان ماف و داواکاریە ڕەواکانی گەلەکانیان پشتگوێ بخەن و زوڵم و زۆرداری و چەوسانەوە و پرۆسەی لەناوبردن و جینۆساید پیادەبکەن.

- شەڕی ناوخۆ یان براکوژی لەکوردوستانی خۆشماندا لەو چوارچێوەیە تێپەڕناکات و هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی بەسەردا جێبەجێدەبێت و لایەنە شەڕکەرەکان بە دڕندانەترین شێواز مامەڵە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت هەوادارانی یەکتریشیان کردوە.مامەڵەی دژە مرۆڤایەتی لەگەڵ دیل و گیراوەکاندا لە بەندیخانەکانیاندا کراوە.مامەڵەی دژە مرۆڤایەتی لەگەڵ ژنان و منداڵان و پیروپەککەوتەکاندا کراوە. ئازادیەکان و مافی تاکەکان پێشێل کراون.کاری دڕندانەی سێکسی و سەربڕین و سوکایەتیکردن بە لاشەی قوربانیان و لوت و گوێبڕین لەگەڵ مردواندا کراون و فەرهود و تالاّن وبڕۆی سەروەت و سامانی یەکتری کراوە. خیانەتی گەورە بەهێنان و داوەتکردنی دوژمنانی کورد و کوردوستان کراوە لە ڕژێمەکانی ئێران و تورکیاو عێراق و فڕۆکە و تانك و زریپۆشو تۆپی قورس و پاسدار و جەندرمە و قوات خاسەی هەموانیان هێناوەتە سەر یەکتری لەگەڵ ئەوەی ئەو ڕژێمانە بەدرێژایی مێژووی دروستبونیان دوژمنی سەرسەختی کوردو مەسەلەکەی بوون بە ئێستاشەوە.
- شەڕی ناوخۆی کوردوستانیش پێشینە و مێژووی خۆی هەیە بەدرێژایی مێژووی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان و ئیمارەت و دەسەلاّتە ناوخۆییەکانی کورد کاریگەری نەگەتیڤیان هەبوە لەسەر نەچەسپاندن و دانەمەزراندنی دەسەلاّت و دەوڵەتی کوردی . هەر لە ئیمارەتەکانی ئەردەلاّن و بادینان و بابان و سۆرانەوە تا شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بەدرخانیەکان و شێخانی شەمزینان و سمکۆ و کۆماری مهاباد و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود و بارزانیەکان و ئەیلول و شۆڕی نوێ و تائێستاش. کەهەمویان توشی شەڕی نەگریس و نەویستراو و سەپێنراوی

براكوژی و ناوخۆیی بونەتەوە و زۆربەشیان هەر ئەم هۆكارە بۆتە هۆی شكست و نوچدان و سەرنەكەوتنیان. بۆیە هیچ كۆمەڵگاو نەتەوەیەك هێندەی كورد زەرەرمەند نەبوە لە شەڕی ناوخۆ و براكوژی و هەرئەمەش وایكردوە كە تائێستا نەتەوەیەكی ٤٠ ملیۆن كەسی نەبێتە خاوەنی دەوڵەت و ئاڵاو سەربەخۆیی خۆی. بەلأم لەگەڵ هەموو ئەم مێژوە تالأنەشدا تائێستاش عەقڵیەتی پارت و سەركردایەتی سیاسی كورد ئامادەیە بۆ شەڕی براكوژی بەهۆی بچوكترین هەڵە و كاری بێ مەبەستیشەوە بێت لەلایەن براكەیەوە.

- لێرەدا ئەوەی مەبەستمانە شەڕی ناوخۆیی و براكوژی سەردەم و قۆناغی حەفتاكانی سەدەی بیستەمە كەلە قۆناغی شۆڕشی نوێی گەلی كوردا بەڕابەرایەتی یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان سەریهەڵدایەوە. ئاشكرایە كە شەڕی ناوخۆ بەشێوەیەكی سەرەكی لەنێوان پارتی دیموكراتی كوردوستان بەڕابەرایەتی بنەماڵەی بارزانی و یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان بەڕابەرایەتی شۆڕشگێڕان و پێشكەوتوخوازان و دیموكراسیخوان و سۆشیالیستەكان بوە.

پارتی دیموكراتی كوردوستان بەهۆی ئەوەی خۆی بەیەكەم پارتی سیاسی كوردی دەزانی و خۆی بەخاوەن خەبات و مێژوو شۆڕشی ئەیلولی ١٤ ساڵ دەزانی كە باكگراوەندێكی قەبە و گەورەی هەبوو هەم بەهۆی خەباتی لەساڵی ١٩٤٦ وە و هەم بەهۆی كەسایەتی مەلا مستەفای بارزانی و بنەماڵەكەیەوە كە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە سەرقاڵی شۆڕش و ڕاپەرین و خەبات بوون لەكۆماری مهاباد و چوونی بارزانی بۆ سۆڤیەت و گەڕانەوەی بۆ عێراق لەسەردەمی ڕژێمی كۆماری قاسمدا و كۆبونەوەی بەشێكی زۆری كۆمەڵگای كوردەواری لەچوار دەوری و هەلأیسانی شۆڕشی ئەیلول و ڕێكەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ و تاكە بڕیاربەدەستی سەرگۆڕەپانی سیاسی و سەربازی و ئابوری و كۆمەلأیەتی لە كوردوستاندا بۆماوەی ١٤ ساڵ زیاتر كە لەسەردەمی دەسەلأتی ڕەهایدا لە نێوان ١٩٦١ وە تامانگی ٣/ ١٩٧٥ بەشێوەیەكی تاك ڕەوانە و دیكتاتۆریانە و بێ بەزەییانەی مامەڵەی لەگەڵ دوژمنانی و نەیارانی ناوخۆشیدا دەكرد و هەموو ئازادیەكانی زەوتكردبووو ڕێگەی بە شەفافیەت و كرانەوە و نوێگەرایی نەدەدا. هەربۆیەش كاتێكیش بەویست و ئیرادەی خۆی گۆڕەپانی سیاسی و سەربازی كوردوستان و

شۆڕشــی بەجێهێـشت و کــاری خــۆی تــەواو کــرد چــاوی هەڵنــەدەهات بــەوەدا کــەجارێکی تــر لەســەر دەســتی کەســان و گــروپ و پــارتی سیاســی تــر جگــە لــە بنەماڵەی خۆیان جولاّنەوەی کوردایەتی زیندوو ببێتـەوە و گەشـە بکـات و خواسـت و مافە ڕەواکانی کورد وەدیبێت و خەبات و شۆڕش بەردەوام بێت.

ئەم ڕەوتـە فکـری و پـاوانخواز و قۆرخکردن و بنەماڵەییـە و کۆنەپارێزییـەی پـارتی دیمـوکراتی کوردوسـتان بـە نەتیجـە شکـستی هێنـا و خـاڵی کۆتـایی بـەئیرادەی بێئیرادەیـی دیـاریکرد و بەو پـەڕی توانـا و ئـازادی خۆیـەوە شـۆڕش و خـەباتی ١٤ ساڵەی کوردی کۆتایی پێهێنا و ئالاّی سپی تسلیم بون و دامرکانـەوەی شـۆڕش و چۆڵکردنی گۆڕەپانی خەباتی کوردوستانی هەڵکرد.

لەبەرامبەردا یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بەفکر و ئایدیا و ڕێـچکە و ڕێبـازێکی نـوێی دیموکراسـی و پێـشکەوتنخوازانە و ئاشـتیخوازانەوە و پێکـەوە کـارکردن و ڕزگاریخوازانــەی گــەلی کــورد هاتــە مەیــدانی خــەبات و جــاڕی شـۆڕشــی نــوێی دا بەدۆســت و دوژمنــان کــەمتر لــە ٢ مــانگ و نیــو لــە ١٩٧٥/٣/١٨ وە ڕاگەیانــدی وەســـتاندنی شــــەڕ و کۆتایهــاتنی شۆڕشـــی ئــــەیلول تـــا ١٩٧٥/٥/٢٢ کـــاتی بلاّوکردنـەوەی یەکـەم بەیاننامـەی دامەزرانـدنی یـەکێتی لـە دیمەشـقی پایتـەختی کۆمـاری عـەرەبی سـوریا. یـەکێتی ئـالاّی خـەبات و شۆڕشـی نـوێ و بـەرەنگاری هەڵکردوو ئیدی دەسپێکی قۆناغێکی نوێی شۆڕش و کوردایـەتی سەریهەڵدایەوە دوور لە بنەماڵەی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردوستان.

کــە ئــەم حەقیقەتــە زۆر تــاڵ بــوو بــەلای پــارتی و ســەرانی پارتیــەوە و لــەئێران و دەرەوەی وولاّت و بەسـانایی بۆیـان هـەرس نـەدەکرا. هەربۆیـە زوو بـە زوو کەوتنـە خۆ و سەرکردایەتیەکی کاتیان (( قیادە موەقەتە )) پێکەوەنالە (( ١٩٧٦/٥/٢٦ )) نــەك بــەنیازی هاوکـاری و پـشتیوانی و دەستخـستنە نـاو دەسـتی یەکێتیـەوە بـۆ خزمەتی کوردو کوردایەتی بەڵکو بۆ پاشقول لێگرتن و شـۆڕش تێکدان و کەوتنـە پـیلان و دوژمنایـەتی و بۆسـەدانان و هانـدانی جـەماوەر و عەشـایەر و دەوڵـەتانی دوژمنـی کـورد لـەم شۆڕشـە نوێیـە بەمەبەسـتی تاسـاندن و مرادنـدن و لـەناوبردنی شۆڕشــەکە لەلانکــەدا و بــەفیعلیش کەوتنــە هەلاّیــسانی ئــاگری شــەڕی نــاوخۆ و براکـوژی لەگـەڵ یەکێتیـدا و یەکـەم فیـشەك و تەقـەی شـەڕی براکـوژیش لەســەر

دەستی قیادە موەقەتەوە لە (( ١٩٧٦/١٠/١٩ )) دەستیپێکرد بە شەهیدکردنی مەفرەزەکەی شەهید ئیبراهیم عەزۆو هاورێکانی لە کوردوستانی باکور لە تورکیاو ئیدی ئەو پرۆسە خوێناوی و خۆکوژیە درێژەی هەبوو و هەشە تاکو ئێستا. هەربۆیە ئۆبال و گوناهی هەلأیسانەوەی سەرلەنوێی شەری براکوژی لەکوردوستاندا لەمێژووی شۆرشی نوێدا دەکەوێتە سەر ئەستۆی پارتی و سەرانی پارتیەوە.

شەری ناوخۆ بەدرێژایی سالأنی ١٩٧٥ وە تاکو کۆتایی سالی ١٩٨٦ بەردەوام بوو لە قۆناغی شۆرش و شاخدا لەنێوان لەلایەك (( پارتی و پاسۆك و حسك و شیوعی / بەرەی جود)) و لەلایەکی تریشەوە یەکێتی بەتەنها . لەقۆناغی شار و دەسەلأتیشدا جارێکی تر شەری ناوخۆ و براکوژی سەریهەلدایەوەلە ١٩٩٤/٥/١ لەنێوان پارتی و یەکێتیدا و دواتر فراوان بوو لەنێوان یەکێتی و هاوپەیمانەکانیدا لەگەل پارتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و لایەنە ئیسلامیەکانی تردا و لەولاشەوە لەنێوان پارتی و حسك و سورچیەکاندا و لەلای سێهەمیشەوە لەنێوان پارتی و یەکێتی لەگەل پەکەکەدا . بەم شێوەیە شەری ناوخۆیی و براکان بەدرێژایی ٤ سال لە ١٩٩٤/٥/١ وە تا ١٩٩٨/٩/١٨ رێکەوتنی واشنتۆن بەردەوام بوو . کەهەموو ئەم شەرانە لەسەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و فیدرالی و ئازادی و دەسەلأتی شەرعی کوردیدا((پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا)) ئەنجامدەدران و مەترسیەکی جدی و راستەقینە و گەورەی بۆسەر دەسەلأتە کوردیەکە دروستکردو خستیە بەر مەترسی لەناو چوون و نەمانەوە وەك هەموو ئەو دەسەلأتە ناوخۆیی و میرایی‌ەتیە مێژوویانەی کورد لە رابوردوودا.

دەبێت هەموو لایەك ئەو راستیە بزانێت کە لە هیچ شەرێکدا و بەتایبەتیش لە شەری ناوخۆدا رەوایەتی نیە چونکە براو خزم و عەشرەت و بنەماڵە و میلەتی خۆت دەکوژێت و سەروەت و سامان و خاکی خۆت وێران و کاول دەکەیت و دەسوتێنیت. هیچ لایەك براوە و دۆراو نیە , بەڵکو هەردوولا دۆراون و زەرەرمەندن وهەردوولا پەشیمانن و تاوانباریشن.

هەربۆیە ئەزمونی دەسەلأتی کورد و یەکێتی گەلێك تاڵە لەگەل شەری براکوژیدا و زۆرجاران یەکێتی کەوتۆتە کەوانەی لەناوچوون و لەناوبردنەوە بەدرێژایی

خـەباتی ۳۳ سـاڵی خـۆی هـەر لەکارەسـاتی هـەکاری و شـەڕەکانی بـەرەی جـود و کیمیاییباران و ئەنفالەکانەوە تاکو کارەساتی ۳۱ ئابی ۱۹۹٦ و پەلاماری ئێران و تورکیا و عێراق. کە ئەگەر ئەم کارەساتانە و ئەم شەڕە ناوخۆییانە نەبونایە پێدەچوو ئێستا کوردو یەکێتیش هێندەی دی گەشەکردوو بالاٌتر و سەرکەوتوتربونایە و ئایندەی دەسەلاٌتی کوردی و یەکێتی و گەلەکەشمان ڕوونتر و ڕۆشنتربوایە.

لەئێستادا پەشیمانی و فرمێسک هەڵڕشتن گرنگ نیە بۆ ڕابووردوو . بەڵکو گرنگ کارکردنە بۆ لەبیرکردن و پەند وەرگرتن لە و ڕۆژە تاریك و تونانە و کارکردنە بۆ ئایندە و دوبارەنەکردنەوەی ئەو ڕۆژگارە قێزەونانە و کارکردنی بەیەکەوە بەهەموو ڕەنگ و دەنگەکانەوە بەرامبەر دوژمنانی دیموکراسی و فیدڕاڵی و ئاشتی و ئازادیەکانی کورد لەعێراقی بەناو دیموکراسیی و هاوپەیمانی و دۆستەکانماندا.

# ســــــــاڵــــــــی

# ١٩٩٦

| | |
|---|---|
| ١٩٩٦/٢/١٩ | هـەڤاڵ نەوشیروان مستەفا جەولەیـەکی گـەرمیانی کـرد و چاوی بە پیاوماقوڵانی ناوچەکە کەوت.٨ |
| ١٩٩٦/٤/٩ | یەکێتی و پارتی بەبەشداری ٧ پارتی تری کوردوستانی ڕێکــەوتنێکیان ئیمزاکــرد و کۆتاییــان بەکێــشەکانیان هێنا.١٤ |
| ١٩٩٦/٤/١٣ | کۆبونـەوەی هـەردوو مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی و پـارتی کۆمۆنیـستی کرێکـاری بـۆ چارەسـەرکردنی کێـشەکانی نێوانیان.١٤ |
| ١٩٩٦/٤/٢٢ | هاتنی نوێنەری ئەمریکا بۆ کوردوستان بەسەرۆکایەتی(( ڕۆبەرت دۆیچ)) بۆ ناوبژیوانی یەکێتی و پارتی.١٤و٢٨ |
| ١٩٩٦/٥ | ڕوودانـی شـەڕی براکـوژی لـەنێوان هێزەکـانی یـەکێتی و هێزەکـانی (( بزوتنـەوەی ئیـسلامی و پاسـۆك وحـسك )) لەناوچەی سلێمانی.١٤ |
| ١٩٩٦/٥/١٧ | بیرە نەوتەکانی شیواشۆك دوای دوو ساڵ کارکردن تیایدا بۆیەکـەم جـار نـەوتی کـوردی و بەدەسـتی کـورد خـۆی ئامادە بوو بۆ بەرهەمهێنان.٢٢٤ |
| ١٩٩٦/٥/١٩/١٨ | شـەهیدکردنی (( ڕزگـار محمـد عبـدالله )) ڕزگـاری سـجن کــارگێڕی مەڵبەنــدی ڕێکخــستنی ســلێمانی لەلایــەن ئیسلامیەکانەوە.١٩ |

١٩٩٦/٥/٢٧ * چوونی وەفدێكی یەكێتی بۆ صلاح الدين بۆلای پارتی بۆ چارەسەری كێشەكان.١٤
* بەهەوڵی هاورێ عزيز محمد هەوڵێكی ئاشتیخوازانە لەنێوان پارتی و یەكێتیدا هەڵنرا.لە هاوینە هەواری پیرمام بڕیاردرا تەمەنی پەرلەمان بۆ ماوەی ٣ ساڵ درێژبكرێتەوە.٨

١٩٩٦/٥/٢٨ یەكێتی و پارتی لە پیرمام لەسەر ئەوە ڕێكەوتن كەماوەی هەڵبژاردنەكان درێژبكرێتەوە بۆ ماوەیەكی تر.١٤

١٩٩٦/٦/١ ڕوودانی شەڕی براكوژی لەنێوان پارتی و هۆزی سورچیان كەبوە هۆی كوژران و برینداربونی چەند كەسێك كە لەناویاندا سەرۆكی عەشیرەتی سورچیان ((حسێن ئاغای سورچی)) هەبوو لەگەڵ دوو كوڕی و هێزەكانی پارتیش گوندی كەڵەكینیان تالآن و فەرهود كرد.١٤

١٩٩٦/٦/٣ بۆ دووەم جار ئەندامانی پەرلەمان لەهەموو ڕەنگەكان لەژێر خێوەتێكی گەورەدا لەنێوان شاوێس و مەلا ئۆمەردا كۆبونەوە و بڕیاری درێژكردنەوە درا.٨

١٩٩٦/٦/١٠ حسین ئاغای سورچی لەسەردانی مام جەلال بوو لە هەولێر لەگەڕانەوەیدا پارتی ڕێگەی پێگرت.١٧

١٩٩٦/٧/١٦-٢ ئێران سنوری خۆی لەگەڵ یەكێتیدا داخست كە بەهۆیەوە یەكێتی ٥٠ ملیۆن دیناری زیان لێكەوت چونكە گومركی نەبوو.١٤

١٩٩٦/٧/٦ پرۆتۆكۆلێكی یازدە خاڵی دوو قۆڵی نێوان یەكێتی و پارتی پارێزگارانی كوردوستاندا ئیمزاكرا لەلایەن هەڤاڵ مام جەلال و عومر خدر سورچیەوە بۆ هاوكاری و هەمئانگی نێوانیان.٢٨

١٩٩٦/٨/١٦ یادی یۆبیلی زێڕینی دامەزرانی پارتی كرایەوە.٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩٦/٨/١٧ | دەسپێکردنەوەی خولی سێیەمی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی و گرتنی ناوچەکانی سیدەکان و چۆمان لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە.١٢و١٤ |
| ١٩٩٦/٨/١٨ | هێرش کرا بۆ شاخی کلاو قاسم وەك پشتیوانیەك بۆ شەڕەکانی ناوچەی باڵەك.٨ |
| ١٩٩٦/٨/٢٢ | ناردنی نامەیەکی مسعود بارزانی بۆ صدام حسین تاوەکو یارمەتی پارتی بدات لەدژی یەکێتی.١٤ |
| ١٩٩٦/٨/٢٦ | لەشکری حەمرین و هەورێ پەلاماری چیای بەنی هەریریان داو گیرا.بەلاّم لەشەڕێکی زۆر سەختدا پارتی گرتیانەوە.٨ |
| ١٩٩٦/٨/٢٩ | بەڕووکەش ئاگربڕێك ڕاگەیەنرا.٨ |
| ١٩٩٦/٨/٣١ | لەکاتژمێر ٥ی بەیانیدا سوپای ڕژێمی عێراقی لەسەر داوەتی مسعود بارزانی و شان بەشانی هێزەکانی پارتی هێرشیان کردە سەر شاری هەولێر و داگیریان کردەوە دوای بەرەنگاریەکی قارەمانانە لەلایەن پێشمەرگەی یەکێتیەوە و ئەمەش بوە هۆی دەرپەڕاندنی یەکێتی لەشارەکە.ئەم هێرشە بەناوی (( اب المتوکل علی الله)) بوو لەقۆڵی کانی قرژاڵە وقوشتەپە وسێبیران ومەسیف وعەیناکاواوە هێرش کرایە سەر شاری هەولێر,جێگەی ئاماژەیە ئەم هێرشە ٤٥هەزار سوپا لە فیرقەکانی کەرکوك و موصڵ و ٣٠٠ تانك و٢٠٠ تۆپی قورس بەشداریان تیادا کرد و زۆرێك لەبارەگاکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقیەکان ڕووخاند وە نزیکەی ١٠٠ کەسی لێکوشتن. هەرلەم هێرشەدا د.فؤاد معصوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەلایەن پارتیەوە دەسگیرکرا.٢٠و١٤ |
| ١٩٩٦/٩/١ | کشانەوەی سوپای ڕژێمی عێراق بۆ سەربازگەکانی قوشتەپە دوای داگیرکردنی شاری هەولێر کەلەسەر |

داوەتـــی پـــارتی هـــاتبوو وە کارەســـاتی ٣١ی ئـــابی خوڵقاند.٢٨

١٩٩٦/٩/٣ بـــەئامادەبوونی ٥٧ ئەنـــدام پەرلـــەمان کـــە ١١ ئەنـــدام پەرلەمانی لیستی سەوز بوون بەزۆر برابوون لەمزگەوتی گـەورەی شـاری شـەقلاوە بڕیـار لەسـەر درێژکردنـەوە پەرلەمان درا تا ١٩٩٨/٦/٤. ٢٨

١٩٩٦/٩/٥ * شەڕێکی قورس ڕوویدا لە بێستانە– چەمرگە.٨

* ڕێکخراوە بیانیەکان لەکوردوستان کشانەوە و هەرچی ئـەو کوردانـەی لەگەڵیانـدا کاریـان دەکـرد بردیـانن بـۆ دەرەوەی وولاٌت لەگەڵ خۆیاندا.٨

١٩٩٦/٩/٧ لەڕێگەی دێگەڵەوە هێزەکانی پارتی کشان بۆ ڕێگەگرتن لە پاشەکشەی هێزەکانی یەکێتی.٨

١٩٩٦/٩/٨ داگیرکردنی ناوچەکانی دێگەڵە و کۆیە لەلایەن هێزەکانی ڕژێم و پارتیەوە.١٤

١٩٩٦/٩/٩ * پاشەکشەی هێزەکانی یـەکێتی لـەدوکان و سلێمانی و چوونە سەر سنوری ئێران.١٤

١٩٩٦/٩/١٠ * داگیرکردنی پێنجوێن لەلایەن پارتیەوە.١٤

* لابردنـی گـەمارۆی ئـابوری لەسـەر کوردوسـتان لەلایـەن ڕژێمی عێراقەوە.١٤

* دەرکردنی لێبوردنی گشتی لەلایەن صدام حسێنەوە بۆ کورد.١٤

* دەرکردنی لێبوردنی گشتی لەلایـەن مـسعود بارزانیـەوە بۆ هەوادارانی یەکێتی.١٤

* کردنـــی (( فایەقـــە ڕەش )) بـــەپارێزگاری ســـلێمانی لەلایەن پارتیەوە.١٤

١٢و١٩٩٦/٩/١٣ پارتی هێرشی کردە سەر چۆمان.٨

١٩٩٦/٩/١٨ لــەپاریس لەلایــەن جــواد مــەلاوە ســێیەم کــۆنگرەی نیشتیمانی کوردوستان سازدرا.بەمەبەستی پێکهێنانی کۆمیتــەی یــەکگرتنی هــەر چــوار کــۆنگرە کوردیەکــە لــە دەرەوەی وولاْت (( کـــۆنگرەی نیـــشتیمانی کـــورد و کۆنگرەی گەلی کوردوستان و کۆنگرەی نەتەوەیی کورد و کۆنگرەی نیشتیمانی کورد لە ئەمریکا )).١٢

١٩٩٦/٩/١٩ * مەکتەبی سیاسی بەیانێکی بلأوکردەوە تیایدا ئاماژەی بەپیلانەکانی نێوان پارتی و ڕژێمدا.٨

* سـازدانی کۆڕێـك لەشـاری لەنـدەن لـە لایـەن هـەڤاڵ نەوشیروانەوە لەسەر بارودۆخی کوردوستان.١٤

١٩٩٦/٩/٢٠ کۆبونـــەوەی مەکتـــەبی سیاســـی و ســـەرکردایەتی و فەرماندەی گشتی بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال کراو پلانی دابەزینی بۆ ناوچەکان دانرا.٨

* هەربۆیـە شـاری سلێمانی بـەبێ تەقـە داگیرکـرا لـەلاین پارتیەوە.١٤

* کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی هێرشی پارتی و ڕژێمی بۆسەر شاری هەولێر و سلێمانی تاوانبار کرد.١٤

١٩٩٦/١٠/٦ موعەمەر قەزافی لەشاری تەڕابەلس لەبەرامبەر نجم الدين ئەربەکانی سەرۆك وەزیرانی تورکیادا ووتی (( پێویستە کــورد ببێتــە خــاوەن دەوڵــەتی خــۆی )) لەســەر ئــەم هەڵوێستە تورکیا باڵیۆزخانەی خۆی لە لیبیا داخست.١٤

١٩٩٦/١٠/٩ * هێزەکـانی یـەکێتی هێرشـیان کـردە سـەر هێزەکـانی پارتی لەناوچەی قەلأدزێ و زیانێکی زۆریان لێدان.١٤

* گـەردەلولی تۆڵـە هـەڵیکرد بـۆ دەرپەڕانـدنی هێزەکـانی پـارتی و ئـازادکردنی ئـەو جێگەیانـەی کـە گرتویـان بەهاوکاری سوپای ڕژێم.٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩٦/١٠/١١ | کەمتر لە ٤٠ ڕۆژ هێزەکانی یەکێتی لەهەموو قوڵێکەوە بەرنامەی گەردەلولی تۆڵەیان دەستپێکرد لەشاری پێنجوێن و شلێرەوە دەسپێکراو و تا کانی مانگا پاکرایەوە و پارتی بەرەو شارەزوور پاشەکشەی کرد.٨ |
| ١٩٩٦/١٠/١٢ | قوڵی بەمۆ-دەربەندیخان -سلێمانی بەرنامەی کاری خۆیان دەسپێکرد.٩ |
| ١٩٩٦/١٠/١٣ | * ڕزگارکردنی شاری سلێمانی و دەوروبەری لەلایەن هێزەکانی یەکێتیەوە.١٤<br>* گەردەلولی تۆڵەی یەکێتی توانی هێزەکانی پارتی بگەڕێنێتەوە ناو شاری هەولێر.٣ |
| ١٩٩٦/١٠/١٤ | * ڕزگارکردنی کۆیە و دێگەڵە لەلایەن یەکێتیەوە.١٤<br>* ئەمریکا هەڕەشەی لە ئێران و عێراق کرد دەست نەخەنە کاروباری کوردوستانەوە.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/١٥ | دژە هێرشێکی پارتی بۆ گرتنەوەی کۆیە و دێگەڵە.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/١٧ | مسعود بارزانی هەڕەشەی لە یەکێتی کرد کە جارێکی تر داوای یارمەتی لە ڕژێمی عێراق دەکاتەوە.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/١٨ | کۆیە لەلایەن پارتیەوە گیرایەوە.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/١٩ | * گرتنی بەشی باکوری ڕانیە لەلایەن پارتیەوە.١٤<br>* هێزەکانی پارتی لەکەڵکە سماقەوە کاتیۆشا باران کران.٨ |
| ١٩٩٦/١٠/٢٠ | * پارتی لەقۆڵی چەمچەماڵەوە گەیشتەوە بازیان.٨<br>* گرتنی دۆڵی خەلەکان و ڕانیە لەلایەن پارتیەوە کە زیاتر لە ١٠٠ کەس لەهەردوولا کوژران.١٤<br>* هێرشی پارتی بۆسەر دوکان.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/٢١ | پارتی هێرشەکەی بۆسەر دوکان ڕاگرت و بۆسەر چیای هەیبەت سوڵتان کشایەوە و کوژراوێکی زۆریان لەدوکاندا.١٤ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٦/١٠/٢٢ | شەڕ لەشاری کۆیە بەردەوام بوو.بەلاّم لە ئەنکەرە هەواڵی شەڕ ڕاگرتن بلاّوبۆوە.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/٢٣ | پەلاماری تەقتەق درایەوە و گیرا.٨ |
| ١٩٩٦/١٠/٢٤ | * یەکێتی دێگەڵەی دایە بەر کاتیۆشا.١٤<br>* ڕاوەستانی شەڕ لە نێوان پارتی و یەکێتیدا لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە ڕاگەیەنرا.١٤ |
| ١٩٩٦/١٠/٣٠ | بەناوبژیوانی ئەمریکا یەکێتی و پارتی دانیشتن بۆ گفتوگۆ بەئامادەبوونی نوێنەری تورکومان.٨ |
| ١٩٩٦/١٠/٣١ | * بەهەوڵی ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیا هەردوولا ڕێکەوتنامەیەکی ٢٢ خاڵیان ئیمزاکرد, بەلاّم بۆ ڕۆژی دواتر لە مەسیفەوە تەنها ٦ خاڵیان پەسەند کردوو ١٦ خاڵەکەی تریان ڕەتکردەوە.٨<br>* دیپلۆماسێکی تورك ڕایەگەیاند کە گفتوگۆی نێوان پارتی و یەکێتی لە ئەنکەرە پێشکەوتنی باشی بەدەست هێناوە.١٤<br>* گومرکی ئیبراهیم خەلیل کێشەی سەرەکی ڕێکەوتنە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا.١٤ |
| ١٩٩٦/١١/١٥ | دانیشتنی یەکێتی و پارتی لە ئەنکەرە لەژێر چاودێری ئەمریکاو بەریتانیاو تورکیادا.٢٨ |
| ١٩٩٦/١٢/٦ | هاوپەیمانی دیموکراسی کوردوستان ڕاگەیەنرا کە لە حیزبەکانی ((زەحمەتکێشان و سۆسیالیست و پارێزگاران و دیموکراسیخوازان لەگەڵ یەکێتی )) پێك هات بۆ هاوکاری و پشتیوانی لە یەکێتی.٨ |

# ســــــــاڵـــــــی
# ١٩٩٧

١٩٩٧/١/١ یەکێتی و چەند پارتێکی هەواداری کە بە (( هاوپەیمانی کوردوستان)) ناسران بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی کابینەیەکی نوێی حکومەتی هەرێمیان ڕاگەیاند و ئیدی دوو حکومەت و دوو ئیدارەی پارتی لە هەولێر و یەکێتی لەسلێمانی بوە ئەمری واقیع.١٤

١٩٩٧/١/١١-٤ هەڤاڵ مام جەلال و مولازم عومەر بەنیازی گەشت بوون بۆ تورکیا و عەرەبستانی سعودی.٨

١٩٩٧/١/١١ پارتی و یەکێتی لە واشنتۆن کۆبونەوە بۆ دۆزینەوەی چارەیەك بۆ کێشەکانیان.١٤

١٩٩٧/١/١٥ * کۆبونەوەی پارتی و یەکێتی لە ئەنکەرە ئەنجامدرا.٨
* پارتی و یەکێتی لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە هێزەکانیان لەبەرەکانی شەڕ بکێشنەوە.١٤

١٩٩٧/١/١٦ هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە ئەنکەرە و لەگەڵ تانسۆ چیلەر وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبۆوە و داوای کردبوو کە پەکەکە لەخاکی هەرێمی کوردوستانەوە پەلاماری تورکیا نەدات.٨

١٩٩٧/١/١٩ هەڤاڵ مام جەلال هەڕەشەی لە چەکدارەکانی پەکەکە کرد بەرامبەر هەڵوێستیان لەگەڵ پارتی دژ بەیەکێتی.١٤

| | |
|---|---|
| ١٩٩٧/١/٢٦ | کابینەیەکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لە سلێمانی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی پێك هات.٨ |
| ١٩٩٧/١/٢٩ | یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی ئەنجامدرا.٨ |
| ١٩٩٧/٢/٣ | هەڤاڵ مام جەلال لە ڕادیۆی دەنگی ئەمریکاوە ڕایگەیاند کە ئامادەیە لەگەڵ کاك مەسعوددا دابنیشێت بەلاّم ئەو ئامادەنیە.١٤ |
| ١٩٩٧/٢/٢١ | هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە تارانی پایتەختی ئێران.٨ |
| ١٩٩٧/٢/٢٦ | هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە کوردوستان.٨ |
| ١٩٩٧/٣/٣ | هێزەکانی پارتی پەلاماری بنەباوێیان داو لای دێگەڵەش هەندێ ڕەبایەیان دانا.٨ |
| ١٩٩٧/٣/٦ | هێزێکی پارتی بەسەرپەرشتی حەمە ڕێگر دزەیان کردە ناوچەی چەمچەماڵ و بەتوندی لێیان دراو پاشەکشەیان پێکرا.٨ |
| ١٩٩٧/٣/١١ | پارتی لەخولی دووەمی گفتوگۆکانی ئەنکەرە پاشەکشەی کرد بەبیانوی کوشتنی محێدین ڕەحیم ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی سەرەکی پاراستن و یەکێتیان تاوانبار کرد.٨ |
| ١٩٩٧/٤/١ | * چونی وەفدێکی ئەمریکا بۆلای پارتی بۆ ناوبژیوانی و لەئەنجامدا پارتی دیلەکانی یەکێتی ئازاد کرد.١٤<br>* ڕژێم زیاتر لە ٤٤٩ خێزانی بۆ پارێزگای هەولێر ڕاگواست لەشارەکانی موصل و کەرکوك و خانەقین و بەغدادەوە بەمەبەستی تەعریبکردن.٢٨ |
| ١٩٩٧/٤/٤ | * ئازادکردنی دیلەکانی یەکێتی لەلایەن پارتیەوە.١٤ |

| | |
|---|---|
| | * ئـالۆزی لەهەڵەبجـە لـەنێوان یـەکێتی و بزوتنـەوەدا دروست بوو.٨ |
| ١٩٩٧/٤/٥ | تەقە لـەنێوان کۆمیتـەی هـەورامانی یـەکێتی و بزوتنـەوە دروست بوو.٨ |
| ٧و١٩٩٧/٤/٨ | کاتــژمێر ٥ر٥ ی بـــەیانی بزوتنـــەوە لـــە بڵنـــدگۆی مزگەوتەکانی هەڵەبجەوە جاڕی شەڕیاندا لەگەڵ یەکێتیدا و هـەموو بارەگاکـانی یـەکێتیان لـە هەڵەبجـە و سـیروان و بیارە دەستیان بەسەردا گیرا.٨ |
| ١٩٩٧/٤/٨ | ڕوودانـی شـەڕی براکـوژی لـەنێوان یـەکێتی و بزوتنـەوەی ئیسلامیدا.١٤و٢٨ |
| ١٩٩٧/٤/٢٦ | لەچەندین قۆڵـەوە هێرش کرایـە سـەر بنکـە و شـوێنەکانی بزوتنەوە.٨ |
| ١٩٩٧/٤/٢٨ | شـــەڕ لـــەنێوان بزوتنـــەوە و یەکێتیـــدا ڕاگـــیرا بەناوبـــژی ئێران.٨ |
| ١٩٩٧/٥/١ | * شەڕی نێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی بەدرێژایی ئەم مانگە بەردەوام بوو . هـەردوولا لەشـەڕێکی بەرەییدان و بەتۆپی قورس و کاتیۆشا لەیەکتری دەدەن.٨<br>* چوونی هەڤاڵ مام جەلال بۆ میسر.١٤<br>* ڕژێـــم دەســـتی کـــرد بـــە شـــالاوی (( تـــەرحیل ))ی کوردەکانی پارێزگای کەرکوك بۆ باشوری عێراق.٢٨ |
| ١٩٩٧/٥/١٥ | گـەورەترین شـالاوی ڕاگواسـتنی دانیـشتوانی کـوردی کەرکوك کە ٣ ڕۆژ بەردەوام بوو جێبەجێکرا.٢٨ |
| ١٩٩٧/٥/٣٠ | یـەکێتی یاداشـتێکی نـاڕەزایی دایـە تورکیـا بـەهۆی بۆردومـانکردنی فڕۆکەکانیـەوە بـۆ ناوچـەکانی ژێـر دەسەلاتیەوە.١٤ |
| ١٩٩٧/٧/٢٦ | هەڤاڵ مام جەلال بەڕەسمی داوەتی ئەمریکا کرا.٢٨ |
| ١٩٩٧/٨/١٥ | هەڤاڵ مام جەلال لە ئەمریکا گەڕایەوە.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٧/٨/٢٦ | هەڤاڵ مام جەلال لەكۆنگرەیەكی ڕۆژنامە نوسیدا باس لەسەفەرەكەی بۆ ئەمریكا و توركیا و ئێران كرد و وەلأمی بانگەوازی ئاشتی كاك مەسعودیشی دایەوە.٢٨ |
| ١٩٩٧/٩/١٥ | بزوتنەوەی حەماس لەكوردوستاندا یەكەم بلأوكردنەوەی خۆی بلأوكردەوە. ١٩ |
| ١٩٩٧/١٠/٩ | بڕیاردرا پرۆسەی هەڵمەتی (( گەردە لولی تۆڵەی دووەم)) دەستپێبكات بەهێرشكردنە سەر هێزەكانی پارتی.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/١٣/١٢ | هێرشی گەردەلولی تۆڵەی دووەم دەستی پێكرد لەكاتژمێر ٢ی شەودا لەهەموو قۆڵەكانەوە.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/١٣ | * نیوەشەو لەكاتژمێر ٢ی شەودا هێزەكانی هاوپەیمانی كوردوستان كە بریتی بوون لە (( یەكێتی و زەحمەتكێشان و حسك و پارێزگاران و دیموكراسیخوازان)) بەیارمەتی یەكەكە هێرشیان كردە سەر هێزەكانیپارتی.لەئەنجامدا چیای سەفین و سەر سپیلكیان گرت و لە هەندێك ناوچەی تریشدا پێشڕەویان كرد.١٤<br>* فڕۆكەكانی توركیا لەدۆڵی بالیسان بۆمبارانی هێزەكانی یەكێتیان كرد.١٤ |
| ١٩٩٧/١٠/١٤ | * فڕۆكەكانی توركیا ٣ جار بۆمبارانی هێزەكانی هاوپەیمانی كوردوستانیان كرد.١٤<br>* یەكێتی ڕایگەیاند ٥٧ كەسیان لەپارتی كوشتوە.١٤ |
| ١٩٩٧/١٠/١٥ | * یەكێتی ڕایگەیاند فڕۆكەكانی توركیا لەبەرژەوەندی پارتی هێزەكانی یەكێتی بۆردومان دەكات.١٤<br>* دوای ئەوەی پارتی هانای بۆ توركیا برد بۆ هاوكاریكردنی سوپای توركیا هاتە ناو كوردوستانەوە و بەتانك و تۆپ و فڕۆكە لە هێزەكانی یەكێتی ئەدا.٨ |

| | |
|---|---|
| ١٩٩٧/١٠/١٦ | پارتی دژە هێرشێکی کرد بۆ شاخی بەنی هەریر بەڵام باش لێیاندرا و شکستیان هێنا.٨ |
| ١٦و ١٩٩٧/١٠/١٧ | پارتی لەچوار قۆڵەوە هێرشیان هێنا لەدیوی ونکە و عەلیاوا و بۆ ٣ کاتژمێر شەڕ بەردەوام بوو پارتی لە ئەنجامدا تێکشکا.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/١٧ | بەناوبژی تورکیا و بەریتانیا و ئەمریکا یەکێتی و پارتی شەڕەکەیان ڕاگرت.١٤ |
| ١٩٩٧/١٠/١٨ | پارتی یەکێتی بەوە تاوانبار کرد کە ئاگر بەستی شکاندوە.١٤ |
| ١٩٩٧/١٠/٢٠ | لەئەنکەرەوە و لەوەزارەتی دەرەوەدا کۆبونەوەیەکی نارەسمی کرا بوو و ڕاگەیەنرا کە بۆماوەی ٢ ڕۆژ ئاگر بڕیان درێژ کردۆتەوە.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/٢٣ | فڕۆکەکانی تورکیا هاتنەوە سەر مەیدانی شەڕەکان و بەمەش کۆتایی بە ئاگربڕ هات.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/٢٥ | هێرشی ئاسمانی و زەوی کرایە سەر هێزەکانی یەکێتی لە چیای سەفین.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/٢٦ | لەگەڵ هێرشی فڕۆکەی تورکەکاندا هێزەکانی پارتیش هێرشیان دەکرد.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/٣٠ | پارتی بە پشتیوانی تۆپخانەی تورك لە ٣ قۆڵەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە گوربە شیلانە بەڵام تێکشکێنران.٨ |
| ١٩٩٧/١٠/٣١ | سەعدی ئەحمەد پیرە لەگەڵ پۆلیسی دەولیدا هاتنە دۆڵی سوسێ بۆ بینینی ئاسەواری بۆردومانی فڕۆکەکانی تورکیا.٨ |
| ١٩٩٧/١١/٢/١ | هێزەکانی یەکێتی هێرش دەکەنە سەر هێزەکانی پارتی لەکۆڕە دێر و چێشکە و گەروی عارەقان و کەپووی سپی و چل مەیتان.٨ |

١٩٩٧/١١/٤ پارتی لەچوار قۆڵەوە پەلاماری زینی مایلانیان و قۆپی چەوری و بناری هەندرێن و زنجیرە شاخی تاوەر و ڕۆڵە یان دا و دوای شەڕێکی گەرم و دەستە و یەخە دۆڕان و ڕاونران.٨

١٩٩٧/١١/٦ پارتی بەتۆپی دوور هاوێژ لەسەنگەرەکانی یەکێتیدا لە بنەباوێ و چیای سوسێ و گوندی سوسێ و بەرمێشان و سەرمەیدان و چێشکە.٨

١٩٩٧/١١/٧ هێرشکرایە سەر هێزەکانی پارتی لە تەپۆڵکەی پشتی ماویلیان وگردی مەلیك.٨

١٩٩٧/١١/٨ هێزێکی سوپای تورکیا بەتانك و کۆماندۆو پاڵپشتی فڕۆکەی ئێف ١٦ وئێف ٤ هێرشیان کردە سەر هێزەکانی یەکێتی لەبەری سوسێ و زنجیرە چیای بنەباوێ.٨

١٩٩٧/١١/١٠ هەڤاڵ مام جەلال بروسکە دەکات و دەڵێت تورکەکان بەئەمریکیەکانیان ڕاگەیاندوە کە یەکێتی دەبێت بگەڕێتەوە ئەو جێگەیانەی کە پێش ١٠/١٣ داگیریان کردبوو ئەوسا هێرشەکانیان ڕادەگرن.٨

١٩٩٧/١١/١٧ پارتی و سوپای تورك هێرشێکی توندیان کردە سەر میحوەری باڵەك و ناوچەی حاجی هۆمەران و ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کرد.٨

١٩٩٧/١١/٢٤ لەکۆبونەوەیەکی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەدا لەچوارقوڕنە بڕیاردرا شەڕ ڕابگیرێت. بەڵام ئیدی تورکیا وەك ناوبژیوان قبول نەکرێت چونکە بۆتە لایەنێکی شەڕەکان.٨

١٩٩٧/١١/٣٠ لەگردی سەیوانی سلێمانی یادی چلەی شەهیدانی گەردەلولی تۆڵەی دووەم کرایەوە.٨

١٩٩٧/١٢ هەڤاڵ مام جەلال لەنامەیەکیدا بۆ کاك مسعود بەرزانی دەستپێشخەریەکی ئاشتیانەی ڕاگەیاند.٨

| | |
|---|---|
| ١٩٩٧/١٢/٥ | * بۆ یەکەم جار بەنزین لە نەوتی کوردی بەدەستی کورد لە پالاْوگەی نەوتی سلێمانی بەرهەم هات. ٣ و٢٢٤ |
| ١٩٩٧/١٢/٨ | کۆمەڵێك ئیتیلاعاتی ئێران و حیزبی دیموکرتی ئێران لەنێوان دوکان و خەلەکاندا نزیك گوندی قەلأت بەیەکدا تەقینەوە و ٣ پ.م دیموکرات کوژران.٨ |
| ١٩٩٧/١٢/٣١ | هەڤاڵ مام جەلال پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی بۆ ئاشتبونەوە و چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان پێشکەش بە سەرکردایەتی پارتی کرد.١٩٦ |

# ساڵی

# ١٩٩٨

١٩٩٨/١ پاپای ڤاتیکان هاوبەشی خۆی بۆ ئازار و مەینەتیەکانی کورد دەربڕی و داوای کرد ئابلۆقەی ئابوری لەسەر گەلانی عێراق هەڵبگیرێت.٨

١٩٩٨/ ١/٤ کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبۆوە.١٩٧

١٩٩٨/١/١٤ کاك مسعود بارزانی وەڵامی نامە ئاشتیخوازانەکەی هەڤاڵ مام جەلالی دایەوە.٨

١٩٩٨/١/١٦ هەڤاڵ مام جەلال نامەیەکی لەلایەن کاك مەسعودەوە پێگەیشت کە بەهاوڕێ عزیز محمددا ناردبوی.١٩٨

١٩٩٨/١/٢٣ هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە ئەلستەر ماکفیل سکرتێری یەکەمی سەفارەتی بەریتانیا لەئەنکەرە کەوت لە سلێمانی.١٩٩

١٩٩٨/٢/٦ لەسەر داوەتنامەیەکی ڕەسمی ئێران هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە تاران.٢٠٠

١٩٩٨/٢/١٢ بەسەر پەرشتی هاوڕێ عزیز محمد بۆ یەکەم جار لەدوای هەردوو نامەکەی مام جەلال و کاك مسعودەوە هەردوو مەکتەبی سیاسی پێکەوە لە شەقلاوە دانیشتن.٨

١٩٩٨/٢/٢٧ لەسینەما دڵشادی شاری سلێمانی تەقینەوەیەکی گەورە ڕوویدا کەدەستی تیرۆریستانی تیادا بوو بەڵام زیانی گیانی نەبوو.٨

١٩٩٨/٣/١٠ موعەمەر قەزافی سەرکردەی لیبیا لەوتارێکیدا کە ئاڕاستەی سەرۆکی ئەمریکای کرد و تیایدا دووپاتی کردەوە کە کورد هەقی خۆیانە دەوڵەت دروست بکەن تەنانەت ئەگەر پارچەیەکی لیبیاش بن.٢٠١

١٩٩٨/٤/١٦ هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لەباڵیۆزی ڕوسیا لە عێراق کەوت لە سلێمانی.٢٠٢

١٩٩٨/٥/١٦ هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە تاران.٢٠٣

١٩٩٨/٥/١٩-١٨ دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنی سۆشیلیستی نێودەوڵەتیەوە لە ئۆسلۆ لە نەرویج بۆ پشتیوانی لەمەسەلەی کورد وەك مەسەلەیەکی نێودەوڵەتی.٢٦

١٩٩٨/٥/٢٨-٢٧ دایەلۆگی عەرەبی –کوردی لەشاری قاهیرەی میسر سازدرا بەبەشداری هەڤاڵ مام جەلال .٨

١٩٩٨/٧/١٨ دێڤید وێلش جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە یاوەری وەفدێکی باڵا هاتە سلێمانی بۆ ناوبژیوانی و پڕۆسەی ئاشتی لەکوردوستاندا کە لەهەولێرەوە هاتبون و دوای مانەوەی ٥٦کاتژمێر لەسلێمانی و ئەنجامدانی کۆبونەوە لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال و مەکتەبی سیاسیدا ڕۆژی ١٩٩٨/٧/١٩گەڕایەوە شاری هەولێر.٨و ٢٠٤

١٩٩٨/٨/٢٤ هەڤاڵ مام جەلال لەسلێمانی پێشوازی لەنێردراوی تایبەتی کاك مەسعود بەرزانی کرد.٢٠٥

١٩٩٨/٨/٣١ هەڤاڵ مام جەلال لەڕێگەی ئێرانەوە بەرەو ئەمریکا بەڕێکەوت.٨

١٩٩٨/٩/١ * پارتی وەك نیازپاکی ١٦٠ دیلی یەکێتی ئازاد کرد.٨
* پارتی و یەکێتی ڕێکەوتنێك مۆردەکەن بۆ ئازادکردنی دیلەکان.٢٨
* هەڤاڵ مام جەلال بەرەو واشنتۆن بەڕێکەوت.٢٠٦

| | |
|---|---|
| ١٩٩٨/٩/٤ | کاك مەسعود بارزانیش لەڕێگەی تورکیاوە بەرەو ئەمریکا بەڕێکەوت.٨ |
| ١٩٩٨/٩/١٠ | ڕژێمی عێراق گەمارۆی ئابوری لەسەر کوردوستان هەڵدەگرێت و لێخۆشبونی گشتیش دەردەکات.٢٨ |
| ١٩٩٨/٩/١٦ | لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەئامادەبوونی خاتوو مادلین ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و بۆ یەکەم جار لەدوای ٤ ساڵ مام جەلال و کامکمەسعود بارزانی دەستیان خستە ناو دەستی یەکتریەوە و کۆبونەوە.٨ |
| ١٩٩٨/٩/١٧ | هەڤاڵ مام جەلال و کام مسعود بارزانی لە واشنتۆن و بەئامادەبونی وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا خاتوو مادلین ئۆلبرات ڕێکەوتننامەی ئاشتیان ئیمزاکرد بەمەش بەیەکجارەکی شەڕی ناوخۆی کوردوستان کۆتاییپێهات کە بەڕێکەوتنامەی واشنتۆن ناسرا.٣ |
| ١٩٩٨/٩/٢٩ | لەسلێمانی ٢٢ حیزب و لایەنی سیاسی لە بەیاننامەیەکدا پشتگیری خۆیان بۆ ڕێکەوتنامەی ئاشتی واشنتۆن ڕاگەیاند.٨ |
| ١٩٩٨/١٠/١٩ | دەرکردنی عەبولائۆجالان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردوستان پەکەکە لە سوریا لەژێر فشاری تورکیادا.٨ |
| ١٩٩٨/١١/٨/٧ | هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە ئەنکەرە و لەگەڵ کاك مەسعوددا کۆبونەوە.٢٠٧ |
| ١٩٩٨/١١/١٢ | ئۆجالان لەفڕۆکەخانەی ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا دەسگیرکرا کە لە ڕوسیاوە بەبەڵگەنامەیەکی ساختەوە گەیشتبوە ئیتالیا.٨ |
| ١٩٩٨/١١/١٤ | هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە سوریا.٢٠٨ |

١٩٩٨/١١/١٧ وەفدێكی باڵای یەكێتی سەردانی كاك مەسعودیان كرد لەپیرمام بۆ بەخێرهاتنەوە لە گەشتەكەی دەرەوەی دوای ئیمزاكردنی ڕێكەوتنی واشنتۆن.٢٠٩

١٩٩٨/١١/٢١ هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ سەرۆك حافز ئەسەددا كۆبۆوە بۆ ماوەی ٣ كاتژمێر.٢١٠

١٩٩٨/١١/٣٠ * هەڤاڵ مام جەلال لەدوای گەشتێكی سەركەوتوو بۆ ئەمریكا و ئەوروپا گەڕایەوە كوردوستان و پێشوازیەكی بێوێنەی لێكرا هەر لە مەرزی پەروێزخانەوە تاكو شاری سلێمانی لەلایەن سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردوستانەوە و لەهەموو شاروشارۆچكەكانەوە هاتبوون.٨

* لەدوای گەشتێكی گەورەو سەركەوتوو بۆ واشنتۆن و لەندەن و پاریس و ئەنكەرە و دیمەشق و تاران هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە كوردوستان و پێشوازیەكی گەورەی جەماوەری لێكرا.٢١١

١٩٩٨/١٢/١٧ كارەبا گەیەنرایە گوندی سێوسێنانی قەرەداغ.٨

# ســـــاڵـــی

# ١٩٩٩

| | |
|---|---|
| ١٩٩٩ | * ساڵی چاکسازی و پاکسازی و جۆشدانەوەی کۆنفرانسەکانی مەڵبەند و ئۆرگانەکانی یەکێتی.٣<br>* هەڤاڵ جبار فەرمان دەبێتە جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کەوردوستان.١١٣ |
| ٨ و١٩٩٩/١/٩ | هەڤاڵ مام جەلال و وەفدێك بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەیشتە هاوینە هەواری صلاح الدین بۆ سەردانی کاك مەسعود وەك دەسپێشخەریەکی تری ئاشتی لەگەڵ پارتیدا.٨و٢١٧ |
| ١٩٩٩/١/٢٦ | دەسەلأتدارانی ئیتالیا ڕایگەیاند ئۆجالان ئیتالیای بەجێهێشت.٨ |
| ١٩٩٩/٢ | شەمدین ساکیك گەورە بەر پرسی سەربازی پەکەکە و براکەی خۆیان تەسلیم بە پارتی کردەوە و ئەوانیش تەسلیم بەتورکیایان کردنەوە.٨ |
| ١٩٩٩/٢/٢ | * دوای ئەوەی هۆڵەندە ڕێگەی پێنەدا بچێتە خاکەکەیەوە ئۆجالان گەیشتە یۆنان و لەوێشەوە بەفڕۆکەیەك گەیاندیانە نایرۆبی پایتەختی کینیا لە ئەفریقیا.٨<br>* هەڤاڵ مام جەلال لەچوارچێوەی زنجیرە کۆبونەوەکانیدا لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا پێشوازی لە |

ژمارەیەکی زۆری ئەندازیاران کرد لە قەڵاچوالان بەئامادەبونی سەرۆکی حکومەت و ژمارەیەك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و نوسەری ئەم مێژوونامەیە بەنوێنەرایەتی ئەندازیاران وتارێکی پێشکەش کردو داواکاری و خواستەکانی ئەندازیارانی پێشکەش کرد.٢١٨

١٩٩٩/٢/١٥ لەکاتی جێهێشتنی باڵوێزخانەی یۆنان لەنایرۆبی لەلایەن ئۆجالانەوە. دەسەڵاتدارانی کینیا و ئاسایش دەسگیری دەکەن و تەسلیمی پیاوانی میتی تورکیای دەکەن.٨

١٩٩٩/٢/١٦ بەفڕۆکەیەك ئۆجالان بە چاوبەستراوی و قۆڵبەستراوی و بێهۆشی دەگاتە تورکیا.٨

١٩٩٩/٢/١٨ خۆپیشاندان لە سلێمانی ئەنجامدرا بۆ پشتیوانی لە ئۆجالان.٨

١٩٩٩/٢/٢٤ هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە نێردراوی تایبەتی کاك مەسعود کرد.٢١٩

١٩٩٩/٤/٤ هەڤاڵ مام جەلال لەکۆنفرانسی مەڵبەندی ٦ی ڕاپەڕیندا بەشداریکرد.٢٢٠

١٩٩٩/٤/٦ هەڤاڵ مام جەلال ەکۆنفرانسی مەڵبەندی هەولێر کردەوە.٢٢١

١٩٩٩/٤/٩ هەڤاڵ مام جەلال بەشداری کرد لە کۆنفرانسی مەڵبەندی سلێمانیدا.٢٢٢

١٩٩٩/٤/١٠ هەڤاڵ مام جەلال بەشداریکرد لە کۆنفرانسی مەڵبەندی شارەزووردا.٢٢٢

١٩٩٩/٤/١٥ هەڤاڵ مام جەلال سەردانی مەڵبەندی بادینانی کرد.٢٢٣

١٩٩٩/٤/١٧ هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی بەرەو ئێران بەڕێکەوت.٢٢٣

١٩٩٩/٥/٨ هـەڤاڵ مـام جـەلال کۆنفرانـسی مەڵبەنـدی ٢ی کـەرکوکی کردەوە.٢٢٥

١٩٩٩/٥/١١ شـــاندێکی هاوبەشـــی یـــەکێتی و پـــارتی ســـەردانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد.١٢

١٩٩٩/٥/٢٦ هـەڤاڵ مـام جـەلال لەکۆنفرانسی دامەزراندنی ڕێکخـراوی ئازادی لاواندا بەشداری کرد.٢٢٦

١٩٩٩/٦/٨ وەفدی باڵای ئاشتی یـەکێتی بەڕێکـەوتن بـەرەو واشـنتۆن بۆ کۆبونەوە لەگەڵ وەفـدی ئاشـتی پـارتی بەسـەرپەرشـتی ئەمریکا.٢٢٧

١٦و١٩٩٩/٦/١٧ هـــەردوو شـــاندی یـــەکێتی و پـــارتی لـــە واشـــنتۆن و لـەوەزارەتی دەرەوەی ئـەمریکادا کۆبونــەوە بەمەبەسـتی جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی واشنتۆن.٢٨

١٩٩٩/٧/٤ وەفدی یەکێتی بەشداری لەکۆبونەوەی ئەنتەر ناسیونالدا کرد لە وڵاتی ئەرجەنتین.٢١٦

١٩٩٩/٨/٢٥ هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە تاران بەمەبەستی چارەسـەری نەخۆشی.٨

١٩٩٩/٩/١٧ هەڤاڵ مام جەلال بەرەو تاران کەوتە ڕێ بۆ بەشداریکردن لەکۆبونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە واشنتۆن.٨

١٩٩٩/٩/١٩ بەیاننامەی هاوبەشی هەردوو مەکتـەبی سیاسـی پـارتی و یەکێتی بەبۆنـەی تێپـەڕبوونی ساڵێك بەسـەر ئیمزاکردنـی ڕێکەوتنامەی ئاشتی واشنتۆنەوە.٢٨

١٩٩٩/١٠/٩ کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامـەوانی بـۆ هـەڤاڵ مـام جـەلال و کـاك مـسعود سـەبارەت بـە ڕێکەوتنامـەی ئاشـتی واشـنتۆن سازدرا.٢٨

١٩٩٩/١٠/١٣ هەڤاڵ مام جەلال لەگەشتەکەی ئەمریکا گەڕایەوە.٨

١٩٩٩/١٠/٢٠ ئەنجومـەنی وەزیرانـی حکومـەتی هـەرێمی کوردوسـتان/ سـلێمانی لەکۆبونـەوەی خۆیـدا داوایـان لـە هـەڤاڵ مـام

جەلال کرد کە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردوستان وەربگرێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی تا هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکی هەرێم و پەرلەمانی نوێی کوردوستان.٢٣٠

١٩٩٩/١٠/٢١ * سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردوستان/ سلێمانی بەبڕیاری ژمارە ٢٦٨ نازناوی هەڤاڵ مام جەلی لە ڕابەری بزوتنەوەی ئازادیخوازی کوردەوە گۆڕی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردوستان.٢٣٠

* لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردوستان و بە ئیمزای مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردوستان بەبڕیاری ژمارە (( ١ )) دادگای تەمیز لەحکومەتی هەرێمی کوردوستاندا دامەزرا. ٢٢٩

١٩٩٩/١٠/٢٢ سەردانی وەفدێکی پارتی بەسەرۆکایەتی نێچیر بارزانی بۆلای یەکێتی و هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لێکردن.٢٨

١٩٩٩/١٠/٢٩ بەستنی کۆنگرەی فراوانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەشاری نیۆیۆرك لە ئەمریکا بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال و وەفدی یەکێتی و بەشداریکردنی ٣٠٠ نوێنەر لەهەموو لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقەوە .٢١٢

١٩٩٩/١١/١ کۆتایی هاتنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ئەمریکا و داننان بە فیدڕاڵیەت بۆ کوردوستان.٢٨

١٩٩٩/١١/١٠-٨ لەکۆنگرەی(( ٢١ )) ی سۆشیالیستی نێودەوڵەتیدا ڕاگەیانرا کە ئاشتی ڕاستەقینە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نایەتە دی بەبێ چارەسەرێکی ڕاستەقینە بۆ مەسەلەی کورد. یەکێتی لەم کۆنگرەیەدا بەشداری کرد.٢٦و٢١٣

١٩٩٩/١١/٢٥ دادگای ئاسایشی تورکیا حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر ئۆجالاندا سەپاند.٨

١٩٩٩/١١/٢٩ كۆبونـــــەوەی ئۆپۆزســــێۆنی عێراقــــی لەواشــــنتۆن بـەئامادەبوونی هـەڤاڵ مـام جـەلال و كـاك مەسـعود لـەم كۆبونەوەیەشدا ئـەو قەناعەتـە لای هـەردوولا دروست بـوو كە كێشەكان چارەسەر بكەن.٢٦

١٩٩٩/١٢/١٥ هەڤاڵ مام جەلال دەسپێشخەریەكی تـری كـرد بـۆ ئاشـتی لەگەڵ پارتیدا.٢١٤

# ســـــاڵــــی
# ٢٠٠٠

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٠/١/١ | کەناڵی ئاسمانی کوردسات پەخشی ئاسایی خۆی دەسپێکرد.١٢ |
| ٢٠٠٠/٢/٣ | بۆ یەکەم جار لەکوردوستان و عێراقدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لەشار وشارۆچکەکانی ژێر دەسەلأتی یەکێتیدا ئەنجام درا.٣ و٣٨ |
| ٢٠٠٠/٢/١٣ | هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئێرانی کرد.٣٩ |
| ٢٠٠٠/٣/١ | وەفدێکی بالأی حیزبی و حکومی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی سەرۆکی حکومەتی هەرێم سەردانی تورکیایان کرد.٤٠ |
| ٢٠٠٠/٣/٦ | ژمارەیەکی دیلی شەڕەکانی ناوخۆ لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە ئازادکران.٤١ |
| ٢٠٠٠/٤/٨ | کۆچی دوایی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەشاری لەندەن.١٢ و٤٢ |
| ٢٠٠٠/٤/٢٠ | تەرمی مامۆستا ابراهیم احمد گەیشتەوە شاری سلێمانی و لە ٢٠٠٠/٤/٢١ دا لە گۆڕستانی سەلیم بەگ بەخاك سپێردرا.٤٣ |
| ٢٠٠٠/٦/٩/٨ | پشکی کوردستان لە داهاتی نەوتی عێراقی لەچوارچێوەی بڕیاری ٩٨٦دا بە ١٣٪ چەسپێنرا لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە.٤٥ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٠/٦/١١ | حافز ئەسەدی سەرۆك کۆماری عەرەبی سوریا کۆچی دوایی کرد . ناوبراو دۆستی یەکێتی بوو.٤٦ |
| ٢٠٠٠/٦/١٣ | هەڤاڵ مام جەلال بەشداری مەراسیمی بەخاك سپاردنی سەرۆك حافز ئەسەدی کرد.٤٧ |
| ٢٠٠٠/٦/١٨ | وەفدێکی یەکێتی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول دەچێتە تورکیا.٤٨ |
| ٢٠٠٠/٦/٢٦ | هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئەمریکای کرد.٤٩ |
| ٢٠٠٠/٧/٢٩ | هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئێرانی کرد.٥٠ |
| ٢٠٠٠/٨/٤ | هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە کوردوستان.٥١ |
| ٢٠٠٠/٨/١٣ | بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبۆوە.٥٢ |
| ٢٠٠٠/٩/١٥ | چەکدارەکانی پەکەکە لەبناری قەندیل پەلاماری هێزی پێشمەرگەی یەکێتیاندا و چەند پێشمەرگەیەکیان کوشت و بریندار کرد.٥٣ |
| ٢٠٠٠/١٠/٨ | جەماوەری شاری زاخۆ خۆپیشاندانێکیان کرد و پەلاماری کۆمەڵگای برایم خەلیلی گومرکیاندا.٥٤ |

# ســــــاڵــــــی

# ٢٠٠١

٢٠٠١/١/٨ هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود لەپیرمام کۆبونەوە.٥٥

٢٠٠١/١/٩ هەڤاڵ مام جەلال و وەفدی هاوڕێی سەردانی تورکیایان کرد.٥٦

٢٠٠١/١/١١ هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود جارێکی تر لە پیرمام کۆبونەوە.٥٧

٢٠٠١/١/١٢ دەرچوونی بڕیاری هەڵوەشانەوەی لەسێدارەدانی عەبدولڵائۆجالان و گۆڕینی بەحوکمی هەتاهەتایی.١٢

٢٠٠١/١/١٤ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە هەڤاڵ مام جەلال سەرۆکی هەرێمی کوردوستان کرد.٥٨

٢٠٠١//١/١٥ لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە هەڤاڵ مام جەلال پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان سپێردرا بە هەڤاڵ د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح و ئەویش لە ٢٠٠١/١/١٦دا قبوڵی کرد.٥٩

٢٠٠١/١/١٨ هەڤاڵ مولازم عومەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی وازی لە ئەندامێتی مەکتەبی سیاسی هەڵگرت.٦٢

٢٠٠١/١/٢٠ هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە وەفدێکی باڵای پارتی لە قەڵاچوالان کرد.٦٠

| | |
|---|---|
| ٢٠٠١/ ١ / ٢١ | کابینـــەی حکومـــەتی هـــەرێمی کوردوســـتان / ســـلێمانی بەسـەرۆکایەتی د. بەرهـەم احمـد سالْح دەست بـەکاربوو. کە تاکو ٢٠٠٤/٦/٢٥ بەردەوام بوو.٤ و٩٦ |
| ٢٠٠١/٢/٥-١/٣٠ | کـۆنگرەی گـشتی دووەمـی یـەکێتی لەشـاری سـلێمانی بەســـراو تیایـــدا ڕێبـــازی سۆسیالیـــست و دیمـــوکرات پەسەندکرا بۆ کاری داهاتووی یەکێتی.٦٣ |
| ٢٠٠١/٢/٨ | هـەڤاڵ کۆسـرەت ڕەسـول علـی سـەردانی ئێرانـی کـرد بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی.٦٤ |
| ٢٠٠١/٢/١٦ | کۆنفرانسی فیکری یەکێتی لەقەلاْچوالان بەسرا.٦٥ |
| ٢٠٠١/٣/٤ | وەفـدێکی بـالآی پـارتی سـەردانی هـەڤاڵ مـام جـەلالیان کرد.٦٦ |
| ٢٠٠١/٣/٢٠ | وەفـــدێکی هاوبەشـــی پـــارتی و یـــەکێتی ســـەردانی ئەمریکایان کرد.٦٧ |
| ٢٠٠١/٣/٢٤ | هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لەکاك مەسعود کرد.٦٨ |
| ٢٠٠١/٣/٣١ | سەردانی وەفدی یەکێتی بۆلای کاك مسعود بەرزانی.٦٩ |
| ٢٠٠١/٤/٣ | هـەڤاڵ مـام جـەلال پێشوازی لـە خـاتوو د. لیـان سوندەرز سـکرتێری یەکـەمی باڵیۆزخانـەی بـەریتانیا لـە ئەنکـەرە کەوت لە دوکان.٧٠ |
| ٢٠٠١/٤/١١ | کۆبونـــەوەی ســـێ قـــۆڵی پـــارتی و یـــەکێتی و یـــەکبونی ئیسلامی کوردوستان لە ئوتێل ئاشتی لەسلێمانی.٧١ |
| ٢٠٠١/٤/١٢ | *وەفـدێکی پـارتی سـەردانی هـەڤاڵ مـام جـەلالیان کـرد لەسلێمانی.٧٢<br>* دەرکردنـــی هـــەردوو بڕیـــاری ژمـــارە ٥٩ و ٦٢ لەلایـــەن سەرۆکایەتی هەرێمەوە تایبەت بە مافەکانی ژنان.٧٣ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠١/٤/١٨ | **گەڕانـــەوەی هـــەڤاڵ د. بەرهـــەم احمـــد ســـاڵح ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان دوای سەردانی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکان.٧٤** |
| ٢٠٠١/٤/٢٣ | **د. بەرهەم احمد صاڵح سەرۆکی حکومەت سەردانی کاك مەسعودی کرد.٧٥** |
| ٢٠٠١/٤/٢٤ | **بڕیارە نوسینگەی یەکێتی و پارتی لە شارەکانی هەولێرو سـلێمانی بکرێتـەوە و هێـزی چـەکداریش لەهێڵـەکانی تەماس بکشێنرێتەوە.٦٥** |
| ٢٠٠١/٥/٦ | **هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە هوشیار زێباری کرد.٧٦** |
| ٢٠٠١/٥/٢١ | **هـەڤاڵ شـازاد صـائب وەزیـری کـشتوکاڵی حکومـەتی هـەرێمی کوردوسـتان لـە ڕوداوێکـی ئۆتۆمبێلـدا لەسـەر ڕێگـای گـشتی پیرەمـەگرون و سـلێمانی گیـانی سـپاردو لەگردی سەیوان بەخاك سپێردرا.١٩٠** |
| ٢٠٠١/٥/٣٠ | **ڕۆژی ڕاگەیانـــدنی کۆمـــەڵی ئیـــسلامی کوردوســـتان بەئەمیرایەتی (( عەلی باپیر )).٢** |
| ٢٠٠١/٦/٨ | **لەهەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراندا محمەد خاتەمی دەرچوو.٧٨** |
| ٢٠٠١/٦/١٤ | **کۆبونـــەوەی کۆمیتـــەی ســـەرکردایەتی یـــەکێتی لـــە سلێمانی.بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال.٧٩** |
| ٢٠٠١/٦/١٩ | **وەفدێکی باڵای سۆسیالیست ئەنتەر ناسیوناڵ سەردانی هەڤاڵ مام جەلالیان کرد لە سلێمانی.٨٠** |
| ٢٩و٢٠٠١/٦/٣٠ | **وەفـــدی یـــەکێتی لـــەپورتوگال بەشـــداری کـــۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیونالی کرد.٨١** |
| ٢٠٠١/٧/٢٢ | **هـەردوو مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی و پـارتی لـە کۆیـە کۆبونەوە.٨٢** |

| | |
|---|---|
| ٢٥و٢٠٠١/٨/٢٦ | کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبۆوە لە قەڵاچوالان.٨٣ |
| ٢٠٠١/٩/٩ | هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە وشیار زێباری کرد.٨٤ |
| ٢٠٠١/٩/١١ | ڕووداوی کارەساتی سێشەمەی گەورە یان سێشەمەی ڕەش لە ئەمریکا بەوەی کەلەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادنەوە هەردوو تاوەری بازرگانی لە نییۆرك تەختکران لە گەڵ زەویدا کەبوە هۆی دابەشکردنی دونیا بۆ دوو بەرەی دژ بەیەك بەرەی تیرۆریستان و بەرەی دژە تیرۆر.٨٥ |
| ٢٠٠١/٩/١٥ | مەکتەبی سیاسی بەیانێکی دەرکرد و ئەو کردەوە تیرۆریستیەی مەحکوم کرد.٨٥ |
| ٢٠٠١/٩/٢٤/٢٣ | لە ئاوایی خێڵی حەمەی هەڵەبجە لەلایەن تیرۆریستانی جوندول ئیسلاموە کارەساتی خوێناوی خێڵی حەمەیان خوڵقاند کە تیایدا ٥٠ پێشمەرگەی یەکێتیان کوشتو سەربڕی.٨٦ |
| ٢٠٠١/٩/٢٩ | د.بەرهەم سەرۆکی حکومەت سەردانی ئەمریکا و تورکیای کرد.٨٧ |
| ٢٠٠١/١٠/١ | ڕێپێوانێکی جەماوەری گەورە لەشاری سلێمانی سازدرا دژ بە کردارە تیرۆریستیەکەی جوندولئیسلام لە ئاوایی خێڵی حەمە.٨٨ |
| ٢٠٠١/١٠/٣/٢ | هێزی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەرشاخی شنەروێ و ڕزگاریان کرد لە تیرۆریستان و پێشتریش شاری هەڵەبجە و دەوروبەریشیان ئازاد کردبوو.٨٩ |
| ٢٠٠١/١٠/٧ | کاتژمێر ٨ر٤٥ ی شەو بەکاتی کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان ئەمریکا هێرشی ئاسمانی و زەوی دەسپێکرد بۆ سەرڕێکخراوی ئەلقاعیدە و تاڵیبانی تیرۆریست لە ئەفغانستان.٩٠ |

| | |
|---|---|
| ١١-٢٠٠١/١٠/١٤ | یەكێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی بە ئامادەبوونی نوێنەری ئێران كۆبونەوە بۆ ئاسایكردنەوەی بارودۆخ لە هەڵەبجە و دەوروبەری و ڕێكەوتنێك ئیمزاكرا.٩١ |
| ٢٠٠١/١٠/٢٤ | سەرۆكایەتی هەرێم بڕیاری لێبوردنی گشتی دەركرد بۆ چەكدارەكانی جوندول ئیسلام.٩٢ |
| ٢٠٠١/١١/١ | هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە وەفدێكی باڵای كۆمەڵی ئیسلامی كرد.٩٣ |
| ٢٦ و٢٠٠١/١١/٢٧ | وەفدی یەكێتی بەشداری كۆبونەوەی فراوانی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالی كرد لەكۆماری دۆمێنیكان.٩٤ |
| ٢٠٠١/١١/٣٠ | د. بەرهەم احمد سەرۆكی حكومەت بەسەرۆكایەتی وەفدێكی حكومی سەردانی تارانی كرد.٩٥ |

# ساڵی

# ٢٠٠٢

| | |
|---|---|
| ١٩ و٢٠٠٢/١/٢١ | كۆبونەوەی كۆمیتەی سەركردایەتی.٩٧ |
| ٢٠٠٢/١/٢١ | لە مێژووی دەسەلاتی كوردیدا و بۆ یەكەم جار لەلایەن سەرۆكایەتی هەرێمەوە بڕیاری دامەزراندنی یەكەم ژنە دادوەر (( گەلاوێژ سعید احمد)) دەركرا لەحكومەتی هەرێمی كوردوستان/سلێمانی.٩٨ |
| ٢٠٠٢/٢/١٧ | ڕێكەوتنێك ئیمزاكرا لەنێوان یەكێتی و كۆمەڵی ئیسلامیدا.٩٩ |
| ٢٠٠٢/٣/٣ | وەفدێكی بالاًی یەكێتی سەردانی كاك مەسعود بەرزانیان كرد.١٠٠ |
| ٢٠٠٢/٣/٤ | هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێكی ڕەسمی گەیشتە توركیا.١٠١ |
| ٢٠٠٢/٣/١٢ | هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێكی ڕەسمی گەیشتە سوریا.١٠٢ |
| ٢٠٠٢/٣/١٤ | بەشار ئەسەدی سەرۆكی سوریا پێشوازی لە هەڤاڵ مام جەلال كرد.١٠٣ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٢/٣/٢٢ | هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە کوردوستان.١٠٤ |
| ٢٠٠٢/٤/٢ | لەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامیەوە هێرشکرایە سەر ماڵی هەڤاڵ د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان/ سلێمانی لەگەڕەکی عەقاری شاری سلێمانی و ٥ پێشمەرگەی دەستەی پارێزگاریان شەهید کرد.١٨٥ |
| ٢٠٠٢/٨/٣ | د. بەرهەم احمد سەرۆکی حکومەت سەردانی ئەمریکای کرد.١٠٥ |
| ٢٠٠٢/٨/٦ | هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە تورکیا.١٠٦ |
| ٢٠٠٢/٨/٩ | هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێك گەیشتە ئەمریکا.١٠٧ |
| ٢٠٠٢/٨/١٧-١٣ | ڕێکەوتنێکی ئاشتی لەنێوان یەکێتی و بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیدا ئیمزا کرا بەچاودێری ئێرانیەکان.١٠٨ |
| ٢٠٠٢/٨/١٩ | هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کۆبۆوە.١٠٩ |
| ٢٠٠٢/٩/٣ | هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ سەرۆکی پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئۆردوگان لە تورکیا کۆبۆوە .١١٠ |
| ٢٠٠٢/٩/٧ | هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ کاك مەسعود کۆبۆوە لەدوای گەڕانەوەی بۆ کوردوستان.١١١ |
| ٢٠٠٢/٩/٨ | ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ستراتیژی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا.١٢ |
| ٢٠٠٢/٩/١٩ | هەڤاڵ مام جەلال میدالی شەرەفی بەخشیە دەستەی یەکەمی زیندانیە سیاسیەکان.١١٢ |
| ٢٠٠٢/١٠/٢ | کاك مەسعود بارزانی سەردانی هەڤاڵ مام جەلالی کرد لە دوکان بۆ ئاشتبونەوەی یەك جارەکی و یەکگرتنەوەی ماڵی کورد کە دوای چەند ساڵ نائارامی هەمەجۆری دژایەتیکردنی یەکتری بەخۆوە بینی.١٢ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٢/١٠/٤ | کاتـژمێر ٣٠ر١١ سـەر لەبـەیانی یەکـەم دانیـشتنی خـولی گواستنەوەی پەڕلـەمانی کوردوستان سازدرا لـە بینایـەی پەڕلەمانــدا لــە شــاری هــەولێر کــە بــە کۆبونــەوەی ئاشــتبونەوەی یــەکێتی و پــارتی دوای ٨ ســالْ شــەڕی نـاوخۆ دێـت بـە ئامـادەبونی هـەڤالْ مـام جـەلال و کـاك مەسعود وعزیز محەمەد و خـاتوو دانیـال میتران(( دایکـی کـورد))و کەنـدالْ نـەزان و ژمارەیـەکی زۆر لـە میـوان ١٢٠ و١١٥ |
| ٢٠٠٢/١٠/٨ | لەکاتـژمێر ٩ی سـەر لەبـەیانی لەشـاری سـلێمانی دووەم دانیــشتنی خــولی گواســتنەوەی پەڕلــەمانی کوردوســتان ســازدرا بــە ئامــادەبونی هــەڤالْ مــام جــەلال و کــاك مەسعود.١١٦ |
| ٢٠٠٢/١٠/١٠ | د. بەرهــەم احمــد صــالْح ســەرۆکی حکومــەتی هــەرێمی کوردوستان بەسـەرۆکایەتی وەفدێکی حکومی سـەردانی سوریای کرد.١١٧ |
| ٢٠٠٢/١٠/١٦ | د.بەرهەم احمد صالْح لەگەلْ سەرۆکی حکومەتی لوبنـان ڕەفیق حەریری لە بەیروت کۆبۆوە.١١٨ |
| ٢٠٠٢/١٠/٢٧ | * هەڤالْ مام جەلال بەرەو ئێران بەڕێکەوت.١١٩<br>* هــەڤالْ مــام جــەلال لەشــاری کرماشــانی ئێــران و لــەبارەگای مەکتــەبی پەیوەندیــەکانی دەرەوە پێــشوازی لەدۆستی گەلی کورد (( د. بێرنارد کۆشنەر )) کرد.١٢٠ |
| ٢٠٠٢/١٠/٢٨ | د. بێرنارد کۆشنەر گەیشتە شاری سلێمانی و لەلایـەن د. بەرهــەم احمــد صــالْح ســەرۆکی حکومەتــەوە پێــشوازی لێکرا.١٢٠ |
| ٢٠٠٢/١٠/٣١ | کاتژمێر ٣٠ر١٠ سەر لەبەیانی لەشاری هەولێر چوارەمین دانیــشتنی خــولی گواســتنەوەی پەڕلــەمانی کوردوســتان |

سازدرا بە ئامادەبوونی دۆستی کورد (( د. بێرنارد کۆشنەر )).١٢١

٢٠٠٢/١١/١ کاتژمێر ٣٠ر٧ ی ئێوارە هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە سوریا.١٢١

٢٠٠٢/١١/٢ ڕێپێوانێکی گەورەی جەماوەری لەشاری سلێمانی ڕێکخرا بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان بەمەبەستی دیاریکردنی چارەنوسی دیل و بێسەروشوێن و ئەنفالکراوەکان.١٢١

٢٠٠٢/١١/٤ لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی تورکیادا بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئەو وولاتەدا پارتێکی ئیسلامی میانڕەو زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا کە ئەویش پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی تورکیا بوو بەسەرۆکایەتی تەیب ڕەجەب ئەردۆگان.١٢٢

٢٠٠٢/١١/١٢ کاتژمێر ٢٠ر١١ ی سەر لەبەیانی هەڤاڵ مام جەلال گەیشتە تورکیا.١٢٤

٢٠٠٢/١١/١٦ هەڤاڵ مام جەلال سەردانی بارەگای پارتی عەدالەت و گەشەپێدانی تورکیای کرد بەمەبەستی پیرۆزبایی کردنی سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکاندا.١٢٥

٢٢-٢٠٠٢/١١/٢٥ بڕیار بوو کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەشاری برۆکسیلی پایتەختی بەلچیکا ببەسرێت بە بەشداری ٣٥ ڕێکخراو هێزی سیاسی. بەلام دواکەوت بۆ ١٤-٢٠٠٢/١٢/١٦ و لەشاری لەندەن.١٢٣

٢٠٠٢/١١/٢٦ هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود لەگەڵ وەفدێکی هاوبەشی یەکێتی و پارتی سەردانی فەڕەنسایان کرد و لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی پیران و سکرتێری گشتی پارتی سۆشیالیستی فەڕەنساو وەزیری ناوخۆوە پێشوازیان لێکرا.١٢٦

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٢/١١/٢٨ | بڕیاردرا بەدواخستنی كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بۆ ١٤-٢٠٠٢/١٢/١٦. ١٢٧ |
| ٢٠٠٢/١١/٢٩ | *خافێر سۆلانا ڕێكخەری كاروباری دەرەوەی یەكێتی ئەوروپا لە بڕۆكسێل پایتەختی بەلچیكا پێشوازی لەمام جەلال و كاك مسعود كرد.١٢ و١٢٨<br>*لەپاریس كۆنفرانسی نێودەوڵەتی گرێدرا لە هۆڵی ((ڤیكتۆر هۆگۆ))لەسەر بارودۆخی داهاتووی كوردوستان و مام جەلال و كاك مسعود بەشداریان تیادا كرد.١٢ و١٢٨ |
| ٢٠٠٢/١٢/١ | هەڤاڵ مام جەلال بەسەردانێك گەیشتە دەوڵەتی كوێت وله ٢٠٠٢/١٢/٣دا چاوی بەئەمیرو وەلی عەهد و سەرۆكی ئەنجومەنی ئومەی كوێتی كەوت.١٢٩ |
| ٦ و٧/ ٢٠٠٢/١٢ | وەفدێكی سەناتی ئەمریكا سەردانی كوردوستانیان كرد.١٣٠ |
| ٢٠٠٢/١٢/٩ | باڵیۆزی ڕووسیا لە بەغداد(( ڤلادیمێر تیئۆ)) سەردانی كوردوستانی كرد.١٢ |
| ٢٠٠٢/١٢/١١ | د.بەرهەم پێشوازی لە سەفیری ڕوسیا لەعێراق كرد لەشاری سلێمانی.١٣١ |
| ١٤-٢٠٠٢/١٢/١٧ | كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە شاری لەندەن و لە ئوتێل هێڵتۆن بە ئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال كە ڕۆڵێكی گەورەو گرنگی بینی سازدرا. بڕیاردرا كە عێراقێكی دیموكراسی و فیدڕاڵی و پەرلەمانی لەدوای صدام حسێنیش دابمەزرێت.٢٦ و١٣٢ |
| ٢٠٠٢/١٢/١٩ | كاتژمێر ٣٠ر١٢ نیوەڕۆ تۆنی بلێر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە لەندەن پێشوازی لە هەڤاڵ مام جەلال و كاك مەسعود كرد.١٣٣ |

٢٠٠٢/١٢/٢٥ هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی نوێی توركیا عەبدوڵا گول لەپارتی عەدالەت و گەشەپێدان كۆبۆوە لە ئەنكەرە.١٣٤

٢٠٠٢/١٢/٢٩ هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە كوردوستان.١٣٥

# ســـــــاڵـــــــی

# ٢٠٠٣

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٣/٢/٨ | شەهیدکردنی شەوکەتی حاجی موشیر بەدەستی تیرۆریستان.١٠ |
| ٢٠٠٣/٢/٢٥ | د.زاڵمای خلیل زاد نوێنەری سەرۆك بۆش گەیشتە هاوینە هەواری صلاح الدین و لەگەڵ مام جەلال و کاك مسعوددا کۆبۆوە.١٢ |
| ٢٠٠٣/٢/٢٦ | بەستنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەبەشداری یەکێتی و پارتی و لایەنە کوردیەکانی تر لە صلاح الدین بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆك بۆش د.زاڵمای خلیل زاد.١٢ |
| ٢٠٠٣/٣ | کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە صلاح الدین بە ئامادەبوونی نوێنەری سەرۆکی ئەمریکا زاڵمای خەلیل زاد. و جەخت لە بڕیارەکانی کۆنگرەی لەندەن کرایەوە.١٤ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٣/٣/٢ | سەرکردایەتی باڵای کوردوستان لە نێوان پارتی و یەکێتیدا پێك هات بەڕابەرایەتی هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود.١٢ |
| ٢٠٠٣/٣/١٩ | کۆبونەوەی سێ قۆڵی کورد(( مام جەلال و نێچیر بارزانی)) و ئەمریکا (( د. زاڵمای خلیل زاد)) و تورکیا بۆ بەیەکسانی سەیرکردنی تورکومان لە کوردوستاندا لەگەڵ کورددا.١٢ |
| ٢٠٠٣/٣/٢٠ | هێرشی هاوپەیمانان بەڕابەرایەتی ئەمریکا و بەشداری ٣٥ وڵات لەکاتژمێر ١٥ر٦ی سەر لەبەیانی بۆ سەر عێراق. دەستیپێکرد لەدوای وتەیەکی سەرۆك بۆشەوە. ١٢ |
| ٢٠٠٣/٣/٢٢ | تورکیا ڕازی نەبوو ئەمرکا لەتورکیاوە هێرش بکاتە سەر عێراق . کەئەمە هەڵەیەکی کوشندە بوو بۆ تورکیا.١٢ |
| ٢٠٠٣/٤/٣ | عەبدولای قەسری ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی لەبازگەی تاسلۆجە لەلایەن هێزێکی یەکێتیەوە کوژرا لەگەڵ ٤ پێشمەرگەیدا.١٢ |
| ٢٠٠٣/٤/٩ | دوای پەلامار و بۆردومان و هێرشی ئاسمانی و زەوی بە ٢١ ڕۆژ سوپای ئەمریکا گەیشتە شاری بغداد و پەیکەرەکەی صدام حسێنیان لەناوەڕاستی بغداد ڕووخاند و بەمەش کۆتایی بە حوکمی ٣٥ ساڵەی ڕژێمی بەعس هات لە عێراقدا.١٢ |
| ٢٠٠٣/٤/١٠ | پارێزگای کەرکوك لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردوستانەوە و بەهاوکاری سوپای ئەمریکا ئازادکرایەوە.١٢ |
| ٢٠٠٣/٤/١١ | هێزەکانی پێشمەرگەی کوردوستان لەشاری کەرکوك کشانەوە کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەی کورد بوو.١٢ |

٢٠٠٣/٤/٢٢ نوێنــەری ئــەمریکا بــۆ هەڵـسوڕانی کاروبـاری کـارگێڕی عێراق (( جەی گارنەر)) گەیشتە شاری سلێمانی و لەگەڵ مام جەلال و کاك مسعود لەدوکان کۆبۆوە.١٢

٢٠٠٣/٥/٦ لابردنــی جـەی گارنـەر و دانـانی پـۆڵ بریمـەر بـەحاکمی مەدەنی عێراق.١٢

٢٠٠٣/٥/٢٣ پۆڵ بریمەر بەبڕیارێك سوپا و هێزە چەکدار و سیخوڕ و موخابەراتەیەکان و حیزبی بەعسی هەڵوەشانەدەوە.١٢

٢٠٠٣/٥/٢٤ بۆیەکەم جار کوردێك (( عبـدالرحمن مستەفا ))هەڵبـژێردرا بــە پارێزگــاری کــەرکوك دوای هەڵبــژاردنی ئەنجومــەنی پارێزگا.١٢

٢٠٠٣/٥/٢٨ پۆڵ بریمەر بڕیاری گۆڕینی دراوی عێراقی دەرکرد.١٢

٢٠٠٣/٧/٢١ علـی حـسن مجیـد(( علـی کیمیـاوی ) لەلایـەن هێزەکـانی هاوپەیمانانەوە دەسگیرکرا.١٢

٢٠٠٣/٧/٢٢ دووکوڕەکــەی صــدام حــسێن (( عــودەی و قوصــەی )) لەلایــەن هێزەکـانی ئـەمریکاوە لەشـاری موصـڵ کـوژران دوای شــەڕێك لــە کاتــژمێر ٦ ی بەیانیــەوە تــا ٢ی پــاش نیــوەڕۆ کــە لــەماڵی کــوڕە مــامی صــدامدا خۆیــان شاردبۆوە..١٢

٢٠٠٣/٧/٢٩ پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم لەهـەموو نەتـەوە و مەزهـەب و لایەنـە سیاسـیەکانی عێـراق و لیژنـەی سـەرکردایەتیان دانا ٥ شیعە و ٢ سونە و مام جەلال و کاك مەسعود.١٢

٢٠٠٣/٨/١٩ تەها یاسین ڕەمەزان ( تەها جـەزراوی ) جێگـری سـەرۆکی عێراق لەشاری موصڵ لەگەڕەکی(( الوحدة )) دەسگیر کرا لەلایــەن پێــشمەرگەکانی یەکێتیــەوە و تەســلیم بــە ئەمریکیەکان کرا.١٢

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٣/٩/٣ | یەکەم کابینەی حکومەتی کاتی عێراق بەسەرۆکایەتی د.ئەیاد عەلاوی ڕاگەیەنرا کەلە ٢٥ وەزیر پێك هاتبوو.١٩ وەزیری شیعە و سونە و ٤ وەزیری کورد و ١ وەزیری تورکومان و ١ وەزیری ئاشوری پێك هاتبوو.١٢ |
| ٢٠٠٣/٩/١٥ | کۆلن پاوەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و پۆڵ بریمەر سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد.١٢ |
| ٢٠٠٣/١٠/١٥ | پارەی نوێی عێراقی کەوتە بازاڕەوە کە ١ دیناری چاپی سویسری بەرامبەر ١٥٠ دیناری چاپی نویێ بووکە لەشاری لەندەن چاپ کرابوو.١٢ |
| ٢٠٠٣/١٠/٢٧ | دووەم کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتەر ناسیونالێ لەشاری ساوپاولۆ لە بەڕازیل سازدا و وەفدی یەکێتی بەسەرۆکایەتی هەڤاڵ مام جەلال بەشدایکرد.١٢ |
| ٢٠٠٣/١١/٢٩ | بۆیەکەم جار لەمێژووی شاری سلێمانیدا فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی کرایەوە.١٢ |
| ٢٠٠٣/١٢/١٣ | دەسگیرکردنی صدام حسین دیکتاتۆری عێراق لەشارۆچکەی دۆرەی سەر بەشاری تکریت لەناو چاڵێکدا کە ٧ م قوڵ بوو لەلایەن سوپای ئەمریکاوە.١٢ |
| ٢٠٠٣/١٢/١٦ | شاندێکی جامیعەی عەرەبی بەسەرۆکایەتی (( احمد بن حلی )) سەردانی هەرێمی کوردوستانیان کرد و سەردانی شاری هەڵەبجەی شەهیدیان کرد.١٢ |

# ســـــاڵـــی

# ٢٠٠٤

٢٠٠٤/١/١٨ سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە کرایەوە.٢٢٨

٢٠٠٤/١/٢٩ هەڤاڵ مام جەلال لە دوکان پێشوازی لەسیاسەتمەداری گەورەی کوردی تورکیا کمال بۆرقای و وەفدی یاوەری کرد.٢٢٨

٢٠٠٤/٢/١ دوو تیرۆریست لەیەکەم ڕۆژی جەژنی قوربانـدا توانیـان لەیەك کاتدا لە هەریەکە لە مەڵبەندی ٣ ی یەکێتی و لقی ٢ ی پارتی خۆیان لەناو قەرەباڵغی پیرۆزبایکەراندا بتەقێننەوە و ١٠٧ هەڤاڵ لە یەکێتی و پارتی بکوژن و بریدارکردنی ١٠٥ هەڤاڵی تریش کە لەناویاندا هەڤاڵانی سەرکردایەتی یەکێتی (( شاخەوان عەباس و خەسرە و شێرە)) هەبوون.١٢

| | |
|---|---|
| ٧ و٢٠٠٤/٢/٨ | هەڤاڵ د. بەرهەم احمد و وەفدێكی یەكێتی بەشداریان لە كۆنفرانسی ئەنجومەنی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال كرد.٢٢٨ |
| ٢٠٠٤/٢/٩ | (( ڕۆژی مورافەعەی نەتەوەیی )) ,  لەكۆبونەوەیەكی ئەنجومەنی حوكمدا هەڤاڵ مام جەلال ووتەیەكی دوورو درێژی پێشكەش كرد لەسەر پێویستی چەسپاندنی مافەكانی خەڵكی كوردوستان لەقانونی حوكمڕانیدا.كە تیایدا نەخشەیەكی مێژوویی گەورەی زەمانی عوسمانی لەسەر مێزی ئەنجومەنی حوكم خستە ڕوو كە تێیدا شاری كەركوك بەشێكە لە كوردوستان.٢٢٨ |
| ٢٠٠٤/٢/٢٩ | هەڤاڵ خلیل نیعمەت دۆسكی ئەندامی سەركردایەتی و وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی حكومەتی هەرێمی كوردوستان/ سلێمانی بەهۆی نەخۆشیەوە كۆچی دوایی كرد.١٧٩ |
| ٢٠٠٤/٣/٨ | ئیمزاكردنی یاسای كاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی لەلایەن ئەنجومەنی حوكمەوە كە تیایدا مادەی ٥٨ چەسپێنرا لەلایەن كوردەوە تایبەت بە شاری كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی تری كوردوستان.١٢ |
| ٢٠٠٤/٤/٣٠ | هەڤاڵ مام جەلال و وەفدێكی یەكێتی لەنەتەوە یەكگرتوەكان لەگەڵ كوفی ئەناندا كۆبونەوە.٢٢٨ |
| ٢٠٠٤/٥/٣ | هەڤاڵ مام جەلال سەردانی ئەمریكای كرد لەگەڵ وەفدێكی یەكێتیدا.٢٢٨ |
| ٢٠٠٤/٥/١٧ | وەفدێكی سەركردایەتی یەكێتی بە ڕێبەرایەتی هەڤاڵ د. كمال فؤاد سەردانی كۆماری گەلی چینیان كرد.٢٢٨ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٤/٥/٣١ | هەڤاڵ دارۆ شیخ نوری ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە وڵاتی سوید بەنەخۆشی کۆچی دوایی کرد.١٩٣ |
| ٢٠٠٤/٦/١ | کاتژمێر ١٥ر٤ دەقیقەی عەسر کابینەی یەکەمی حکومەتی ئینتیقالی عێراق ڕاگەیەنرا بەدیاریکردنی غازی عجێل یاوەر بەسەرۆك کۆمار و ئەیاد عەلاوی بەسەرۆك وەزیران کەپێك هاتبوو لە ٣١ وەزیر کە بۆ یەکەم جار ٦ ژن بونە وەزیر لە مێژووی حکومەتەکانی عێراقدا.١٢ |
| ٢٠٠٤/٦/١٩ | هەڤاڵ مام جەلال دەستنیشانکردنی هەڤاڵ عومەر فەتاحی ڕاگەیاند وەك جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان/ سلێمانی. ٢٢٨ |
| ٢٠٠٤/٦/٢٨ | گەڕانەوەی سیادە بۆ عێراق و بەجێهێشتنی عێراق لەلایەن پۆڵ بریمەرەوە حاکمی مەدەنی عێراق.٣٦ |
| ٢٠٠٤/٦/٢٩ | نیگرۆ پۆنتی بوە یەکەم باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراقدا.١٢ |
| ٢٠٠٤/٦/٣٠ | گواستنەوەی دەسەڵات لەدەسەڵاتی داگیرکاریەوە بۆ عێراقیەکان.١٩ |
| ٢٠٠٤/٧/١ | صدام حسین لەگەڵ ١١ تاوانباری تردا هێنرانە بەردەم دادگا.١٢ |
| ٢٠٠٤/٧/٤ | هەڤاڵ عومەر فتاح وەك جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان/ سلێمانی لەپەڕلەماندا سوێندی یاسایی خوارد.٢٢٨ |
| ٢٠٠٤/٨/١٥ | بەستنی کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی بە ئامادەبوونی ١٢٠٠ کەسایەتی لەهەموو پێك هاتەکانی عێراق لە ئەنجامدا ٨١ ئەندام هەڵبژێران لەگەڵ ١٩ ئەندامی ئەنجومەنی حوکم و بونە ١٠٠ ئەندام و بەمەش کۆمەڵەی نیشتیمانی دامەزراو د.فؤاد معصوم ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی هەڵبژێردرا بە سەرۆکی کۆمەڵەکە.١٢ |

٢٠٠٤/١٠ لەلایــەن ژمارەیــك ئەنــدامانی مەکتــەبی سیاســی و سەرکردایەتی و کادرانی پێشکەوتو و ناوەنجی سەربازی و ڕێکخستنەوە یاداشتێکی ئیمزاکراویان دایە هەڤاڵ مام جەلال بەمەبەستی چێکردنی ڕیفۆرم و بەسەرداچونەوەی دەسەلأت و هەڵسوکەوت و بڕیارەکانیدا . کە ئەم هەنگاوە یـەکێتی لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە کـردە دوو بـەش و دوو سـەنگەر و دووبـەرەی جیـاواز بەرامبـەر بەیـەکتر. یاداشتەکە مەبەست چاکسازیکردن بوو لەیەکێتیدا بەلأم ئەنجامەکـەی بەخراپـە شـکایەوەو تائێـستا یـەکێتی لـەو داەبەشـبونە ڕزگـاری نـەبوە وئیمزاکـەش نـاوی هـەڤالأن نەوشـیروان مـستەفاو کۆسـرەت ڕەسـول عـەلی و عومـەری سەید علی لەسەر بوو.٣٦

٢٠٠٤/١٠/٣ وەزیـری دەرەوەی بـەریتانیا جـاك سـترۆ هاتـە شـاری سلێمانی و لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە پێشوازیلێکرا.١٢

٢٠٠٤/١٠/١٣ بەسـتنی کۆنفرانـسی جینۆسـایدی کـورد لـە پەڕلـەمانی کوردوستاندا لەشاری هەولێر.١٢

٢٠٠٤/١١/١٥ هەڤاڵ مام جەلال سەردانی بارەگای ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردوستانی لە چوارتا کرد و ئێزگەی سەتەلایتی ئێف ئێم ی دەنگی گەلی کوردوستانی کردەوە.٢٢٨

٢٠٠٤/١١/١٨ کۆبونــەوەی ١٥ حیزبــی کوردوســتانی و عێراقــی بەبەشداری هەڤاڵ مام جەلال لە دوکان بۆ خۆئامادەکردن بــۆ هەڵبــژاردنی ســاڵی ٢٠٠٥ و گفتوگــۆ دەربــارەی بارودۆخی عێراق.٢٦

٢٠٠٤/١١/٢٧ هــەڤاڵ مــام جــەلال ســەردانی ســەرۆکایەتی ئەنجومــەنی وەزیرانــی کــرد و هــەڤاڵ عیمــاد احمــدی وەك جێگــری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان ناساند.٢٢٨

٢٠٠٤/١١/٣٠ *پارتی و یەکێتی و حیزبە کوردوستانیەکانی تر بەیەك لیستی یەکگرتوو خۆیان ئامادەکرد بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی.١٢
* وەزیرانی دەرەوەو ناوخۆی سوریا و ئێران و تورکیا و عێراق لەتاران کۆبونەوە.بۆ گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و هاتنی تیرۆریستان بۆ ناو عێراق.١١٢

٢٠٠٤/١٢/١ لەکۆبونەوەیەکی لوتکە و لەمژدەیەکی مێژوویدا کە وەلأمدەرەوەیەکی ئامانجە بالأ و ستراتیژیەکانی گەلەکەمان و خواستێکی سەرەکی کۆمەلأنی خەڵکی کوردوستان بوو. سەرکردایەتی سیاسی کوردوستان پێکهێنانی لیستێکی هاوبەشی بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی کوردوستان و عێراقدا ڕاگەیاند و هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود ڕێکەوتنێکی مێژوییان لەو بارەیەوە ئیمزاکرد.٢٢٨

٢٠٠٤/١٢/٥ کۆمەڵێك پێشمەرگەی یەکێتی لەشاری موصڵ شەهیدکران لەئەنجامی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو.١٢

٢٠٠٤/١٢/٨ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕەزامەندی دەربڕی کە لەبودجەی ساڵی ٢٠٠٥دا ڕێژەی ١٧٪ بۆ هەرێمی کوردوستان دیاریکرد.٢٢٨

٢٠٠٤/١٢/٩ هەڤاڵ عومەر فتاح وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان و هەڤاڵ عیماد ئەحمەد وەك جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان/ سلێمانی لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی یاساییان خوارد.٢٢٨

٢٠٠٤/١٢/٢٠ تەرمی خوالێخۆشبوو پرۆفیسۆر د. کمال خۆشناو سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و ئەندامی سەرکردایەتی پێشووتری یەکێتی لە سلێمانی بەخاك سپێردرا دوای

ئـەوەی لـە ئـەمریکا بـەهۆی نەخۆشـیەوە کۆچـی دوایـی کرد.٢٢٨

# یەکێتی نیشتیمانی کوردوستـان لەلوتکەی هەرەمی دەسەڵاتـی کوردوستـان و عێراقدا ٣٦

---

- ئاشکرایە ئامانجی سەرەکی هەر ڕێکخراوێکی سیاسی بریتیە لە گەیشتنە دەسـەڵات و کورسـی حـوکم بۆئـەوەی لـەو ڕێگەیـەوە ئایـدیاو فکـر و بیربۆچـون و ڕوانینـەکانی خـۆی بخاتـە چوارچـێوەی جێبـەجێکردن و پیـادەکردنی بەرنامـە سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایەتیـەکانی لەسـەر زەمینـەی واقیـع لەکۆمەڵگاکەیـدا و

بتوانێت خزمەت بەئەندامان و لایەنگران و جەماوەرەکەشی بکات و ژیان و گوزەرانێکی ڕەفاهیان بۆ بێنێتە دی و بتوانێت زۆرترین ماوە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و زۆرترین جەماوەر لەدەوری خۆی و بەرنامەکەی کۆ بکاتەوە.

ئاشکراشە تەنها ئەو ڕێکخراوە سیاسیانە دەتوانن بگەنە دەسەڵات و لەلوتکەی دەسەڵاتیشدا بمێننەوە کە هەڵقوڵاوی ناخی جەماوەر و کۆمەڵگاکانیان بن و زەرورەتی قۆناغەکە هێنابینە بوون و نمایندەی ڕاست و ڕەسەنی داواکاری و خواست و ئاواتەکان و مافی جەماوەرەکانیان بن و خاوەن سەرکردە و ڕابەری دڵسۆز و شایستەو ژیر و بەتوانا و کارامە و لێهاتووی بێت و خاوەن ڕوانین و بۆچونی دوورو ستراتیژی و کراوە و نوێ بێت.ئەگینا هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی گەر بشگاتە دەسەڵات ناتوانێت بمێنێتەوە و پارێزگاری لەدەسکەوت و خەبات و مێژوو وڕابوردوی خۆی بکات.

گەیشتنە دەسەڵات لەلایەن ڕێکخراوی سیاسیەوە بەخەباتی دوورو درێژو تەمەن نابێت,بەڵکو بەگرتنە بەری تاکتیك و ستراتیژی گونجاو و پراکتیکی دەبێت.کە هەڵقوڵاوی خەون و داخوازیە ڕەواکانی جەماوەر بێت.نەك دووربێت لەخواست و ویستەکانیەوە.

لێرەدا مەبەست لەو ڕێکخراوە سیاسیانەیە کە پەیڕەوی سیستەمی دیموکراسی دەکەن و بڕوایان بە هەڵبژاردن و صندوقی دەنگەکان هەیە و بڕوای تەواویان بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە. نەك ڕێکخراوێکی سیاسی و توندڕەوی خاوەن بەرنامەی تاك ڕەوی و خۆسەپێن و زاڵم و زۆردار و دیکتاتۆر.

کاری سیاسی و بەرنامەی سیاسی و جێبەجێکردنیان و پیادەکردنیان لەسەر زەمینەی واقیع و لەناو جەماوەر و لەقۆناغە جیاوازەکاندا لەسایەی سیستەمێکی دیموکراسی و ئازاددا.گەلێك سەخت و دژوارترە. چونکە هەر هەڵەیەك یان لادانێك لەبەرژەوەندی جەماوەردا نەبێت دەبێتە هۆی زویربون و لێدوورکەوتنەوەی جەماوەر و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگت پێنادات و ئەنجامیش شکست و نوچدان و سەرنەکەوتن دەبێت لە هەڵبژاردنەکانداو دوورکەوتنەوە دەبێت لەدەسەڵات. بۆیە گەلێك گرنگە ڕێکخراوی سیاسی ناو جەماوەر هەمیشە لەخۆ نوێکردنەوەی بەردەوامدا بێت لە بەرنامە و تاکتیك و ستراتیژدا. لە عەقڵ و کارو

گوتاریـدا.لـەخوێن و جەسـتە و بڕگـە و ئۆرگانەکانیـدا.لەڕابـەر و سـەرکردە و کادرەکانیـدا.ئـەگینا دەبێتـە ڕێکخراوێکـی قـەتیس و لەقاڵبـدراو و عـەقڵ دۆگمـا و چەق بەستووی نەگۆڕ و هـەرزوو تێکدەشکێت و لـەکاروانی خـەبات دوادەکـەوێت و زوو فریـای خـۆی نەکـەوێت دەبێتـە پاشـکۆو لـەبیرکراوی مێـژوو.چـونکە ناتوانێـت لەگەڵ قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکانـدا خـۆی بگونجێنێـت و پارێزگـاری لەخـەبات و مێژوو و جەماوەرەکەشی بکات.

ئاشکراشـە جـەماوەر و خواستەکانیـشی هەمیـشە لـەگۆڕان و پێـشکەوتندان لەگـەڵ پێشکەوتن و و داهێنان و گرانی بارو گوزەرانی کۆمەڵگادا .بۆیە هەمیشە جـەماوەر وەك شەپۆلی دەریاکان لەجوڵە و گۆڕان و هەڵبەز ودابەزدایـە و تـەنها ئـەو کەشـتی و کەشـتیوانە دەتوانێـت کـۆنترۆڵ و ڕامـی بکـات و لەگەڵیـدا ڕێبکـات بـۆ پێـشەوەکە بەتوانا و لێهاتوو شارەزاو ژیر و خاوەن ئەزمون بێت.

بەهـەمان شـێوەش کـاری ڕێکخـراوی سیاسـی لـەناو جـەماوەردا قـورس و گرانـە و سەرکەوتن و مانـەوە و بـەردەوامی بەنـدە بـە لێهـاتویی سـەرکردە و ڕابـەر و بەرنامـە سیاسیەکەیەوە نەك بەدروشمە باق وبریق و بێناوەڕۆکەکانەوە. ئەم ڕاستیە بۆ هــەموو ڕێکخراوێکــی سیاســی ڕەســەن و هــەڵقولاوی قۆنــاغ و جەماوەرەکەیــەوە دەگونجێت.

- جـا یـەکێتی نیـشتیمانی کوردوسـتانیش وەك ڕێکخراوێکـی سیاسـی و جەماوەری و پێشکەوتنخواز و دیموکراسیخواز و ئاشتیخواز , بەهەمان شێوە لـەو چوارچـێوەیەدا دەرناچـێت و لـەماوەی ئـەم ٣٣ سـاڵەی خـەبات و مێژویەیـدا. بەچـەندین قۆنـاغ و وێـسگەی جۆراوجـۆردا تێپـەڕیکردوە و لەگەلێکیانـدا توشـی شکـست و نوچـدان و کـەوتنی کـاتی هـاتوە کـە مەترسـی گـەورەی لەسـەر مـان و بەردەوامبوونی هەبوە. لەزۆریشیاندا بەسـەرکەوتویی ڕێگـای بڕیـوە و دەسکەوتی گـەلێك گـەورەی وەدەسـت هێنـاوە و بۆتەمایـەی زیـاتر گەشـانەوەو گـەورەبوون و چەسپاندنی لەناو جەماوەر و کۆمەڵگای کوردەواریشدا.

یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بەهۆی ئەوەی خاوەن بەرنامـە و خـەباتێکی ڕاسـت و دروسـت و ڕەسـەن بـوە هەربۆیـە توانیویـەتی لەماوەیـەکی کـەمی خەباتیـدا لـە دامەزراندنیەوە لە ١٩٧٥/٥/٢٢ وە تا ١٩٩١/٣/٥ کاتی ڕاپەڕینە مەزنەکە واتە تـەنها

لەماوەی ١٦ ساڵدا توانی بگاتە نیوەی دەسەڵاتی كوردوستان لەدوای هەڵبـژاردنی یەكەمین پەرلەمانی كوردوستانەوە لە ١٩٩٢/٥/١٩دا و پێكهێنانی یەكەم كابینەی حكومەتی یەككگرتوی كوردوستاندا لە ١٩٩٢/٧/٤دا كە بوە خاوەنی نیوەی دەنگی جەماوەری كوردوستان و نیوەی دەسەڵاتی حكومەتی لەكوردوستاندا گرتە دەست.كەئەمە بۆخۆی سەركەوتنێكی گەلێك گەورە بوو بۆ یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان بەبەراوورد لەگەڵ هەردوو حیزبە سیاسیە تەقلیدیەكەی كوردوستاندا حیزبی شیوعی عێراق لە ١٩٣٤ و پارتی دیموكراتی كوردوستان لە ١٩٤٦ وە كەخاوەن خەبات و تەمەن و شۆڕش و گەورەیی و جەماوەری خۆیان بوون لە سەردەمانێكدا و هێز و نفوز و دەسەڵاتیان هەبوو. بەڵام نەیان توانیبوو بگەنە لوتكەی دەسەلات و ئامانج و بەرنامەكانی خۆیان جێبەجێبكەن.

یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان لەقۆناغی شۆڕش و شاخدا لەزۆربەی كاتەكاندا تاكە خاوەن و تاكە بڕیار بەدەست بوو لەسەرتاسەری كوردوستاندا لەناوچە
ئازادكراوەكاندا و بوە تاكە هێزێكی سیاسی و چەكداری گەورەی وا كە دۆست و دوژمنان حسابیان بۆ دەكرد هەر لە ڕژێمی بەعسەوە تاكو ڕژێمەكانی ئێران و توركیاش و زۆر جاران پەنایان بۆ بردوە بۆ ناوبژیوانی و داوای گفتوگۆ و پەیوەندیان لێكردوە و لە بەلانسی هێزەكان و هاوكێشە سیاسی و سەربازیەكاندا لەبەرچاویان دەگرت چونكە یەكێتی خاوەن بەرنامە و جەماوەر و ئایدیاو ڕچە و ڕێبازی دیاریكراو و ڕەسەنی كوردایەتی بوو. سەرەڕای هەموو پیلان و دوژمنایەتی وڵاتانی دەرودراوسێ و ڕژێمی بەعس و پارتە سیاسیەكانی تری سەر گۆڕەپانی سیاسی و چەكداری كوردوستان .

لەقۆناغی شار و دەسەڵاتیشدا لەدوای ڕاپەڕینی مەزنی بەهاری ساڵی ١٩٩١یشەوە بەهەمان شێوە یەكێتی و سیاسەت و بەرنامەكانی كاریگەری گەورەیان هەبوە . هەربۆیە بەهەمان شێوەی قۆناغی شاخ و شۆڕش دەوڵەتانی ناوچەكە و ڕژێمی بەعس و هێزە سیاسیەكانی سەرگۆڕەپانی سیاسی كوردوستان كەوتنەوە دانانی هەمان پیلانی بچوككردنەوە و بێهێزكردن و نەمانی یەكێتی نیشتیمانی كوردوستان. چونكە یەكێتی نمایندەی زۆرینەی جەماوەر و ڕای شەقامی كوردی و خاوەن بەرنامە و ستراتیژێكی ڕەسەنی كوردانە و نمایندەی نوێگەری و

پێشکەوتوخوزەکان بوو.کەلەگەڵ خواست و نیاز و خەون و پیلانەکانی دوژمنان و ناحەزانی ناوەوە و دەرەوەدا نەدەگونجا. هەربۆیە بەدرێژایی ٤ ساڵی تەواو لە ١٩٩٤/٥/١ دەسپێکی شەڕی ناوخۆی نێوان پارتی و یەکێتی , هەرچەندە لە ساڵی ١٩٩٣وە یەکێتی توشی شەڕێکی نەخوازراوی تریش بوو لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامیشدا وە تا ١٩٩٨/٩/١٨ ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ئاشتی واشنتۆنی نێوان یەکێتی و پارتی کە کۆتایی بەشەڕی ناوخۆ هێنا . ئەم شەڕە ناوخۆییە بەدژوارترین شێواز هەلأیسا بە پیلانی دوژمنان و یەکێتی خستە بەر مەترسی و هەڕەشەی مان و نەمانەوە بەتایبەتیش لە کارەساتی ١٩٩٦/٨/٣١ دا. بەلأم بەهۆی ڕەگ داکوتراوی و بەهێزی بڕواو بەرنامە و دڵسۆزی و ڕاسگۆیی لە خەباتیدا بەرامبەر جەماوەرەکەشی توانی خۆڕابگرێت و ئەو قۆناغە دژوار و زۆر هەستیارەش تێبپەڕێنێت.

لەقۆناغی ئاشتی و ئارامی و دووئیدارەیشدا یەکێتی کەوتە کێبڕکێیەکی نمونەیی لەگەڵ پارتیدا و لە ئیدارە و حکومەتی سلێمانیدا کەوتە داهێنان و پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بۆ ئەو ناوچەیەی لەژێر دەسەلأتیدا بوو لەلوتکەی دەسەلأتی خۆیدا گەشە بەپەیوەندیە هەمەجۆرەکانی بدات و ئاشتیەکی ڕاستەقینەلەگەڵ هەموو لایەکدا چێبکات و دەسکەوتی گەورەتر لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و کۆمەلأیەتی وەدی بهێنێت لە دابینکردنی ئازادیەکان و ڕەخنە گرتن و ڕێگە پێدانی میدیای ئازاد و ئازادی زانکۆکان و سەروەری یاسا و ڕێگە گرتن لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و لەسەرئاستی ئابوریشدا کەوتنە هێنانی سەرمایەی بیانی بۆ سەرمایەگوزاری و دەسکردن بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی وەبەرهێنان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و بوژانەوەی بازرگانی و بازاڕەکان و..هتد. لەڕووی کۆمەلأیەتیشەوە تاتوانیبێتی هەوڵی چێکردنی عەدالەتی کۆمەلأیەتی داوە و یەکسان بوونی ژنان لە گەڵ پیاوان و هاندانی ڕێکخراوە مەدەنیەکان و هەنگاونان بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی خۆشگوزەران.

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیەوە لەلایەن هاوپەیمانەکان و بە ڕابەرایەتی ئەمریکا لە ٢٠٠٣/٤/٩دا. هێزی پێشمەرگەی کوردوستان و لەناویشیدا

یـەکێتی لەبـەرەی بـاکورەوە هاوکـاری و بەشـداریەکی بەرچـاویان نوانـد لـەگرتنی گەلێك شارو شارۆچکەدا و دواتر چونە بەغداد و پێك هێنانی ئەنجومەنی حوکم لە ۲۰۰۳/۷/۲۹ دا و نوسـینەوەی یاسـای کـاتی ئیـدارەی دەوڵـەتی عێراقـی لـە ۲۰۰٤/۳/۸دا و یـەکێتی لـە ڕێگـەی شەخصی هـەڤاڵ مام جەلالـەوە ڕۆڵێکی کـاراو بەرچاوی بینی لە چەسپاندنی داواکاری و خواست و مافە ڕەواکانی گەلی کورددا بەتایبـەتیش مـادەی ٥٨ لـەو یاسایەدا کـە تایبـەت بـوو بـە گەڕانـەوە و چارەنوسـی شـاری کـەرکوك و هـەموو ناوچـە دابڕاوەکـانی تـری کوردوسـتان بـۆ سـەر هـەرێمی کوردوستان و ئەو مورافەعە مێژوییەی کە هـەڤاڵ مـام جـەلال نوانـدی لـە ئەنجومـەنی حوکمدا لە ۲۰۰٤/۲/۹دا کە بەبەڵگەی مێژووی و جوگرافیەوە کوردوستانی بوونی کەرکوکی سەلماند بۆ هەموو لایەك.

دواتـریش بەشـداریکردن لـە کۆمەڵـەی نیـشتیمانی عێراقیـدا و کابینـەی یەکـەمی حکومەتی د. ئەیاد عەلاوی و کابینەی حکومەتی ئینتیقالی د. ئیبراهیم جەعفەری و بەشـداریکردنی لـە هەڵبـژاردنی گـشتی بـۆ پەڕلـەمانی عێراقـی لـە ۲۰۰٥/۱/۳۰ و بەدەستهێنانی ٥۳ کورسی پەڕلەمان و نوسینەوەی ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیداو دەنگدان لەسەری لەلایەن جەماوەری عێراقەوە لە ۲۰۰٥/۱۰/۱٥ و بـەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان بوە بالادەست و بەشداریکەرێکی چالاك لەدەسـەلاتی عێراقـی نوێـدا و هـەڤاڵ مـام جـەلال لەسـەر هـەموو ئاسـتەکان ڕۆڵێکـی کاراو کاریگەر و میحوەری دەگێڕا بۆ چەسپاندنی دەسـەلاتی حکومـەت و یاسـا و شــەرعیەت و ئاشــتی و ئــارامی و دوورکەوتنــەوە لــە تارمــایی شــەڕی ئــەهلی و مەزهەبی و کـەرت و پـەرت بـوون و دابەشـکردنی خـاك و گـەلانی عێـراق و پرۆسـەی ئاشتەوایی نیشتیمانیدا. کورد بەگشتی و یـەکێتی و هـەڤاڵ مـام جـەلال بەتایبـەتی ببونـە خـاڵی بەیـەك گەیـشتنی هـەموو لایەنـەکانی شـیعە و سـونە و مەسـیحی و موسوڵمانەکان و تەنانەت ئێرانی و ئەمریکیەکانیش.

هەرئـەم ڕۆڵ و کاریگـەری و سـەنگ و قورسـاییەی یـەکێتی و هـەڤاڵ مـام جـەلال وایکرد کە خۆی بسەپێنێتە سەر گۆڕەپانە فراوانەکەی سیاسی عێـراق و هـەمووان بە ((دۆست و دژەکان ))یشەوە لەسەری کۆك بن و بـە (( صـمام الامـان )) ی یـەك و یەکگرتوویی عێراقی ناوبەرن و هەموان بە خـاتر جەمیـەوە هەڵیانبـژارد بـە سـەرۆك

کۆماری عێراقی فیدڕاڵ لە ٢٠٠٥/٤/٦دا کە ئەمە بۆ یەکەم جار بوو لە مێژووی ٨٣ ساڵەی دەوڵەتی عێراقیدا کە کوردێك و هاوڵاتیەکی کەمینە نەتەوەیەك ببێتە سەرۆك کۆماری ولاتێکی عەرەبی گەورە و گرنگ لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبی و ئیسلامیشدا.
هەڵبژاردنەوەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ جاری دووەم و بۆماوەی ٤ ساڵ لە ٢٠٠٦/٤/٢٢دا بەسەرۆك کۆماری بەڵگەی ڕاستی و دروستیە لە سەر توانا و کارامەیی و شیاوی بۆ ئەو پۆستە و لەماوەی ئەو ساڵەیدا سەلماندنی کە بەهەق هەڤاڵ مام جەلال پیاوی دەوڵەتە بە ئیمتیاز(( رجل الدولة بامتيان)). لەڕاستیدا هەڤاڵ مام جەلال پێویستی بەو پۆستە نەبوو چونکە ئەو لە کوردوستاندا سکرتێری حیزبێکی سیاسی گەورەو کاریگەرو خاوەن دەسەڵات و کەسی یەکەمیش بوو لەدانانی بەرنامە و پلان و بڕیارەکانی دەسەڵاتی کوردیدا . بەڵام پۆستەکە پێویستی بەکەسایەتی و ئەزمون و شارەزایی هەڤاڵ مام جەلال بوو هەربۆیش سەرکەوتوو بوو.
بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەتەمەنی ٣٠ ساڵەیی خۆیدا گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتی سیاسی نەك هەر لەکوردوستان بەڵکو لە هەموو عێراقیشدا. بەمەش وەك پێشتر باسمان کرد یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان گەیشتە گەورەترین و سەرەکیترین ئامانجەکانی ئەویش دەسەڵات و کورسی حوکمە.
بەهەمان شێوە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەسەر ئاستی ڕێکخراوەیی و کاری سیاسی خۆی لەسەر ئاستی کوردوستان و ناوچەکە و دونیاش کەمتەرخەمی نەکردو بەردەوام بوو لە خەباتکردن بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی بەرنامە سیاسیەکەی خۆی کەلەکۆنگرەی یەکەمیدا لە ١/٢٧-١٩٩٢/٢/١٤ بڕیاری لەسەردا ئەویش بە پەسەنکردنی ڕێبازی سۆسیال دیموکراتەکان بوو وەك ڕێبازی خەباتی سیاسی و لەکۆنگرەی دووەمیشیدا لە ١/٣٠-٢٠٠١/٢/٥یشیدا جەختی لە خەبات و بەرنامەی سۆسیالیست و دیموکراتەکان کردەوە و لەو پێناوەشدا لەسەر زەمینەی واقیعی ناوخۆیی خۆی و کوردوستانیشدا پیادەی ئەو ڕچە و ڕێبازەی دەکرد بە ڕاسگۆیی و لەئەنجامی ئەو هەوڵ و بەشداریەشیدا لە کۆنگرە و کۆنفراسەکانی ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالدا بەسیفەتی ئەندامی

چاودێر و بەشدار و كارا لەساڵەكانی هەشتاكانەوە. ئەو ڕێكخراوەی خاوەنی زیاتر لە ١٦٠ ئەندامە لەسەرتاسەری گۆی زەویدا و ڕۆڵ و كاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دونیاو دووەمین گەورەترین ڕێكخراوی جیهانیە لەدوای ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە . لە دوا كۆنگرەی گشتی خۆیدا لە شاری ئەسینای پایتەختی یۆناندا لە ٢٠٠٨/٦/٣٠دا یەكێتی بەڕەسمی بوە ئەندامی كارای ئەو ڕێكخراوە و هەڤاڵ مام جەلالیش لەپرۆسەیەكی هەڵبژاردنی گشتی ئەو ڕێكخراوەدا و لەناو ٩٠ مونافیسدا كە دەیانكەسیان ژن بوون توانی دەنگی زۆرینە بەدەست بهێنێت و ببێتە جێگری سەرۆكی ڕێكخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال.

بەمەش یەكێتی لەسەر ئاستی ڕێكخراوەیی خۆیدا گەیشتە لوتكەی دەسەلات و بڕیار و ئیدی یەكێتی لە ڕێكخراوێكی سیاسی بچوكی ناوچەیی و نەتەوەیەكی بێ دەوڵەت و بێ سنوور و بێ ئالاو بێ سەروەریەوە بووە ڕێكخراوێكی عێراقی و ناوچەیی و دونیای و بەمەش ئەرك و كارەكانی سەر شانی قورستر بوو لەناوخۆی خۆیدا و لەناوخۆی كوردوستان و عێراقیشدا.

- لێرەدا گرنگ ئەوەیە كە یەكێتی لەدوای ئەو هەموو خەبات و مێژوو و قوربانیدان و شكست و هەڵسانەوە و گەیشتن بەدەسەلاتەدا.چی پێویستە بكات بۆ مانەوە و بەردەوام بوونی لەو دەسەلات و لوتكەی بڕیار و بالادەستی و بەهێزی و خاوەن جەماوەرییەیدا؟

وەلام تەنها بەگەڕانەوەیەتی بۆ لای جەماوەرە ڕەش و ڕووت و بەرفراوان و گەورەو دڵسۆزەكەی كە هەمیشە پشت و پەناو پشتیوانیەكی بەهێزی یەكێتی بوە لەهەموو ڕۆژە تەنگانەكان و پڕ مەترسیەكانیدا و بەدرێژایی خەباتی ٣٣ ساڵەیەیدا. ئەوەش بەگەڕانەوە دەبێت بۆ سەرەتا شۆڕشگێڕیەكان لەناو خۆی خۆیدا و بۆ گیانە خاكی و سادە و ساكارەكانی ڕابەر و سەركردەكانی دەبێت و بە پێشكەشكردنی باشترین خزمەتگوزاریەكان دەبێت و بە چێكردنی ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و ئیداری و كۆمەلایەتی هەمە لایەنە دەبێت لە ناو یەكێتی و لە ناو حكومەتی هەرێمی كوردوستانیشدا وەك شەریكە بەش و كاراكتەرێكی كاراو گرنگ و چالاك.

یەکێتی پێویستی بەیەك خستنی گوتار و کردار و هەڵوێست و ڕیزەکانی خۆیەتی لەناوخۆدا و دوورکەوتنەوە لە گیانی دووبەرەکی و دڕدۆنگی وپەرت وبلاوی هێز و ڕیزەکانێتی. پێویست دەکات هەمیشە گیانی هەڤالانە و تەبایی و لێبووردەیی پەیڕەو بکات لەجیاتی تولەسەندنەوە و تەصفیەکردنی هەڤالان و لەکارخستنیان و دوورخستەنەوەیان. هەموان دەبێت ئەو ڕاستیە بزانن کە یەکێتی هەمیشە بەدەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانیەوە جوان و گەشاوە و بەهێزبووە. چونکە یەکێتی یەکێتی هەموانە نەك یەکێتی بنەماڵە وناوچە وعەشرەت و گروپێکی دیاریکراو.

یەکێتی پێویستی بە پڕۆسەیەکی ئاشتەوایی ڕاسگۆیانەی بێ دووڕوویی و دڵڕازیکردن هەیە لەناو خۆیخۆیدا پێویستی بەڕێکخستنەوەی کاروانی خەبات و ماڵی خۆیەتی. پێویستی بە پڕۆسەیەکی بەسەرداچونەوەو لێووردبونەوەو چاودێری و ڕاسکردنەوەی لادان و هەڵەکان و زیادەڕۆییەکان هەیە بە گوتار و کردار و هەڵویستەکان و بە لایەنی دارایی و ئابوری و داهات و خەرجیەکان و دەسەلاتەکاندا. ئەم پڕۆسە وورد و زۆر هەستیارەش کات و ژیری و نەفەسی درێژ و شەفافیەتی تەواوی دەوێت .

بەهەمان شێوە یەکێتی پێویستی بە زیاتر چەسپاندنی دیموکراسیەت و دابینکردنی ئازادیەکانی ڕێکخراوەکان و تاکەکان و میدیا و زاکۆکان هەیە . پێویستی بەوە هەیە کە عەدالەتێکی کۆمەلایەتی لەناوخۆی خۆی و لە کوردوستان و عێراقیشدا بچەسپێنێت و پێویستی بە زیاتر ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و مندالان هەیە. پێویستی زیاتری هەیە بەیەکسانی ژنان و پیاوان و پێویستی بە زیاتری بوژانەوەو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خەلکی هەیە و پێوسیستە کۆمەڵگایەکی کوردەواری خۆش گوزەرانی بێنێتە دی و بونیات بنێت , یەکێتی پێویستی زۆری بە خۆنوێکردنەوەی بەردەوام هەیە لەڕابەر و سەرکردە و کادر و ئۆرگان و ڕچە و ڕێباز و بەرنامەی خەباتیدا. پێویستی بەنوێکردنەوە هەیە لە عەقڵ و بیر و بازودا.پێویستی بەخۆ دوورخستنەوە هەیە لە عەقلیەتی خۆسەپاندن و قۆرخکردنی دەسەلات و نەهێشتنی هەموو دیاردە دزێوەکانی گەندەڵی و مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و تەکەتولە ناڕەواو خزم خزمێنە و ناوچەگەرێتی و عەشایەرچێتی و بنەماڵە چێتی و...هتد.هەیە.

ئەگەر یەکێتی هەموو ئەم ئەرك و کارانە جێبەجیٚ بکات ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێتی دەتوانێت لەلوتکەی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئایندەشی وەکو ڕابوردوی بەرز و گەشاوە بێت, بەپێچەوانەشەوە بەرە و هەڵدێر و بچوکبونەوە و لاوازی و لەناوچوون و لەبیرچونەوە و پەراوێزخستنی مێژوو و نەوەکانی داهاتووش دەبێتەوە.

# ساڵــــــی

# ٢٠٠٥

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٥/١/٨ | د. ئەیاد عەلاوی لەنامەیەکیدا بۆ بەڕێزان مام جەلال و کاك مەسعود پشتگیری تەواوی خۆی بۆ جێبەجێکردنی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەت و مادەی ٥٨ ی کردەوە.١٢ |
| ٢٠٠٥/١/١٥ | نیگرۆپۆنتی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق لەنامەیەکیدا بۆ مام جەلال و کاك مەسعود پشتگیری خۆی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ٥٨ ی یاسای کاتی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق دووپات کردەوە.١٢ |
| ٢٠٠٥/١/٣٠ | بۆ یەکەم جار لەمێژووی دەوڵەتی عێراقیدا هەڵبژاردنی گشتی سەرتاسەری عێراق بەکوردوستانیشەوە بۆ پەرلەمانی عێراق و کوردوستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا.٤ |

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٥/٢/٣ | لەکۆبونەوەیەکی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیدا لەهاوینەهەواری صلاح الدیندا هەڤاڵ مام جلال پاڵێورا بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ و کاك مەسعودیش بۆ سەرۆکی هەرێم.١٢ |
| ٢٠٠٥/٢/١٣ | ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ پەڕلەمانی عێراقی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە بەم شێوەیە بوو٤٨٪بۆ شیعە و ٧ر٢٥٪بۆ کورد کە پلەی دووەم بوو و ٢١٧٥٥٥١ دەنگی بەدەستهێنا کەدەکاتە ٥٧ کورسی پەڕلەمان لەکۆی ٢٧٥ کورسی و ٨ر١٣٪بۆ لیستی العراقیە بوو. لیستی برایەتیش لەپارێزگای کەرکوك پلەی یەکەمی بەدەست هێناو ٢٣٧٣٠٣ دەنگی لەکۆی ٤٠٠٨٩٢ دەنگ. ١٢ |
| ٢٠٠٥/٢/٢٧ | پەڕلەمانی کوردوستان خۆی هەڵوەشاندەوە بۆ ئەوەی پەڕلەمانی هەڵبژێردراو کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات.١٢ |
| ٢٠٠٥/٣/١٦ | ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی هەڵبژێردراو یەکەم کۆبونەوەی خۆی ئەنجامدا کە کورد ٧٥ کورسی پەڕلەمانی تیادا هەبوو.١٢ |
| ٢٠٠٥/٣/١٧ | بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرۆکێکی ئەمریکا(( جۆرج بۆش)) پیرۆزبایی یادی جەژنی نەورۆزی لەگەڵ کورد کرد.١٢ |
| ٢٠٠٥/٤/٦ | بۆیەکەم جار لەمێژووی عێراق کە وڵاتێکی عەرەبی بوو کوردێك (( هەڤاڵ مام جەلال )) لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراقەوە هەڵبژێردرا بە سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ و ٢٢٧ دەنگی لەکۆی ٢٤٨ دەنگی ئەندامانی بەدەست هێنا.١٢ و ٢٦ |

٢٠٠٥/٤/١٢ بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردا وەزیری بەرگری ئەمریکا(( دۆناڵد ڕامسفێڵد ))سەردانی کوردوستانی کرد و لەلایەن کاك مسعود و هەڤاڵ مام جەلالەوە پێشوازیلێکرا.١٢

٢٠٠٥/٦/٤ لەدوای ٤ مانگ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردوستان یەکەم کۆبونەوەی خولی دووەمی خۆی سازدا بە ئامادەبوونی مام جەلال و کاك مەسعود و د.حاچم الحسنی سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراقی.١٥٨

٢٠٠٥/٦/١٢ لەکۆبونەوەیەکی پەرلەمانی کوردوستاندا و بە ئامادەبوونی نوێنەرانی ئەمریکاو بەریتانیا و کۆریا و یەکێتی ئەوروپا و باڵیۆزی نەتەوە یەکگرتوەکان و وڵاتانی ناوچەکە و ....هتد.بەڕێز مسعود بارزانی بەسەرۆکی هەرێمی کوردوستان دیاریکرا.١٢

٢٠٠٥/٨/٢٤ ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵ لەلایەن پەرلەمانی کوردوستانەوە پەسەندکرا.١٢

٢٠٠٥/٩/٨ سەردانی هەڤاڵ مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بۆ ئەمریکا و کۆبونەوەی لەگەڵ جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکا لەکۆشکی سپی و بۆ یەکەم جار لەکۆشکی سپیدا مام جەلال وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری ڕادیۆی دەنگی ئەمریکای بەکوردی دایەوە.١٢

٢٠٠٥/٩/١٤ کردنەوەی دانیشتنی یەکەمی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٦٠ ساڵ بەسەر دامەزرانیدا بە ئامادەبوونی ١٧٠ سەرۆك دەوڵەت و سەرۆك وەزیران لە جیهاندا.کە تیایدا مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بەشداریکرد.١٢

٢٠٠٥/٩/١٥ هەڤاڵ مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ وتەیەکی خوێندەوە و بۆ یەکەم جار لە مێژووی ٦٠

ساڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان و لە مێژووی کوردیشدا بەشێك لە وتارەکەی بەزمانی کوردی پێشکەش کرد.کە ئەمە گرنگیەکی گەورەی هەبوو.١٢

٢٠٠٥/١٠/١ بۆیەکەم جار لەمێژووی کورددا نەتەوە یەکگرتوەکان بەڕەسمی مامەڵەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردوستان کرد.٢٣١

٢٠٠٥/١٠/١٥ گەلانی عێراق بەهەموو پێك هاتەکانیەوە و بەڕێژەی ٦٣٪دەنگیان لەسەر ڕەشنوسی دەستوری هەمیشەیی عێراقی فیدڕاڵدا.و بوە دەستوری هەمیشەیی بۆ کۆماری عێراقی فیدڕاڵ و دیموکراسی.١٢

٢٠٠٥/١٠/١٩ دەسپێکردنی دادگایکردنی صدام و داروەدەستەکەی بۆ یەکەم جار و سەرۆکی دادگاکەش دادوەری کورد ڕزگار محمد امین بوو.٢٣١

٢٠٠٥/١٠/٢٢ یەکگرتوی ئیسلامی جیابونەوەی خۆی ڕاگەیاند لە لیستی یەکگرتووی کوردوستان بۆ بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەڕلەمانی عێراقیدا.١٢

٢٠٠٥/١١/١ بۆیەکەم جار لەمێژووی شاری سلێمانیدا گەشتی ئاسمانی بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی دەستی پێکرد.١٢

٢٠٠٥/١١/٧ هەڤاڵ مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق گەیشتە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا.١٢

٢٠٠٥/١١/١٠ هەڤاڵ مام جەلال چ وەك سەرۆك کۆماری عێراق و چ وەك سەرکردەیەکی کوردیش چاوی بە پاپای ڤاتیکان کەوت لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا و ئەم سەردانەش گرنگی خۆی هەبوو.١٢

٢٠٠٥/١٢/٦ بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامی لە دهۆك و زاخۆ و ئاکرێ و ئامێدی و بەردەڕەش کەوتنە بەر هێرش و

پەلاماری لایەنگرانی پارتی. کە کاردانەوەیەکی خراپی ناوخۆیی و جیهانی و ناوچەیی هەبوو. چونکە لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقیدا بوو.١٢

٢٠٠٥/١٢/١ لەچاوپێکەوتنێکی ئەندامێکی باڵی ئیسلاّحی سەر بەمەلا کرێکار لەگەڵ ڕۆژنامەی(( الحیاة )) دا ئاشکرای کردوە کە کوشتنی عەبدولاّی قەسریٚ دەستی خودی کۆمەڵی ئیسلامی تیادا بوە.١٦

٢٠٠٥/١٢/٨ ئەمینداری گشتی یەکگرتوو(( مامۆستا صلاح الدین بەهائەدین )) داوای لە کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکان لە عێراقدا کرد کە هەڵبژاردن لە پارێزگای دهۆکدا ڕابگرێت.١٢

## ساڵی

# ٢٠٠٦

٢٠٠٦/١/٧ یەکێتی و پارتی ڕێککەوتن لەسەر یەکگرتنەوە هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی.١٢

٢٠٠٦/١/٢١ * کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەنجامی هەڵبژاردنی پەڕلەمانی عێراقی بەم شێوەیە ڕاگەیاند: ١٢٨ کورسی بۆ لیستی ئیئتیلافی شیعی و ٥٣ کورسی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردوستان و ٤٥ کورسی بۆ لیستی بەرەی تەوافوق و ٢٥ کورسی بۆ لیستی ئەلعێراقیە و ١٤ کورسی بۆ لیستی دایەلۆگی نیشتیمانی و ٤ کورسی بۆ یەکگرتوی ئیسلامی و ئەوانی تریش بۆ لیستەکانی تر و کۆی گشتی کورسیەکان بریتی بوو لە ٢٧٥ کورسی.١٢

* لەکۆبونەوەیەکی نائاسایی پەڕلەمانی کوردوستاندا و بەئامادەبوونی بەڕێزان هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود و باڵوێزی ئەمریکا و بەریتانیا و ڕوسیا و ئێران و چینی میلی و چەندین کەسایەتی تری عێراقیدا . ڕێکەوتنامەی

یــەكێتی و پــارتی ئیمزاكــرا بــۆ یەكخــستنەوەی هــەردوو ئیدارەكــە و ڕاســپاردنی نێــچیرەڤان بــارزانی ســەرۆكی حكومەت و عومەر فەتاح بە جێگری سەرۆكی حكومەت بــۆ پێــك هێنــانی كابینــەی پێنجــەمی یــەكگرتووی حكومەتی هەرێمی كوردوستان.١٢

٢٠٠٦/٢/١٢ جارێكی تر ئیبراهیم جەعفەری سەرۆكی حیزبی دەعوەی ئیــسلامی لەلایــەن لیــستی ئیئتیلافــی شــیعەكانەوە هەڵبژێردرایەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق.١٢

٢٠٠٦/٢/١٨ كۆبونــەوەی لیــستەكانی هاوپــەیمانی كوردوســتان و ئەلعێراقیە و بەرەی تەوافوق و پارتی ئیسلامی عێراقی بەمەبەستی پێكهێنانی حكومەتێكی فرە لایەنە لەشاری بەغداد.١٢

٢٠٠٦/٢/٢٢ پەرلەمانی كوردوستان لەكۆبونەوەیەكی نائاسایی خۆیدا بەكۆی دەنگ پەسەندی ڕێكەوتنی نێوان پارتی و یەكێتی كــرد.بــۆ پێكهێنــانی كابینــەی پێنجــەمی یــەكگرتووی حكومەتی هەرێمی كوردوستان.١٢

٢٠٠٦/٢/٢٨ هــەڤاڵ مــام جــەلال ســەرۆك كۆمــاری عێــراق بەئاشــكرا دژایــەتی خــۆی ڕاگەیانــد دژی ســەردانەكەی ئیــبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ توركیا بەبێ پرس و ڕا بە سەرۆكایەتی كۆمەڵەی نیشتیمانی و سەرۆكایەتی كۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانیش.١٢

٢٠٠٦/٣/٢ لیستی هاوپەیمانی كوردوستان لەسەر زاری د.محمود عوسمــان دژایــەتی كــورد و چــەند لیــستێكی ســونەی ڕاگەیاند بۆ هەڵبژاردنەوەی ئیبراهیم جەعفەری بۆ سەرۆك وەزیری.١٢

٢٠٠٦/٣/٤ هەڤاڵ مام جەلال لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند کە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی بۆ جاری دووەم لەلایەن ئیبراهیم جەعفەریەوە مەترسی بۆ سەر یەکگرتوویی و یەکێتی عێراق هەیە لە داهاتوودا.١٢

٢٠٠٦/٣/٥ د. بەرهەم ئەحمەد صالح چاوی بەمەرجەعی گەورەی شیعەکان ئایەتولاّ عەلی سیستانی و موقتەدا صەدر لەشاری نەجەف کەوت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی نائارامی ناوەڕاست و باشوری عێراق.١٢

٢٠٠٦/٣/١٦ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵی هەڵبژێردراو لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥/١٢/١٥ وە یەکەم کۆبونەوەی پرۆتۆکۆلی خۆی سازدا بە ئامادەبونی مام جەلال و کاك مەسعود و بەهۆی گەورەیی تەمەنەوە د.عدنان پاچەچی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکەی کرد.١٢

٢٠٠٦/٣/٢٢ جارێکی تر سەرۆك جۆرج بۆش پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی لەگەڵ کورد و فارس و ئەفغان کردەوە.١٢

٢٠٠٦/٤/٤ یەکەم کۆبونەوەی فراوانی یەکێتی و پارتی و هەموو پارتە سیاسیەکانی تر دوای پێکهێنانی کابینەی یەکگرتووی حکومەت بە ٤٢ وەزیر.١٢

٢٠٠٦/٤/٩ لیستی هاوپەیمانی کوردوستان بەڕەسمی بە لیستی شیعەکان و لیستەکانی تری ناو پەرلەمانی عێراقی ڕاگەیاند کە دژی هەڵبژاردنەوەی ئیبراهیم جەعفەریە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیرانی لەبەرامبەر هەڵوێستە دژەکانی بەکورد.١٢

٢٠٠٦/٤/٢٢ * سازدانی یەکەم کۆبونەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی عێراقی بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆك و ٢ جێگری بۆ پەرلەمان کە ئەوانیش د. محمود مەشهەدانی بوە سەرۆکی ئەنجومەن و د. خالد عەتیە / شیعە و عارف

تەیفور/ کورد بۆ هەردوو جێگری یەکەم و دووەمی سەرۆك.لەهەمان کۆبونەوەشدا پەرلەمان هەستا بە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و هەردوو جێگرەکەی کە ئەوانیش (( هەڤاڵ مام جەلال و د. عادل عەبدول مەهدی و د. تاریق هاشمی )) بوون و ١٩٧ دەنگی بەدەست هێنا ١٢.

* هەڤاڵ مام جەلال سەرۆك کۆمار و زاڵمای خەلیل زاد باڵیۆزی ئەمریکا گەیشتنە شاری هەولێر و لەلایەن کاك مەسعودەوە پێشوازی لێکران.١٢

٢٠٠٦/٥/٧ لەکۆبونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی کوردوستاندا, پەرلەمان پەسەندی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردوستانی کرد بەسەرۆکایەتی نێچیر بارزانی و عومەر فتاح جێگری سەرۆك وەزیران و ٤٠ وەزیر.و دواتر کابینەی حکومەت سوێندی یاساییان لەبەردەم سەرۆکی هەرێم خوارد.١٢

٢٠٠٦/٥/٢٠ دوای ٥ مانگ لە بیروڕاگۆڕینەوە لە نێوان پارت و لیستە جیاوازەکاندا و هەڵبژاردنی د.نوری کامل مالیکی لەجێگەی ئیبراهیم جەعفەریدا.توانرا کابینەی یەکەمی حکومەتی هەمیشەیی بۆ ماوەی ٤ ساڵ لە عێراقدا بەسەرۆکایەتی نوری مالکی پێك بهێنرێت و هەڤاڵ د. بەرهەم احمد صالحیش بوە جێگر و لە ٣٧ وەزیر پێکهاتبوو.١٢و١٣٩

٢٠٠٦/٥/٢٣ خاتو هێرۆ ایبراهیم احمد بەشداری لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی ژناندا کرد بەناو (( ژن لە بازرگانیدا)).١٣٩

٢٠٠٦/٥/٢٨ * وەفدێکی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال بەسەرۆکایەتی لویس ئایالا گەیشتنە شاری سلێمانی.٢٢

* هەڤاڵ عومەر فتاح بەسەرۆکایەتی وەفدێکی حکومی سەردانی بەڕازیلی کرد.١٣٩

٢٠٠٦/٥/٢٩ کۆبونەوەی گروپی کوردی لە ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالدا لە هاوینە هەواری دوکان لەگەڵ وەفدی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال کە بەسەردانێك هاتبونە کوردوستان, گروپی کوردی بریتین لەم پارتە سیاسیە کوردیانە(( یەکێتی و پارتی و حیزبی دیموکراتی کوردوستانی ئێران وکۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردوستانی ئێران و حیزبی تەجەموعی دیموکراتی تورکیا)).١٣٩

٢٠٠٦/٥/٣١ شاندێکی کۆنگرێسی ئەمریکا کە پێك هاتبوو لە ٦ ئەندام بۆ یەکەم جار سەردانی هەرێمی کوردوستانیان کرد.١٢

٢٠٠٦/٦/٨ گەورە تیرۆریستی ڕێکخراوی القاعیدە لە عێراقدا ابو مصعب الزرقاوی کوژرا لە شارۆچکەی هبهب نزیك خالص.١٣٩

٢٠٠٦/٦/١١ هەڤاڵ مام جەلال دامەزراندنی دەزگای لێپرسینەوەی لەناو یەکێتیدا ڕاگەیاند.١٣٩

٢٠٠٦/٦/٢١ هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول علی لەلایەن پەرلەمانەوەو بەتێکڕای دەنگ متمانەی پێدرا وەك جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردوستان.١٣٩

٢٠٠٦/٨/١٥ پێك هێنانی لیژنەی تایبەت بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە.١٣٩

٢٠٠٦/٩/٢٠ هەڵبژاردنی ڕێکخستنەکان لەکۆمیتەکاندا لەسەرجەم ٣٦ مەڵبەنددا دەستیپێکردو تا ٢٠٠٦/١٠/١٣ی خایاند.١٣٩

| | |
|---|---|
| سەرەتای ٢٠٠٦/١٠ | دوای پەسەنكردنی پرۆژەیەكی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاوە بۆ هەڵبژاردنی سەرجەم ئۆرگانەكانی ڕێكخستنی یەكێتی بەمەبەستی خۆ ئامادەكردن بۆ كۆنگرەی سێی یەكێتی . هەڵبژاردنەكان لەسەرجەم پۆل و كەرت و كۆمیتە و مەڵبەندەكاندا كرا و ئەنجام باڵی هێڵی گشتی ئەوانەی ئیمزایان نەكردبوو دژ بەمام جەلال سەركەوتنیان بەسەر باڵی ڕیفۆرم ئەوانەی ئیمزایان كردبوو دەرچوو. كە ئەم هەڵبژاردنە هێندەی تر ململانێكانی توند و تۆخ كردەوە لەناو ڕیزەكانی یەكێتیدا و دیاردەی پارە خەرجكردن و ئۆتۆمبێل كڕین و پلە و پایە پێدان و زەوی پێدان و بەڵێن دان و هەڕشەو گوڕەشە و ڕەشوەی تێكەوت كە ناو وناوبانگی یەكێتی و سەركردایەتیەكەی پێلەكەدار بوو.٣٦ |
| ٢٠٠٦/١٠/٢٩ | سازدانی كۆنفرانسی مەڵبەندی یەكی ڕێكخستنی سلێمانی و هەڵبژاردنی ستافێكی نوێ بۆ دەستەی كارگێڕ و هەڵبژاردنی هەڤاڵ بەرزان احمد كوردە بەلێپرسراوی نوێی مەڵبەند لەجێگەی هەڤاڵ ئاسۆ علی ٣٦. |
| ٢٠٠٦/١١/٧ | بۆ یەكەم جار وەفدێكی یەكێتی بەسەرۆكایەتی هەڤاڵ حەمە تۆفیق ڕەحیم وەك ئەندامی ڕەسمی سۆسیال ئەنتەر ناسیونال بەشداری لە كۆنفرانسی ڕێكخراوەكەدا كرد لە وڵاتی شیلی لەئەمریكای لاتین.١٣٩ |
| ٢٠٠٦/١١/١٠ | هەڤاڵ مام جەلال سەردانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفای كرد لەسلێمانی دوای كۆتایهاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ڕێكخستنەكان كە تیایدا باڵی هێڵی گشتی سەركەوتنی بەدەست هێناو باڵی ڕیفۆرمیش توشی شكست هات , بەمەش ناكۆكیەكان هێندەی تر زیادیكرد.١٣٩ |

٢٠٠٦/١٢/٢ دەست لەکار کێشانەوەی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا لە پۆستی جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی.٢٥٧

٢٠٠٦/١٢/٧ لیژنەیەکی ئەمریکی بەسەرۆکایەتی هەردوو سیناتۆر (( جێمس بیکەر و نیل هاملتۆن)) بۆ لێکۆڵینەوە لەڕەوشی عێراق بەنهێنی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦وە پێك هێنرا و لەماوەی ١٢ مانگدا چاویان بە ١٧٦ کەسایەتی ئەمریکی و ئەوروپی و عەرەبی و عێراقی بەهەموو پێك هاتەکانیەوە کەوت و بەڕەسمی ڕاپۆرتەکەیان دایە سەرۆك بۆش و ٧٩ تەوصیەیان دایە حکومەتی سەرۆك بۆش. هەرچەندە ئەم تەوصیەیانەیان مولزەم نیە بۆ جێبەجێکردن لەلایەن حکومەتی سەرۆك بۆشەوە بەلاّم گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە بۆ ئاینده و کارکردن لەسەری. لەو کەسایەتیانەی کورد سەرۆك مام جەلال و د. بەرهەم و هوشیار زێباری و د. محمود عوسمان بوون. و لەم ڕاپۆرتەیاندا کەروکیان بەبەرمیلێك باروت شوبهاندبوو.٣٦

٢٠٠٦/١٢/٢٢ هەڤاڵ مام جەلال و کاك مەسعود نامەیەکی ناڕەزاییان نارد بۆ سەرۆك بۆش لەسەر ڕاپۆرتەکەی بیکەر هاملتۆن.١٣٧

٢٠٠٦/١٢/٢٦ هەڤاڵ مام جەلال سەردانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفای کرد لەسلێمانی.١٣٨

# ســـــــالّــــــى

# ٢٠٠٧

٧و٨و ٢٠٠٧/١/٩ بەستنی پلینۆمی یەکێتی لە قەلاچوالان بەبەشداری ٨٠٠ ئەندام.١٩و١٤٠

٢٠٠٧/١/١٠ * هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی هەریەکە لە هەڤاڵان کۆسرەت ڕەسول و هەڤاڵ د. بەرهەم احمد ی دیاریکرد بە جێگرانی خۆی.١٤١

* کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆبووەوە بەمەبەستی تاوتوێکردنی بڕار و ڕاسپاردەکانی پلینۆم.١٤٢

٢٠٠٧/١/١٣ مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی سەرکردایەتی بڕیاری پێکهێنانی لیژنەی باڵای ئامادەکاری کۆنگرەی گشتی سێیەمی یەکێتیاندا.١٤٣

٢٠٠٧/١/١٥ هەڤاڵ د.کمال فؤاد کرایە لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسی.١٤٤

٢٠٠٧/١/٢٣ هەڤاڵ مەلا بەختیار لەشاری عەمانی پایتەختی ئۆرودن لەگەڵ محمود عباسی سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی کۆبۆوە.١٤٥

٢٠٠٧/٢/٦ یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردوستان کەبەر یەکێتی کەوتبوو.١٤٦

٢٠٠٧/٢/٢١ هەڤاڵ جەلال جەوهەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەو هەواڵەی ڕەتکردەوەکە وازی هێناوە لە یەکێتی .١٤٧

٢٠٠٧/٢/٢٢ * هەردوو هەڤالأن ئاواتی شێخ جەناب و ئاسۆ علی هەواڵی وازهێنانیان ڕەتکردەوە لە یەکێتی.١٤٨

* لەکۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بڕیاردرا بەدانانی هەڤاڵ شەماڵ عەبدول وەفا بە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیەکانی دەرەوەو هەڤاڵ کوردۆ قاسم بە لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندیە کوردوستانیەکان و هەڤاڵ حامد حاجی خالد بە لێپرسراوی مەکتەبی کۆمەلأیەتی و هەڤاڵ مامۆستا جوامێر بە لێپرسراوی مەکتەبی مافی مرۆڤ و هەڤالأن عارف ڕوشدی و ئاسۆ علی و شۆڕش ئیسماعیل و سەفینی مەلا قەرە بە ئەندامی مەکتەبی ڕێکخستن.١٤٩

٢٠٠٧/٢/٢٥ هەڤاڵ مام جەلال توشی نەخۆشیەکی کتوپڕ بوو کە وەزعی خراپ بوو هەربۆیە بۆ بەیانی و بەپەلە گەیەنرایە ولأتی ئوردون بۆ چارەسەر.١٥٠

٢٠٠٧/٣/١٤ * کۆچی دوایی مەلا علی عبدالعزیز ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی بەنەخۆشی.٣٤

* گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ کوردوستان دوای ٢ هەفتە چارەسەر وەرگرتن لە ئوردون جەماوەرێکی گەورە پێشوازیان لێکرد لەشاری سلێمانی.١٥١

٢٠٠٧/٣/٢٧ بەڕێکەوتنی مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراقی فیدڕاڵ بەرەو ولأتی سعودیە بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی لوتکەی سەرانی ولأتانی عەرەبیدا.کە ٢٨ و ٢٩ /٣/ ٢٠٠٧ دەخایەنێت.١٥٢

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٧/٥/٦ | نیکۆلای سارکۆزی دۆستی کورد بوە سەرۆك کۆماری فەڕەنسا.١٥٣ |
| ٢٠٠٧/٥/١٤ | هەردوو هەڤاڵ بەکر صدیق / بەکرە قیت لێپرسراوی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی شاری هەولێر و مەلا برایم مەلا قەرە کارگێڕی مەڵبەندی ٣ ی هەولێر لەڕووداوێکی ئۆتۆمبێلدا گیانیان سپارد.١٥٤ |
| ٢٠٠٧/٥/٢٠ | دۆستی دێرینی گەلی کوردو یەکێتی د. بێرنارد کۆشنەر دەستنیشان کرا بە وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا.١٥٥ |
| ٢٠٠٧/٦/٢٠ | سەرۆك مام جەلال بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە کۆماری گەلیی چین.١٥٦ |
| ٢٠٠٧/٦/٢٤ | حوکمی لەسێدارەدان بەسەر تاوانبار علی حەسن مەجید (( کیمیاوی)) دا سەپێنرا لەپایی تاوانی ئەنفالەکان.١٥٧ |
| ٢٠٠٧/٦/٣٠-٢٩ | هەڤاڵ مام جەلال و شاندێکی یاوەری بەشداریان کرد لە کۆنگرەی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالدا لەشاری جنێڤی سویسرا , هەرلەم کۆنگرەیەدا دێنیس بایکاڵ سەرۆکی پارتی گەلی کۆماریی تورکیاش بەشداریکرد , ناوبراو لەکاتی خوێندنەوەی وتارەکانی هەڤاڵ مام جەل و کاك مەسعوددا چوە دەرەوەی هۆڵەکە و لەبەرامبەریشدا وەفدی کوردیش لەکاتی خوێندنەوەی وتاری ناوبراودا هۆڵەکەیان بەجێهێشت.١٦٠ |
| ٢٠٠٧/٧/٣ | هەڤاڵ مام جەلال و هەڤاڵ نەوشیروان مستەفاو مولازم عومەر دەربارەی بارودۆخی عێراق گفتوگۆیان کرد لەسلێمانی.١٦١ |
| ٢٠٠٧/٧/١٦ | * تەقینەوەیەکی گەورە لەشاری کەرکوکدا ڕوویدا و ٨٥ کوژراو و ١٨٠ بریندار لێکەوتەوە.١٦٢ |

| | |
|---|---|
| | * حکومەتی هەرێمی کوردوستان ٦ هەزار پێشمەرگەی نارده کەرکوك بەرێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ پاراستنی بۆریە نەوتەکانی کەرکوك.١٦٢ |
| ٢٠٠٧/٧/٢٧ | رێکەوتنی ستراتیژی لەنێوان پارتی و یەکێتیدا ئیمزاکرا لە هاوینە هەواری صلاح الدین.١٦٣ |
| ٢٠٠٧/٧/٢٨ | هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا کرد لە قەلاچوالان.١٦٣ |
| ٢٠٠٧/٧/٣١ | د.رائید فەهمی وەزیری زانست و تەکنەلۆژیای عێراق دانرا بە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوور.١٦٤ |
| ٢٠٠٧/٨/٩ | دوای نەخۆشیەکی کوشندە و درێژخایەن هەڤاڵ جبار فەرمان کۆچی دوایی دەکات لەشاری سلێمانی.١١٣ |
| ٢٠٠٧/٨/١٦ | یەکێتی و پارتی و حیزبی دەعوەی ئیسلامی و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعی رێکەوتنامەیەکی چوار قۆڵیان ئیمزاکرد لەشاری بەغداد بەمەبەستی بەرەو پێشچوونی رەوشی سیاسی و ئەمنی لە عێراقدا.٢٢ |
| ٢٠٠٧/٨/٣١ | کردنەوەی زانکۆی ئەمریکی لەشاری سلێمانی بەئامادەبوونی هەڤاڵ مام جەلال کە گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ کوردوستان و عێراق چونکە شەشەم زانکۆی ئەمریکیە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.١٦٩ |
| ٢٠٠٧/٩/٥ | * نەخۆشخانەیەکی گەورەو نوێی شۆرش کرایەوە لەسلێمانی تایبەت بە پێشمەرگە و کەسوکاری شەهیدان کە سەر بەفەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەیە.١٦٥<br>* پێشمەرگەی دێرین غەریب عەسکەری کۆچی دوای کرد لەشاری سلێمانی.١٦٥ |

| | |
|---|---|
| ٧و٢٠٠٧/٩/٨ | وەفدێکی ژنانی یەکێتی بەشداریان لە کۆنفرانسێکی ژنانی سۆسیال ئەنتەر ناسیونالدا کرد لەشاری شتوتگارتی ئەڵمانیا.١٦٦ |
| ٢٠٠٧/٩/٢١ | کارەساتی خێڵی حەمە ڕویدا کە ٥٠ پێشمەرگەی یەکێتی کوژراو سەربڕا لەلایەن جوند لئیسلامەوە.١٧ |
| ٢٠٠٧/٩/٢٥ | فەرماندە و پێشمەرگەی دێرین علی سەمین ناسراو بە علی سوور لە شارۆچکەی کفری تیرۆرکرا.١٦٧ |
| ٢٠٠٧/٩/٢٨ | سەرۆك تاڵەبانی و وەفدێکی یاوەری بەشداریان لە سێیەمین کۆنفرانسی ((دەستپێشخەری جیهانی کلینتۆن)) کرد لەشاری نیبۆرکی ئەمریکا.١٦٨ |
| ٢٠٠٧/١١/١٣ | تێکۆشەری ناسراوی ڕێکخستنەکان (( مستەفا ئیبراهیم دەروێش)) ناسراو بە شاسوار لە ئەڵمانیا بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.١٧٠ |
| ٢٠٠٧/١٢/٢٤ | یەکێتی و پارتی و حیزبی ئیسلامی عێراقی سونی یاداشتنامەیەکی لێك تێگەیشتنیان ئیمزاکرد بەمەبەستی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە هاوینە هەواری دوکان.٢٢ |
| ٢٠٠٧/١٢/٢٧ | هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ هەڤاڵان کۆسرەت و د. بەرهەم و د.فؤاد معصوم سەردانی هەڤاڵ نەوشیروان مستەفایان کرد لەشاری سلێمانی.١٧١ |
| ٢٨-٢٠٠٧/١٢/٣١<br>تا ٣-٢٠٠٨/١/٦ | کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی درێژەیان هەبوولە شاری سلێمانی.١٧٤ |
| ٢٠٠٧/١٢/٣٠ | بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لەسلێمانی گرێدرا.١٧٢ |

# ســــــاڵــــی

# ٢٠٠٨

| | |
|---|---|
| ٢٠٠٨/١/٦ | هەڤاڵ مەلا بەختیار دەستنیشان کرا بە گووتە بێژی ڕەسمی مەکتەبی سیاسی.١٧٣ |
| ٢٠٠٨/١/٨ | لەکۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بڕیاردرا کە پۆستی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردوستان لای پارتی بمێنێتەوە کە دەبوو لە ٢٠٠٨/١/١وە ئەو پۆستە یەکێتی وەریگرێت بۆماوەی ٢ ساڵی داهاتوو.١٧٥ |
| ٢٠٠٨/١/١٨ | ڕوفاتی ٣٥٨ ئەنفالکراوی دۆڵی جافایەتی لەدوکان بەخاك سپێردران.١٧٦ |
| ٢٠٠٨/١/٣٠ | سەرۆك مام جەلال بەسەردانێك گەیشتە شاری کەرکوك.١٧٧ |
| ٢٠٠٨/٢/١٠ | ئالأی نوێی عێراق بەڕەسمی لەهەرێمی کوردوستاندا هەڵکرا دوای ئەوەی لەلایەن پەڕلەمانی عێراقەوە ٣ ئەستێرەکەیان لابرد کە نیشانەی دروشمی ((وحدة و حرية و ئیشتراکیة))ی حیزبی بەعس بوو.١٧٨ |
| ٢٠٠٨/٢/٢١ | هێرشی تورکیا بۆسەر پەکەکە و هەرێمی کوردوستان دەستی پێکرد.١٧ |
| ٢٠٠٨/٣/٧ | کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ هەڤاڵ مام جەلال وەك سەرۆك کۆماری عێراق و وەفدێك گەیشتنە ئەنکەرەی پایتەختی تورکیا, بەمەبەستی هێورکردنەوەی بار گرژی نێوان عێراق و تورکیا لەلایەك و نێوان هەرێمی کوردوستان و تورکیا لەلایەکی ترەوە و باسکردنی کێشەی پەکەکە و |

ئـەم سـەردانە لەکاتێکـدا بـوو کـە سـوپای تورکیـا لـەناو خاکی کوردوستاندا شەڕی دژی پەکەکەی دەکرد.١٨٠

٢٠٠٨/٣/١٠ لەشـاری سـلێمانی و لەبـەردەم ئوتێـل سـلێمانی پالأسـدا ئۆتــۆمبێلێکی بۆمبڕێــژکراو تەقیــەوە و ١ شــەهید و ٣٤ بریندار لێکەوتەوە.١٨١

٢٠٠٨/٣/١١ کــۆنگرەی یــەکێتی پەڕلەمانــەکانی عــەرەب لــە شــاری هـەولێری پایتـەختی کوردوسـتان بەسەرپەرشـتی هـەڤاڵ مام جەلال سازدراو ماوەی ٣ ڕۆژی خایاند.١٨٢

٢٠٠٨/٣/١٨ دیـك چـینی جێگـری سـەرۆکی ئـەمریکا بـۆ یەکـەم جـار سەردانی هەرێمی کوردوستانی کرد.١٨٣

٢٠٠٨/٣/٢٤ وەفدێکی بالأی ڕوسیا بەسەرۆکایەتی نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕوسیا کە باڵوێزی ڕوسیاشە لەعێراق ڤلادیمێر چامۆڤ سەردانی هەرێمی کوردوستانیان کرد.١٨٤

٢٠٠٨/٥/٨ * هـەڤاڵ مـام جـەلال لـە سلێمانی پێشوازی لە وەفدێکی پەڕلەمانتارانی کوردی تورکیا کرد.١٨٧

* یەڤگینی بریماکۆڤ وەزیری دەرەوەو سەرۆك وەزیرانی پێــــشوتری ڕوســــیاو ســــەرۆکی ژوورە بازرگــــانی و پیـشەسازیەکانی ڕوسـیای ئێـستا و وەفـدێکی گـەورەی بازرگــانی ســەردانی شــاری ســلێمانی و هــەرێمی کوردوستانیان کـرد لـە سـەر داوەتنامەیـەکی هـەڤاڵ مـام جەلال.١٨٨

٢٠٠٨/٥/١١ یەکـەمین کۆنفرانسی مەکتـەبی ڕێکخـراوە دیموکراتیـەکان لەشاری سلێمانی سازدرا.١٨٩

٢٠٠٨/٥/٢٤ وەفـدێکی حیزبـی سۆسـیال دیمـوکراتی سـوید گەیـشتنە شاری سلێمانی و سـەردانی بارەگـای مەکتـەبی سیاسـیان کرد.١٩١

٢٠٠٨/٥/٢٧ هـــەڤاڵ د. بەرهـــەم احمـــد ســـەردانی هـــەڤاڵ نەوشـــیروان مستەفای کرد لەشاری سلێمانی بۆ هێورکردنەوەی ئەو بارگرژیـــەی لەچـــەند ڕۆژی ڕابـــوردودا لـــەنێوان هـــەڤاڵا نەوشـیروان مـستەفاو ئەرسـەلان بـایز و مـەلا بـەختیاردا ڕوویدا.١٩٢

٢٠٠٨/٦/١ هەڤاڵ مام جەلال کەناڵی سەتەلایتی گەلی کوردوستانی کردەوە لەشاری سلێمانی.١٩٤

٢٠٠٨/٦/٥ سـتیڤان دیمیـستۆرا نوێنـەری نەتـەوە یـەکگرتوەکان لـە عێراق قۆناغی یەکەمی پێشنیازەکانی دایە دەست هەڤاڵ مام جەلال تایبەت بەو جێگەیانەی کە ناکۆکیان لەسەرە و ئـــەم پێـــشنیازانەی بـــوە جێگـــەی نـــاڕەزایی هـــەموو پێکهاتـــەکانی عێـــراق بـــەکوردو عـــەرەب و تورکومـــان و ئاشوریەوە.١٩٥

٢٠٠٨/٦/٢٥ دیداری هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ سەرۆك بۆش لەکۆشکی سپی .٢٥

٢٠٠٨/٦/٢٦ دیـداری هـەڤاڵ مـام جـەلال لەگـەڵ دیـك چـینی جێگـری سەرۆکی ئەمریکا .٢٥

٢٠٠٨/٦/٢٨ دیداری هەڤاڵ مام جەلال لەگەڵ جۆن مەکینی پاڵێوراوی حیزبی کۆماریەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا.٢٥

٢٠٠٨/٦/٣٠ * بەســـتنی ٢٣ هـــەمین کۆنفرانـــسی سۆســـیال ئەنتـــەر ناسیونال لە ئەسینای پایتەختی یۆنان. کە تیایدا هەڤاڵ مام جەلال هەڵبژێردرا بە جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە و یەکێتیش بوە ئەندامی کارا . کە ئەم ڕێکخراوە زۆر گەورە و کاریگەرە لە دونیادا.٢٥

* هــەڤاڵ مــام جــەلال هەڵبــژێردرا بــۆ جێگــری ســەرۆکی ڕێکخـراوی سۆسـیال ئەنتـەر ناسـیونال لـە پرۆسـەیەکی

هەڵبژاردندا كە ٩٠ كاندیدهەبون و دواتر بونە ٣٠ كاندید و لەناویاندا ١٠ ژن هەبوو و لەكۆتایدا هەڤاڵ مام جەلال بێ ڕكابەر هەڵبژێردرا.كە ئەمە یەكەم جارە لە مێژووی ئەو ڕێكخراوەدا لەساڵی ١٩٥١وە كەسایەتیەكی كوردی و عێراقی و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ئەو پۆستە وەربگرێت. ٣٦

٢٠٠٨/٧/١١ هەڤاڵ حەمە چاوشین ئەندامی مەكتەبی ڕێكخستن كۆچیی دوایی كرد لە سلێمانی بەهۆی نەخۆشیەوە.١٥٩

٢٠٠٨/٧/١٨ هەڵبژاردنی مەلا محمد عمر عبدالعزیز بەڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی لەكوردوستان.٣٤

٢٠٠٨/٧/٢٢ لەدانیشتنێكی پەرلەمانی عێراقیدا بەمەبەستی دەنگدان لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكانی عێراق . بەئامادەبونی ٢٣٠ ئەندام پەرلەمان . دوای ئەوەی سەرۆكی پەرلەمان محمود مەشهەدانی دوور لەیاسا و ڕەچاوكردنی بنەما دەستوریەكان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لەسەر بەندی ٢٤ی یاساكە كە تایبەت بوو بە هەڵبژاردن لەشاری كەركوك دەنگدانی نهێنی ئەنجامدا و لەكۆی ١٤٠ ئەندامی ئامادەبوو ١٢٧ دەنگ درا بەپرۆژەكە و ٣ ئەندام دەنگیان نەداو ١٠ ئەندامی تر چوونە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان . ئەمە جگە لەوەی كە كوتلەی هاوپەیمانی كوردوستان و یەكگرتوی ئیسلامی كوردوستان كە ٥٧ ئەندامن هۆڵەكەیان بەجێهێشت وەك ناڕەزاییەك . ئەم كارە مانای گەڕانەوەی كەركوكە بۆ ژێر دەسەلاتی بەغداد و پێشێلكردنی مادەی ١٤٠ی دەستورەو بەكورتی دژی مەسەلە و مافە ڕەواكانی گەلی كوردە. ئەم كارە ناڕەزاییەكی گەورەی لە كوردوستان

تەنانەت عێراقیشدا نایەوەو بارودۆخی سیاسی شێواند .
٣٦

٢٠٠٨/٧/٢٣ * سەرۆکایەتی هەرێم بەیانێکی ناڕەزایی بڵاوکردەوە و پابەند نەبونی هەرێمی کوردوستانی بەو یاسایەوە ئاشکراکرد.٣٦

* پەرلەمانی کوردوستانیش کۆبونەوەیەکی نائاسایی سازداو بەئاشکرا ناڕەزایی خۆی ئاشکرا کرد بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوتە دوور لەیاسیی و دەستوریەی پەرلەمانی عێراقی.٣٦

٢٠٠٨/٧/٢٤ * هەڤاڵ مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق و هەردوو جێگرەکەی پرۆژەی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانیان ڕەتکردەوەو گەڕاندیانەوە بۆ پەرلەمان بۆ پیاداچونەوە و دەنگدان لەسەری بۆ جارێکی تر.٣٦

* د. محمود مەشهەدانی لەسەر قادرمەی دەرەوەی پەرلەمانی عێراق جەڵتەی دڵ لێیدا و بەپەلە گەیەنرایە نەخۆشخانە . ناوبراو ڕۆڵێکی زۆر خراپی بینی لە پرۆسەی دەنگدانی لەسەر یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان کە دژی کورد و کەرکوکە.٣٦

٢٠٠٨/٧/٢٨ * بۆ دەربڕینی ناڕەزایی جەماوەری شاری کەرکوك دژ بەیاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و بەتایبەتیش مادەی ٢٤ ی ئەو یاسایەکە تایبەت بوو بەشاری کەرکوك , جەماوەرێکی زۆر کەبۆیەکەم جاربوو لەشاری کەرکووکدا خۆپیشاندانێکی ئاوها گەورە سازبدرێت . بەڵام تەقینەوەیەکی خۆکوژی لەناو جەماوەردا ڕوویداو بوە هۆی کوژرانی ٢٥ هاوڵاتی و بریندار بوونی زیاتر لە ٢٠٨ کەسی تر و بوە ڕۆژێکی خوێناوی و گوایە لە بارەگایەکی بەرەی تورکومانیەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراوە و

شــەهید و برینــدار بــوە . هەربۆیــە ٢ بارەگــای بــەرەی تورکومانی سوتێنراوە و بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆز بوە .٣٦

* کۆبونــوەی هــەڤاڵ مــام جــەلال و مــسعود بــەرزانی و عبــدالعزیز الحکـیم لـە بغـداد بـۆ گفتوگـۆ دەربـارەی ئـەو ڕەوشە نائاساییەی کە هاتۆتە پێش لە عێراقدا.٣٦

* کۆبونەوەی هەموو ئەو کوتلە سیاسیانەی کە دەنگیان داوە بـۆ یاسـای هەڵبـژاردنی پارێزگاکـان لـەماڵی خەلـەف عەلـەییانی ئەنـدامی بـەرەی تـەوافوق کـە بـە گروپـی ١٢٧ دەناسرێن کـە دەنگیـان داوە بەیاسـاکە بۆئـەوەی جارێکی تریش هەمان هەڵوێست وەرگرن دژی کورد و مەسەلەکەی و لەوانەش کەبەشداریان کردوە(( حیزبی فەزیلە و صـەدر و دایـەلۆگی نیشتیمانی و بەشێك لـە حیزبـی ئیـسلامی و بەرەی تەوافوق و هەندێ سـەربەخۆ و تـەیاری ئیـصلاحی ئیــبراهیم جەعفــەری کــە خۆشــی ئامــادەبوە))کــە ئەمــە سەرەتایەکی خراپە بۆ دژایەتی کورد.٣٦

٢٠٠٨/٧/٢٩ خۆپیـشاندانی جـەماوەری لەشـاری هـەولێر و خانـەقین و کفـری و کـەلار و دەربەنـدیخان دژ بەیاسـای هەڵبـژاردنی پارێزگاکان و پشتیوانی لەشاری کەرکوك کرا.٣٦

* ٢ ڕۆژە کۆبونـــەوەکانی هـــەردوو مەکتـــەب سیاســـی یەکێتی و پارتی لە بەغداد بەردەوامی هەیە دەربارەی ئەو ڕەوشــە ئاڵۆزانــەی کــە عێــراق و کــوردی پیــادا تێپــەڕ دەبێت.٣٦

* هەڤاڵ مام جەلال بەتەلەفۆن پەیوەنـدی کـرد بـە عەبـدوڵا گولەوە سەرۆکی تورکیا بـۆ دڵنیاکردنـەوەی لـەبارودۆخی کـــــەرکوك و سەرخۆشـــــی لێکردنـــــی بـــــۆ ڕووداوی تەقینـەوەکانی ئەسـتەمبوڵ کـە ٢ تەقینـەوە بـوو, کـوژراو بریندارى زۆری خستەوە.٣٦

٢٠٠٨/٧/٣٠ * خۆپیشاندانی جەماوەری لەشاری سلێمانی و کۆیە و شەقلاوەو هیران و هەریر و مەسیف وباسرمە و بەستۆرە دژ بەیاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و پشتیوانی لەشاری کەرکوك.٣٦

* کۆبونەوەی هاوپەیمانی چواقۆڵی (( یەکێتی/ هەڤاڵ مام جەلال و پارتی/ کاك مەسعود و حیزبی دەعوە/ نوری ملیکی و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق / عبدالعزیز حکیم)) لە بغداد. بۆ گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و ئەو ڕەوشە ناهەموارەی هاتۆتە کایەوە بەهۆی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە.٣٦

* کۆبونەوەی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە بغداد کە لەڕۆژی ٢٩/ ٧ وە دەستیپێکردوە و بەردەوامی هەیە بۆ ڕۆژانی دواتریش. بۆ گفتوگۆو هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ ئەم ڕەوشە نوێیەی عێراق. ٣٦

٢٠٠٨/٧/٣١ * خۆپیشاندانی جەماوەری لەشاری دهۆك و شارەزوور وڕانیە و هەڵەبجە دژ بەیاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و پشتیوانی لەشاری کەرکوك.٣٦

* لەکۆبونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا و لەسەر داواکاری ٢٤ ئەندامی ئەنجومەنەکە کە زۆرینەی ئەنجومەنەکەن لەکۆی ٤٠ ئەندام بڕیاریاندا کە شاری کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردوستان بەپێی یاساو دەستوری عێراقی کە ئەو دەسەڵاتەی پێداون. ئەگەر لە پەرلەمانی عێراقیدا نەگەیشتنە ڕێکەوتن و تەوافوق لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوك.ئەم هەنگاوە زۆر گرنگ و هەستیار و مەترسیداریش بوو . بەڵام لەجێگە وکاتی خۆشیدا بوو . وە کۆتایی بە پاشەکشە و نەرمی نواندن و بەرگریکردنی

سەرکردایەتی سیاسی کورد هێناو خستیە پێگەی هێرش و پەلاماردانەوە کە داخوازی چەندساڵەی جەماوەری کوردوستان بوو.٣٦

٢٠٠٨/٨/٢ چوونی هەڤاڵ مام جەلال بۆ ئەمریکا بەمەبەستی چارەسەر نەخۆشی و ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە ئەژنۆی چەپیدا.٣٦

٢٠٠٨/٨/٣ دوا وادە و دوا کۆبونەوەی پەرلەمانی عێراقی لەم وەرزەی دانیشتنەکانیدا دەربارەی پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان و بودجەی تەکمیلی. کە کورد دەنگ نادات بەبودجەی تەکمیلی تا یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان گۆڕانی بەسەردا نەیەت و کۆبونەوەکەی ئەمڕۆش بێئەنجام کۆتای پێهات.٣٦

٢٠٠٨/٨/٦ پەرلەمانی عێراقی یاسای بودجەی تەکمیلی پەسەند کرد و لیستی هاوپەیمانی کوردوستانیش دەنگی بۆدا. بەڵام یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان دواخرا بۆ بەرواری ٢٠٠٨/٩/٩. ٣٦

٢٠٠٨/٨/٢٥ کشانەوەی بەشێکی هێزی پێشمەرگەی لیوای ٣٤ی گەرمیان لەشارۆچکەی قەرەتەپە. ٣٦

٢٠٠٨/٨/٢٦ * خۆپیشاندانی جەماوەری شاری خانەقین دژی هاتنە ناوەوەی سوپای عێراقی کە بەنیازبوون بچنە ناو شارەکەوە.٣٦

* دەستنیشانکردنی هەڤاڵ مەلا بەختیار ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی ڕەسمی مەکتەبی سیاسی لەلایەن هەردوو سەرۆکی هەرێم و سەرۆك کۆماری عێراق و مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتیەوە بە لێپراسراوی یەکەمی ناوچەی خانەقین و دەسەڵاتی ڕەهاشیان پێداوە بۆ هەر کاردانەوە و بڕیاریك.٣٦

٢٠٠٨/٨/٢٨ خۆپیشاندانی جەماوەری شارۆچکەی جەبارە دژی هاتنە ناوەوەی سوپای عێراقی بۆ ناو شارۆچکەکە.٣٦

٢٠٠٨/٨/٣١ چوونی وەفدێکی کوردی بۆ بەغداد(( د. بەرهم احمد و د. ڕۆژ نــوری شــاوەیس و هوشــیار زێبــاری و د. فــؤاد معصوم)) بۆ بەغداد وکۆبونەوەیان لەماڵی نوری مالکی ســەرۆك وەزیــران و عــادل عبدالمهـدی جێگـری ســەرۆك کۆمـار بـۆ دۆزینــەوەی چارەســەر بـۆ مەســەلەی گـرژی و ئــاڵۆزی ناوچــەی خانــەقین و پێدەچــێت کۆبونــەوەکان درێژەیان هەبێت.٣٦

٢٠٠٨/٩/١٠ سەرۆك مام جەلال لەگەڵ سەرۆك بۆشدا لە کۆشکی سپی کۆبۆوە.٢٣٦

٢٠٠٨/٩/١١ هـەڤاڵ د. بەرهـەم احمـد صـاڵح لەشـاری نەجـەف لەگـەڵ گـەورە مەرجـەعی شـیعەکان علـی سیـستانی کۆبـۆوە بـۆ گفتوگـۆکردن دەبـارەی بـار گرژیـەکانی شـاری خانـەقین و دەوروبەری.٢٣٦

٢٠٠٨/٩/١٩ * وەفـدێکی یــەکێتی بەســەرکردایەتی هــەڤاڵ مامۆسـتا جەعفــــەر ل. مەکتــــەبی بــــیر و هوشــــیاری لەســــەر بانگهێــشتانەمەی ڕەسمــی مەکتــەبی سیاســی حیزبــی شیوعی چین سەردانی چینیان کرد و لەگەڵ سەرۆکی ئەو وڵاتەدا کۆبونەوە.٢٣٧

* لــەنێوان یــەکێتی و حیزبــی سۆشــیال دیمــوکراتی ســویدیدا و لــەبارەگای مەکتــەبی سیاســی ئـەو حیزبــە لەشـاری سـتۆکهۆڵم پرۆتۆکۆلێـك ئیمزاکـرا بەمەبەسـتی پەروەردەکردن و گەشەپێدانی کادرانی یەکێتی.٢٣٨

٢٠٠٨/٩/٢٣ ســەرۆك مـام جـەلال و ســەرۆك بـۆش لـەبارەگای نەتــەوە یەکگرتوەکان سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی ئەو وڵاتانەیان

کــرد کـــە لەشـــەڕی ڕزگـــارکردنی عێراقـــدا هاوکـــاری ئەمریکایان کردبوو.٢٣٩

٢٠٠٨/٩/٢٤ * لیـستەکانی نـاو پەڕلـەمانی عێراقـی دوای دوو مـانگ لەکێـشە و گرفـت. بـەکۆی دەنـگ ڕەزامەندیانـدا لەســەر یاســای هەڵبـــژاردنی پارێزگاکـــان دا بەدواخـــستنی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوك بۆ ماوەی ساڵێك.٣٦

* سـەرۆك مـام جـەلال لـە شـاری نیویـۆرك و لـەبارەگای نەتـەوە یـەکگرتوەکان وتـاری عێراقـی خوێنـدەوە لـە خـولی ٦٣ هەمی یادی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتوەکاندا.٢٤٠

٢٠٠٨/٩/٢٦ * عەبدولاّ گولّی سەرۆك کۆماری تورکیا سـەردانی هـەڤاڵ مام جەلالی کرد لە شـاری نیویـۆرکی ئـەمریکا لەپـەراوێزی کۆبونەوەکانی خولی ٦٣ هەمی نەتەوە یەکگرتوەکان.٣٦

* هەڤاڵ مام جەلال سەرپەرشتی کۆبونەوەیـەکی سـەرانی ئــەو ولاّتانــەی کــرد کــە ئەنــدامی ڕێکخــراوی سۆشــیال دیموکراتن.٢٤١

٢٠٠٨/٩/٢٩ گەڕانـەوەی هـەڤاڵ مـام جـەلال بـۆ کوردوسـتان لـە ڕێگـەی فڕۆکەخانــەی نێودەوڵــەتی هــەولێرەوە دوای دوو مــانگ ســەفەرکردنی بـۆ ئـەمریکا بـۆ چارەســەری نەخۆشــی و بەشـداریکردنی لەکۆبونـەوەکانی خـولی ٦٣ هـەمی نەتـەوە یـەکگرتوەکان.هەریـەك لـە کـاك مەسعود بـارزانی و تـاریق هاشمی لەپێشوازیکردنیدا بوون.٣٦

٢٠٠٨/١٠/٤ * هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە وەفدێکی ئەمریکی کرد لەشـاری سـلێمانی بەسـەرۆکایەتی جـۆن نیگـرۆ پـۆنتی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.٢٤٢

* وەفـدێکی حیزبـی سۆسیالیـستی فەڕەنـسا سـەردانی مەکتەبی سیاسیان کرد لەشاری سلێمانی.٢٤٢

٢٠٠٨/١٠/٧ چوار کادری پێشکەوتوو و دێرینی یەکێتی (( هەڤاڵ کوێستانی و شۆڕش حاجی و مەلا خدر وهوشیار عابد)) لەلەندەن. ڕەوتێکی نوێیان بەناوی (( ڕەوتی گۆڕانی دیموکراسی ))(( ڕەگ )) ڕاگەیاند لەناو یەکێتیدا و داوای گۆڕینی سەرکردایەتی یەکێتیان کرد.٣٦

٢٠٠٨/١٠/١٠ مەکتەبی سیاسی بەسەر پەرشتی هەڤاڵ مام جەلال لەسلێمانی کۆبونەوەی کرد وبڕیاری دەرکردنی ئەو چوار هەڤاڵەیان دەرکرد لەیەکێتی . کە چوار هەڤاڵی مەکتەب سیاسی (( عومەر سەید علی و جلال جەوهەر و مستەفا سەید قادر و عوسمانی حاجی محمود)) ئیمزایان لەسەر کۆنوسی کۆبونەوەکە نەکرد وەك نارەزایی بۆ ئەو بڕیارە.٢٣٣

٢٠٠٨/١٠/١١ گەڕانەوەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ شاری بەغداد کە نزیکەی ٢ هەفتە لە کوردوستان مایەوە دوای گەڕانەوەی لە ئەمریکا.٢٣٣

٢٠٠٨/١٠/١٣ * دوای ئەم بڕیارەی مەکتەبی سیاسی ئاڕاستەی یەکبوون کەماوەیەك لەمەوپێش خۆیان ڕاگەیاندبوو لەناو یەکێتیدا کە بەهەمان شێوە لە ژمارەیەك هەڤاڵی دێرینی یەکێتی پێك هاتبوون خۆیان هەڵوەشاندەوە کە بەسەرۆکایەتی هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد بوون.٢٣٤

* هەڤاڵ مەلا بەختیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی و وتەبێژی مەکتەبی سیاسی داوای لە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا کرد کە گفتوگۆیەکی کراوە و ڕاستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن بکەن.٢٣٤

* وتەبێژێك بەناوی کۆمپانیای وشەوە کە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا سەرپەرشتی دەکات وەڵامی پێشنیازەکەی هەڤاڵ مەلا بەختیاری دایەوە کە هەڤاڵ

نەوشیروان مستەفا تەنها لەگەڵ کەسی بڕیار بەدەستی ناو یەکێتی گفتوگۆ دەکات نەك هەڤاڵ مەلا بەختیار کە تەنها لێپرسراوی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانە.و دەسەڵاتی بەسەر ئەو دەزگایەدا هەیە.٢٣٤

٢٠٠٨/١٠/١٤ وتەبێـژێك بـەناوی هـەڤاڵ مـەلا بـەختیارەوە وەڵامـی وتەبێژەکـەی کۆمپانیـای وشـەی دایـەوە کـە هـەڤاڵ مـەلا بـەختیار داوای گفتوگـۆی کـردوە بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕاستیەکان نەك چارەسەری کێشەکان . ٢٣٤

٢٠٠٨/١٠/١٥ لەلایـەن سـکرتاریەتی هـەڤاڵ مـام جەلالـەوە بڕیـاری دەرکردنـی هـەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد درا لـە یـەکێتی لەسـەر بـەردەوامبوونی لەسـەر کـاری گێرەشـێوێنی چـونکە ئـەو ڕازی نـەبوە بەهەڵوەشـانەوەی ڕەوتـی ئاڕاسـتەی یـەکبوون.نـاوبراو بـرای هێرۆخـانی هاوسـەری هـەڤاڵ مـام جەلالە.٢٣٥

٢٠٠٨/١٠/٣٠ گروپـی قـەیرانی نێودەوڵـەتی لـە ٢٠٠٨/١٠/٢٨دا لـە ژێـر ناونیشـانی (( نـەوت بەرامبـەر بـە خـاك)) داوادەکـات کـە کـورد بـۆ مـاوەی ١٠ سـاڵی تـر داواکردنـەوەی شـاری کـەرکوك دوا بخـات و سـنوری هـەرێمی کوردوسـتانیش دیاریبکرێت لەبەرامبەر سوود وەرگرتنی کورد لە نەوت و سامانە سروشتیەکانی خۆی.٢٤٣

٢٠٠٨/١١/٩ وەفدێکی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان کە پێك هاتبوو لـە هـەڤاڵان عومـەری سـەید علـی و شـەماڵ عبـدول وەفا و دڵخـواز قـادر لەسـەر بانگهێـشتی پـارتی پاسـۆکی یۆنـان گەیشتنە ئەسینای پایتەختی یۆنان.٢٤٤

٢٠٠٨/١١/١٧ وەفدی یەکێتی بەشداریان لە ٧٥ هەمین کۆنگرەی پـارتی سۆسیالیـستی فەڕەنـسادا کـرد کـە لـە ڕۆژانـی ١٤- ٢٠٠٨/١١/١٦ی بەڕێوەچـوو لەشـاری ڕانـس, وەفدەکـە

بریتـی بـوون لـە هـەڤاڵان عومـەری سـەید علـی و شـەماڵ عبدول وەفا ودڵخواز قادر و بەرزان فەرەج.٢٤٥

٢٠٠٨/١١/١٩ * مەکتەبی سیاسی لە بەغداد بەسەر پەرشتی هەڤاڵ مام جـەلال کۆبـۆوە.وچـەندین لیژنـەی بـۆ پێداچـونەوە بەبوارەکانی حیزبی و حکومی و ڕێکخراوەیی پێك هێنا.

* هـەڤاڵ مـام جـەلال دیاریـەکی پێـشکەش بـە هـەڤاڵ کۆسـرەت ڕەسـول علـی کـرد لـە بەغـداد وەك ڕێزلێنـان بـۆ ڕۆڵـی سـەرکردانە و پاڵەوانانـەی لـە شۆڕشـی ئـازادی و دیمـوکراتی دژی دیکتاتۆریـەت.کـەبریتی بـوو لـە دەمانچەیەك.٢٤٦

٢٠٠٨/١١/٢٠ * هـەڤاڵ مـام جـەلال بڕیاریـدا بـڕی ٦ ملیـۆن دۆلار بـۆ سلفەی پێشمەرگە دێرینەکان تەرخان بکرێت.

* هـەڤاڵ مـەلا بـەختیار لـە مەکتـەبی سیاسـی پێـشوازی لەوەفدی پارتی چەپی سویدی کرد کەپێك هاتبوون لە لارش ئـولی سـەرۆکی حیـزب و چـەند ئەنـدامێکی تـری حیزب کە بەسەردانێك هاتبونە شاری سلێمانی.٢٤٧

٢٠٠٨/١٢/١ گەڕانـەوەی هـەڤاڵ مـام جـەلال لـە بەغـدادەوە بـۆ شـاری سـلێمانی و لـە فڕۆکەخانـەی سـلێمانیەوە ڕایگەیانـد کـە زنجیرەیەك کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی سـاز دەکـات بەمەبەسـتی دانـانی پلانێکـی فـراوان بـۆ چاکسازی لـەناو یـەکێتی و ڕێکخـراوە دیموکراتیـەکان و هێـزی چـەکدار و حکومـەت و گەشـەپێدانی یـەکێتی و کۆمەڵێك کاری تریش.٢٤٨

٢٠٠٨/١٢/٣ کۆبونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی لە سلێمانی سازدرا و بڕیاردرا دەربارەی چارەسەری کێشەکانی ناو یەکێتی و بەسەرداچـونەوە و هەڵـسەنگاندنی سـەرجەم ئـیش وکارەکـانی مەکتەبـەکان و هێـزی پێـشمەرگە و حکومـەت

بکرێت و بۆ ئەو مەبەستەش ٧ لیژنە پێك هێنران کە دەبێت لەماوەی١ مانگدا بڕیار و ڕاسپاردەکانیان ئامادە بکەن.هەر لەو کۆبونەوەیەشدا هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی هەموو دەسەڵاتەکانی دایە هەردوو جێگرەکەی هەڤاڵ کۆسرەت ڕەسول و د. بەرهەم احمد صاڵح.٢٤٩

٢٠٠٨/١٢/١١ * کاتژمێری ٢ی پاش نیوەڕۆ تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە چێشتخانەی عبدالله لەسەر ڕێگای کەرکوك- هەولێر ڕویدا و بوە هۆی کوژران و برینداربوونی ١٦٠ هاولاتی .و لەناویاندا جێگری مەڵبەندی ٢٦ ی کفری هەڤاڵ ((مەلا عیرفان )) لەگەڵ ٢ پێشمەرگەدا هەبوون.ئەم کۆبونەوەیە لەکاتێکدا بوو کە کۆبونەوەیەکی نێوان عەرەبەکانی حەویجە و مەڵبەندی یەکێتی لە کەرکوك بەنیازبوو لەو چێشتخانەیەدا ساز بکرێت.

* هەرهەمان ڕۆژیش کاتژمێر ٥ی عەسر هەڤاڵ مام جەلال سەرۆك کۆماری عێراق سەردانی شاری کەرکوکی کرد.٢٥٠

٢٠٠٨/١٢/١٣ هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە بۆ شاری بەغداد دوای سەردانی کوردوستان و سازدانی زنجیرە کۆبونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی بۆ ماوەی دوو هەفتە.٢٥٠

٢٠٠٨/١٢/١٥/١٤ لەشاری بەغداد و لەکاتی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی نێوان نوری مالکی سەرۆك وەزیرانی عێراق و جۆرج بۆشی سەرۆکی ئەمریکادا. ڕۆژنامەنوسێکی کەناڵی بەغدادیە بەناوی (( منتظر الزیدی ))سونە مەزهەب هەردوو پێڵاوەکەی گرتە سەرۆك بۆش کە ئەمە کارێکی نامۆ و

ناوازە و دوور لەڕەوشتی ڕۆژنامەنوسان بوو بەرامبەر سەرۆکێکی مێوانی ئەمریکی بکرێت. ٢٥٠

٢٠٠٨/١٢/١٥ * سەر لەبەیانی هەڤاڵ مام جەلال گەڕایەوە شاری سلێمانی.دوای پێشوازیکردنی لە سەرۆك جۆرج بۆش لەشاری بەغداد کە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٢/١٤ لەناکاو بەسەردانێکی ڕەسمی گەیشتە بەغداد.٢٥١

* هەڤاڵ مام جەلال پێشوازی لە هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا کرد وەك ئەوەی چاوەڕوان دەکرا و کاری بۆ کرابوو بەمەبەستی گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی ناو یەکێتی و کوردوستان و عێراق و ناوچەکە.٢٥٠

٢٠٠٨/١٢/١٧ هەڤاڵ مام جەلال لە قەڵاچوالان لەگەڵ فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردوستاندا کۆبۆوە.٢٥٢

٢٠٠٨/١٢/١٨ * هەڤاڵ مام جەلال سەردانی شاری هەولێری کرد و لەگەڵ ڕێکخستنەکانی مەڵبەندەکانی (( هەولێر و دەوروبەر وسۆران وچۆمان وشەقلاوا وکۆیە وڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا و مەخموری )) کۆبۆوە.

* مەکتەبی سیاسی بەسەرپەرشتی هەڤاڵ مام جەلال لە سلێمانی کۆبۆوە و هەڤاڵ مام جەلال پڕۆژەیەکی گرنگی خستە ڕوو. سەبارەت بە چۆنێتی جیاکردنەوەی کاروبار و دەسەڵاتەکانی حیزب و حکومەت و دەستێوەرنەدان لە کاروباری یەکتری و چەسپاندنی دەسەڵاتی قانون ونەهێشتنی واسیتە و مەحسوبیەت و خزمخزمێنە وپاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان و زانکۆ و پەیمانگاکان وسەرئەنجام بە تێکڕای دەنگ پڕۆژەکە لەلایەن ئەندامانی مەکتەبی سیاسیەوە پەسەند کرا.٢٥٣

٢٠٠٨/١٢/١٩ هەڤاڵ مام جەلال کۆبونەوەی لەگەڵ ئەنجومەنی مەڵبەندەکانی ڕێکخستنی (( ١ و ٢١ ی سلێمانی و

شارباژێڕ و شاەزوور و دوكان و هەڵەبجە و دەربەندیخان و پێنجوێن ))ی لە سلێمانی سازدا.٢٥٤

٢٠٠٨/١٢/٢١ هەڤاڵ مام جەلال بۆ جاری دووەم سەردانی شاری كەركوكی كردەوە بۆ تەواوكردنی بەرنامەی كارەكانی كە جاری یەكەم بە هۆی سەردانی جۆرج بۆشەوە تەواوی نەكرد و گەڕایەوە بۆ شاری بەغداد و لەم سەردانەیدا لەگەڵ سەرجەم پێكهاتەكانی كەركوكدا لە عەرەب و توركومان و مەسیحی و كوردیشدا كۆبۆوە .

* دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق بە سەرۆكایەتی دادوەر محەمەد عورەیبی دانیشتنی یەكەمی دادگایكردنی تاوانبارانی كیمیابارانی شاری هەڵەبجەی دەست پێكرد لەشاری بەغدادكە بریتی بوون لە تاوانباران(( عەلی حەسن مەجید و هاشم سوڵتان و صابر عەبدالعزیز الدوری و فرحان موتڵەگ صاڵح و تارق ڕەمەزانی فرۆكەوان)).٢٥٥

٢٠٠٨/١٢/٢٣ لەسەر ڕاسپاردەی هەڤاڵ مام جەلال بۆ یەكەم جار لە شاری كەركوكدا ناونیشان و تابلۆی سەر فەرمانگە ڕەسمیەكانی دەوڵەت بە هەر چوار زمانەكانی كوردی و عەرەبی و توركومانی و سریانی نوسران بەمەبەستی قوڵكردنەوەی زیاتری پێكەوە ژیان و تەبایی لەنێوان پێكهاتەكانی شاری كەركوكدا لە ئاین و مەزهەب و نەتەوە جیاوازەكاندا.٢٥٦

# کـــــــــۆتـــــایـــــــــی

- نوسینەوەی مێژووی هەر ڕووداوێک یان کارەساتێک, سەرکەوتنێک یان هەڵسانەوەیەک , جەنگێک , یان شەڕێکی ناوخۆ, یان شۆڕش و ڕاپەڕینێک, یان کەسایەتیەک و سەرکردە و بنەماڵەو گەلێک . هەموانیان خاڵی دەسپێک و کۆتاییان هەیە.

بەڵام خاڵی جیاواز لە نێوانیاندا بریتیە لە لەلایەک درێژی ماوە و بەردەوام بونیان و لەلایەکی تریشەوە ئایا مێژویەکی پرشنگدار و شکۆدارە یان مێژویەکی پڕ شەرمەزاری و تاریکە. بۆیە هەر کاتێک مێژوویەک درەوشاوە و ڕوون و مایەی شانازی بوە ئەوا دەبێتە کەلتوری ئەو گەل و نەتەوە و بەنەمری باس دەکرێت و دەمێنێتەوە. بە پێچەوانەشەوە دەبێتە لاپەڕەیەکی ڕەش کەمایەی شەرمەزاری دەبێت.

- خۆشبەختانە لەدەستپێک تاساتەوەختی تەواو بوونی ئەم کرۆنولۆژیایەوە کە ۲۰۰۸/۱۲/۳۱ بوو . مێژووی دامەزراندن و سەرهەڵدانی یەکێتی لەگەڵ مێژووی خەباتە ڕاست و ڕەسەنەکەی لەگەڵ مێژووی دەسەڵات و دەسکەوتەکانی مایەی شانازی و پیاهەڵدانە و بۆتە لاپەڕەیەکی ڕۆشن و کەلتورێکی نەمرو دانەبڕاوی گەلی کورد بەگشتی و بەتایبەتیش لەم بەشەی کوردوستاندا. لەگەڵ ئەمانەشدا نابێت بەچاوی نوقاوەوە و تەنها لایەنە گەشاوە و شکۆداریەکەی ئەو مێژوە ببینین و بیزانین و بینوسین بەڵکو مێژووی یەکێتیش وەک هەموو مێژوویەکی تر لایەنی ڕەش و تەڵخ و تاریکیشی تیادایە وخاڵی نیە لە هەڵەو کەموڕی. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەو لاپەڕە ڕەش و ئەو هەڵانەی کەکراون بەبەمەست نەبوون و بریتی نەبوون لە سیاسەتی گشتی یەکێتی و نەبونەتە هۆی لادانی یەکێتی لە شاڕێگەی خەباتی کوردایەتی.

- ئەو هۆکارانەی بونەتە مایەی درەوشانەوەو وگەشانەوەی ئەو مێژوەی یەکێتی بریتین لە : لەلایەك ڕابەر و سەرکردەکانی کەسانی ژیر و کارامە و لێهاتوو و خۆنەویست و گیانفیداو و خاوەن عەقڵێکی کراوە و دیموکراسیخواز و ئازادیخواز و پێشکەوتوخواز بونە و خاوەن ئەزمون و شارێگەی ڕاست و دروستی خەباتی کوردایەتیان گرتوە و هیچ جۆرە لادان و کەمتەرخەمیەك و پەشیمانبونەوە و ڕاڕایی و دوودڵیان نەنواندوە لەبەردەوامبونی خەبات و گەیشتن بە ئامانجە ستراتیژیەکان و دەسەلآت و سەرکەوتن.شەهید بوونی زیاتر لە ١٧ سکرتێر و ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و بەدەیان و سەدان کادرو فەرماندەی سیاسی و پێشمەرگەیی بەدرێژایی ٣٣ ساڵ خەباتی نەپساوە و نەبڕاوەی یەکێتی گەواهی ڕاستی ئەو مێژوە پڕ شکۆیەن.

لەلایەکی تریشەوە گەشانەوەی مێژووی یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ گونجاوی و شیاوی بەرنامە سیاسی و ئابوری و کۆمەلآیەتی و دروشم و ئامانجەکانی یەکێتی کە بەدرێژایی ٣٣ ساڵەی خەباتی لەگۆڕان و نوێبونەوەو گونجاندن و بەرەو پێشچوندا بووە.لەگەڵ گۆڕانی قۆناغ و سەردەمەکاندا و بەتەنها لەچوارچێوە و قاڵبێکی دیاریکراو و چەق بەستوودا نەماوەتەوە و خۆی بەچەند دروشم وئامانجێکی گەورەی بێ ناوەڕۆك و باق وبریقەوە گرێ نەداوە.

لەلای سێهەمیشەوە گەشانەوەی مێژووی یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ پشتیوانی و هاوکاری و لە ئامێزگرتنی یەکێتی لەلایەن جەماوەرە فراوان و دڵسۆز و خەمخۆرەکەیەوە, کە هەمیشە وەك قەلآیەکی پۆلآین و خۆڕاگر وابوە بۆ یەکێتی و لەڕۆژگارە تەنگانە و خۆشەکاندا بەشداربوە و وەك ئەو خاکە توندو تۆڵ و پتەوە وابوە بۆ یەکێتی کە ڕەگی درەختێکی لەخۆگرتوە لەناخی خۆیداو لەگەردەولول و ڕەشەباو زریانەکاندا بەهانایەوە هاتوە. جەماوەرەکەی یەکێتیش هەروا یەکێتی لە دەیان و سەدان ڕەشەباو گەردەلولی کارەسات و مەرگ و ئەنفال و جینۆساید و کیمیاویباران و تەعریب و تەبعیس و تەهجیر و شەڕەکانی ناوخۆو جیباونەوەکان و پیلانی دوژمنان پاراستوە و نەیهێشتوە لەڕەگەوە هەڵبکێشرێت و لاوازو بچوك ببێتەوە. بەڵکو لەدوای هەر نوچدانێکی کاتیشدا بەپشتیوانی جەماورکەی لەجاران بەگوڕتر و بەهێزتر هاتۆتەوە مەیدان.

بەم شێوەیە یەکێتی بوە خاوەنی مێژویەکی پرشنگدار لە ئاسمانی خەباتی کوردایەتیدا و بوە سومبول و ڕەمزی هەڵشاخان و هەڵسانەوە و خەباتێکی ڕەواو ڕەسەنی کوردایەتی بۆ نەوەکانی ئێستاو ئایندەش و بۆتە کەلتورێکی نەمرو هەمیشە زیندوو لەناخ و ویژدان و مێژووی کوردەواری و کوردایەتیدا. لەم ماوە کەمەی تەمەنیدا ۳۳ ساڵ کە بەبەراورد لەگەڵ مێژووی دوور و درێژی مرۆڤایەتی و شارستانیەتەکاندا زۆر زۆر کەم و کورتەکە توانی بگاتە سەرەکیترین ئاماجی کە گرتنە دەستی دەسەڵاتە و تەنانەت گەیشتە لوتکەی دەسەڵاتیش لە کوردوستان و عێراقیشدا.بەوەی یەکێتی بوە کاراکتەرێکی ئاکتیڤ و کاراو کاریگەری سەر گۆڕەپانی سیاسی و ئیدری لە کوردوستان و لەپەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ۱۹۹۱وە و لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی صدامیشەوە لە ۲۰۰۳/٤/۹شدا تواناو هێز و کاریگەری و دەسەڵاتی یەکێتی فراوانتر و گەورەتر بوو لەتەواوی عێراقی نوێداو کاتێکیش هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیش لە ۲۰۰۵/٤/٦دا بۆیەکەم جار هەڵبژێردرا بۆ سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ و گەیشتە لوتکەی دەسەڵات لە عێراقدا و بەمەش سەنگ و قورسایی یەکێتی وەك ڕێکخراوێکی سیاسی پەلی هاویشتە ناو گۆڕەپانە گەرەو فراوانەکەی عێراقەوەو بەپەسەندکردنی یەکێتیش بەئەندامی کارای ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەر ناسیوناڵ و هەڵبژاردنی هەڤاڵ مام جەلال بەجێگری سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە لە ۲۳ هەمین کۆنگرەی گشتی خۆیدا لەشاری ئەسینای پایتەختی یۆنان لە ۲۰۰۸/٦/۳۰دا ئیدی یەکێتی و هەڤاڵ مام جەلال سنورە بچوك و دەسکردەکانی کوردوستان و عێراقیان تێپەڕاند و بوونە ڕێکخراو و کەسایەتیەکی سیاسی ناوچەکە و دونیاش.

کە هەموو ئەم بەرزبونەوە و گەیشتنە لوتکەی دەسەڵاتانە ئەرك و مەهامی یەکێتی لەناوخۆی خۆی و لەناو کوردوستان و لە عێراق و لەناوچەکەشدا گەورەتر و گرنگتر و هەستیارتر و سەختتر دەکات.کە سەرکەوتن و پاراستنی ئەو مێژوە پڕ لەسەروەری و درەوشاوەیەی بەپلەی یەکەم بەندە بە بارودۆخی ناوخۆی خۆیەوە و یەك و یەکگرتویی و یەك ڕیزی و پتەوەیەوە. کەلەئێستادا بەداخەوە بارودۆخێکی ناجێگیر و تاڕادەیەکیش شڵەژاو و لەگرێژەنەچووە.کە پێویست بە

پرۆسـەیەکی ئاشـتەوایەکی گـشتی و سـەرتاپاگیر و ڕاسـتگۆیانە دەکـات لـەنێوان هـەموو بـاڵ و بیربۆچـونەکان و گـروپ و کۆمەڵـە و ئاڕاسـتەکاندا و هـەموان دەبێـت یــەکێتی نــاو یــەکێتی و یــەکێتی ڕیزەکــانی و مێــژوە پــڕ لەســەروەریەکانی و مەرکەزیـەت و پرنـسیپە حیزبیـەکان بپـارێزن و نـاکۆکی و ململانـێ شەخـصی و ناوچـەیی و عەشیرەتـچێتی و خزمایـەتی و بنەماڵـەیی و تەکـەتولی نـاڕەواو کۆنـە قینـەکان و قۆسـتنەوەی کۆکردنـەوەی پلـە و پایـە و ئیمتیازاتـەکان بخەنـە لاوە و سیاسەتێکی ژیرانە و عەقلانی و تەبایی و هەڤالانـە بگرنـە بـەرو هـەموو خواسـت و ویست و بەرژوەندیە کەسیەکان بخەنە ژێر بەرژەوەندیە بالاکـانی یـەکێتی و گـەل و نیـشتیمانەوە, بەتایبـەتیش کـە یـەکێتی لەبـەردەم بەسـتن و سـازدانی کـۆنگرەی گــشتی ســێیەمیدایە و لەکوردوســتان و عێــراق و ناوچــەکە و تەنانــەت ولاتــە زلهێزەکــانی دونیاشــەوە بــەگرنگی و دودڵــی و بەچــاوێکی کــراوە و ڕاڕاییــەوە لەدۆست و دوژمنەکانیش چاوەڕوانی گرتن و ئەنجامەکانی ئەو کۆنگرەیـەن.بۆیـە ئـەم کۆنگرەیـە گـەلیك هەسـتیار و گرنگـە و پێویـست دەکـات کـە هـەموان پێکـەوە شـانی بدەنـە بـەر وڕێگـە بـەهیچ گـروپ و کـەس و لایـەنێکی نـاوخۆیی و دەرەکـی نـەدەن کـەکار بـۆ سـەرنەکەوتن و جیابونـەوەو بـچوکبونەوەو لاوازبـوونی یـەکێتی بدەن. چونکە هـەرکاتێك خوانەخواسـتە ئـەوە ڕووبـدات مانـای کۆتایهـاتن و نزیـك بونەوەیە لەخاڵی کۆتایی مێژووی یەکێتی و کەئەمەش بۆخۆی مانـای کارەسـات ونەگبـــەتی و نەهامـــەتی و خۆکوژیـــە بـــۆ یـــەکێتی و بـــۆ کـــوردو بـــۆ مەسەلەکەشی.جاباهەموان لـەپێناو بـەردەوامی و بەهێزی و گـەورەبوون و گەشـەی زیاتری یەکێتی دەست بخەینە دەستی یەکتر و ڕاسگۆیانە ئاشت ببینەوە و ڕوو لە ئاسۆ و ئایندە بکـەین و ڕابوردووە تـاڵ و تاریکـەکان پشتگوێبخەین و دووبارەیـان نەکەینەوە. کە تەنها ئەمە شاڕێگەی خەبات و سەرکەوتن و مانەوەمانـە لـە لوتکـەی دەسـەلاتدا.ئـەوەش بـە چـێکردنی پرۆسـەیەکی بـەردەوام و لەسـەرخۆو ژیرانـە و هێمنانـەی ڕیفۆرمـەکان دەبێـت لەسـەر هـەموو ئاسـت و بوارەکانـدا و پێویـست بەگرتنـە بـەری سیاسـەتێکی کـراوە و شـەفاف و ئاشـکراکردن دەبێـت لـە گوتـار و کردار و هەڵوێستەکاندا لـەناوخۆی یـەکێتی و لەکوردوسـتان لـە گـەڵ هـەموو پارتـە سیاسـیەکان لـە عێراقیـشدا , بەپـشت و پـەنا و قـەلا خـۆڕاگر و لـەبن نەهاتوەکـەی

یەکێتی کە جەماوەرەکەیەتی کە چاکەی زۆری بەسەر یەکێتیەوە هەیە لەڕۆژی سەرهەڵدانیەوە تا ڕۆژگارە سەختەکانی خەباتی و بۆیە ئیدی یەکێتی لە دەسەڵاتدا ئەرکێتی کە ئەو چاکەیەیان بداتەوە بە دابینکردن و زامنکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و ئازادی و یەکسانی لەماف و ئەرکدا کە هەموان تیایدا هەست بە عەدالەتێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە بکەن بۆئەوەی بەهێندەی سوود مەندبونیان بەخشندە و داهێنەربن بۆ یەکێتی و دەسەڵاتەکەی.کە هەموو ئەمانە پایە و کۆڵەکەی بنچینەین لە ڕێبازی سۆسیالیست و دیموکراتەکانی دونیاداو کە لەئێستاشدا یەکێتی ئەندامێکی کارای ئەو ڕێکخراوە جیهانیەیە.

- بەهیوای ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و کۆمەڵگای کوردەواری بتوانن لە ئایندەدا هەموو خەون و ئاواتەکانیان بهێننە دی لە چێکردنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و دیموکراسی و فیدڕاڵ و خاوەن بەرنامەیەکی خۆشگوزەران بۆ هەموو تاکێکی کوردو ئیدی ڕۆژگارە تەنگانە و ناخۆش و پڕ مەینەتیەکان بۆ هەتاهەتایە نەگەڕێنەوە و ببنە مێژویەکی ڕەش و تاڵ لەیادەوەریەکاندا بمێننەوە تەنها بۆ پەند وەرگرتن لێیان و بۆئەوەی زیاتر و توندتر دەست و دان بگرین بە ئەڵقەی یەکێتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە. ئاشکراشە ئەو خەون و ئاواتانە بەوە دێنە دی کە دیموکراسی و ئازادیەکان ببنە بەشێکی دانەبڕاو و ڕۆچوو بەقوڵایی فکر و هەڵسوکەوت و گوتاری ڕۆژانەی دەسەڵات و کۆمەڵگا و تاك بەتاکی هاوڵاتیانی کوردستان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست دوور لە ڕیایی و نمایشکاری لەبەردەم دونیای دەرەوەدا و بە پیادەکردنێکی ڕاستەقینەی ئازادی و یەکسانی و پێکەوە کارکردن و چەسپاندنی دادوەری کۆمەڵایەتی لەنێوان هەموو نەتەوە و تیرە و دین و مەزهەبەکان و سەرجەم تاکەکاندا بەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە بەبێ جیاوازی.خوازیارم کە مێژووی ئایندەی یەکێتی لە ڕابووردوی زیاتر گەشاوەتر بێت و لەئاستی ئەو خەون و ویست و داخوازیانەی جەماوەرو ئەندام لایەنگرانیدا بێت .

# سەرچاوەکان

==========


١. سەروەریەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان لەڕۆژگارە سەختەکانی گەلی کورددا / م.عوسمانی کانی پانکەیی /چاپی یەکەم/ سلێمانی / لەبلاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی ی ن ك/ ٢٠٠٨

٢. بزوتنەوەی ئیسلامی و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ کۆتایی ساڵی ١٩٩٣/ بەڵگەنامە و ساغکردنەوە/ سەلیم نادر/ چاپی یەکەم / سلێمانی / کوردوستان/ ٢٠٠٤

٣. کاروانی ٢٥ ساڵەی خەباتی ی ن ك/ سەروەری و ڕووداوە گرنگەکان ١٩٧٥-٢٠٠٠/ لیژنەی باڵای مەڕاسیمی یادی ٢٥ ساڵەی ی ن ك / ٢٠٠٠

٤. یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان سەرهەڵدان و نوێبونەوە / لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهوشیاری ی ن ك/سلێمانی / کوردوستان / ٢٠٠٥

٥. یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان /دامەزراندن و دەسپێکردنەوەی شۆڕش ١٩٧٥-١٩٧٦ / سەروەر عبدالرحمن عمر / سەنتەری چاپ و پەخشی تەما/چاپی یەکەم / سلێمانی / کوردوستان

٦. پەنجەکان یەکتری دەشکێنن / نەوشیروان مستەفا امین/ چاپی دووەم/ سلێمانی / کوردوستان /کانونی دووەم / ١٩٩٨

٧. یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبونەوە / شەماڵ عبداللە / لەبلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری ی ن ك /چاپی یەکەم / سلێمانی / کوردوستان/ ٢٠٠٦

٨. بیرەوەریەکانی سەنگاوی / محمود سەنگاوی /چاپخانەی تیشك/ چاپی یەکەم / سلێمانی / کوردوستان / ٢٠٠٤

٩. خولانەوە لەناو بازنەدا/ نەوشیروان مستەفا امین /ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك/چاپی دووەم /سلێمانی / کوردوستان / ١٩٩٩

١٠. لەکەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ/ نەوشیروان مستەفا امین/ چاپخانەی زانکۆی سلێمانی / چاپی دووەم/ سلێمانی / کوردوستان / ١٩٩٧

١١. کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە / شەوکەتی حاجی موشیر/ چاپی یەکەم/ سلێمانی / کوردوستان / بەهاری ١٩٩٨

١٢. مێژوونامە / عەلی کەندی /بەرگی یەکەم / چاپی یەکەم/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر / کوردوستان/ ٢٠٠٧

١٣. یاخیبون لە مێژوو / مەلا بەختیار / چاپخانەی داناز/ چاپی دووەم / سلێمانی / کوردوستان /نەورۆزی ١٩٩٨

١٤. هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد/ هاوڕێ باخەوان/ چاپخانەی ڕوون / دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ سلێمانی / کوردوستان / ١٩٩٩

١٥. ساڵنامەی کۆمەڵەی زیندانیە سیاسیەکانی کوردوستان/ لەبەرنامە و کار و چالاکیەکانیدا/ فتاح امین عزیز/ چاپی یەکەم / ٢٠٠٤

١٦. گۆڤاری لڤین / ژمارە ٦٣/ لە ٢٠٠٨/٣/١٥/ ساڵی شەشەم / سلێمانی / کوردوستان

١٧. گۆڤاری لڤین / ژمارە ٦٤/ لە ٢٠٠٨/٤/١/ ساڵی شەشەم / سلێمانی / کوردوستان

١٨. گۆڤاری لڤین / ژمارە ٦٧/ لە ٢٠٠٨/٥/١٥/ ساڵی شەشەم / سلێمانی / کوردوستان

١٩. گۆڤاری لڤین / نەبەز گۆران / خیانەتەکانی پارتی و یەکێتی لە ٦٦ وە تا ٣١ی ئاب /ژمارە ٦٨ لە ٢٠٠٨/٦/١/ ساڵی شەشەم/ سلێمانی/ کوردوستان

٢٠. گۆڤاری لڤین / نەبەز گۆران / خیانەتەکانی پارتی و یەکێتی لە ٦٦ وە تا ٣١ی ئاب /ژمارە ٦٩ لە ٢٠٠٨/٦/١٥/ ساڵی شەشەم/ سلێمانی/ کوردوستان

٢١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٣٩٨٣لە ٢٠٠٦/٦/١/ زمنحاڵی ینك

٢٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٣٩٧٩لە ٢٠٠٦/٥/٢٨/ زمنحاڵی ینك

٢٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٨٣لە ٢٠٠٧/٦/١/ زمنحاڵی ینك
٢٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٥٥لە ٢٠٠٧/١٢/٢٦/ زمنحاڵی ینك
٢٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٦١٠ لە ٢٠٠٨/٦/٢٩/ زمنحاڵی ینك
٢٦. الزعيم الوطني الكردستاني جلال طالباني قائد وفكر وعصر /د.خالد يونس خالد/من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني/سليمانية/ كردستان/ ٢٠٠٥
٢٧. سەد پرسیار و وەڵام/ لەبڵاوکراوەکانی بەشی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری مەڵبەندی ڕێکخستنی (١)ی سلێمانی / چاپی یەکەم/ ١٩٩٩
٢٨. ڕۆژی کوردی لەمێژوودا/ حەمید گەردی / چاپی یەکەم/ چاپخانەی ڕۆشنبیری/ هەولێر/کوردوستان/٢٠٠٥
٢٩. ڕەشابای ژەهرو ئەنفال/ عبدولاٚ کریم محمود/بەرگی یەکەم/ چاپی یەکەم/ لەبڵاوکراوزەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری/ سلێمانی /کوردوستان/٢٠٠٢
٣٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٩٢ لە ١٩٩٢/٦/٢/ زمنحاڵی ینك
٣١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٧١٠ لە ١٩٩٢/٦/٢٣/ زمانحاڵی ینك
٣٢. ڕێبازی نویٚ / ژمارە ١٣ / لەبڵاوکراوەکانی بەشی ڕووناکبیری مەکتەبی ڕێکخستنی ی ن ك/ سلێمانی / کوردوستان / کانونی یەکەمی ١٩٩٨
٣٣. کارەساتی هەکاری / نەوشیروان مستەفا امین/ چاپی سێیەم/ بڵاوکراوەی ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ/ سلێمانی / کوردوستان/ ١٩٩٥
٣٤. سایتی سبەی / کۆمپانیای وشە/ سلێمانی / کوردوستان/ ٢٠٠٨/٧/٢٠
٣٥. الموسوعة الحرة/ من الانترنيت
٣٦. یاداشت و ڕۆژ ژمێری نوسەر
٣٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٠٥٥ لە ٢٠٠٠/١/٢٤/ زمانحاڵی ینك
٣٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٠٦٤ لە ٢٠٠٠/٢/٣/ زمانحاڵی ینك
٣٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٠٧٣ لە ٢٠٠٠/٢/١٤/ زمانحاڵی ینك
٤٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٠٨٨ لە ٢٠٠٠/٣/٢/ زمانحاڵی ینك
٤١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٠٩٢ لە ٢٠٠٠/٣/٧/ زمانحاڵی ینك
٤٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢١١٥ لە ٢٠٠٠/٤/٩/ زمانحاڵی ینك

٤٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٢٦ لە ٢٠٠٠/٤/٢٢/ زمانحاڵی ینك
٤٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٦٢ لە ٢٠٠٠/٦/٣/ زمانحاڵی ینك
٤٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٧١ لە ٢٠٠٠/٦/١٣/ زمانحاڵی ینك
٤٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٦٩ لە ٢٠٠٠/٦/١١/ زمانحاڵی ینك
٤٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٧٢ لە ٢٠٠٠/٦/١٤/ زمانحاڵی ینك
٤٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٧٥ لە ٢٠٠٠/٦/١٨/ زمانحاڵی ینك
٤٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢١٨٢ لە ٢٠٠٠/٦/٢٦/ زمانحاڵی ینك
٥٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٢١٣ لە ٢٠٠٠/٨/١/ زمانحاڵی ینك
٥١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٢١٦ لە ٢٠٠٠/٨/٥/ زمانحاڵی ینك
٥٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٢٢٤ لە ٢٠٠٠/٨/١٤/ زمانحاڵی ینك
٥٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٢٥٣ لە ٢٠٠٠/٩/١٧/ زمانحاڵی ینك
٥٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٢٧٢ لە ٢٠٠٠/١٠/٩/ زمانحاڵی ینك
٥٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٤٨ لە ٢٠٠١/١/٩/ زمانحاڵی ینك
٥٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٤٩ لە ٢٠٠١/١/١٠/ زمانحاڵی ینك
٥٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٥١ لە ٢٠٠١/١/١٢/ زمانحاڵی ینك
٥٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٥٥ لە ٢٠٠١/١/١٧/ زمانحاڵی ینك
٥٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٥٦ لە ٢٠٠١/١/١٨/ زمانحاڵی ینك
٦٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٥٨ لە ٢٠٠١/١/٢١/ زمانحاڵی ینك
٦١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٥٩ لە ٢٠٠١/١/٢٢/ زمانحاڵی ینك
٦٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٦٢ لە ٢٠٠١/١/٢٥/ زمانحاڵی ینك
٦٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٦٧ لە ٢٠٠١/١/٣١/ زمانحاڵی ینك
٦٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٧٥ لە ٢٠٠١/٢/١٠/ زمانحاڵی ینك
٦٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٨١ لە ٢٠٠١/٢/١٧/ زمانحاڵی ینك
٦٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٣٩٥ لە ٢٠٠١/٣/٥/ زمانحاڵی ینك
٦٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٤٠٨ لە ٢٠٠١/٣/٢٤/ زمانحاڵی ینك
٦٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٤٠٩ لە ٢٠٠١/٣/٢٥/ زمانحاڵی ینك
٦٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٢٤١٥ لە ٢٠٠١/٤/١/ زمانحاڵی ینك

٧٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٢١ لە ٢٠٠١/٤/٨/ زمانحاڵی ینك
٧١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٢٥ لە ٢٠٠١/٤/١٢/ زمانحاڵی ینك
٧٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٢٦ لە ٢٠٠١/٤/١٤/ زمانحاڵی ینك
٧٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٣٠ لە ٢٠٠١/٤/١٨/ زمانحاڵی ینك
٧٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٣١ لە ٢٠٠١/٤/١٩/ زمانحاڵی ینك
٧٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٣٥ لە ٢٠٠١/٤/٢٤/ زمانحاڵی ینك
٧٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٤٥ لە ٢٠٠١/٥/٦/ زمانحاڵی ینك
٧٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٦٠ لە ٢٠٠١/٥/٢٣/ زمانحاڵی ینك
٧٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٧٥ لە ٢٠٠١/٦/١٠/ زمانحاڵی ینك
٧٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٨٠ لە ٢٠٠١/٦/١٦/ زمانحاڵی ینك
٨٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٨٤ لە ٢٠٠١/٦/٢٠/ زمانحاڵی ینك
٨١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٤٩٥ لە ٢٠٠١/٧/٣/ زمانحاڵی ینك
٨٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥١٢ لە ٢٠٠١/٧/٢٣/ زمانحاڵی ینك
٨٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٤٦ لە ٢٠٠١/٩/١/ زمانحاڵی ینك
٨٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٥٤ لە ٢٠٠١/٩/١٠/ زمانحاڵی ینك
٨٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٥٨ لە ٢٠٠١/٩/١٥/ زمانحاڵی ینك
٨٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٦٨ لە ٢٠٠١/٩/٢٦/ زمانحاڵی ینك
٨٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٧١ لە ٢٠٠١/٩/٣٠/ زمانحاڵی ینك
٨٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٧٣ لە ٢٠٠١/١٠/٢/ زمانحاڵی ینك
٨٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٧٥ لە ٢٠٠١/١٠/٤/ زمانحاڵی ینك
٩٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٥٧٨ لە ٢٠٠١/١٠/٨/ زمانحاڵی ینك
٩١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە٢٥٨٤لە ٢٠٠١/١٠/١٥/ زمانحاڵی ینك
٩٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە٢٥٩٣ لە ٢٠٠١/١٠/٢٥/زمانحاڵی ینك
٩٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٠٠ لە ٢٠٠١/١١/٣/زمانحاڵی ینك
٩٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٢٣لە ٢٠٠١/١١/٢٩/زمانحاڵی ینك
٩٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٢٤ لە ٢٠٠١/١٢/١/زمانحاڵی ینك
٩٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٦٣ لە ٢٠٠٢/١/٢١/ زمانحاڵی ینك

٩٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٦٨لە ٢٠٠٢/١/٢٧/ زمانحاڵی ینك
٩٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٦٩ لە ٢٠٠٢/١/٢٨/ زمانحاڵی ینك
٩٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٨٧لە ٢٠٠٢/٢/١٨/ زمانحاڵی ینك
١٠٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٩٦ لە ٢٠٠٢/٣/٤/ زمانحاڵی ینك
١٠١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٦٩٧ لە ٢٠٠٢/٣/٥/ زمانحاڵی ینك
١٠٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٧٠٤ لە ٢٠٠٢/٣/١١/ زمانحاڵی ینك
١٠٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٧٠٦ لە ٢٠٠٢/٣/١٣/ زمانحاڵی ینك
١٠٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٧١٢ لە ٢٠٠٢/٣/٢٥/ زمانحاڵی ینك
١٠٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٢٥ لە ٢٠٠٢/٨/٤/ زمانحاڵی ینك
١٠٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٢٨ لە ٢٠٠٢/٨/٧/ زمانحاڵی ینك
١٠٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٣٠ لە ٢٠٠٢/٨/١٠/ زمانحاڵی ینك
١٠٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٣٧لە ٢٠٠٢/٨/١٨/ زمانحاڵی ینك
١٠٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٤٠ لە ٢٠٠٢/٨/٢١/ زمانحاڵی ینك
١١٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٥٣ لە ٢٠٠٢/٩/٤/ زمانحاڵی ینك
١١١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٥٦ لە ٢٠٠٢/٩/٨/ زمانحاڵی ینك
١١٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٦٧ لە ٢٠٠٢/٩/٢١/ زمانحاڵی ینك
١١٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٦٤٥ لە ٢٠٠٢/٨/٨/ زمانحاڵی ینك
١١٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٦٤٩ لە ٢٠٠٢/٨/١٣/ زمانحاڵی ینك
١١٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٨٠ لە ٢٠٠٢/١٠/٥/ زمانحاڵی ینك
١١٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٨٣لە ٢٠٠٢/١٠/٨/ زمانحاڵی ینك
١١٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٨٨٦لە ٢٠٠٢/١٠/١٢/زمانحاڵی ینك
١١٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە٢٨٩١ لە ٢٠٠٢/١٠/١٧/زمانحاڵی ینك
١١٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٠٠لە ٢٠٠٢/١٠/٢٨/زمانحاڵی ینك
١٢٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە٢٩٠١ لە ٢٠٠٢/١٠/٢٩/زمانحاڵی ینك
١٢١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٠٤ لە ٢٠٠٢/١١/٢/ زمانحاڵی ینك
١٢٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٠٦ لە ٢٠٠٢/١١/٤/ زمانحاڵی ینك
١٢٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٠٩ لە ٢٠٠٢/١١/٧/زمانحاڵی ینك

١٢٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩١٤لە ٢٠٠٢/١١/١٣/زمانحاڵی ینك
١٢٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩١٦لە ٢٠٠٢/١١/١٦/زمانحاڵی ینك
١٢٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٢٦لە ٢٠٠٢/١١/٢٧/زمانحاڵی ینك
١٢٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٢٧لە ٢٠٠٢/١١/٢٨/زمانحاڵی ینك
١٢٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٢٨لە٢٠٠٢/١١/٣٠/ زمانحاڵی ینك
١٢٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٢٩لە ٢٠٠٢/١٢/١/زمانحاڵی ینك
١٣٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٣٣لە ٢٠٠٢/١٢/٩/زمانحاڵی ینك
١٣١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٣لە ٢٠٠٢/١٢/١٢/ زمانحاڵی ینك
١٣٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٣٨لە٢٠٠٢/١٢/١٥/زمانحاڵی ینك
١٣٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٤٣لە ٢٠٠٢/١٢/٢١/زمانحاڵی ینك
١٣٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٤٧لە ٢٠٠٢/١٢/٢٥/زمانحاڵی ینك
١٣٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٥٠لە ٢٠٠٢/١٢/٢٩/زمانحاڵی ینك
١٣٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٩٥٢لە ٢٠٠٢/١٢/٣١/زمانحاڵی ینك
١٣٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٥٣لە ٢٠٠٦/١٢/٢٢/زمانحاڵی ینك
١٣٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٥٦لە ٢٠٠٦/١٢/٢٦/زمانحاڵی ینك
١٣٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٥٩لە ٢٠٠٦/١٢/٢٩/زمانحاڵی ینك
١٤٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٦٢لە ٢٠٠٧/١/٧/زمانحاڵی ینك
١٤١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٦٥ لە ٢٠٠٧/١/١٠/زمانحاڵی ینك
١٤٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٦٦ لە ٢٠٠٧/١/١١/ زمانحاڵی ینك
١٤٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٦٧ لە ٢٠٠٧/١/١٤/ زمانحاڵی ینك
١٤٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٦٨ لە ٢٠٠٧/١/١٥/ زمانحاڵی ینك
١٤٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٧٦ لە ٢٠٠٧/١/٢٤/ زمانحاڵی ینك
١٤٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤١٨٨ لە ٢٠٠٧/٢/٧/ زمانحاڵی ینك
١٤٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٠٠ لە ٢٠٠٧/٢/٢١/ زمانحاڵی ینك
١٤٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٠١ لە ٢٠٠٧/٢/٢٢/ زمانحاڵی ینك
١٤٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٠٢ لە ٢٠٠٧/٢/٢٣/ زمانحاڵی ینك
١٥٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٠٤ لە ٢٠٠٧/٢/٢٦/ زمانحاڵی ینك

١٥١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢١٨ لە ٢٠٠٧/٣/١٤/ زمانحاڵی ینك

١٥٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٢٦ لە ٢٠٠٧/٣/٢٧/ زمانحاڵی ینك

١٥٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٦١ لە ٢٠٠٧/٥/٧/ زمانحاڵی ینك

١٥٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٦٨ لە ٢٠٠٧/٥/١٥/ زمانحاڵی ینك

١٥٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٢٧٢ لە ٢٠٠٧/٥/٢٠/ زمانحاڵی ینك

١٥٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٠٠ لە ٢٠٠٧/٦/٢١/ زمانحاڵی ینك

١٥٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٠٣لە ٢٠٠٧/٦/٢٥/ زمانحاڵی ینك

١٥٨. ڕۆژە تەماوییەکان/ ڕەفعەتی مەلا / چاپی یەکەم / چاپخانەی کارۆ/ سلێمانی / کوردوستان/ ٢٠٠٨

١٥٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٦٥٠ لە ٢٠٠٨/٨/١٤/ زمانحاڵی ینك

١٦٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٠٨ لە ٢٠٠٧/٧/١/ زمانحاڵی ینك

١٦١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣١١ لە ٢٠٠٧/٧/٤/ زمانحاڵی ینك

١٦٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٢٢ لە ٢٠٠٧/٧/١٧/زمانحاڵی ینك

١٦٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٣٢لە ٢٠٠٧/٧/٢٩/ زمانحاڵی ینك

١٦٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٣٥ لە ٢٠٠٧/٨/١/ زمانحاڵی ینك

١٦٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٦٦ لە ٢٠٠٧/٩/٦/ زمانحاڵی ینك

١٦٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٧٠لە ٢٠٠٧/٩/١١/زمانحاڵی ینك

١٦٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٨٣لە ٢٠٠٧/٩/٢٦/ زمانحاڵی ینك

١٦٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٨٥لە ٢٠٠٧/٩/٢٨/ زمانحاڵی ینك

١٦٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٣٦٢لە ٢٠٠٧/٩/٢/ زمانحاڵی ینك

١٧٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٢٢لە ٢٠٠٧/١١/١٤/زمانحاڵی ینك

١٧١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٥٧لە ٢٠٠٧/١٢/٢٨/زمانحاڵی ینك

١٧٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٥٩لە ٢٠٠٧/١٢/٣١/زمانحاڵی ینك

١٧٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٦٣ لە ٢٠٠٨/١/٦/زمانحاڵی ینك

١٧٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٦٤ لە ٢٠٠٨/١/٧/ زمانحاڵی ینك

١٧٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٦٥ لە ٢٠٠٨/١/٨/ زمانحاڵی ینك

١٧٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٧٣ لە ٢٠٠٨/١/١٨/ زمانحاڵی ینك

١٧٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٨٤ لە ٢٠٠٨/١/٣١/زمانحاڵی ینك
١٧٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٤٩٣ لە ٢٠٠٨/٢/١١/زمانحاڵی ینك
١٧٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٠٩ لە ٢٠٠٨/٢/٢٩/زمانحاڵی ینك
١٨٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥١٥ لە ٢٠٠٨/٣/٧/ زمانحاڵی ینك
١٨١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥١٨ لە ٢٠٠٨/٣/١١/زمانحاڵی ینك
١٨٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥١٩ لە ٢٠٠٨/٣/١٢/زمانحاڵی ینك
١٨٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٢٥ لە ٢٠٠٨/٣/١٩/زمانحاڵی ینك
١٨٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٢٨ لە ٢٠٠٨/٣/٢٥/زمانحاڵی ینك
١٨٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٣٦ لە ٢٠٠٨/٤/٣/ زمانحاڵی ینك
١٨٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٤٦ لە ٢٠٠٨/٤/١٥/زمانحاڵی ینك
١٨٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٦٦ لە ٢٠٠٨/٥/٨/ زمانحاڵی ینك
١٨٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٦٧ لە ٢٠٠٨/٥/٩/ زمانحاڵی ینك
١٨٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٦٩ لە ٢٠٠٨/٥/١٢/ زمانحاڵی ینك
١٩٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٧٧ لە ٢٠٠٨/٥/٢١/ زمانحاڵی ینك
١٩١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٨٠ لە ٢٠٠٨/٥/٢٥/ زمانحاڵی ینك
١٩٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٨٣ لە ٢٠٠٨/٥/٢٨/زمانحاڵی ینك
١٩٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٨٥ لە ٢٠٠٨/٥/٣٠/ زمانحاڵی ینك
١٩٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٨٧ لە ٢٠٠٨/٦/٢/ زمانحاڵی ینك
١٩٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ٤٥٩١ لە ٢٠٠٨/٦/٦/ زمانحاڵی ینك
١٩٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ١٥٣١ لە ٤/ ١ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
١٩٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ١٥٣٢ لە ٥/ ١/١٩٩٨/ زمانحاڵی ینك
١٩٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ١٥٣٨لە ١٨/ ١ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
١٩٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ١٥٤٣ لە٢٥ /١/١٩٩٨/ زمانحاڵی ینك
٢٠٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ١٥٥١لە ٢/٨/١٩٩٨/ زمانحاڵی ینك
٢٠١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە ١٥٧٣لە ١٠/ ٣ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢٠٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە١٥٩٥لە ١٩/ ٤/١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢٠٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نویٚ ژمارە١٦١٤لە ٥/١٨ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك

٢٠٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٦٥٦له١٩/ ٧ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢٠٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٦٨٣له ٢٥/ ٧ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢٠٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٦٨٩له ٢ / ٩ /١٩٩٨/ زمانحاڵی ینك
٢٠٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٧٣٦له ٨/ ١١ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢٠٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە١٧٤١له ١٥/ ١١/١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢٠٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە١٧٤٤له ١١/١٨ /١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢١٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە١٧٤٦له ٢٢ /١١/١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢١١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٧٥٢ له ٣/ ١١/١٩٩٨/زمانحاڵی ینك
٢١٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٩٨٧له٣٠/ ١٠/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢١٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٩٩٦له ٩ /١١/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢١٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ٢٠٢٨له١٦/ ١٢/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢١٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە١٩٥١له ١٨/ ٩ /١٩٩٩/ زمانحاڵی ینك
٢١٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٩٥ له ٤ / ٧ /١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢١٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٧٨٠ له ١٠/ ١/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢١٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٧٩٤له ٣ / ٢ /١٩٩٩/ زمانحاڵی ینك
٢١٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨١٠له ٢٥/ ٢/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢٠. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٣١له ٥ / ٤ /١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢١. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٣٣له ٧/ ٤ / ١٩٩٩ /زمانحاڵی ینك
٢٢٢. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٣٥له ٤/١١ /١٩٩٩/ زمانحاڵی ینك
٢٢٣. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٤٠له ١٨/ ٤ /١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٤١له ١٩ / ٤/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٥٥ له ٩ /٥ /١٩٩٩ /زمانحاڵی ینك
٢٢٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٩٦له ٢٧ /٥ /١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢٧. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٨٧٧له ٨ / ٦/ ١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢٨. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە٣٥٦١ له٣١ /١٢/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك
٢٢٩. ڕۆژنامەی كوردوستانی نویٚ ژمارە ١٩٨٤له ١٠/٢٦/١٩٩٩/زمانحاڵی ینك

٢٣٠. جريدة الاتحاد / عدد ٣٤٢ فی ١٩٩٩/١٠/٢٩ / لسان حال الاتحاد الوطنی الكردستانی

٢٣١. ساڵنامەی کوردوستان/ عەلی کەندی/ لەبڵاوکراوەکانی پەڕاوگەی گەیلان / هەولێر/ کوردوستان/ ٢٠٠٧

٢٣٢. قەندیل بەغدای هەژاند/ ڕێباز / بەشی دووەم/ چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری / هەولێر / کوردوستان/ ١٩٩٣

٢٣٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٩٦له ١٢/١٠/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٣٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٩٨ له١٤/١٠/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٣٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە٤٧٠٠ له١٦/١٠/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٣٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٧٥له ١٢/٩/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٣٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٨١ له١٩/٩/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٣٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە٤٦٨٢ له٢١/٩/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٣٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٨٦له ٢٥/٩/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٠. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٨٧ له٢٦/٩/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە٤٦٨٨ له٢٨/٩/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٦٩٠له ٥/١٠/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧١٢ له٣٠/١٠/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٤. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٢٤ له١٣/١١/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٥. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە٤٧٢٧ له١٧/١١/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٦. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٣٠له ٢٠/١١/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٧. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٣١ له٢١/١١/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٨. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٤٠له ٢/١٢/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٤٩. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٤٢ له٤/١٢/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٥٠. ئاژانسەکانی هەواڵ

٢٥١. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٤٧له ١٦/١٢/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٥٢. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٤٩ له١٨/١٢/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٥٣. ڕۆژنامەی کوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٥٠ له١٩/١٢/٢٠٠٨/زمانحاڵی ینك

٢٥٤. ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێ ژمارە٤٧٥١ لە٢٠٠٨/١٢/١٩/زمانحاڵی ینك

٢٥٥. ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٥٢لە ٢٠٠٨/١٢/٢١/زمانحاڵی ینك

٢٥٦. ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێ ژمارە ٤٧٥٤ لە٢٠٠٨/١٢/٢٣/زمانحاڵی ینك

٢٥٧. ڕۆژنامەی ڕۆژنامە ژمارە ٤٠٦ لە ٢٠٠٩/٢/١٥دا / كۆمپانیای وشە دەریدەكات

* * *

* *

*

# نوسەر لەچەند دێڕێکدا

================



## نەوزاد عوسمان عبدالرحمن

## ناسراو بە ( نەوزادی موهەندیس )

- لەدایك بووی ساڵی ١٩٧٠ لەگوندی کەڵەکنی سەر بەناحیەی سەرچنار لە سلێمانی
- قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لەگوندی کەڵەکن و ناوەندی و دواناوەندی لەشاری سلێمانی و زانکۆی لەشاری بەغداد تەواوکردوە
- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری کیمیاوی / پسپۆڕلە نەوت و پترۆکیمیاویاتدا لەزانکۆی تەکنەلۆژی لەبەغداد ساڵی ١٩٩٠-١٩٩١
- ئەندامی یەکێتی ئەندازیارانی کوروستانە بەپلەی ڕاوێژکار
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردوستانە بەپلەی بەشدار
- سەرنوسەری گۆڤاری ئەندازیارانە لەساڵی ٢٠٠٢وە
- بەڕێوەبەری کارگەی بڕینی بەردی مەڕمەڕی ماوەت سەر بەوەزارەتی پیشەسازی
- پلەی ڕێکخراوەیی ئەندام کۆمیتەیە لەسنوری چالاکی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی .
- لەکتێبە بڵاوکراوەکانی نوسەر:-

١. ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ ؟ ساڵی ٢٠٠٦

٢. کوردو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا. ساڵی ٢٠٠٦

٣. کوردایەتی لەنێوان دروشم و واقیعدا .ساڵی ٢٠٠٧

٤. بیرۆدۆزەی فەوزای دروستکەر.ساڵی ٢٠٠٧

٥.ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری ساڵی ٢٠٠٨

- خاوەنی دەیان بابەتی ( سیاسی و ئابوری وئیداری و زانستیە ) لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردوستان و سایتەکانی ئینتەرنێتدا . لەساڵی ١٩٩٦وە.